

# مۆدێرنەکان

ناوی کتێب: مۆدێرنەکان
نووسینی: ڕامین جەهانبەگلو
وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی
بابەت: فەلسەفی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: بەختیار ئەورەحمان
هەڵەچنی: سارا عەبدوڵڵا
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: (١٤٩٥)ی ٢٠٠٩
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩
کوردستان - سلێمانی
www.serdam.org

**مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

ڕامین جەهانبەگلو

# مۆدێرنەکان

وەرگێڕانی
ئازاد بەرزنجی

سلێمانی - ٢٠٠٩

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی سەردەم ژمارە (٤٩٩)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

# ناوەڕۆک


پێشەکی ٧

١- مۆدێرنیتە لە چەمکەوە تا بەواقیعیبوون ٩

٢- ڕۆشنبیر کێیە؟ ٢٧

٣- هاوولاتیی ئەسینایی لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا ٤١

٤- دیموکراسی و مافی مرۆڤ ٥٧

٥- چاوخشانێک بە ژیان و کارەکانی (تیۆدۆر ئادۆرنۆ)دا ٦٩

٦- سەرەتایەک بۆ بیری فەلسەفیی (مارتین هایدیگەر) ١٠٧

٧- پۆڵ ڕیکۆر: لە هێرمنیۆتیکاوە تا سیاسەت ١٢٥

٨- ئەقڵگەرایی ڕەخنەیی لای (کارل پۆپەر) ١٣٥

٩- مێژوو و ئازادی لە ڕوانگەی (ئایزایا بێرلین)ەوە ١٤٩

١٠- ئەمانۆییل لیڤیناس: فەیلەسووفی گشت وەرزەکان ١٦٧
١١- سەرەتایەک بۆ بیری فەلسەفیی (یۆهان گیۆرگ هامان) ١٧٩
١٣- حەقیقەتی (گاندی) ٢٠٥
١٢- (ڕابیندرانات تاگور) و ویژدانی مرۆیی ٢١٩
١٤- ئەندریێ مالرۆ: ئەفسانەی ئەم سەدەیەمان ٢٢٩
١٥- پێسوا لە ئاوێنەی پێسوادا ٢٣٩
١٦- مارگرێت دۆراس: ڕیسواکەری حەقیقەتی جیهان ٢٤٩
١٧- گەڕان بەدوای جیهانێکی نەبینراودا ٢٥٧
١٨- ژیانی شیرین: لە یادی (فیدریکۆ فیللینی)دا ٢٧١

# پێشەکی

ئەم وتارانەی (ڕامین جەهانبەگلو) لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە هەندێک گۆڤاری ئێرانی و هەندەرانیدا بڵاوی کردوونەتەوە؛ بەڵام هێڵێک هەیە کە بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە؛ کە ئەویش پرسیارە سەبارەت بە مۆدێرنیتەو ڕەخنەگرتن لێی.

ئەو ڕاستیەی کە نووسەری ئەم کتێبە جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە مانای مۆدێرنیتە لە مێژووی چەمکی مۆدێرنیتە جیا نابێتەوە، هەر بۆیە گەڕان بەدوای ڕەگوڕیشە مێژووییەکانی چەمکی مۆدێرنیتەدا دیسانەوە گەڕانە بەدوای چەمک و مانای مۆدێرنیتەدا. هەر ئەمەشە کە وا لە نووسەر دەکات بگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن و لەبارەی چەمکێکی مۆدێرنی وەکو چەمکی هاووڵاتی و فۆرمەلەبوونیەوە لەو سەردەمەدا بدوێت.

دیسانەوە نووسەری ئەم کتێبە چەمکی مۆدێرن لە چوارچێوەیەکی تەسکدا قەتیس ناکات و بە گەڕانەوەی بۆ ئەزموونی بیرمەندان و ئەدیبانێکی جیاواز لە ئاقاری فیکری و ئەدەبیو بیروبۆچووندا و هەڵوەستەکردن لە ئاست ئەزموونیاندا؛ جەخت لەسەر فرەیی و پلورالیزمی ئەزموونی



مۆدێرنیتە دەکاتەوە.
یەکێک لەو مەســەلانەی کە ڕامین جەهانبەگلو لەم کتێبەدا پێی لەسەر دادەگرێت ئەوەیە کە مۆدێرنەکان خۆیان باشترین ڕەخنەگــری ئەقڵــی مۆدێرنیــش بــوون، هەربۆیــە ئەرکێکی دیکەی ئەقڵی مۆدێــرن ڕەخنەگرتنە لە خۆیو پێداچوونەوەو شیکردنەوەو توێکاریی خۆی لە تاقیگەی فیکردا.
لێرەشــەوە ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت کە (ڕەخنە) بنچینەی هــەر بزاوتێکی مۆدێرنەو گرنگترین توخمی پێکهێنەری ئەقڵی مۆدێرنیشــە. ڕەخنە بە مانــای (بەڕەها نەزانین)ی شــتەکان و داماڵینیــان لــە بەپیرۆزکردن و ڕەهایەتیو خســتنیانە ژێر (گومان)ەوە.
بۆیە قســەکردنی ڕامین لەســەر ئەزموونــی مۆدێرنەکان؛ قســەکردنە لەسەر ئەزموونی مۆدێرنیتە لە شێوەو دەرکەوتە جیاوازەکانیدا.
لێــرەوە دەکرێــت وتارەکانی ئــەم کتێبە بە ســەرەتایەک بــۆ چوونە نــاو ئەزموونی مۆدێرنی ئــەو مۆدێرنانە لەقەڵەم بدەیــن کــە بەبێ ناســینیان ناکرێت لــە ڕەهەنــدو دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانــی مۆدێرنیتە بگەین. گرنگیی لەدەرگادانی ئەم مەســەلانەش لە کاتێکدا دێت کە کۆمەڵگای کوردی لەبەردەم ئەگــەری بەمۆدێرنبووندایەو لە هەمــوو کاتێکی تریش زیاتر مرۆڤی کورد پێویســتی بە ناسینی هزری مۆدێرن و تەجەللا فرەچەشنەکانی ئەو هزرە هەیە لە بوارەکانی فیکرو ئەدەب و هونەرو سیاسەت و کایە جۆراوجۆرەکانی تری ڕۆشنبیریدا.

وەرگێڕ







# مۆدێرنیتە لە چەمکەوە تا بەواقیعیبوون

# مۆدێرنیتە لە چەمکەوە تا بەواقیعیبوون

(مۆدێرنیتـــە) چەمکێکـــی ئاڵۆزە کە ناتوانین پێناســـەیەکی تەواوی بکەین. لە ڕاســـتیدا دژواریی پێناســـەکردنی وشـــەی (مۆدێرن)یش لەوەوە دێت کە هەمیشـــە ئەم وشەیە بەرامبەر دوو چەمکـــی دی دەوەســـتێتەوە، یەکێکیـــان چەمکی (کۆن)و ئەویتریـــان چەمکی (نەریت)، (یان تەقلیـــد)ە. لەم ڕوانگەیەوە، تێپەڕبوونـــی زەمـــەن بەردەوام مانای ڕاســـتەقینەی وشـــەی (مۆدێـــرن) دەگۆڕێـــت، بـــەڵام ئەســـڵی (مۆدێرنیتە)بـــە مانای (بـــەردەوام بـــەرەو پێشـــچوون‌و لەهەمانکاتدا، (ســـەرلەنوێ خوێندنەوەی نوێ)و بەجێهێشتنی (کۆن) دێت).

لە ڕوانگەی ڕۆمەکانەوە، وشەی (مۆدێرن) مانای (تازە)ی هەبوو، لە کاتێکدا مانای (کۆن)یش بریتی بوو لە (ئەو شتەی پەیوەنـــدی بە ڕابـــردووەوە هەیـــە). ڕۆمەکان بـــۆ یەکەمجار وشـــەی (مۆدێرن) (Modernus)یان لە ســـەدەی شەشەمی زایینیدا لە وشـــەی (Modo)وە دروســـت کرد؛ کـــە بە مانای (بەتازەیـــی) دێت، هـــەر چۆن وشـــەی (hodiernus)یش کە بە مانای (ئەمڕۆیی) دێت لە وشـــەی (hodie)ەوە دروستیان کردبوو کە بە مانای (ئەمڕۆ) دێت. بەم مانایەیە کە هۆراس‌و



ئۆڤید خۆیــان بە نووســەری (مۆدێرن) دادەنێــن‌و لە ژیانی ســەردەمی خۆیان ڕازی و خۆشحاڵن و بەدەست پلەوپایەی نووســەرانی ڕابردووشــەوە دەناڵێنن. کەواتە بــە بۆچوونی ڕۆمــەکان (مۆدێــرن بوون) واتە هۆشــیاری ســەبارەت بەو سەردەمەی مرۆڤ خۆی تیایدا دەژی.

شــەپۆلی ڕووبەڕووبوونــەوە لەنێــوان (کۆنــەکان)و (مۆدێرنەکان)دا لە ســەدەکانی ناوەڕاســتدا پەرە دەســێنێت. نووســەرانێک دەبینینــەوە کــە لــە ئاســت ســەردەمی کۆندا پــێ لەســەر مۆدێرنیزمــی ســەردەمی خۆیان دادەگــرن، بۆ نموونــە (گۆتیە ماپ) لە ســاڵانی نێــوان (١١٨٠- ١١٩٢ ز)دا پێگیــری لەســەر هزرێکــی مۆدێرنیتــەی وا دەکات کــە بــە بڕوای ئەو بەری پێشــکەوتنی ســەد ساڵە. بەهەمان شێوە لە ســەردەمی سکولاستیکیشدا؛ لە ســەدەی سیانزدەهەمدا، ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لەنێــوان (مۆدێرن)و (کۆن)دا بەردەوام دەبێــت. بــۆ نموونە (تۆمــاس ئاکویناس)ی قدیــس بەرامبەر بە کەســانێک کە دوو یا ســێ نــەوە لە خــۆی پیرتر بوون‌و لــە زانکــۆی پاریــس وانەیان وتۆتــەوە؛ خۆی بــە (مۆدێرن) دەزانێت، بەڵام لە ســەدەکانی چواردەیەم‌و پانزدەیەمدایە کە هەندێک بزاوتی فیکری‌و هونەری سەرهەڵدەدەن کە بەئاشکرا خۆیان بە مۆدێرن ناوزەد دەکەن‌و بەڕاشــکاوییەوە بەرامبەر بیروبۆچــوون‌و کارە کۆنــەکان دەوەســتنەوە. بەمجــۆرە لە بوارەکانی فەلســەفەو زانســتی کەلامدا، کەســانێکی ناوگەرا (نۆمینالیست)ی وەکو (دانزسکۆت‌و گیوم دۆکام) بە دابڕانیان لــە سکولاســتیکی ئەرســتۆیی، باســی جۆرێک لــە (لۆجیکی مۆدێرن)و (کەلامی مۆدێــرن) دەکەن‌و، هونەرمەندێکی وەکو





ڤازاری (Vasari) ئافەرینی خۆی دەکات لەبەرئەوەی کەسێک بووە (دووبارە شتە مۆدێرنەکانی زیندوو کردۆتەوە). بە هاتنی ڕێنیسانسیش، بۆ هەمیشە سنوورێکی بنەڕەتی لەنێوان چاخی کۆن‌و چاخی مۆدێرندا دەکێشرێت. ڕێنیسانس ئەو چاخەیە کە تیایدا چاخی کۆن بەتەواوی مانای کەلتووری یۆنانی- ڕۆمیی نامەسیحی دەگەیەنێت.

ناوازەترین ناکۆکی لەنێوان کۆنەکان‌و مۆدێرنەکاندا لە کۆتایی سەدەی هەڤدەیەم‌و سەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە دەست پێ دەکات. ئەم ناکۆکییە بەشێوەیەکی کردەیی لە هەموو چاخی ڕۆشنگەری‌و تا چاخی ڕۆمانتیسیزم بەردەوام دەبێت‌و بە کتێبی (ڕاسین‌و شەکسپیر)ی ستاندال‌و پێشەکیی (کرۆموێل)ی ڤیکتۆر هۆگۆ، بە سەرکەوتنی مۆدێرنەکان بەسەر کۆنەکاندا کۆتایی دێت. لە کۆتایی سەدەی هەڤدەیەمدا ئەم ناکۆکییە، بەتایبەتیش لە بەریتانیاو فەرەنساداو لەڕێی چەند کارێکی وەکو (تێکەڵکردنی باس سەبارەت بە کۆنەکان‌و مۆدێرنەکان)ی فۆنتنل‌و (ڕووە لەیەکچووەکانی کۆنەکان‌و مۆدێرنەکان)ی شارل پیرۆ دەگاتە ترۆپک. لە ساڵی (١٧٥٤)دا قەشە (تراسۆن) لە کتێبەکەیدا (فەلسەفەی شیاو بۆ بەکاربردن سەبارەت بە هەموو مەسەلەکانی ئەقڵ‌و ڕۆح) دەنووسێت: (مۆدێرنەکان بەئەنقەست تای تەرازوویان بەسەر کۆنەکاندا زاڵە؛ ئەمە مەسەلەیەکە بە دەربڕین جەسوورانەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا خاکییانەیە).

ئەم زاڵبوونی تای تەرازووەی کە تراسۆن باسی دەکات، هێشتا ئەو دەوامەی نییە، بەڵام لەگەڵ سەرەتای چاخی ڕۆشنگەریدا چەمکی (مۆدێرن) بە پشتبەستن بە بیرۆکەی



(پێشــکەوتن) هێــزو تینێکــی بەرچــاو بەخۆیــەوە دەبینێــت، ئەمــەش دەتوانین لەڕێــی کاری بیرمەندانێکی وەکو (تۆرگۆ)، نووســەری کتێبی (چەند تێڕامانێک ســەبارەت بــە مێژووی پێشکەوتنی ڕۆحی مرۆڤ)و هەروەها (کوندورسە) نووسەری کتێبی (کێشــانی تابلۆیەک دەربارەی پێشــکەوتنەکانی ڕۆحی مرۆڤ)ەوە هەســت پــێ بکەین. لە نیوەی دووەمی ســەدەی نۆزدەیەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، شۆڕشی پیشەسازی لــە بناغــەوە ڕووبەڕووبوونەوەی هــەردوو چەمکی (کۆن)و (مۆدێــرن) دەگۆڕێتو، مۆدێرنیتە وەکــو چەمکێکی تازە دێتە ناو قەڵەمڕەوی داهێنانی هونەریو ئەدەبییەوە.

یەکــەم جــار (بۆدلێــر) لە ســاڵی (١٨٦٣)داو لــە وتارێکدا ســەبارەت بە کۆنســتانتین گیز (Guys) بــەکاری دەهێنێتو وتارەکەشــی بە ناونیشانی (نیگارکێشــی ژیانی مۆدێرن)ەوە دەبێــت، بە بڕوای بۆدلێــر مۆدێرنیتە لە بەرخوردی یەکەمیدا بــە مانــای تێکدانی ئەو شــێوانە دێــت کە بوون بە کلێشــەو بوونەتــە ڕێگــر لەبــەردەم گۆڕانــی هــزرو ئەدەبــدا، بــەڵام بۆدلێر لــە نرخاندنی مۆدێرنیتەدا جگە لــە چەمکی (ئاوەڵناو) پەنــا بۆ هیچ شــتێکی دیکــە نابات. بە بۆچوونــی ئەو، دەبێت مۆدێرنیتــە لە مانای (مۆد) (Mode) دابماڵرێت، ئەو (مۆد) بە (نیشــانەیەکی ئارەزوو بۆ ئایدیال) لەقەڵەم دەدات. بە بڕوای بۆدلێر مۆدێرن کەسێکە کە خاوەنی (یادی ئاوەڵکردار)ەو، لە شێوەی هونەرمەندێکی پەراوێزکراودا چاخەکەی خۆی بەرز ڕادەگرێت، وشــەی (مۆدێرن) لە کارەکانی بۆدلێردا زۆربەی کات بــە مانــای (بکەری مۆدێــرن) دێت. بکــەرە مۆدێرنەکان لای بۆدلێــر هونەرمەندانێکــن کــە پەی بە جوانیــی مۆدێرن



دەبـەن‌و جوانیـی مۆدێرنیش لای ئەو بریتیە لە سـەرلەنوێ خستنەوەڕووی ئاوەڵکردار. لە ڕوانگەی بۆدلێرەوە نموونەی ئەسڵیی نیگارکێشـی مۆدێرن تابلۆی (مەرگی مارا)ی داڤیدە، کە بە بۆچوونی ئەو پشـتی بە بکەرێکی مۆدێرن بەسـتووە. بـەڕای بۆدلێـر (تابلۆکەی داڤیـد وەکو ڕۆمانەکانـی بالزاک تەواوی خاڵە مێژووییی‌و واقیعیەکان دەخاتەڕوو هەر بۆیە نە دووبارەبۆوەیەو نە لەکارکەوتوو).

بـە بۆچوونـی بۆدلێر وشـەی (مۆدێرنیتە) لـە بکەرێک‌و کردارێـک (یـا فرمانێـک)و کارکـراو (مفعول)ێـک پێک دێت. بکـەر هەمان ئەو هونەرمەندە تەنیایەیـە کە خەیاڵێکی کارای هەیـە. کردارەکەشـی ئازادکردنـی توخمـە شـاعیرانەکانی (مۆد)ە لـە دەڕوونیـداو کارکراویش دروسـتکراوی کردارە هونەرمەندانەکەیەتی . کەواتە لە کارەکانی بۆدلێردا پەیوەندی‌و نزیکایەتیەک هەیە لەنێوان چەمکی (مۆد)و (مۆدێرن)داو، هەر بۆیەشە (هابرماس) لە کتێبی (گوتاری فەلسەفیی مۆدێرنیتە)دا دەنووسـێت کـە بۆدلێر یەکەمین کەسـە لـە بۆچوونەکانیدا (ئەزموونـی ئیسـتاتیکی‌و ئەزموونـی مێژوویـی مۆدێرنیتە ئاوێتەی یەکدی ئەبن).

بۆیە مەبەستی بۆدلێر لەناوبردنی قاڵبە هونەرییە کۆنەکانە؛ لەپێناوی هێنانەدیی قاڵبی ئیستاتیکیی دی. ئاسن لەڕێی بورجی ئیفێلـەوەو، چیمەنتـۆ لەڕێی لۆکۆر بۆزیـەوە خۆیان دەخەنە ڕوو، لەڕێی کوبیزم (تەکعیبیەت)یشـەوە بونیـادە خاوەکانی جەستە دەخولقێن.

بەم پێیە، لەڕێی ڕوانینی ئیسـتاتیکیانەی بۆدلێرو ڕوانینی شاعیرانەی نوێی (ئارسۆر ڕامبۆ)وە کە لەم ڕستەیەدا پوخت



دەکرێتەوە: (پێویستە بەشێوەیەکی ڕەها مۆدێرن بین) دەگەینە ئەسڵی تەوەرەیی مۆدێرنیتە کە لەم ڕستەیەدا دەبینرێتەوە: (بزاوتێکی بەردەوام بەرەوپێشەوەچوو)، بەڵام هەروەکو مرۆناسی فەرەنسی (جۆرج بالاندیە)ش دەڵێت: «مۆدێرنیتە بزاوتە، بەڵام دیاری نەکراوە». بە دەربڕینێکی دی، مۆدێرنیتە بزاوتێکە کە ئایدیای گومانو ڕەخنەو قەیرانی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە. هەر لەم (قەیرانە)شەوەیە کە ئەم ڕوانینە تازەیەی مرۆڤی مۆدێرن بۆ جیهانو بۆ خۆی لەدایک دەبێت، ڕوانینێک کە ئایدیای ڕێکخەری مۆدێرنیتەیە.

دەتوانین بە سوودوەرگرتن لە پێنج تەوەری جیاوازو لەهەمانکاتدا تەواوکەردا؛ ئەم ڕوانینە تازەیەی بکەری مۆدێرن پێناسە بکەین:

١- سەرەتا ئەوەیە کە دۆخی مرۆڤ لە جیهاندا گۆڕاوە. هەر چۆن لە ڕۆژگاری کۆپەرنیکەوە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، لە ڕۆژگاری دیکارتیشەوە بکەری مۆدێرن دەبێتە سەنتەری بوونەوەرەکانو سەروەرو خاوەنی سروشت: بکەری مۆدێرن دەست لە خودی بنەڕەتیی خۆیەوە دەدات.


٢- لەلایەکی ترەوە، ئەقڵانیەتی سەرچاوەگرتوو لە فەلسەفەی دیکارتو فیزیای گالیلۆوە پەل بۆ قەڵەمڕەوی سیاسەتیش دەکێشێت. بە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە کۆمەڵگای سیاسی وردەوردە لە هەموو کۆتە میتافیزیکیەکان ڕزگاری دەبێتو دەوڵەت وەکو دەزگایەکی مۆدێرن، دەبێتە بەرپرسو دەستەبەری ئازادیی بەرهەمهێنانو بەردەوامبوونی پەیمانە کۆمەلایەتیەکان.



٣- لەگەڵ (کانت)دا چاخی مۆدێرنیتە لە فەلسەفەدا دەست پێ دەکات. (کانت) یەکەم کەسە کە جیهانی فیزیکیو جیهانی میتافیزیکی لە یەک جیادەکاتەوە. ئەو دەڵێت کە جیهانی فیزیکی قابیلی بینینو ڕوونکردنەوەی زانستییە، لە کاتێکدا جیهانی میتافیزیکی دەچێتە دەرەوەی سنووری ئیدراکو تێگەیشتنەوە.

٤- چوارەمین تەوەری مۆدێرنیتە تەکنۆلۆژیایە، کە دەشێ بەشێوەیەکی ڕەمزیی ئەو ئارەزووە پرۆمیسیۆسیەی مۆدێرنیتەی لەقەڵەم بدەین- واتە ئارەزووی سەروەریو دەستبەسەراگرتنی سروشت. ڕەنگە بتوانین ڕووخساری بنەڕەتیی تەکنۆلۆژیاش لەم بیرۆکەیەی ماکس ڤێبەردا کورت بکەینەوە کە تەکنۆلۆژی وەهمەکانی ئادەمیزادی نەدەهێشتو سیحری حیکایەتە کۆنەکانی تیادا لەناو دەبرد.

٥- بێگومان گرنگترین تەوەری مۆدێرنیتە فۆرمەلەبوونی تاک (فەرد)ە وەکو ڕووخساری سەرەکیی جیهانی مۆدێرن. بە دەربڕینێکی دی، دەتوانین بڵێین مۆدێرنیتە سیستمێکە لە بیرۆکەو بەها کە بە پەیدابوونی تاکگەرایی لە جیهانی مۆدێرندا هاتۆتە ئاراوە. لەم ڕووەوە ژیاری مۆدێرن لە بنەڕەتەوە لەگەڵ تەواوی ژیارو کەلتوورەکانی تردا جیاوازە، چونکە ژیاری مۆدێرن یەکەمین و تاقە ژیاریشە کە وەکو بوونەوەرێکی ئەخلاقی، سەربەستو ئازاد، بەها بۆ تاکە کەس دادەنێت. لە ڕوانگەی کۆنەکانەوە، ئادەمیزاد بوونەوەرێکە لەناو چوارچێوەی سروشتداو سروشتیش کۆمەڵەیەکە



سیستمێک بەسەریدا باڵادەستە، هەر بۆیە بنەمای سەرەکیی فیزیای ئەرستۆیی هەمان بنەمای سەرەکیی حقوقی بەر لە مۆدێرنە. هەر چۆن لە فیزیای ئەرستۆییدا هەر تەنێک مەیلێکی گشتیی بۆ خۆبەستنەوە بە شوێنێکی دیاریکراوەوە هەیە کە بەپێی یاساکانی سروشت بۆی تەرخان کراوە، بەهەمان شێوە مافەکان (حقوق)یش پەیوەندی بە بکەرە تاکەکانی مافەوە نییە، بەڵکو بە پەیوەندیی ئەو بکەرە تاکە لەگەڵ تەواوی یاساکاندا.

بەم پێیە قەڵەمڕەوی حقوق بەگوێرەی کۆمەڵەیەک کە زنجیرەیەک پلەوپایەی خۆی تێدایە؛ ڕێکخراوە، لە کاتێکدا لە گۆشەنیگای هزری مۆدێرنەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێک لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان هەندێک مافی تایبەتی دەدەن بەو کەسانەی کە ئەو ڕۆڵانە دەبینن؛ بەڵام ئەم مافانە بەهیچ جۆرێک نابنە مافی جیاکەرەوە یان مافی سروشتی. لە کۆمەڵگا سوننەتیەکاندا مافەکان بەپێی سروشت بەناوی ئەو کەسانەوە تۆمار دەکرێن کە ئەنجامیان دەدەن، بۆ نموونە لە (کۆمار)ی ئەفلاتووندا، فەیلەسووفان خاوەن تواناو بەهرەیەکی سروشتین بۆ ناسینی حەقیقەتو بەکارهێنانی دەسەڵات. لە دونیای مۆدێرندا چەمکی پایەی مرۆڤ جێی پایەی خانەدانی لە کۆمەڵگا سوننەتیەکاندا دەگرێتەوە، خانەدانییەک کە لە پایەی ئەو کەسە لە زنجیرەی پلە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو.

دەتوانین بڵێین کە لە کۆمەڵگا نامۆدێرنەکاندا ڕەوایەتیی هەر دەسەڵاتێک بەندە بە سروشتو خەسڵەتە بۆماوەییەکانو مافە کۆمەڵایەتیەکانیش بەهەمان ئەندازە سروشتین کە





گوێڕایەڵی و جێبەجێکردنی فەرمانەکان سروشتین، واتە ئەوەی لە کۆمەڵگا نامۆدێرنەکان یان سوننەتیەکاندا ڕەوایەتی بە ماف دەدات؛ سوودمەندیی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو شیاوێتییەتی بۆ پاراستنی سیستمە گەردوونییەکە کاتێک ڕووبەڕووی فەلسەفەی ئەفلاتوون دەبینەوە- یان سیستمی مەسیحی- وەختێک ڕووبەڕووی حکومەتە پادشاییەکانی ئەورووپای بەر لە شۆڕشی فەرەنسایین.

بۆیە جێی خۆیەتی کە بەر لە هەر شتێک؛ سەرنجێک لە گۆڕانی چەمکی (یاسا) بدەین.

دەزانین کە لە تیۆرە سیاسیەکانی سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا مەیلێک هەیە بۆئەوەی کە یاسا لە چەمکی یاسادانەری مرۆیی یان خودایی جیا بکەنەوە. پێناسە بەناوبانگەکەی مۆنتسکیۆ بۆ یاسا بەباشی ئەم خاڵە پیشان دەدات. لە ڕوانگەی مۆنتسکیۆوە یاسا بریتیە لە (پەیوەندیی پێویستی سەرچاوەگرتوو لە سروشتی شتەکانەوە). (سروشتی شتەکان) بەند نییە بە ویستی یاسادانەرەوە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە چەمکی یاسا چیدی بەند نییە بە چەمکی ویستی یاسادانەرێکی تەنهاو ڕەها (موتڵەق)وە. ئەم ڕوانینە حقوقی- سیاسییە لە بنەڕەتدا بەرەنجامی سەرکەوتنی کۆمەڵێک تیۆرەی گەردووونناسیانەیە کە (کۆرپەرنیکو کیپلەرو گالیلۆو نیوتن) خستیانە ڕوو، لەگەڵ کۆپەرنیکدا زەوی دەبێتە هەسارەیەک لە هەسارەکانی ئاسمان، بەڵام هەسارە ئاسمانییەکان لە گەردوونناسیی ئەرستۆیی بەتلیمۆسیدا نزیکە خودایین، بە دەربڕینێکی دی، بە فراوانبوونی سنووری جیهان بەرەو بێ کۆتایی، تاکە کەسی مۆدێرن هەستی کرد کە ئازاد بووە.



ئـەم لێکتـرازان‌و سـەرەونگومبوونەی گەردوونناسـی کاریگەرییەکی قووڵی کردە سـەر هزری سیاسـیی مۆدێرن، لەبەرئـەوەی لـەو دەمـەوە هـزری سیاسـی هەوڵـی دا بە گەڕانەوە بۆ ئەو سیسـتمە سروشـتییەی کـە فیزیای نیوتن کەشفی کردبوو کە لە دیاردە سیاسیەکان بگات.

هەروەکو ئەلیکسـاندەر کویرە دەڵێت: «لەگەڵ سـەرەتای چاخـی مۆدێرندا؛ ئێمە لە وێنای دونیایەکی داخراوەوە بەرەو جیهانێکـی بـێ کۆتایـی دەچین، کـە تیایدا چیـدی جووڵەی شـتێک بەنـد نییە بە جووڵـەو دۆخەکانی یەک سـەنتەرەوە، بۆیـە ئەمە دەیسـەلمێنێ کە ئـەوەی جووڵەی هەیە؛ ئەسـڵی جووڵەکەی لەناو خودی خۆیدایە. بە دەربڕینێکی دی، فیزیای مۆدێـرن بـە گەڕاندنەوەی هێـزی بزوێنەر بۆ ناو ئەو شـتە خـۆی؛ تیۆرەسـازانی کاروبـاری ژیانـی مرۆیی هـان دا تا ئەسـڵی بزاوتی سیاسـی بگەڕێننەوە بۆ ئەندامانی دەسـتەی سیاسـی. تاکە کەسـەکانیش وەکـو گەردیلەکانی مـاددە کە (سیسـتمێکی سروشتی) بەسەریاندا باڵادەستە لە یەک نزیک دەبنەوە تا (سیسـتمێکی سیاسـی) فۆرمەلـە بکەن‌و، ئەمەش واتە لەدایکبوونی تاکگەرایـی (یان فەردگەرایی)ی مۆدێرن».

کۆمەڵگەی تاکگەرایی مۆدێرن ئەو بیرۆکەیەیە کە دەڵێت هەر تاکە کەسێک خۆی داوەری کردەوەکانی خۆیەتی، لەبەرئەوەی خاوەنـی دەسـەڵاتی تایبەتیی خۆیەتی‌و، بەرخـوردی لەگەڵ کەسـێکی تردا تەنها لەڕێـی پەیوەندییە پەیمان ئاسـاکانەوە مەیسەر دەبێت کە زۆرترین رادەی سەربەخۆبوون‌و ئازادیی پـێ ڕەوا دەبینێت، بەم شـێوەیە تاکە کەس هەر چۆن دەبێتە سـەروەرو خاوەنی سروشت، ئاوا دەبێتە سەروەرو خاوەنی



یاسـاش. لەم ڕووەوەو لە ڕوانگەی فەردی مۆدێرنەوە چیدی ئەوە دەسـەڵات نییە کە هێزو تین بە یاسا دەبەخشێت، بەڵکو ئەوە هێزی یاسایە کە دەسەڵات دەهێنێتە ئاراوە، بە واتایەکی دی، دەسەڵاتی یاسایەک چیدی بەرهەمی دەسەڵاتی ئەو کەسە نییە کە ئەو یاسایەی بەدەستەوەیە، بەڵکو دەسەڵاتی یاسایەک لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو یاسایە لەناو سیستمە یاساییەکەدا هەیەتـی. ئەمەش بـەو مانایە دێت کـە بکەری مۆدێرن، ئەو بکەرەی لەڕێی سیسـتمی گەردوونناسـییانەی گالیلۆوە پێگەی شایسـتەی خۆی بەدەسـت هێنایەوە، دەبێت بـە (بکەرێکی یاسـایی)و بەم پێیەش دەگۆڕێت بۆ کەسـێکی یاسـایی. کەواتە چیدی ئەوە (گشـت) نییە کە بکەر دروسـت دەکات، بەڵکو ئەوە بکەرە کە (گشـت) دروسـت دەکات، لێرە بەدواوە دەبێت هەوڵ بدەین سەبارەت بە ئادەمیزادی مۆدێرن لـە چوارچێوەی (فەردیەت)ێکدا بیر بکەینەوە کە چووەتە ژێر حاکمیەتی یاسـاوە. لەبەرئەوەی دۆخی شارستانی (مەدەنی) چیدی ملکەچی (دۆخی یاسایی- سروشتی)و گەردوونناسیی گشت نییە. بەلای بیرمەندانی مۆدێرنەوە کۆمەڵگای سیاسیو فەردی مۆدێرن بەرەنجامی سیسـتمی سروشـتی نین، بەڵکو بەرەنجامی (پەیمانێکی کۆمەڵایەتی)ن.

لە فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرندا بیرۆکەی (پەیمان) بە دوو شێوە لێی دەتۆژرێتەوە: یەکەم؛ وەکو (پەیمانی هاوبەشیکردنی شارستانی) کە بەهۆیەوە تاکە کەسەکان وەکو یەک دەستەی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، دووەم؛ وەکو (پەیمانی پەیڕەویکردنی سیاسـی) کە بەهۆیەوە دەسـتەی کۆمەڵایەتی لەڕێی دەسەڵاتەوە حاکم یا دەوڵەتی سیستم دەدۆزێتەوە، ئەمە



بەو مانایە دێت کە لە سیاسەتی مۆدێرندا بەڵێن (یا پەیمان)ێکی دوولایەنــە لەنێــوان کۆمەڵــگای مەدەنــیو دەزگای دەوڵەتدا هەیە. ئەگەر نموونەی تۆکڤیل وەربگرین، کە هەمان نموونەی سۆســیۆلۆجیای مۆدێرنیتەی دیموکراتیکە؛ دەتوانین بەوپێیە بیرۆکەی (ئازادیی دیموکراتیک) بەرامبەر بە ســتەمکاری بینا بکەین. بەگوێرەی ئەم تێزە ئازادی کاتێک هەیە کە دەســەڵات لەنــاو کۆمەڵگای مەدەنیــدا توابێتەوەو ســتەمکاریش کاتێک هەیە کە دەســەڵات لــە دەرەوەی کۆمەڵــگای مەدەنیدا بێتو ســەرکوتی بکات. لە ڕوانگەی تۆکڤیلەوە؛ دیموکراســی خۆی حکومەتی کۆمەڵگای مەدەنییە، واتە دیموکراسی پرۆسەیەکە کە لەڕێیەوە ئازادی لە ناوجەرگەی یەکسانیی کۆمەڵایەتیەوە ســەردەردێنێو لەهەمانکاتــدا هــەوڵ دەدات ئەم یەکســانییە بپارێزێــتو بەردەوامــی بکات. بە بــڕوای تۆکڤیــل ئامانجی دیموکراســی دابینکردنی هۆکارەکانی خۆشبەختیو پەرەدانە بە زۆرترین ژمارەی تاکە کەســەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش بەو مانایــە دێت کە لە ڕوانگەی بیرمەندانی مۆدێرنەوە کۆمەڵگای مەدەنــی بە تەنها بواری سیاســەت ناگرێتــەوە؛ بەڵکو بواری ئابووریــش دەگرێتەوە. بە بڕوای هیــگڵ، کۆمەڵگای مەدەنی چوارچێوەی چالاکیو بواری پێداویستییە بۆرجوازییەکانە.


(ئادەم سمیس)یش هەروا لە کۆمەڵگای مەدەنی دەگەیشتو پێــی دەوت (میللــەت)، واتــە ئەو بــوارەی کە تیایــدا گەمەی سروشــتیی بەرژەوەندییە تاکە کەســییەکان دەســت دەخاتە دەستی سامانی میللییەوە، ئەمەش مانای وایە کە جووڵەکانی بــازاڕ لەنــاو کارا ئابوورییەکانــەوە دیــاری دەکرێت نەک لە دەرەوەیــان. ئەم تێڕوانینە ئابووریــیــەش دەرکەوتنی تەواوی



فەردگەرایی مۆدێرنە، بەهەمان شێوە کە پەیدابوونی سیاسەتی مۆدێرن نیشانەی پێشکەوتنی فەردگەرایی مۆدێرنە.

شتێکی بەڵگەنەویســتە کە فەردگەرایی (یان تاکگەرایی)ی مۆدێــرن پەیوەندیی قووڵی بــە بەهاووڵاتیبوونی مۆدێرنەوە هەیە، تا ئەو ڕادەیەی کە وا دێتە بەرچاو تاکە کەسی مۆدێرن‌و هاووڵاتیی مۆدێرن یەک یەکەی حقوقی‌و سۆســیۆلۆجی پێک دەهێنــن، بــە دەربڕینێکــی دی، لە سیاســەتی مۆدێرندا، هەر ئەوەندە کە دامەزراندنی سیســتمی سیاســی لە دەســتووری کاردا جێگیــر دەبێت، تاکــە کەس تاڕادەیەکــی زۆر لە ڕۆڵی هاووڵاتیدا دەردەکەوێت‌و، ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە هەر لەبەر ئەو هۆیە ئادەمیزاد وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لــە مافگەلێک بەرخوردارە، کە هەم خاوەنی دەســەڵاتەو هەم هاووڵاتی پلە یەکیشــە، واتە کۆمەڵایەتیبوون‌و هاووڵاتیبوون دوو بنەمان کە لەگــەڵ یەکدا تێکەڵن، لەبەرئەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی تەنها لە ئازادیی سیاسی هاووڵاتیان‌و لەو ڕێیەوە قابیلی وێناکردنە، بەڵام لە مۆدێرنیتەدا ئەم ئازادییە هاوتەریبە بــە جۆرێک لە وابەســتەیی بەرامبەری تــەواوی هاووڵاتیان، واتــە کەس ناتوانێت بەشــێوەیەکی ڕەها لێی بەهرەمەند بێت، تەواوی هاووڵاتیان لە فەزایەکی کۆمەڵایەتیدان کە ناتوانن لێی قوتار بن. کەواتە خەســڵەتی کۆمەڵــگا مۆدێرنەکان نەتوانینی دەرچوونە لە (پەیمانە کۆمەڵایەتیەکان).

واتــە لــە (مۆدێرنیتــە)دا تاکە کەس دروســتکەری ڕێســا کۆمەڵایەتیەکانە، بەڵام کردەوەو چالاکییەکانی ســنووردارە؛ لەبەرئــەوەی تانوپــۆی کۆمەڵایەتیــی مۆدێــرن بەجۆرێــک فۆرمەلە بووە کە کەس ناتوانێت تیایدا دەسەڵات‌و سەروەریی



ڕەهای هەبێت. مۆنتسکیۆ دەڵێت: «دەبێ لەڕێی ڕێکخستنی کاروبارەکانی دەسەڵاتەوە، دەسەڵات بوەستێنرێ». بە واتایەکی دی، تاقە بابەت کە لە سیاسەتی مۆدێرن پیرۆزە، هەمان خەسڵەتی پیرۆز نەبوونی دەسەڵاتە، لەم ڕووەوە سیاسەتی خەڵکانی مۆدێرن مۆدێرنە، نەک هەر لەبەرئەوەی کە قەڵەمڕەوی سیاسەتی لە کاری پیرۆز جیاکردۆتەوە، بەڵکو لەو ڕووەوە کە بنەماکەی وا لە کۆڵەکە مرۆییەکانی دەسەڵاتدا. ئەم ئەفسانەشکێنیەی سیاسەت لەگەڵ خۆیدا ئەفسانەشکێنی ئابووریش دەهێنێت. لیبراڵیزمی خۆرئاوایی پشت بە بیرۆکەیەکی داهێنراوی بێ پێشینە لە هزری سیاسی- ئابووریدا دەبەستێت، واتە جیابوونەوەی بنەڕەتیی لایەنە ئابوورییەکان- وەکو بونیادێکی سەربەخۆ- لە تانوپۆی سیاسی. ئێمە لێرەدا بەگوێرەی ئەوەی (لویس دۆمۆن)ی مرۆناس (ئەنسرۆپۆلۆجیست)ی فەرەنسی پێی دەڵێت (شۆڕشی بەهاکان)؛ لە کۆمەڵگا سوننەتیەکان جیادەبینەوە. هەر لەم شۆڕشی بەهایانەشەوەیە کە تاکگەرایی مۆدێرن بەرامبەر گشتگەرایی (holisme)ی کۆمەڵگا بەر لە مۆدێرنەکان؛ سەری هەڵداوە. بە واتایەکی دی، مۆدێرنیتە بیرخەرەوەی بیرۆکەی شۆڕشێکی ڕاستەقینەی مرۆناسیو کەلتووریو سیاسییە. واتە لە سەدەکانی پانزدەیەمو شانزدەیەمی زایینەوە، دیاردەیەکی بێ هاوتا لە مێژووی خۆرئاوادا ڕوودەدات، دیاردەیەک کە تیایدا تێڕوانینی مرۆڤ بۆ خۆیو جیهانەکەی وردەوردە لە حاڵەتی سیحراویبوون دەردەچێت، بۆیە لە شێوەیەکی سەربەخۆدا دەڕوانێتە خودو کارایی تاکە کەسیی خۆی. هەر لەبەر ئەمەشە وەختێک لە





(کانــت) دەپرســن: (ڕۆشــنگەریی چییە؟) لە وەڵامــدا دەڵێت: «ڕزگاربوونــی مرۆڤ لــە پابەندێتــی». (واتە کــەس) وەلی ئەمــری نەبێــت) . بە مانایەکــی دی، کانت لــەو بڕوایەدایە تا ئەو کاتەی پابەندێتی بەســەر مرۆڤدا بســەپێنرێت، پێخســتنە نــاو قۆناغــی مۆدێرنــەوە ئەســتەمە، لێرەداو وەکو میشــیل فۆکــۆ دەڵێت: «مۆدێرنیتە چیدی بریتی نییە لە پەیوەندییەکی ســتوونی لەگەڵ پێشــیناندا، بەڵکــو پەیوەندییەکی ئاســۆییە لەگەڵ چالاکییەکانی خۆیدا.. (واتە) بە دیاریکردنی جێی خۆی بەرامبــەر ڕابردوو و ئایندەی‌و پیشــاندانی ئــەو کارانەی کە دەبێــت لە ڕۆژگاری کارایی بوونیــدا بەئەنجامیان بگەیەنێت؛ دەگاتە هۆشــیاری بە خۆی». بەمجــۆرە مۆدێرنیتە دەیەوێت هەموو ئەو شــتانە ئەفەرۆز بکات کە (فرانســیس بیکۆن) پێی دەوتن (بتەکانی هۆشــیاری)، واتە ئــەو بیروباوەڕانەی کە لە ســەدەکانی ناوەڕاســتدا یادی کەلتووریــی خۆرئاوایان پێک دەهێنا، بەشــێوەیەکی گشتی چاخی مۆدێرن شێوەیەکی نوێی لە بایەخدان بە دیاردە مرۆییەکان بەخۆیەوە دیوە. مارکس لە کتێبی (گرۆندریسە)دا دەڵێت: «لە کۆمەڵگای مۆدێرندا هەر تاکە کەسە کە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی‌و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا؛ لە گیرفانی خۆیدا هەڵگرتووە». واتە هەر کەســە بەشێوەیەک لە شــێوەکان خاوەنی دەســەڵاتی کۆمەڵایەتییە. بە واتایەکی دی، جیهانــی مۆدێــرن لەڕێــی ئامرازەکانی دونیاییســازیی‌و ئەفسانەشکێنییەوە، تاکە کەسی وەک بکەر بەرەو ئەقڵانیەتێکی گشــتیترو کاریگەرتر بــردووە. ئــەم بەئەقڵانیکردنەی جیهان بوارێکــی وەهای بۆ خۆرئاوا ڕەخســاندووە تــا لە جیهانێکدا کــە زیاتر لە جاران فرەچەشــنترەو تیایدا جۆرەها ســەلیقەو



ویســتی هەڵبژاردن لــە ڕکابەرییەکی بەردەوامــدان، بتوانێت پێگەی خــۆی مەحکەمتر بکات، چونکە ڕاســتە کە مۆدێرنیتە زەرورەتێکی دیاردەناسییانەیە، بەڵام هەڵبژاردنیش لەئارادایە: هەڵبژاردنــی بینینی جیهان بەجۆرێکی تری جیاواز لەوەی کە ئێســتا هەیە. یان جۆرە مەوداگیرییەکی ڕەخنەییانە لە خۆ. بە دەربڕینێکی دی، مۆدێرنیتە پیشانی داین کە لە مێژوودا بەهای ڕەهــاو دوا حەقیقەت نییەو ژیان جگە لە بەرپرســیارێتیی پڕ ئازاری هەڵبژاردن هیچی تر نییە.

***







# ڕۆشنبیر کێیە؟

# ڕۆشنبیر کێیە؟

ڕۆشــنبیر دیارتریــن ڕووی مۆدێرنیتەیــە. لــەم ڕووەوە تایبەتمەندیــی کۆمەڵایەتی ئەوو، بەهاو ئامانجەکانیو گۆڕانی سیاســیی ئەو بەشــێکی دانەبــڕاوی مێــژووی مۆدێرنیتەیە، بەمجۆرە کاتێک باســی ڕۆشــنبیرو ماهیەتی ڕۆشــنبیر دێتە پێشێ، ڕووبەڕووی گوتەزایەکی سیاسیی تایبەت دەبینەوە کە ناســێنەری ڕەهەندێکی بنەڕەتیە بۆ تێگەیشتن لە مۆدێرنیتەو قەیرانــە فیکریو مێژووییە چەنــد لایەنەکانی. بە دەربڕینێکی دی، ئەگەر مۆدێرنیتە لە دوو تەجەللای ئەقڵەوە ســەرچاوەی گرتبێــت؛ واتــە (ئەقڵی ئامرازی) کە بە پەرەســەندنی تەکنیک فۆرمەلە دەبێــتو (ئەقڵی ڕەخنەیی) کە بــەردی بناغەی هەر جــۆرە تەقەللایەکــی مۆدێرنــە لەپێنــاوی ئازادیــی فەردیو ســەربەخۆیی بکــەردا؛ ئەوا دەبێت ڕۆشــنبیر بــە ڕوویەکی سەرەکیی (هاوولاتێتی)ی مۆدێرن لەقەڵەم بدەین کە لە کاتێکدا بەرگری لــە بەها بنچینەییە پێکهێنەرەکانی فەزای سیاســیو کەلتووریــی مۆدێرنیتــە دەکات؛ لەهەمانکاتــدا دەیانخاتە ژێر ڕەخنەوە.

بــەم پێیە لــە ڕوانگــەی مۆدێرنیتــەوە ڕۆشــنبیر خاوەن



تایبەتمەندییەکی تایبەتییە. لەگەڵ دەستپێکردنی مۆدێرنیتەدایە کە ڕۆشنبیران وەکو بکەری مێژوویی (کە جاران وەکو داناو فەیلەسووف یان ئەدیب ناو دەبران) کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی-کەلتووری پێک دەهێنن؛ کە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دیاریکراون.

بەمجۆرە؛ بە دەستپێکردنی چاخی ڕۆشنگەریو پەیدابوونی بیرمەندانێکی وەکو ڤۆڵتێرو دیدرۆو مۆنتسکیۆو ڕۆسۆ لە فەرەنساداو، کانتو فیشتە لە ئەڵمانیا، کە هەڵسەنگاندنی مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان و ڕەخنەلێگرتنیان بە مافو ئەرکی خۆیان دەزانیو، لەپێناوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مرۆیی ترو برایانەترو چالاکتردا تێدەکۆشان؛ ڕۆڵو پێگەی ڕۆشنبیران گۆڕانی بەرچاوتری بەخۆوە دیوە. پاش سەد ساڵو بە سوودوەرگرتن لەم بیروبۆچوونو ئامانجانە؛ ڕۆشنبیرانی ڕووسی بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بۆ یەکەم جار لە کاری ڕۆماننووسێکدا کە ناوی (بۆ بریکین)بوو وشەی (ئینتلیجنتس یا)(Intelligencija) (کە هەر هەمان وشەی (ئیتلیگنتسیا)ی لاتینیی سەدەکانی ناوەڕاستە)ی بۆ وەسفکردنی هەموو ئەو کەسانە بەکارهێنا کە دژ بە نایەکسانییەکانی کۆمەڵگای تزاری (قەیسەری)ی رووسیا دەجەنگان. لەگەڵ ئەمەشدا هاتنە ناوەوەی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیران بۆ ناو مەیدانی خەباتی مۆدێرنیتە وەکو گروپێکی کۆمەڵایەتی؛ کە بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک ئامانجی عادیلانەو ئەخلاقی؛ پەردەی لەسەر بێ ڕووییو بێ پەروایی دەسەڵات هەڵدەماڵیو بەبێئەوەی بە پێویست وابەستە بێت بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە؛ وەکو ویژدانی بەئاگای کۆمەڵگای مەدەنی دەئاخاوت؛ لەگەڵ



فایلەکــەی (دریفــۆس)و بەیاننامــەی نــاوازەی ڕۆشــنبیراندا دەســتی پێ کرد؛ کــە ڕۆژی (١٤ی کانوونی دووەمی ١٨٩٨) بە ئیمزای کەســانێکی ناوداری وەکو (ئەمیل زۆلاو مارســیل پرۆستو ئەناتۆڵ فرانس)ەوە بڵاو بۆوە.

لەو ڕۆژە بەدواوە ئیدی ڕۆشنبیر بە تەنها وەکو کەسێکی هەڵکەوتووی وەک هونەرمەند یان زاناو یاخود فەیلەســووف ســەیر نەدەکرا؛ بەڵکو لەهەمانکاتدا بە کەسێک لەقەڵەم دەدرا کــە تواناکانــی خــۆی لــە دەرەوەی پیشەکەشــی لەپێنــاوی بەرژەوەندیــی گشــتیدا بخاتەگەڕ؛ کــە لە ڕوانگــەی ئەوەوە خاڵی سەرەکیی هەر جۆرە خەباتێکە سەبارەت بە مەسەلەی دیموکراسی.

لــەم ڕۆژگارەی ئێمــەدا دەتوانیــن ئــەم چەمکــە بــۆ ڕۆڵــی ڕۆشــنبیر لــە بیروبۆچوونەکانــی بیرمەندێکی وەکو کاستۆریادیسدا ببینینەوە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە (ڕۆشنبیران کەســانێکن کە هەر پیشــەیەکیان هەبێت؛ تێدەکۆشــن بواری پســپۆرییان تێبپەڕێنو کارایانە گرنگی بەو شــتانە بدەن کە لە کۆمەڵگاکەیاندا ڕوودەداتو بە گوتاریانو بە خستنەڕووی ڕاشــکاوانەی بیروڕای گشــتیان توانیویانە، یان دەتوانن کار بکەنە ســەر گۆڕانی کۆمەڵگاکەیانو هەروەها ســەر (بزاوتی مێژووش).

کەواتە چەمکی ڕۆشنبیر سەرەتا بەمجۆرە پێناسە کرابوو، بــەڵام ئــەم چەمکــە بــەو مانایەی کــە لایەنگرانــی دریفۆس بەکاریــان دەهێنــاو، هەروەها لــە (٢٣ی کانوونــی دووەمی ١٨٨٩)یشدا بۆ یەکەمجار کلیمانسۆ لە وتارێکیدا لە ڕۆژنامەی ئۆرۆر (aurore)دا بەکاری هێناو پاشانیش کەسانێکی وەکو





ســارتەرو ئــارۆن‌و کامۆ کردیانە چەمکێکی بــاو، لەگەڵ ئەو مانایەدا کە بەشێوەیەکی تەقلیدی درابووە چەمکی (مانداران) (بیرۆکرات) جیاوازە.

هەروەکــو پێشــتریش ماکس ڤێبەر وتبــووی: «بیرۆکرات خــاوەن پلەوپایەیەکــە خــودی خــۆی کاری بەڕێوەبردنــی بەجــێ ناگەیەنێت»، بەڵام ڕۆشــنبیر جیاوازە لــە بیرۆکرات، لەبەرئەوەی نە خاوەنی پلەوپایەی دەوڵەتییەو نە کەسێکیشە کە بە تەنها لەگەڵ هزری پەتیدا ســەروکاری هەبێت، ڕاســتە ڕۆشــنبیر زانین شک دەبات؛ بەڵام ئەو بڕوای وایە کە دەبێت زانین کار بکاتە ســەر کاروباری گشــتی. بەم پێیە؛ ڕۆشنبیر کەسێکە کە بیر دەکاتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو بیرو هزرەی خۆی بۆ خەڵکانی دی دەگوێزێتەوە. بەم مانایە ئەو کەســێکە کە لەپێناوی بواری گشــتیدا تێدەکۆشــێت‌و بەم مەبەســتەش پەیوەندیی لەگەڵدا بەرقەرار دەکات، بەڵام ڕۆشنبیر کە کەسێکی پەیوەندیســازە، بە پلــەی یەکەم لەبەرئەوەیە کــە باوەڕی بە ململانێ‌و خەبات هەیە، واتە کەسێکە کە لە توانایدایە لەنێوان هزری ئەبســتراکت‌و ژیانی بابەتیدا پەیوەندی دروست بکات، هەروەها لەنێوان هۆش‌و بەهاکان‌و، لەنێوان بواری تایبەتی‌و بواری گشتیدا، چونکە بیرکردنەوە بە تەنها لە بواری تایبەتیدا هەیــە، هەر چۆن کە جێی بەهاش بواری گشــتییە. ئادەمیزاد ســەرەتا لــە خــودی خۆیــدا (en soi)و بــۆ خــۆی (Pour soi) بیــر دەکاتەوە، بەڵام پاشــان بۆ ئەویتــرو بە پەیوەندی لەگــەڵ ئەویتــردا کار دەکات، ڕۆشــنبیر کە بیر لــە کۆمەڵگا دەکاتــەوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆئــەوەی کە ئەو بەرامبەر (ئەویتــر) خۆی بە بەرپرســیار دەزانێت، بــەڵام لەهەمانکاتدا





لەبەرئەوەشە کە کۆمەڵگا نکوڵی لە مافو شیاویی ئەو دەکات وەکو هاووڵاتییەکی بیرمەند. لەم سەروبەندەشدا لەبەرئەوەی دەسەڵاتی حوکمڕانیش دەیەوێت لە کۆمەڵگای داببڕێت، زۆربەی کات ڕۆشنبیر شێوەی نەیار بەخۆوە دەگرێت، هەڵبەت مەرج نییە بەپێویست ئەو دوژمنی دەسەڵات بێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مافی داوەری بە خۆی ڕەوا دەبینێتو لە کاتی پێویستیشدا بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە ڕەخنە لە هەر دەزگایەکی سیاسی دەگرێت،

بەڵام مەسەلەی سەربەخۆیی ڕۆشنبیر بەرامبەر بە دەسەڵات؛ لەڕووی کردەییەوە لەگەڵ مەسەلەیەکی قووڵترو فراوانتردا یەکانگیر دەبێت؛ کە ئەویش پەیوەندیی ڕۆشنبیرە بە توندوتیژییەوە. بە چاوپیاخشانێکی خێرا بە ڕۆڵو پێگەی ڕۆشنبیراندا لە سەدەی بیستەمدا؛ دەتوانین بڵێین کە ڕۆشنبیر لەم سەردەمەی ئێمەدا زیاتر وەکو لایەنگری توندوتیژی ناسراوە، نەک وەکو لایەنگرو بانگەشەدەری لێکبووردن، لێرەشدا مەبەست لە ڕۆشنبیرانێکی وەکو (سارتەرو ئەراگۆنو ئاڵتۆسێر)و تەواوی کەلەپووری ڕۆشنبیرانەی مارکسیستییە کە بڕوایان وابوو تاقە وەسیلە بەدەست تاکە کەسەوە بۆ هێنانەدی مرۆڤایەتیی خۆی پەنابردنە بەر توندوتیژیی شۆڕشگێڕانەیە. بەلای ڕۆشنبیری مارکسیستەوە توندوتیژی لەبری ئەوەی بەرەنجامی غەریزە هۆڤیەکانی مرۆڤ بێت؛ چەکێکە بۆ بەدەستهێنانی حەقیقەتی ویژدانو کار. بەم پێیە ڕۆشنبیری مارکسیست وەکو بەرجەستەکردنی حەقیقەتی فەلسەفیی جیهان ستایشی توندوتیژی دەکات.

لێکۆڵینەوەیەکی وردی نووسینە پڕ مشتومڕەکانی



فەیلەسووفێکی وەکو ژان پۆڵ سارتەر ڕێمان پێ دەدات بڵێین کە ئەو زەرورەتی ئەقڵانیی توندوتیژی وەکو پەیامی تایبەتیی کاری ڕۆشـنبیری دەخاتە ئەستۆی ڕۆشنبیران، بۆ نموونە با سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیەی سارتەر لە کتێبی (سەبارەت بە بەرگری لە ڕۆشنبیران)دا. ئەو دەڵێت: «ڕۆشنبیری ڕاستەقینە کە کەسـێکی ڕادیکاڵە، نە ئەخلاقگەرایەو نـە ئامانجگەر». بە واتایەکی دی، لە ڕوانگەی ڕۆشـنبیرێکی وەکو سـارتەرەوە، ئەقڵ دەزگایەکی ئەخلاقیو خولقێنەری میانڕەوی نییە، بەڵکو ئامرازێکـە بـۆ ڕەوایەتیدان بـە توندوتیژیی شۆڕشـگێڕانەو چەکێکە بۆ سەرکەوتنی دەسـەڵاتی سۆسیالیستی، بەمجۆرە هەڵبژاردنی توندوتیژی بۆ ڕۆشنبیرێکی وەکو سارتەر جۆرە هەڵبژاردنێکی ویژدانیو تەنانەت ڕەوایەتیدانە بە توندوتیژیی کەسـانێکی دی کـە ئـەو بەسـتەملێکراویان دەزانێـتو بـۆ گوزارشتکردن لە حاڵیان ڕستەی وەکو ئەو ڕستەیە بەکاردێنێت کە لە پێشـەکییە بەناوبانگەکەیدا بـۆ کتێبەکەی (فرانز فانون) (بەنەفرەتبووەکانی زەوی) نووسـیویەتیو دەڵێت: «کوشتنی ئەوروپییەک، وەکو ئەوە وایە بە تیرێک دوو نیشان بپێکیت». بەم پێیە زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێم کە بەلای سـارتەرەوە هەر جـۆرە پەیوەندییەکی ڕۆشـنبیر بـە کۆمەڵـگاوە جۆرێکە لە توندوتیژی، بەم دەربڕینەش ئەو دەچێتە ڕیزی کەسـانێکەوە کە خوێندنەوەیەکی مارکسیسـتیانەیان بۆ فەلسەفەکەی هیگل کـردووە. لەوانەش بیرمەندێکی وەکو ئەلیکسـاندەر (کۆجیڤ -kojeve) کـە بە بۆچوونی ئەو پوختـەو گەوهەری هزری هیگل لە دیالەکتیکە ناوازەکەی (خودایانو بەندە)دایە.

ویڕای هەموو ئەمانە ڕۆشنبیرانێکی فەرەنسی وەکو (ڕیمۆن



ئـــارۆن) یـــان (جۆلیان بیندا) لـــەم بارەیـــەوە ڕای پێچەوانەی ڕاکـــەی ســـارتەریان هەیە. بە بۆچوونی ڕۆشـــنبیرێکی وەکو ئارۆن، ڕۆڵی ڕۆشنبیر بریتیە لە ڕەخنەگرتنی ڕاستکردنەوانەو ڕۆشـــنکردنەوەی بەهـــاکان. لـــەم ڕووەوە بە بـــڕوای ئارۆن بۆئەوەی ڕۆشـــنبیر ڕۆڵێکی گشـــتگیرو جیهانیانـــەی هەبێت، پێویســـتە لە خزمەتـــی حەقیقەتو ئەقڵـــی ڕەخنەگرانەدا بێت. بەم قسەیەشـــی؛ ریمۆن ئـــارۆن لە ئاقاری هـــزرو بۆچوونی (جۆلیان بیندا)دا دەبینرێت کە لە کتێبە ناسراوەکەی (خیانەتی ڕۆشنبیران)دا ڕایدەگەیەنێت کە (ڕۆڵی ڕۆشنبیر گۆڕینی دونیا نییە، بەڵکو بەوەفا مانەوەیەتی بۆ ئامانجێک کە پاراســـتنی بۆ ئەخلاقیاتی ئادەمیزاد پێویستە).


لەم ڕووەوە، بەلای ڕۆشـــنبیرانێکی وەکو ئارۆنو بینداوە، هەروەها بـــەلای ڕۆشـــنبیرانێکی (نیوکانتی)ی نـــەوەی نوێی وەکو (لـــوک فیریو ئالان ڕینۆو تزفیتان تۆدۆرۆڤی)شـــەوە، مەســـەلەی گشتگیریی بەهاکانو سەربەخۆیی ئەقڵ؛ بە مانای ڕێزگرتن لە ژیانی ئادەمیزاددا؛ پێویستە ئامانجی ڕەهای کاری ڕۆشـــنبیری بێـــت. هەڵبەتە لێرەدا نامانەوێت ڕۆڵی ڕۆشـــنبیر دابەزێنینـــە ئاســـتی ڕۆڵـــی کەســـێکی دڵبـــاشو نامولتەزیمو ئەخلاقگەراوە، یان کەسێکی وا کە لە ئاست بواری گشتیدا دان بە بێ توانایی خۆیدا دەنێتو لە خەڵوەتێکی پەتیدا گۆشـــەگیر دەبێـــت، لەبەرئەوەی کـــە دەڵێن ئەقڵانیـــەت توندوتیژی نییە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە دونیادا هیچ هێزێکی ڕۆشـــنبیری وەکـــو هێزێکـــی چـــالاک بوونـــی نییە. پێویســـت بـــە وتنیش ناکات کە ئەرکی ڕۆشـــنبیر بیرکردنەوەو کارکردنە لە ئاست واقیعـــدا، بەڵام بەردەوام بە پاراســـتنی ئەو توانایەشـــەوە لە






خودی خۆیدا کە ئاگای لە مەودای نێوان خودی خۆیو شتە واقیعییەکە بێت. هەروەکو پۆڵ ڤالیری دەڵێت: «باوەڕنەکردن لای ڕۆشنبیر شتێکی سروشتییە» بە واتایەکی دی، ڕۆشنبیر کەسێکە کە بەردەوام مەودا لەنێوان خۆیو دۆگماو باوەڕە ڕەهاکاندا دەهێڵێتەوە. بەلای ڕۆشنبیرەوە ئەقڵ بریتیە لە ئامرازێکی بەردەوامی ڕەخنەو مەوداگیری لە هەموو جۆرە ئایدۆلۆژیاو توندوتیژییەک، بەڵام ئەوەمان لەیاد نەچێت کە ڕۆشنبیر لەناو کۆمەڵگادا دەژیو ماف بە خۆی دەدات دەست بخاتە ناو کاروبارەکانەوە، لە هەمووشی گرنگتر مەرج نییە مەسەلەکانی ناو کۆمەڵگا بەردەوام لە بەها ئەخلاقیەکانەوە سەرچاوە بگرنو ئەرکی ڕۆشنبیرە کە گرنگی چەمکی گشتگیری (یۆنیڤێرساڵیتی)و بەها ئاکارییەکان (ئەخلاقیەکان) بۆ کۆمەڵگا ڕوونی کاتەوە، بەم پێیە ڕۆشنبیر ئومێدی پاراستنی مکومیی چەمکی (گشتگیری)و پەیوەندیی بنەڕەتیی نێوان بەها ئاکارییەکانو ئەقڵی ڕەخنەیی لە کۆمەڵگادا بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ڕۆشنبیر ئەمینداری ئەقڵانیەتێکی باڵاترە کە بەشێکی پێکهێنەری ئایدۆلۆژیایەکی سیاسییە. وەکو ئەلبێر کامۆ دەڵێت: «ڕۆشنبیر کە بێ بەشە لە بیرکردنەوەی ڕوونی باڵا، دەزانێ، کە نەزانینە ئینسایکلۆپیدییەکەی ئەو بەرامبەر بە ئاڵۆزیی گەمەی مێژوویی بێ سنوورە». هەروەها دەڵێت: «ڕۆشنبیر دەست لە ئاییندەی میللەتو کەلتووری خۆی وەردەدا، بەبێئەوەی کە توانای ناسینی یاساکانی مێژوو و جیهانیشی هەبێت». بەمجۆرە تاقە خولیای ڕۆشنبیر ئەوە نییە کە وەسوەسەی ئایدۆلۆژیاکانی توندوتیژی لا دروست





ببێت تا ئەو ڕادەیەی پشتیوانی لە شۆڕشی توندوتیژی ئاسا بکات، بەڵکو پێویستە لەسەری کە بەردەوام بیر بکاتەوەو ڕۆشنبیر وەکو لایەنگری بیری ڕەخنەیی‌و بنەماکانی ڕۆشنگەری؛ هەر دەبێت کەسێکی میانڕەوو بەکاوەخۆ بێت. ڕۆشنبیر لە خزمەتی هیچ (ڕۆحێکی ڕەها)و هیچ (زەرورەتێکی مێژوویی)دا نییەو بە تەنها ئەقڵی ڕەخنەگرانەی خۆیشی وەک ئامرازی بیرکردنەوەو داوەری شک دەبات‌و دەیخاتە خزمەتی (مەسەلە گشتییەکان). لەبەرئەوەی ئەقڵ مانای نییە، ئەو کاتە نەبێت کە بتوانێت دەستی بە جۆرێک لە بوونی گشتی ڕابگات. لەم ڕووەشەوە ڕۆشنبیر بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە مەسەلە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان لەڕێی چەمک‌و مانایانەوە ڕوون بکاتەوە. لەم گۆشە نیگایەشەوە ئەو بە پێویست پەیامی تێکدانی بیروباوەڕی کەسانی تری هەڵنەگرتووە، هەر چۆن خزمەتکردنی ئەو بیروباوەڕانەش ناگرێتە ئەستۆ، هەر بەم بۆچوونە ڕۆشنبیر کەسێکە کە لەو بڕوایەدایە دەتوانێت هەموو شتێک بخاتە ژێر پرسیارەوەو باس‌و گفتوگۆیان لەسەر بکات و لە هیچ بوارێکیشدا نابێت وەڵامەکانی پێش پرسیارەکان بدرێنەوە، بۆیە ئەرکی ڕۆشنبیر خستنەڕووی پرسیارە سەرەکییەکان‌و بەزۆریش پرسیارە ڕادیکاڵەکانە. بەدەر لەم حاڵەتە ئەو بە ئارەزووی بیرکردنەوەی خۆی کاری نەکردووە، ئیدی چ بە شێت‌و چ بە نەریتشکێن لەقەڵەم درابێت، بەڵام ڕۆشنبیر پتر لەوەی ئەخلاقگەرایەک بێت کە کۆمەڵگا بەدڵی بێت؛ یان ئایدیۆلۆجیستێکی قسەخۆش‌و وتاربێژ بێت، دەبێت بەرگری لە شێوە مرۆییە جیهانی‌و گشتگیرەکان بکات. لەبەرئەوەی ئەو بەر لە هەموو شتێک بیرمەندێکی ڕۆشنگەرو



یونیڤێرسـاڵە کە بە بـڕوای ئەو هیچ عادەتێـک یان نەریتێک کـە دەبێتە کۆسـپ لەڕێـی سـەلماندنی سـەربەخۆیی تاکە کەسـدا؛ پەسـەند نییەو ڕەتکراوەیە، بە بۆچوونی ڕۆشنبیری یونیڤێرسـاڵ بە تەنها ئـەو بەهاو دەزگایانـە مایەی قبووڵو پەسـەندن کە دەسـتەبەری سـەرهەڵدانو بەردەوامیی تاکە کەسـی سەربەخۆو ئازادو سەربەستن. بەمجۆرە ڕۆشنبیری یونیڤێرسـاڵ هەموو ئەو هزرو کارانـە ڕەت دەکاتەوە کە لە ئایدیای (هۆڤێتی- وەحشیەت، یا دڕندەیی)دا کورت دەبنەوەو شوناسێکی کەلتووریی وایان پێ قبووڵە کە بە زیانی یەکێتیو تاقانەیـی ڕەگـەزی مرۆیـی دەشـکێتەوە، چونکـە هەروەکو تزڤیتان تۆدۆرۆڤیش دەڵێت: «ئەو شتەی مرۆییە، مەرج نییە بە زەرورەت فلانە شت یان فلانە تایبەتمەندیی کەلتووری بێت.. ئەو شتەی هەر مرۆڤێک لەگەڵ کەسانی تردا تیایدا هاوبەشە؛ دۆخـی بیـروڕاو زانینەکانی خۆمانـە لەبەرئـەوەی ئازادیی تایبەتمەندیـی دیاریکراوی ڕەگەزی مرۆییە». بە دەربڕینێکی دی، بەرگریکردن لە یونیڤێرساڵێتیی مرۆیی بەرامبەر بە بەها دژە دیموکراتیەکان لە کەلتوورێکی تایبەتیدا؛ ئەرکی سەرەکیی ڕۆشـنبیری یونیڤێرسـاڵە. لەبەرئـەوەی بە ڕوانینـە ئەودیو سـنوورە کەلتـووریو نەتەوەییـەکانو بـە پەیڕەوییکردنی بنەمـا بونیادییەکانـی بیـری ڕەخنەگرانەیـە کە ڕۆشـنبیری یونیڤێرساڵ دەتوانێت پەی بە بوونی دونیا هەمەچەشنەکانو شـێوە جۆراوجۆرەکانی ژیانی هاوبەشـی ئادەمیزاد بەرێت، هەر لەم بارەیەوە وەکو ئەدگار مۆرانیش ڕاسـت وتوویەتی: «ئەقڵی ڕەخنەیی فێرمان دەکات کە کەلتووری ئێمە سەنتەری درەوشـاوەی هەموو بەهایەک نییەو بۆئەوەی بتوانین بیر لە





مەسەلە گشتییەکان بکەینەوە، پێویستە ڕاستییە کەلتوورییە تایبەتیەکانی خۆمان هەڵسەنگێنینو بە ڕێژەیی ڕاییبگرین».

ڕۆشنبیر بۆئەوەی پێگەی ڕەخنەیی خۆی ڕابگرێت، پێویستە مەودا لەنێوان خۆیو هەر کەلتوورێکدا بهێڵێتەوە کە ڕێ لە بیرکردنەوەی ئازاد دەگرێت سەبارەت بە مرۆڤو جیهان. لەبەرئەوەی بەبێ ئەم ئازادیی بیرکردنەوەیە، ئەقڵ کاری ڕەخنەیی نابێتو بەبێ کاری ڕەخنەییش ڕۆشنبیر ناتوانێت لافی ڕۆشنبیری لێبدات. کەواتە ڕۆشنبیر ناتوانێت بەهەر شێوەیەک بێت خۆی بخاتە خزمەت جۆرێک لە هۆڤێتیی کەلتوورییەوە، هەر چۆن ناشتوانێت ڕێ بە خۆی بدات وەکو تیۆرەسازێکی سیاسی وا بیر بکاتەوە کە چاوەڕێی سازشکاریو گوێڕایەڵیی لێ بکرێت.

لەم حاڵەتەشدا دوو پرسیاری گرنگ دێنەگۆڕێ:

١- ڕۆشنبیر دەتوانێت چی بڵێتو دەتوانێت چی بکات؟

٢- ڕۆشنبیر چۆن دەتوانێت لەهەمانکاتدا کە سەربەخۆییو ئازادیی خۆی دەپارێزێت؛ بیر لە چەمکی وەکو سیاسەتو کەلتوور بکاتەوە؟

ئەگەر ڕۆشنبیر بە کەسێکی تایبەتی لەقەڵەم بدەین کە هەڵوەدای وەدیهێنانی خەونو بەها تایبەتیەکانی خۆیەتی، لەهەمانکاتدا کە ئەندامی بواری گشتییەو دەیەوێتو هەوڵ دەدات ویژدانی کۆمەڵگای مەدەنی بێت، بە پێویست دەبێت بەو ئەنجامە بگەین کە لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا، یان لە کۆمەڵگایەکدا کە هەنگاو بەرەو دیموکراسی دەنێت؛ ڕۆشنبیر خولقێنەرو فاکتەری سەرەکیی توێژینەوەو گفتوگۆیە. بەم پێیە ئەو کەسێکە کە بەرامبەر بە بەندکردنی خۆی لە چوارچێوە



دۆگماکانـــدا؛ خۆی بە بەرگریکاری جۆرێک لە مرۆڤدۆســـتیی ڕەخنەگرانـــە دەزانێت؛ کـــە لە پێکدادانێکـــی بەردەوامی نێوان حەقیقـــەتو هەڵەدایـــە. ناســـینی ئەرکێکی وەها بۆ ڕۆشـــنبیر مانـــای ئەوە نییە کە ئـــەو دەبێت بوونەوەرێکـــی جیاواز بێت لەوانی دیو لە ئەندامانی تری کۆمەڵگا باڵاتر بێت. ڕۆشـــنبیر بەو پێناسەیەی سەرەوە، مرۆڤێکە کە هەوڵ دەدات بەوپەڕی هۆشـــیارییەوە بەرپرســـیارێتیی خـــۆی وەک هاووڵاتیەکـــی دیموکرات ئەنجام بدات کە مەبەستی توێژینەوەو گفتوگۆیەو لە گەڕاندایە بەدوای مانا بۆ دروستکردنی کۆمەڵگا.

بەمجۆرە تا فەزایەک بۆ توێژینەوەو گفتوگۆ هەبێت، توانستی بەکارهێنانـــی ئەقڵی ڕەخنەییو پەیوەندیـــی نێوان بەهاکانیش لەئارادایەو دەتوانین باس لە بوونی ڕۆشنبیرانێکی هاووڵاتی بکەین کە دروســـتکەرو بەشـــداری گفتوگۆکانن. لەبەرئەوەی دیموکراســـی فەزایەکـــە کـــە مەســـەلەو پرســـیارەکانی تیـــا دەوروژێنرێت و بەئاشکرا دەبنە مایەی گفتوگۆو لێپێچانەوەو بەبـــێ فەزایەکی واش، کۆمەڵگا ناتوانێت داوا لە ڕۆشـــنبیران بکات کە مەسەلەی حەقیقەت بخەنە بەر باسو لێکۆڵینەوە.







# هاووڵاتیی ئەسینایی
# لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا

# هاووڵاتیی ئەسینایی
# لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا

سەرهەڵدانی هاووڵاتێتی لە کۆمەڵگای ئەسینابییدا؛ هاوکاتە لەگەڵ سەروەختێکی دیاریکراو، بەڵام تارادەیەک کورتی ژیاری یۆنانیدا.

لە سەرێکی ترەوە، هاووڵاتێتی چەمکێکە کە وردەوردە فۆرمەلە بووەو ناتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین کە ڕێک لە چ وەختێکدا مانای تەواوەتیی خۆی بەدەست هێناوە.

لە شاری ئەسینادا بوو کە هاووڵاتێتی پەرەی سەندو بوو بە حەقیقەتێکی ژیانی ڕۆژانە. لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا، هزری تیۆرەیی سەبارەت بە چەمکی (Politeia) پەیدا بوو.

ئەم وشەیە گشتگیرەو بە تەنها هاووڵاتێتی ناگرێتەوە؛ بەڵکو سەرجەم کۆمەڵانی (کۆمەڵگای شاری) دەگرێتەوە. هەروەها ئەم وشەیە گوزارشت لە سیستمی دەزگاکانی دەوڵەتشار (Polis)یش دەکات. کەواتە بەشداریبوون لە (Politeia)دا واتە بوون بە هاووڵاتیو بەهرەمەندبوون لە مافە مەدەنییەکان. بەم پێیە بەکاربردنی ئەم وشەیە لای ئەسینابییەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین بەو مانایە دەهات کە مەرجی پێویستی



کۆمەڵگای سیاسی بوونی هاووڵاتێتییە. بە واتایەکی دی، لە ڕوانگەی ئەسینایییەکانەوە، بنیاتی مەدەنی بەندە بە ژمارەو چۆنێتیو شێوازی بەشداریکردنی هاووڵاتییەکانەوە. کەواتە وا دێتە بەرچاو بەپێچەوانەی هاووڵاتیی مۆدێرنەوە کە لە سەدەی حەڤدەیەمو هەژدەیەمدا لە ئەوروپای خۆرئاوادا لە پەیوەندییەکی حقوقیو ڕەسمیی پەتیدا لەنێوان تاکو دەوڵەتدا فۆرمەلە بوو، هاووڵاتێتی لە ئەسینادا لە پەیوەندییەکی کەم تا زۆر ژیانیانەی هاووڵاتیی ئەسینایی لەگەڵ کۆمەڵگای شاریدا دروست بوو. هەروەکو چۆن نووسەرێکی وەکو (پلۆتارک)یش وشەی (Politeia) بۆ شێوازێکی ژیانی مرۆڤی سیاسی (bios andros politikou)بەکار دەبرد. بەم پێیە یەکسانیی نێوان هاووڵاتیانو دەسەڵاتی سیاسی لە ئەسینای سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا شتێکی سەلماوو سەقامگیر بووە. هەروەکو ئەرستۆش لە کتێبی (سیاسەت) (١١-١٢٩٤)دا دەیگێڕێتەوە، بیرۆکەی فەرمانڕەوایی هاووڵاتیان سیمای سەرەکیی (دەوڵەتشار) بوو. هەروەها دەڵێت: «هاووڵاتی ئەندامی کۆمەڵگایەکە، هەر چۆن دەریاوانێک یەکێکە لە خزمەتگوزارانی کەشتی، گەرچی هەریەک لە خزمەتگوزارەکان ئەرکێکی لە ئەستۆدایەو ناوێکی گونجاو لەگەڵ ئەرکەکەیدا وەکو سەوڵدار، سوکاندار، پاسەوانو هتد.. کاری هەریەکێکیشیان سوودی خۆی هەیە، بەڵام سوودێکی تریش هەیە کە پێویستە هەموو خزمەتگوزارەکان هەیانبێت؛ ئەویش دابینکردنی ئاسایشی سەفەرەکەیە؛ ئامانجی هەریەکێک لە خزمەتگوزارەکان پاراستنی ئاسایشە، ئەم ئامانجە، سەرباری جیاوازییەکان، وەکو ئامانجی تەواوی





هاووڵاتییەکانە کە پێویســـتە ئاسایشی کۆمەڵگایان لەبەرچاو بێت، ئەمە بەردی بناغەی بەهاووڵاتییبوونە». بەهەمان شێوە لای ئەســـینایییەکان، ئەم بیرۆکەیە ناتەبایی دیکتاتۆری لەگەڵ چەمکی (دەوڵەتشار)یشدا دەگرێتە خۆی. کەواتە (دەوڵەتشار) کە دیکتاتـــۆری بە یەکێک لە گەورەتریـــن تاوانەکان دەزانێت کە دەبێتە مایەی مەرگ یان بێبەشـــبوون لە مافە سیاسیەکان (atimie)، لـــەوەوە دێت کە دەســـەڵاتی تاکـــە کەس بە مانای نەفیکردنـــی ئـــازادیو فەرمانڕەوایـــی هاووڵاتییـــەکان دێتو، هەر لەبەرئەمەشـــە کە (دەوڵەتشـــار) لەناوبردنی دیکتاتۆری بەرز رادەگرێت. بەمجۆرە لە خەیاڵی ئەســـینایییەکانی سەدەی پێنجەمـــی پێش زاییندا، فەرمانڕەوایەکی دیکتاتۆر تەواو دژی هاووڵاتییەکانـــە، لەبەرئـــەوەی جڵەوی دەســـەڵاتی کۆمەڵگای شاریی لەدەستدایەو لە سەرەوەی (دەوڵەتشار)وە حوکمڕانی دەکات. وەکو ئەرستۆ لە کتێبی (دەستووری ئەسینا)دا دەڵێت: «ســـۆلۆن لەڕێی دابەشکردنی ئەسینایییەکانەوە بەسەر چوار چینـــی باجدەرانە بەپێی دەرامەتیان (ئـــەو باجەی کە مەرجی بەشـــدارییکردن بـــوو لـــە هەڵبژاردنەکاندا) توانیـــی زەمینەی هاتنەئاراوەی دیموکراســـی لە ئەســـینادا فەراهەم بکات. دوو چینـــی یەکـــەم بەســـەر ئەریستۆکراســـیی کۆندا دەســـەپێت. چینی ســـێیەم لە دێهاتییـــە دەوڵەمەنـــدەکان پێکهاتبوو، چینی چوارەمیـــش هەمـــوو کەســـە کەمدەرامەتەکانـــی دەگرتەوە». بەمجۆرە چیدی هاووڵاتێتی شتێک نەبوو بە تەنها بۆ خاوەن هێزە چەکدارەکان قۆرخ بێت. پاش ڕۆیشتنی سۆلۆن، ئەسینا لە ترســـی ئـــەوەی نەبـــادا بکەوێتە چنگـــی دیکتاتۆرییەوە، بۆ چەند ساڵێک دووچاری ئاژاوەو قەیران بوو.




سەرەنجام لە ساڵی (٥٦١ پ. ز)دا پیزیسترات، کە یەکێک بوو لە ئەریستۆکراتە باڵادەستەکان؛ توانیی جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەستو تا کۆتایی تەمەنی (٥٢٧ پ. ز) دەسەڵاتی هەر لەدەستدا بێت، پاش ئەو ، هیپیاسی کوڕی جێی گرتەوە، تا ئەوە بوو لە ساڵی (٥١٠ پ. ز) داو لەسەر داوای ئەریستۆکراتەکانی ئەسینا، کلیومنی پاشای ئیسپارت لەسەر حوکم لایدا. بە کەوتنی هیپیاس؛ جارێکی دی ململانێ لەنێوان باڵە ئەریستۆکراتەکاندا سەری هەڵدایەوە. بەتایبەتیش دوو کەس ڕووبەڕووی یەک وەستانەوە: کلیستینو ئیزاگۆراس.

وەکو ئەرستۆ لە کتێبی (دەستووری ئەسینا)دا نووسیویەتی، (خەڵک پاش ئەوەی شۆڕشیان دژ بە ئیزاگۆراس بەرپا کرد، کلیستینیان لە مەنفاوە بانگهێشت کردەوەو دەسەڵاتیان دایەوە دەست، کلیستین بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی فەزای شارستانیی ئەسینا؛ دەستی بە ڕیفۆرمەکانی خۆی کردەوە. ئەو بەجۆرێک کاری کرد کە یەکسانیی مافی هاووڵاتیەکان لەسەر بناغەیەکی پتەوو بابەتی دابمەزرێت. ئەوەبوو هاووڵاتییەکانی ئەسینای بەسەر دە گروپدا دابەش کردو لە هەریەکێک لە سێ لایەنە جوگرافییەکەی ئەتیکدا دابەشکردنی هێنایە گۆڕێ. دوا ئامانجی کلیستین کە هەرگیز نەهاتەدی، بەلام زۆر لێی نزیک ببووەوە، وەدیهێنانی یەکێتیی سیاسی خەڵکی ئەسینا بوو لە چوارچێوەی ئەتیکێکی یەکپارچەدا).

بە بڕوای ئەرستۆ، هەنگاوەکانی کلیستین بەجۆرێک لە جۆران بە ناسنامەی هاووڵاتێتیی شاری ئەسینا دەژمێردرێت. ئەو دەنووسێت: (پاش ئەو ڕیفۆرمانە، پێکهاتەی سیاسیی ئەسینا لە سەردەمی سۆلۆن دیموکراتتر بوو، بەشێک لەو





گەشەسەندنەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە قانوونەکانی سۆلۆن لە سەردەمی دیکتاتۆریدا پیادە نەدەکران، تا ئەو ڕادەیەی کە دەشێ شێوێنرابن‌و کلیستین بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵک ، قانوونی تازەی دانا.. بێگومان گرنگترین ئەنجامی کارەکانی کلیستین وەدیهێنانی (یەکسانی لەبەردەم قانووندا is onomia) بوو، کە بووە بناغەی هاووڵاتێتی لە ئەسینادا. یەکسانی لەبەردەم قانووندا وەکو زەرورەتێکی کردەیی‌و ئابووری دژ بە داگیرکردنی ئۆلیگارکیانەی خانەدانە دەوڵەمەندەکان بووە مایەی پەسەندکردن).

بەمجۆرە، ئەم یەکسانییە بوو بە سیمبوڵی بونیادێکی دیموکراتی کە لەسەر بناغەی چوونیەکی دامەزرابوو. لەگەڵ سیستمێکی سیاسیی وشک‌و سەقامگیری لایەنگری (سیستمی باش) (eumonia)و دیسپلینخوازان‌و دیکتاتۆریدا نەدەگونجا. لەهەمانکاتدا، گۆڕینی سیستمی (سیستمی باش) بە سیستمی (یەکسانی لەبەردەم قانووندا) لە یۆناندا زیاتر لە جاران جیاوازیی نێوان ئیسپارت‌و ئەسینای خستەڕوو.

بەمجۆرە لە ساڵی (٥٠٨ پ. ز)وە (دەوڵەتشار)ی ئەسینا بە فەزای سیاسیی هاوشاران (Politai) لەقەڵەم درا. پاش ئەم بۆچوونەی ئەسینابیەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین، هاووڵاتی کەسێکە کە لە (دەوڵەتشار)دا نیشتەجێیەو (دەوڵەتشار)یش وەکو (کۆمەڵگای هاووڵاتیان پێناسە کراوە. (دەوڵەتشار) ئەو شوێنە سیاسیەیە کە تیایدا مرۆڤ وەکو هاووڵاتی تاکێتیی سەربەخۆیانەی خۆی بەدەست دێنێت. کەواتە ئەمرۆ دەبێت بەم شێوەیە چەمکی ئەرستۆیی (گیانەوەری سیاسیی) (Zoon politikon) لێک بدەینەوە.



کاتێک ئەرستۆ لە کتێبی (سیاسەت)دا دەنووسێت: (مرۆڤ گیانەوەرێکی سیاسییە..) مەبەستی لەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکە بۆ ژیان لەناو (دەوڵەتشار)دا دروست بووە.

ئەو لە لاپەڕەی دواتردا دەڵێت: «شتێکی ڕوونە کە حکومەت هەم خۆڕسکەو هەم لە پێش تاکە کەسیشەوە هەیە.. لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا مەیلێکی خۆڕسکی بۆ ئەم بەشداربوونە هەیە..».


کەواتە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەلای ئەسینایییەکی سەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە، لە دەرەوەی ژیانی ناو (دەوڵەتشار)دا، نە مافی هاوولاتێتیو نە ئازادیش هەیە. بەم پێیە، هاوتایی دەسەلاتی سیاسیو هاوولاتییان جێگیرە، بەلام بۆ بەکارهێنانی دەسەلاتێکی بێ سنوور لەناو شاردا دەبێت یەک (هاوولاتی تەواوی مافەکانی هەبێت). بە واتایەکی دی، کۆمەڵگای شاری جیاوازە لە کۆمەڵی بەشەری، بەلام لە ئەسینادا، لە پەنا ئەو ئەسینایییانەی کە کۆمەڵگای شارییان پێک دەهێنا، ئەو بیانییانەی لە ئەسینادا نیشتەجێ ببوونو، هاوولاتیانی بیانیو کۆیلەکانیش دەژیان. کۆیلەکان نیوەی خەڵکی ئەتیک بوون.

کەواتە دانیشتووانی (دەوڵەتشار) لە دوو دەستە پێکهاتبوون: ئازادەکانو نائازادەکان. ئازادەکان بەسەر هاوولاتیو ناهاوولاتیدا دابەش دەبوون، نائازادەکانیش بریتی بوون لە دەستوپێوەندو کۆیلەکان. لای ئەسینایییەکان (کۆیلایەتی بە باوترین شێوەی نائازادی لە دەوڵەتشاردا لەقەڵەم دەدرا). لە ڕوانگەی ئەسینایییەکانەوە، لەنێوان کۆیلە گشتیو کۆیلە تایبەتیەکان لەلایەکو، لەنێوان کۆیلە خۆییو کۆیلە دیلەکانی



جەنگدا لەلایەکی ترەوە؛ جیاوازی هەبوو. ئەرستۆش لە کتێبی (سیاسـەت)دا جیـاوازی لەنێـوان کۆیلایەتیی (سروشـتی)و کۆیلایەتی (ڕێکەوتننامەیی)دا دەکات. ئەو دەنووسێت: (وشەی کۆیلایەتـیو کۆیلـە دوو مانـای ناوەکییان هەیە. من باسـی کۆیلایەتیی (سروشـتی)م کردووە؛ بەڵام کۆیلایەتیی قانوونی یـان ڕێکەوتننامەییـش هەیە. ئـەم جـۆرە کۆیلایەتییە بەپێی ڕێکەوتننامەیەک ڕوودەدات کە بەگوێرەی ئەوە هەرکەسێک لە جەنگدا دیل بکرێت، بەپێی قانوون دەبێتە موڵکی دیلکەرەکە).

هەروەهـا لای ئەسـینایییەکان، جیاوازییەکـی بنەڕەتـی لەنێوان کۆیلەکانو هاووڵاتییە بیانییەکاندا هەبوو. هاووڵاتییە بیانییەکان کۆمەڵێک کەسـی بێگانە بـوون کە پاش ماوەیەک نیشـتەجێبوونیان لە ئەسـینادا؛ دەبوونە هاووڵاتی. سـەرەتا هاووڵاتییـە بیانییـەکان بـە تەنها ئـەو بیانییانە بـوون کە لە هەمـوو شـارەکانەوە بۆ ئەسـینا دەهاتن، بەڵام لە سـەدەی چوارەمەوە هەندێک لە هاووڵاتییە بیانییەکان یۆنانی نەبوون. (ئـەو بیانییانەی کە وەکو هاووڵاتیی قبووڵ دەکران، لە مافی شوێنی نیشتەجێبوونو پاراستنی قانوونیو مافی بەشداربوون لە سرووتو جەژنەکانو ئازادیی هەڵبژاردنی کار بەرخوردار دەبـوون. بەرامبـەر بەمەش، ئـەوان دەبووایـە باجێکی کەم (metoikion)یـان بدایەو، لە دانـەوەی قەرزەکانی دەوڵەتدا بەشدارییان بکردایەو هەندێکجاریش خزمەتی سەربازیشیان بکردایە.. کەواتە بەم پێیە، بەگوێرەی دەسـتوور، دەوڵەتشار بریتی بوو لە کۆمەڵێک پیاو کە دەسەڵاتی بڕیاردانیان هەبوو. ژنـان بە (هاووڵاتیی) نەدەژمێـردران، لەبەرئەوەی ڕێیان پێ نەدەدرا بچنە شوێنەکانی بڕیاردانەوە. لە ڕاستیدا ئەوان لەڕووی



مافەوە وەکو منداڵی بچکۆلە ســەیر دەکران. هەرکەسێک پێی بنایەتــە تەمەنی (١٨) ســاڵیەوە، ئینجا وەکو هاووڵاتی قبووڵ دەکرا، بەڵام بۆئەوەی کەسێکیش بە هاووڵاتی قبووڵ بکرایە؛ دەبووایــە دایکو باوکی هاووڵاتــی بوونایە. بە واتایەکی دی، ئــەو منداڵانەی کە باوکیان ئەســینایی‌و دایکیان بیانی بووایە، بە نایاســایی (nothoi) لەقەڵــەم دەدران‌و نەیاندەتوانی ببنە هاووڵاتی. ئەرســتۆ لە کتێبی (دەستووری ئەسینا)شدا ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکات: (مافی هاووڵاتێتی بە کەســێک دەدرا کە دایکو باوکی هاووڵاتی بوونایە. ناوی کەسەکانیش لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە لە پێڕستی دانیشتووانی بەشی (demes)دا تۆمــار دەکرا. کاتێک ئەوانە بۆ تۆمارکردنی ناویان دەچوون، دانیشــتووانی هەمان بەش پاش سوێندخواردن‌و ڕاوەرگرتن ئەوەیــان دیــاری دەکرد کە: یەکــەم؛ ئایا ئەو کەســانە پێیان ناوەتــە تەمەنــی یاســاییەوە... دووەم؛ ئایــا داواکاران وەکو قانوون دەڵێت دایکو باوکیان ئازادن).

بەمجۆرە لە شاری ئەسینادا، چالاکیی سیاسی بە یەکەمین چالاکیــی هاووڵاتی لەقەڵــەم دەدرا. لە کاتێکدا ســەبارەت بە چالاکیی ئابووری وا نەبوو. لە ڕاســتیدا ئەوە ڕاســتە ئەگەر بڵێیــن کە لــە کۆمەڵگای ئەســینادا موڵکداری یەکێــک بوو لە مافەکانــی هاووڵاتــی، بــەڵام بۆ بــوون بە هاووڵاتــی مەرج نەبوو ئەو کەسە موڵکدار بێت. بەمجۆرە، ئیدی لە سەردەمی (کلیســتین)ەوە پێناســەکردنی هاووڵاتــی بەنــد نەبــوو بــە هەلومەرجە سەربازییەکانەوە. خۆ گەر ڕوویشی بدایە (وەکو جەنگی پلۆپۆنز) هاووڵاتییە بیانییەکان‌و بیانییە نیشتەجێکانی ئەســینا بۆ شەڕ ببرانایە؛ ئەوا یەکســانی لەنێوان هاووڵاتی‌و





سەربازدا ڕەچاو دەکرا.

لە ڕاستیدا؛ سوپای ئەسینا لە سەدەی (٥ ی پ. ز)دا سوپایەکی تایبەت نەبوو، بەڵکو ئاوێتەی کۆمەڵگای شاری بوو. ئەم خاڵەش ئەوە پیشان دەدات کە بۆچی جەنگاوەرانی سوپای ئەسینا لەنێو خاوەن پلەوپایەکانی وڵاتدا بۆ خولێکی یەکسان هەڵدەبژێردران، هەرچۆن پریکلیس بۆ ماوەی پانزدە ساڵ بەدوای یەکدا بۆ بەڕێوەبردنی شاری ئەسینا هەڵبژێردرا.


ژیانی ئایینیش بەشێک بوو لە ژیانی (دەوڵەتشار). قەڵەمڕەوی دەوڵەتشار لەنێو خۆیداو لە پەنا سەنتەرێکی گشتی (agora)و داموودەزگای قەزاییدا، هەندێک پەرستگاو شوێنی پیرۆزی تێدا بوو کە تایبەت بوون بە پەرستنی خواوەندەکان. لەم ڕووەشەوە پەیوەندییەکی بەرتەسک لەنێوان ژیانی ئایینیو کاری سیاسیی (دەوڵەتشار)دا هەبوو. ئەنجوومەنی هاووڵاتیان بڕیاریان لەسەر بیناکردنی پەرستگاو شوێنی پیرۆز دەدا. ئامانج لە سازدانی جەژنە ئایینییەکانیش (وەکو ڕێوڕەسمی بەرزڕاگرتنی دیۆنیزۆس) جەختکردنەوەو پتەوکردنی یەکێتیی سیاسیی (دەوڵەتشار) بوو، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجو بایەخە ئەوەیە؛ کە بۆ جێبەجێکردنی سرووتەکانی ئەم ئایینە مەدەنییە؛ چینێک لە کەسانی ڕۆحانی نەبوو کە لە باقیی ئەندامەکانی تری کۆمەڵگا جیاواز بێت. لەگەڵ ئەوەی لە هەندێک لەو گروپە ئایینیانەدا تایبەتمەندی بۆ ئەندامانی هەندێک لە بنەماڵە ئەریستۆکراتەکان هەبوو، ڕۆحانییەکانیش وەکو ئەوانی دی کەسانێکی خاوەن پلەوپایە بوون کە لەڕێی ڕیفراندۆم یان قورعەوە هەڵدەبژێردران.



چالاكیی ئایینی تاقە بواری مەدەنیی ئازاد بوو بۆ ئەو ژنانەی شوویان كردبوو. بەتایبەتیش لە جەژنی بەرزڕاگرتنی دیمیتردا بەشدارییان دەكرد كە لە مانگی ئۆكتۆبەردا لەسەر گردی (پنیكس- pnyx)، شوێنی كۆبوونەوەی (ecclesia) ساز دەكراو بەشداریكردنی پیاوان تیایدا قەدەغە بوو. بەم پێیە، هەروەكو لە هەندێك لە ئەركەكانەوە دیارە، پەیوەندییەكی لە جۆری حقوقی سیاسیی تەواو دیاریكراو لەنێوان (دەوڵەتشار)و بۆنە ئایینییەكاندا هەبووە. بەمجۆرە (هیچ هەنگاوێكی سیاسیی كەم تا زۆر گرنگ، هیچ ئەنجوومەنێكی جەماوەریو، هیچ كۆبوونەوەیەكی خاوەن پلەوپایەكانی وڵات یان پلەدارانی قەزایی؛ بەبێ ڕێوڕەسمی قوربانی یان نزا بەڕێوە نەدەچوو)، بەڵام هەروەكو پێشتریش وتمان، پیشەی ئایینی خاوەن پلەوپایەكان نەبووبوو بە تایبەتمەندێتیەكی سیاسی بۆیان. جگە لە بەشداریكردنیان لە بۆنە ئایینییەكاندا، پلەدارانی وڵات هاوشاریی ئاسایی بوون كە بۆ ماوەیەك لەلایەن ئەنجوومەنی هاووڵاتییانەوە كارو ئەركیان پێ دەسپێردرا. كەواتە ئەسینا وەكو ڕۆما (باڵاتری لە كاردا) (cursus bonorum)ی تیا نەبوو.

پایەدارانی وڵات هەموو ساڵێك لە ئەنجوومەنی جەماوەرییداو لەڕێی ڕیفراندۆم یان لەڕێی قورعەوە هەڵدەبژێردران‌و ئیدی دەبووایە بۆ ماوەی ساڵێك بەتەواوەتی ژیانی خۆیان بۆ كاروباری (دەوڵەتشار) تەرخان بكردایە.

لێرەشەوە بوو كە گرنگترین پلەوپایە، وەكو كاری جەنگاوەری؛ بۆ هەموو هاووڵاتییەكان نەدەلوا؛ بەڵكو تەنها بۆ كەسانێك دەلوا كە دەیانتوانی بە دەرامەتی ساڵانەی



زەویوزارەکانی خۆیان گوزەران بکەن.

ئــەم خاڵەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کــە دەرامەتی کارێکی دەوڵەتــی ڕێی بە هاووڵاتییە ئاســاییەکان دەدا تــا بتوانن لە ژیانی سیاسیدا بەشدار بن. وەکو ئەرستۆ دەڵێت: «هەرکەسێ ئامــادەی کۆبوونــەوە ئاســاییەکانی ئەنجوومــەن بووایــە، (دراخما)یەکــی وەردەگــرت، ئــەوەی ئامــادەی کۆبوونــەوە گرنگەکانیش بووایە، نۆ (ئوبلوس)ی وەردەگرت».

کەواتــە بۆ بــوون بــە هاووڵاتی لــە ئەســینادا؛ دەبووایە ئەو کەســە لــە کۆبوونەوەکانــی ئەنجوومەنــی جەماوەرییدا بەشــدار بووایە؛ کە لەســەر گردی پنیکس ســاز دەکرا. بەم ئەنجوومەنەیــان دەوت (ecclesia)، کــە بریتــی بــوو لــە ئەنجوومەنی (بانگهێشتکراوان) (eccletoi)، واتە ئەو کەسانەی کە لەلایەن (دەوڵەتشــار)ەوە بانگهێشت دەکران. لە ئەسینادا؛ بانگهێشتکراوان ساڵی چوار جار کۆدەبوونەوە. وتووێژەکانیان ئــازادو ڕاشــکاو (parrhesia) بوو. بەشــێوەیەکی گشــتی ئەم کۆبوونەوانە بــە ڕاوەرگرتن لەڕێی دەســتبەرزکردنەوە (cheirotonia)وە یان بە ڕاوەرگرتنی نهێنی لەڕێی وردەبەرد (psephoi)ەوە ئەنجــام دەدرا. (بڕیارەکانــی ئەنجوومــەن چەنــد سیاســەتی دەرەوەی دەگرتــەوە، بەهەمــان ئەنــدازە کاروباری ناوخۆو بینا دەوڵەتییەکانو باری نائاســایی باجی جەنــگو قبووڵکردنی ڕێبازێکی نوێشــی دەگرتەوە). بەم پێیە (ئەنجوومەنی بانگهێشــتکراوان) لە ژیانی سیاســیی ئەسینادا بــە باڵاترین ئەنجوومەنی ڕاگۆڕینەوەو بڕیاردان دەژمێردرا. شوورایەکی پێنج سەد کەسی کە بە قورعە بۆ ماوەی ساڵێک هەڵدەبژێــردران، چاودێریــی تەدارەکــەکانو جێبەجێکردنــی



بڕیارەکانی دەکرد. کۆمیتەیەکیش کە لە پەنجا پیاو دروست بووبوو لە کارەکانی ئەنجوومەن یا شووورای دەکۆڵییەوە (لە هەر گروپەو پێنج کەس).

وەک ئەرستۆ لە کتێبی (دەستووری ئەسینا)دا نووسیویەتی: (شوورا لەڕێی قورعەوە هەڵدەبژێردراو پێنج سەد ئەندامی هەبوو، واتە لە هەر گروپە یان (تیرەیە)ی پەنجا کەس. هەریەک لەو گروپانە بە نۆرە سەرۆکایەتیی شوورایان دەگرتە دەست. ڕێکخستنی سەرۆکایەتی لەڕێی قورعەوە دیاری دەکراو پێنج سەد ئەندامی هەبوو، واتە لە هەر گروپە پەنجا کەس. هەریەکێک لەو گروپانە (یان تیرانە) بە نۆرە سەرۆکایەتیی شورایان دەگرتە دەست، نۆرەکانی سەرۆکایەتیش بە قورعە دیاری دەکران. چوار گروپی یەکەم هەریەکەیان بۆ ماوەی (٣٦) ڕۆژو شەش تیرەکەی تریش هەریەکەیان بۆ ماوەی (٣٥) ڕۆژ سەرۆکایەتیان دەگرتە دەست..)

بە خوێندنەوەی کتێبەکەی ئەرستۆ ئەو وێنایە دروست دەبێت کە مەسەلەی بەشدارییکردنی هاوشارییەکان لە کاروباری (دەوڵەتشار)دا زیاتر لە ڕوانگەی (بەرپرسیارێتی)ەوە سەرچاوە دەگرێت وەک لە (حقوق)ەوە. بە بۆچوونی ئەسینابییەکان؛ هاوشارییەکی باش دەبێت توانای بەڕێوەبردنو بەڕێوەچوونی هەبێت. بەم پێیە فێرکردنو پەروەردەکردن ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە پێکهاتەی سیاسیی هاووڵاتیی ئەسینابییدا هەیە. لێرەدا دەبێت دوو نموونەی سەرەکی لە یەکدی جیا بکەینەوە، نموونەی یەکەم جەخت لەسەر کارامەیی سیاسیی تاکە کەسو بەتایبەتیش ڕەوانبێژیو داوەری دەکاتو، ئەوی تریشیان لەسەر فێرکردنو ڕێنوێنی؛



تا لاوەکان فێــری گوێڕایەڵیکردنی یاســاکان‌و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەوڵەت بن‌و بۆ بەرگریکردنی سەربازی لە وڵات ئامــادە بن). ئــەو لاوانەی کە پێیان دەنایە هەژدە ســاڵییەوە؛ دەبووایە لەڕێی فێرکردنێکی ســەخت‌و بنەڕەتییەوە، لەڕووی سیاســییەوە بەجۆرێک پێبگەیشتنایە کە بتوانن بەرپرسیارییە مەدەنیەکانی خۆیان لە ناوجەرگەی شــاری ئەســینادا بەجێ بگەیاندایە. بەم پێیە، فێرکردنی لاوانی ئەســینایی فێرکردنێکی ئەقڵانیانەی پەتی نەبوو، بەڵکو بە مانای وشە سیاسیش بوو؛ لەبەرئــەوەی گرنگیــی بە ڕەفتــاری مەدەنیانــەی هاووڵاتی‌و لەهەمانکاتدا بەها ئاکارییەکانیشی دەدا.

بــەم شــێوەیە مەســەلەی هاوســەنگیی نێوان جەســتەو ڕۆحــی هاووڵاتیش لەئارادا بوو، کە یۆنانییەکان پێیان دەوت Kalokagathai (واتە باش‌و خۆش بوون).


لێرەدا چاوێکی خێرا بە مەسەلەی پەیوەندیی دەوڵەتشار بە (Paideia)ەوە دەخشێنین کە تەوەرەی سەرەکیی مەسەلەی بەهاووڵاتیبوون بوو لە ئەسینای سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا، ئــــەم مــــەســــەلەیە بابەتی (گوتــاری ماتەمینی Oraison Funebre)ەکەی (پریکلیس)یشــە کە (تۆسیدیدس) لە کتێبی (جەنگی پلۆپۆنز)دا باسی دەکات: (لێرەدا تاکە کەس نەک هەر بــە تەنها بایەخ بە کاروبارە تایبەتیەکانی خۆی دەدات؛ بەڵکو بەهەمان ئەندازە بە کاروبارەکانی حکومەتیشەوە وابەستەیە، تەنانەت ئەو کەســانەش کە زیاتر سەرگەرمی کارو کاسپیی خۆیانن؛ تەواو ئاگایان لە سیاسەتی گشتی هەیە. ئەمە یەکێکە لــە تایبەتمەندییەکانی ئێمە. ئێمە ناڵێین ئەو کەســەی گوێ بە سیاســەت نادات کەســێکە بایەخ بە کاری خۆی دەدات. ئێمە



دەڵێین کەسێکی لەو جۆرە ئەسڵەن هیچ کارێکی نییە). ئەم وتارەی پریکلیس زۆر بەباشی ئاستی گرنگیی هاووڵاتی لە ڕوانگەی ئەسینایییەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە دەخاتەڕوو. هەروەها بەیانکەری فەلسەفەیەکی سیاسیی وەهایە کە لە چەمکەکانی وەکو (هاووڵاتی)و (دەوڵەتشار)دا مەرجی پێویست بۆ کامڵبوونی کەسێتیی ئادەمیزاد دەبینێتەوە، هەروەکو ماکس ڤێبەریش دەڵێت ئەم فەلسەفەیە لای هیندیو چینییەکان لەئارادا نەبوو، ئەمەش کەشفێکی یۆنانییەکانەو ڕۆڵیان لە مێژووی هزری سیاسیدا.








# دیموكراسی و مافی مرۆڤ

# دیموکراسی و مافی مرۆڤ

## ١- بیرکردنەوە سەبارەت بە مافی مرۆڤ:

زیاتر لە دوو سـەد سـاڵ پاش بڵاوکردنەوەی جاڕنامەی مافـی مـرۆڤ و هاووڵاتی لە (١٧٨٩)دا لە فەرەنسـاو، چل و هەشت ساڵ پاش مۆرکردنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، مەسەلەی مافی مرۆڤ بـەردەوام وەکو یەکێـک لەو مەسـەلانەی کۆمەڵگای مرۆیی ماوەتەوە کە ورووژێنەرو ئاڵۆزن. بۆ ڕاستیی ئەمەش دەتوانین بڕوانینـە زۆربەی وڵاتانی ئەمـڕۆی جیهان کە چۆن ڕێز لەو مافانە ناگرن و خۆیانی لەقەرە نادەن. سیاسـەتی تەحەممول نەکـردن و دڕندەیـی و تاسـاندن لەمـڕۆدا؛ ڕووخسـارێکی جیهانیی بەخۆوە گرتووە. ڕۆژ نییە کەسێک؛ لەبەر بیروباوەڕی سیاسـی یان ئایینـی جیاوازی، یـان لەبەر نـەژادو ڕەگەزو کەلتـووری جیاوازی؛ زیندانـی نەکرێت، یاخود ئازار نەدرێت و نەکوژرێت. بەرامبەر بەم ڕاسـتییە ترسناکە؛ پەنابردنە بەر تـرس و نائومێدی و سـەرلەنوێ هەڵگیرسـاندنەوەی ئاگری ڕق و کینە، بوارێک بۆ وەڵامدانەوەی مەسەلەی مافی مرۆڤ و بیرکردنـەوە لـە ناوەڕۆکـی ئـەو مەسـەلەیە ناهێڵێتـەوە.



لــە کاتێکدا ئەمڕۆ خســتنەڕووی مەســەلەی مافــی مرۆڤ و دەســتەبەرکردنی هەلومەرجە پێویســتەکان، بۆ بیرکردنەوە لێــی؛ وەکــو هــەوڵ و تەقەللایەکە بــۆ تێگەیشــتن و گۆڕینی دۆخــی مرۆیــی. بــە دەربڕینێکــی دی، بیرکردنەوە لــە مافی مــرۆڤ بە مانای بیرکردنەوە لــە بێ گوناهیی ئادەمیزاد نییە، بەڵکــو تێڕامانە ســەبارەت بە پەیوەندیی نێوان سیاســەت و ماف لەڕێی مەحکومبوونێکەوە، کە هەروەکو سارتەر دەڵێت؛ سەرچاوەی ئازادیی مرۆڤە.


## ٢- فەلسەفەی مافی مرۆڤ:

بە سووک تەماشــاکردنی مافی مرۆڤ و ئەفەرۆزکردنی؛ واتە پێشێلکردنی کەرامەت و شایستەیی مرۆڤ و دابەزاندنی لە ئاســتی ئاقڵ یا (خاوەن ئەقــڵ)ەوە بۆ (مەعقول). بەمجۆرە ڕووشــاندنی مافە ســەرەتاییەکانی مرۆڤ کەمکردنەوەیە لە یونیڤێرســاڵیتیی چەمکــی مرۆڤ لەڕێی سیســتمێکی بەهایی لۆجیکێکی سیاســیەوە، کە تەوەری سەرەکیی بیرکردنەوەی خۆی لە باوەڕهێنان بە پرنسیپی ئەقڵێکی سەروو ئادەمیزاددا دەبینێتەوە، کە حاڵەتێکی پێویست و جەبریش بەخۆیەوە دەگرێت. لەم پەیوەندیەدا دەتوانین ستەمی میتافیزیکیانەی ئایدیۆلۆژیا لەوەدا ببینینەوە کە ئەو وەکو زەرورەتێکی مێژوویی لە پێش زەمینەی داهێنانی تاکە کەســییەوە دێــت، (کە ئەم زەرورەتە مێژووییەش بەجۆرێک لــە جۆران زەرورەتی بوونی ئەزەلی خۆی لە مێژوودا ڕادەگەیەنێت). ئەم باڵادەستیەی میتافیزیکای



بابەتــی لە ناواخنــی ئەقڵگەراییەکــی مێژوویــی –ئامرازیو، دیوەکەی تری میتافیزیــکای خودگەرایی ڕێبازی مرۆگەرایی (هیومانیــزم)دا، وەکــو نرخ دانەنانێکە بــۆ تاکێتیی تاکە کەس بەوپێیەی بنچینەی بڕیاردانی ئازادانەی کۆمەڵگایە. لەوێشەوە کە فەلســەفەی مافی مرۆڤ لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ ڕێبــازی هیومانیزمدا، بۆیە پشــتیوانیکردن لە تاکێتیی تاکە کەس بەرامبەر بە پرنســیپی ئەقڵی دۆگمایی ئایدیۆلۆژیا جۆراوجۆرەکان (کە وەکــو ئامانجێک ناڕواننە مرۆڤ، بەڵکو وەکــو وەســیلەیەک بــۆ بەرەوپێشــبردنی لۆجیکــی خۆیان) کۆڵەکەو بنەمای سیاسەتی مافی مرۆڤ پێک دەهێنێت.


بەمجــۆرە، هــزرو گوتــاری مافی مرۆڤ لەســەر بناغەی بەرهەڵســتیەکی شارســتانیانە دژ بــە هــزری تۆتالیتــارو کارو کــردەوە دەزگاییەکانــی لە کۆمەڵگادا؛ دامــەزراوە. ئەم بەرهەڵســتیەش کە لەهەمانکاتدا چ لە گوتــارو چ لە کرداریدا پەیــڕەوی لــە توندوتیــژی نــاکات، لەنــاو خۆیــدا ڕەخنــەو هەڵســەنگاندن ســەبارەت بە تیۆرەی ئەقڵگەرایی پێویســتیی مێــژوو لــەڕووی خســتنەڕووی داهێنانــی تاکە کەســیانەو مافناســیانە لــە کۆمەڵــگادا؛ هەڵدەگرێــت. بەجۆرێکــی دی، بیڵێین؛ فەلســەفەی مافــی مرۆڤ، وەکو هزرێکی پەیوەســت بە ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و بەرهەڵســتیەکی مەدەنیانە لە کۆمەڵگادا؛ لەڕێی دیاریکردنی بەهای مرۆڤەوە (لە خۆیداو بۆ خۆی) (واتە مرۆڤێک کە مانای سیاسیی خۆی لەو کۆمەڵگادا بەهۆی کرداری داهێنانی حقوقیانەی سەربەخۆیانەی خۆیەوە دەدۆزێتــەوە)، پلەوپایــەی هاوڵاتێتیــی بکــەری فــەردی؛ بە پەیوەندیی لەگەڵ ئازادیی تــەواوی ئەودا لەبەرچاو دەگرێت.



لەوێوە کە فەرد بەرامبەر بە یاسا پلەوپایەی هاوڵاتێتیی خۆی بەدەست دێنێت؛ لەهەمانکاتدا ئەم فەردە هاووڵاتیە خۆی بابەتی یاساو هەر خۆشی بکەری کۆمەڵایەتیەتی. بەمجۆرە، فەرد (یان تاکە کەس) پێناسەی هاووڵاتی و سنوری کاری سەربەخۆیانەی خۆی لە سنوورێکی یاسایی وەهادا دەبینێتەوە کە وەکو هاووڵاتیەک لە خولقاندن و گۆڕینیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. کەواتە سیستمی یاسا، نەزم و بەردەوامیی خۆی؛ هەم لە مانای گشتیی خۆی و هەم لە ڕێزگرتنی هاووڵاتیاندا دەبینێتەوە.

مافەکانی مرۆڤیش وەکو سیستمێکی بەهایی حقوقی؛ مانای تەواوەتیی خۆی لە گشتگیرێتیەکدا دەبینێتەوە کە پێی دەوترێت مرۆڤایەتی. مافەکانی مرۆڤ؛ مافی بکەرێکی گشتگیرو جیهانییە. بکەری گشتگیریش، وەکو بابەتی مافەکانی مرۆڤ، ئادەمیزادە لە پلەی فەردیەت (یان تاکێتی)ی خۆیدا. لەم ڕووەوە، مافی مرۆڤ، مافی ئادەمیزادە وەکو تاکە کەس. لێرەشدا مەبەست لە تاکە کەس ئاماژەکردن نییە بۆ کەسێکی دیاریکراو، بەڵکو باس لە بکەرێکی مرۆییە کە ئەرستۆ پێی دەڵێت زوئون پۆلتیکۆن (واتە بوونەوەری زیندووی بە دەزگایی بوو لە کۆمەڵگادا) کە بە ڕای ئەو باڵاترین تایبەتمەندیی ئەم بوونەوەرە لە توانای گوتنیدا –زوئوف گومون ئیکون (بە مانای بوونەوەری زیندووی قسەکەر)- کورت دەبێتەوە. بە واتایەکی دی، بکەری مرۆیی بە تەنها لە پەنا هاوڕەگەزەکانی خۆیدا دەتوانێت باڵاترین شێوەی ژیان- وەکو تاکە کەسێک و لە بواری گوتندا- بەدەست بێنێت. لەم ڕووەشەوە دەتوانین تاکە کەس بە خولقاوی کۆمەڵگاو





تاکێتی (فەردیەت)یش بە بەرەنجامی بەرزی مێژوویی مرۆیی لەقەڵەم بدەین. تاکە کەس خۆی، وەکو بونیادێک لە کۆمەڵگادا، خولقێنــەرو ڕووخێنەری کۆمەڵێک بونیادی کۆمەڵایەتیی ترە، کە بەهۆی سروشتی کۆمەڵایەتیی خۆیەوە دەیانهێنێتە ئاراوە. بونیاد (یان بنچینە)ی ســەرەکی و ســەنتەریی کۆمەڵگاش کە مرۆڤەکان لە ســەرچاوەکەیدا جێگیر دەبن، بنچینەی یاسایە. ئێستا با بزانین یاسا چییە؟

## ٣- پێگەی تاکە کەس لە یاسادا:

دەشــێت یەکێــک لــە جوانتریــن ماناکانــی چەمکی یاســا لای مۆنتسکیۆ ببینینــەوە کە دەڵێت: «یاســا، بەشــێوەیەکی گشــتی، ئەقڵێکی مرۆییە، کە بەســەر تــەواوی خەڵکی زەویدا فەرمانڕەوایە».

بــە واتایەکی دی، ئەگەر بمانەوێت قســەکەی مۆنتســکیۆ دەرک بکەیــن، دەڵێیــن کــە یاســا ئەنجامی کارکــردی ئەقڵی مرۆییە لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا. کارکردی ئەقڵی مرۆیی واتە هەڵســەنگاندنی ئەقڵێکی کردەیی کە دیاریکەری سنوورەکانی یاســادانانی تاکەکانی کۆمەڵگایە وەکو تاکگەلێکی سەربەخۆ. بەمجۆرە، هەڵبژاردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بەهۆی یاسایەکەوە دیاری دەکرێت کە خۆی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئازادیی ئەوانە، بەم پێیە یاسا گشتێکی جیاو دابڕاو نییە لە ئیرادەی ئەندامانی کۆمەڵگا، بەڵکو گشتێکە کە لە پەیوەندی لەگەڵیدا هەر تاکێکی کۆمەڵــگا خۆی وەکو بکەرێکــی حقوقی دەناســێنێت. کەواتە دەتوانین بڵێین کە گشــتێتی یاسای دەستەبەری سەربەخۆیی



تاکە کەسە لە کۆمەڵگاداو دیاریکەری سنوورەکانێتی.
لـە ڕاسـتیدا بنەڕەتـی یاسـاکەش لـە پەیوەندیـدا لەگەڵ گشـتێتیدا دیـاری دەکرێـت. لەبەرئەوەی گەر ئەو یاسـایەی بەپێی خواستی تاکە کەسێک، یان تاقە ڕێکخراوێک یا حیزبێک و یان گروپێکی کۆمەڵایەتی و بەپێچەوانەی خواستی هەموو تاکەکانـی کۆمەڵ دابڕێژرێت، پرنسـیپی حقوقی خۆی نابێت، چونکە وەکو ئەفلاتوونیش دەڵێت: «ئەو یاسایانەی کە لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندیی کەمینەیەک دادەنرێن، شایستەی ئەوە نین پێیان بوترێت یاسا، بەڵکو ئەوانە دەستوری حیزبن و ئەو مافانـەی لەسـەر بناغەی ئەو جۆرە یاسـایانەش دامەزراون جگـە لـە لاف و گەزاف هیچـی دی نین». بـە واتایەکی دی، بـە لەبەرچاوگرتنـی بەرژەوەندیی گشـت تاکەکانـی کۆمەڵە کە یاسـا دەبێتە مایەی خسـتنەڕووی سروشـتی گەوهەریی خۆی و بنەمای حقوقی خۆی (کە ئەنجامی پەیوەندیی ئازادو سەربەخۆی تاکەکانی کۆمەڵە لەگەڵ یەکدا) بەدەست دەهێنێت، خولقاندنـی دیموکراسـی و گۆڕانـی فیکـری و بنەڕەتیشـی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا؛ پەیوەستە بە مانەوەی ئەو پەیوەندییە ئازادو سـەربەخۆیەی کە ئەندامەکانی کۆمەڵگایەک لە سـای یاسـادا لەگەڵ یەکدا دەیبەستن، بەڵام باسکردن لە پەیوەندیی ئازادو سـەربەخۆیانەی تاکەکانی کۆمەڵگاش، بەرەو باسـی پێداویستیی بوونی ئاکار (ئەخلاق)مان دەبات لە بواری بوونی کۆمەڵایەتیدا.





## ٤- لە ئەرکی ئاکارییەوە تا مافە مەدەنییەکان:

دەسوەردانی ئاکار لە کۆمەڵگادا وەکو دامەزراندنی ئەقڵانیی ئەرکە مرۆییەکانە لە شێوەی مافی مەدەنیدا. لەوێشەوە کە ماهیەتی ئەم مافانە لەڕێی ماهیەتی ئەرکە مرۆییەکانەوە دیاری دەکرێت، بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە بنەمای یاسا، لە فراوانی و لە پەیوەندیدا بە قەڵەمڕەوی ئاکارەوە، شێوەی کۆمەڵایەتی خۆی بەدەست دەهێنێت. ئەگەر ئێمە ئەوەمان پێ قبووڵ بێت کە ئامانجی ئەم ئەرکە مرۆییانەو سنووری کارکردیان بەهۆی ئەقڵی کردەیی مرۆڤەوە دیاری دەکرێت، ئەوکات دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە کاتی دامەزراندنی بنچینەییشیاندا لە کۆمەڵگادا (لە شێوەی مافە مەدەنیەکاندا) دیسانەوە ئامانجیان دەکەوێتەوە ناو سنووری کاری ئەقڵانیی ڕاستەوخۆی ئەندامانی کۆمەڵگە (بەو سیفەتەی لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا هاووڵاتین). لەم ڕووەوە، مافە مەدەنیەکان وەکو بنەمایەکی کۆمەڵایەتی، ئەنجامی کارکردی ئەو بنچینەو ئەرکە سیاسیانەن کە هاووڵاتیان بە ڕێکەوتن و لە کاری ئەقڵانیی ئازادی خۆیاندا، ماهیەت و سنووریان دیاری دەکەن.

ئێستاش با بزانین هاووڵاتی کێیە؟ هاووڵاتی لە یەک کاتدا بابەت و بکەری مافە مەدەنیەکانە، کە لە سەرێکەوە بە داهێنانی ئەم مافانە بواری هەڵبژاردنە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی دیاری دەکات و، لە سەرێکی تریشەوە بە ڕێزگرتن لەو مافانە بۆ هێشتنەوەی بونیادی کۆمەڵگای مەدەنی و پێگەی هاووڵاتێتیی خۆی هەوڵ دەدات، بەڵام هاووڵاتی، وەکو ئەندامێک لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، بکەرێکی گشتی (کلی) نییە. ئەو بە تەنها



وەک بکەرێکـی مرۆیی نـەک وەک هاووڵاتیەکـی کۆمەڵگای مەدەنی؛ ئەو گشـتێتیە بەدەست دێنێت. لەم ڕووەوە ناتوانین مافەکانـی مرۆڤ بە مافە مەدەنیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایەک بزانین، بەڵام فەوتانـی کۆمەڵگای مەدەنی، فەوتانی مافەکانی مرۆڤیشی بەدوادا دێت. لە کاتێکدا تاکە کەس بە لەدەستدانی پێگـەی هاووڵاتێتیـی خۆی لە کۆمەڵـگادا، پێگەی خۆی وەک مرۆڤێک لەدەسـت نادات. (بەپێچەوانـەی تیۆرەکەی ئێدمۆند بریـک لە کتێبی -چەند تێڕامانێک سـەبارەت بە شـۆڕش لە فەرەنسادا-).

بەمجـۆرە، دەکرێـت پشـتیوانی لـە مافـە مرۆییەکانـی تاکە کەسـێک بکرێت، لـە دەرەوەی چوارچێوەی یاسـاکانی کۆمەڵگایـەک (واتە وەکو بکەرێکی مرۆیی نەک هاووڵاتیەک)، بەڵام پێشـێلکردنی مافـە مرۆییەکانی تاکە کەسـێک هاوکات لەگـەڵ ڕێزگرتـن لـە مافە مەدەنیەکانی، شـتێکی ئەسـتەمە، لەبەرئـەوەی تاکـە کەس تەنهـا کاتێک هاووڵاتیەکـە بەر لە هەموو شـتێک وەکـو مرۆڤێک مافە سـەرەتاییەکانی هەبێت. هـەر بۆیـە بوونـی مرۆڤایەتـی بەڵگـەی بوونـی مەدەنیەت نییـە، بەو جۆرەی کە ڕێزگرتن لـە مافەکانی مرۆڤ مەرجی پێویسـتی سەقامگیربوون و بەردەوامیی مافە مەدەنیەکانە لە کۆمەڵگادا.





## ٥- دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ

دیموکراسی وەکو تاقە بنەمایەکی سیاسیی کۆمەڵگای مرۆیی کە لەسەر بناغەی ڕێزگرتن لە دوو پرنسیپی تاکێتی (فەردیەت)و داهێنانی سەربەخۆیانەی تاکەکانی کۆمەڵگا دامەزراوە، ڕەگوڕیشەی وا لە فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤداو قاڵبی حقوقیشی وا لە مافە مەدەنیەکانی هاووڵاتیاندا. لەوەشەوە کە فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ، گەوهەری خۆی لە پرنسیپی داهێنانی مرۆییدا دەبینێتەوە لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا، بەم پێیە هزری مافەکانی مرۆڤ لەناو مەنتیقی هیچ ئایدیۆلۆجیایەکدا گیر ناخوات لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی داهێنەرو سەربەخۆیە، ئەمە وەکو داننانە بەوەدا کە ئەستەمە سروشتی مرۆڤ بەشێوەیەکی هەتاهەتایی لەناو سیستەمە ئایدیۆلۆژییە داخراوەکاندا دیاری بکرێت. هەر بۆیە فەلسەفەی مافی مرۆڤ بە تەنها بناغەی کۆمەڵگایەکە کە ماهیەتێکی نائایدیۆلۆژیی هەبێت. بە واتایەکی دی، ئەو کۆمەڵگایەی کە مەرجی بوونی خۆی لە جۆرە دوالیزمێکی مانەویدا ببینێتەوەو بە تەنها بەشێک لە مرۆڤایەتی بە ئامانجی مەنتیقی خۆی دابنێت، بەپێی ئەو پێناسەیەمان ئەمە نەفیکردنەوەیەکی کردەیی مافەکانی مرۆڤە. خەباتکردنیش دژ بەو دوالیزمە لە شێوەی بەرەنگارییەکدا کە پشتبەستووە بە مافەکانی مرۆڤ؛ دژ بە توندوتیژی و نەفیکردنی ئازادی و ناعەدالەتی و نایەکسانی لە ئاست یاسادا، لەهەمانکاتدا خەباتە لەپێناوی خولقاندنی بناغەیەکی سیاسیی دیموکراتدا کە سەلماندنی کردەیی مافەکانی مرۆڤە.



بەمجۆرە، وەختێک کە قسـە لەسـەر فەلسەفەی مافی مرۆڤ و هەلومەرجەکانـی وەدیهاتنـی دەکرێـت لـە دامەزراوێکـی دیموکراتـدا، دەتوانین بڵێین کە هـەر هزرێکی دیموکرات بەر لە هەموو شـتێک هزرێکە سـەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ کە یەکەمین و دواهەمین سەنگەری ئازادیی مرۆڤەکانە.








## چاوخشانێك بە ژیانو كارەكانی
## تیۆدۆر ئادۆرنۆدا

# لە ڤایمارەوە تا تاراوگە

بەرایی:

توێژینەوە سەبارەت بە ژیانو کارەکانی بیرمەندێک ناکاتە دەربڕینو بەیانکردنی گشت بیروبۆچوونەکانی ئەو. لەبەرئەوەی ئەم گشتە لە کۆی وردەکارییە تاکە کەسیەکانی ژیانی بیرمەندێک پێک نەهاتووە، بەڵکو (هەمەکی)یەکی جیایە لەو. گشت ناتوانێت حەقیقەتی ئەو وردەکارییانە لەخۆ بگرێت، لەبەرئەوەی سەر بە زەمەنی تایبەتیی خۆیەتی. لە کاتێکدا کە بنەچەو حەقیقەتی ئەم وردەکارییانە، وەکو کۆمەڵێک چرکەساتی فۆرمەلەنەبوو و لەدەستچوون کە ئەو بیرمەندە لە ژیانی خۆیدا بەدوویاندا هەڵوەدا بووە. هەڵوەدابوونێکی ئەبەدی لە قووڵایی نەگوتراوو نەکراوەکانی ژیانی خۆیدا. ئەم نەگوتراوو نەکراوانە چرکەساتە مایکرۆسکۆپیەکانی ژیانی ئەو پێک دەهێنن. توێژینەوە دەربارەی بیرمەندێک، گەڕانێکە لەناو قەڵەمڕەوی ئەم چرکەساتانەداو گەورەکردنەوەیان لەژێر زەڕەبینی نووسیندا.



ئێمەش لێرەدا لە دووتوێی نووسینەکانی ئادۆرنۆدا؛ بەدوای ئەم چرکەساتانەدا دەگەڕێین. ئەم نووسینە توێژینەوەیەکە سەبارەت بە قۆناغەکانی ژیانو گۆڕانە فیکرییەکانی ئادۆرنۆ بەپێی کاتو زەمانی مێژوویيان.

لە جیهانێکدا کە ڕاستەقینە نییە، ژیانی ڕاستەقینەش بوونی نییە

ئادۆرنۆ Minima Moralia

## ١- فرانکفۆرت

(تیۆدۆر ویرنگرۆند ئادۆرنۆ) لە (١١ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٠٣)دا لە شاری فرانکفۆرت (لە کەنار ڕووباری ماینەوە) چاوی بە دونیا هەڵهێنا. باوکی بە بنەچە جوولەکەو لە بازرگانە دەوڵەمەندەکانی شەراب بوو. دایکیشی کە ناوی (ماریا کالۆلی ئادۆرنۆ) بوو سترانبێژێکی شارەزای کاتۆلیکو خەڵکی دوورگەی کورس بوو.

تیۆدۆر ئادۆرنۆ تافی منداڵیی خۆی لای دایکیو پووری (کە پیانۆژەن بوو) بەسەر برد. ئەمەش هەلێک بوو تا لێیانەوە فێری هونەری مۆسیقا بێت. ئادۆرنۆ خوێندنی ناوەندیی خۆی لە ڕۆژانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا لە خوێندنگەی سیزەر (ڤیلهلم) تەواو کرد. لە (١٩٢٠)داو کاتێک تەمەنی هەڤدە ساڵان بوو، وتارێکی دەربارەی ڕێبازی ئێکسپرێسیونیزم (دەربڕینگەرایی تەعبیریەت)و سەبارەت بە ئۆپێرایەک کە هی مامۆستای مۆسیقاکەی (واتە بیرنهارد سیکلیس) بوو؛ بەچاپ گەیاند.



ئادۆرنۆ لە (١٩٢١)دا چووە زانکۆی فرانکفۆرتو سەرقاڵی خوێندنی کۆمەڵێک زانستی وەکو فەلسەفەو دەروونناسیو کۆمەڵناسی بوو. لە (١٩٢٢)داو لە درێژەی لێکۆڵینەوەکانیدا دەربارەی مۆسیقا دوو وتاری دەربارەی (بلابارتۆکو پۆڵ میندیت) نووسی کە لە Und literatur Neue Blatter Fur Kunstدا بڵاوبوونەوە. ئادۆرنۆ لە ساڵی (١٩٢٤)داو بە نامەیەک لەسەر فیکری (ئێدمۆند هۆسێرل) دکتۆرای فەلسەفەی وەرگرت.

## ٢- ساڵانی ڤیەننا

ئادۆرنۆ لە زستانی (١٩٢٥)دا چوو بۆ شاری ڤیەنناو بۆ ماوەی دوو ساڵ لەوێ مایەوە. ژیانی ڤیەنناو ئاشنابوونی بە ڕێبازە فەلسەفیو هونەرییە جۆراوجۆرەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئادۆرنۆی لاو جێهێشت. ئەم کاریگەرییانە بوونە مایەی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک ڕەهەندی ڕۆشنبیرییانەی نوێ لە ئاسۆی فیکریی ئەودا کە لە ڕاستیدا خوڵقێنەرو دیاریکەری ڕوانینێک بوو کە لە زۆربەی نووسینەکانیدا باڵادەستە. ئەو دەمە ڤیەننا سەنتەری بەرجەستەبوونو بڵاوبوونەوەی کەلتووری خۆرئاواو هەروەها ژینگەی لێدوانو گفتوگۆی نێوان نوێنەرە بەرزەکانی ئەم کەلتوورە بوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شاری ڤیەننا ئەوە بوو کە هاوکات لەگەڵ پاراستنو بڵاوکردنەوەی کەلتووری سوننەتیی ئەورووپادا؛ فەزایەکی گونجاویشی بۆ سەرهەڵدانو گەشەسەندنی ئەزموونی هونەریو زانستیی نوێ ڕەخساندبوو. ئەوکات



زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لە بواری فەلسەفەو مۆسیقادا ئەنجام دەدران.

کەشـــی فەلسەفیی باڵادەستی ئەو ڕۆژگارە لەسەر بنەمای هزری کانتیی نوێ دامەزرابوو، کە بە گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت، سەرلەنوێ خستنەڕووی کێشەی زانینی پێش تاقیکردنەوەو، تۆژینەوە لەســـەر ئەســـتەمبوونی فەلســـەفەی وەکـــو سیســـتمێکی داخراوی فیکـــری بەیان دەکـــرد کە لافی ناســـینی چەمکـــە ڕەهاکانی خودناســـیی لێدەدا. لـــە ڕوانگەی هـــزری کانتیی نوێوە، گەڕانەوە بـــۆ کانت مانای گەڕانەوە بۆ تیۆرەیەکـــی زانینی باوەڕپێکراو بوو کـــە بەرامبەر بە هزری میتافیزیکـــی کـــە هەروەکـــو کانت دەیـــوت نەیدەتوانـــی بگاتە پلەی زانست، یارمەتیی بەرەوپێشچوونی زانستگەلێکی وەکو ماتماتیکو زانستە سروشتیەکانی دەدا. لێرەدا پێویستە بڵێین کـــە ڕێبـــازی کانتیی نـــوێ خۆی یەکپارچە نەبـــوو و لە چەند ڕێبازێکـــی جۆراوجۆر پێکهاتبوو کە ناســـراوترینیان ڕێبازی ماربۆرگە کە بیرمەندانێکی وەکو کاســـیرەرو کوهنو ناتۆرپ نوێنـــەری بـــوون. بەهەرحـــاڵ پەیوەندیی ئادۆرنـــۆ بەمجۆرە هـــزرەوە، لەڕێی ئەم ڕێبازانە خۆیانـــەوە نەبوو، بەڵکو زیاتر لەڕێی مامۆســـتای فەلســـەفەکەیەوە (هانـــز کۆرنیلۆس) بوو. کۆرنیلۆس خـــۆی بەدرێژەی هـــزری هاوڕێبازانـــی ڤیەننایی فەلســـەفەی ئەزموونگەرایی ڕەخنەیی (ڕیچارد ئاوناریۆس)و هـــزری یەکێتیگەرایی (ئێرنســـت ماخ) دەزانێـــت. بەمجۆرە لە ڕوانگـــەی هانز کۆرنیلۆســـەوە زانین بەشـــێوەیەکی گشـــتی لەسەر کۆڵەکەی ئەزموون بەندە، بەڵام لەبەرئەوەی حەقیقەت سنوورێکی دیاریکراوی نییە، بەردەوام دیاردەکان بەجۆرێک



لە جۆران دەکەونە دەرەوەی ئەم حەقیقەتەوە، لەبەرئەوەی هەر جارەو لە شێوەیەکی نوێدا دەردەکەون‌و هەرگیز بەتەواوی بۆ ئێمە ئاشکرا نابن.

ئادۆرنۆ لە ساڵی (١٩٢٦)دا بە نیازی گەڕانەوە بۆ فرانکفۆرت ڤیەننای جێهێشت‌و لە سەرەتای گەڕانەوەکەشیدا بۆ ئەو شارەی کە تیا لەدایک بووە؛ بڕیاری دا درێژە بە لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکانی بدات‌و قۆناغە پێویستەکان بۆ بوون بە مامۆستای زانکۆ ببڕێت. پاش ئەم بڕیارەی، لە وانەکانی (هانز کۆرنیلۆس)دا بەشداریی کردو دەستی کرد بە نووسینی نامەیەک بە ناونیشانی (ناوەڕۆکی نەست لە تیۆرەی سەروو ئەزموونیی ڕۆحدا).

ئامانجی ئادۆرنۆ لە خستنەڕووی ئەم بابەتە، لە سەرێکەوە وروژاندنی باس‌و لێدوان بوو لەسەر فەلسەفەی ژیانی شۆبنهاوەرو نیچەو شپنگلەرو شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ مەسەلەی نەستداو، لە سەرێکی تریشەوە پەیوەندیی نێوان فەلسەفەی کانت‌و دەروونناسییەکەی فرۆید بوو.

بەگوێرەی بۆچوونی ئادۆرنۆ لەبەرئەوەی لە هزری ئەم فەیلەسووفانەدا مەسەلەی نەست پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە (شت لەنێو خۆیدا)وە (کە لە ڕوانگەی کانتیانەوە قابیلی ناسین نییە، بەڵام قابیلی بیرلێکردنەوەیە) هەیە، بەم پێیە بۆ نەهێشتنی ئەو ناودژێتییەی کە بیرمەندە کانتیەکان لەناو سیستمە فیکرییەکەی خۆیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەناچاری لە فەلسەفەی کانت دەردەچن‌و هەر لەبەرئەمەش دەچنەوە قۆناغی دۆگمایی میتافیزیکیی بەر لەوەوە. لە ڕوانگەی ئادۆرنۆوە




ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە کە لە شێوەی ڕێبازی نائەقڵگەراییدا دەردەکەوێت؛ لەنێو کۆمەڵگادا شێوەیەکی ئایدیۆلۆژیی بەخۆوە گرتووەو تەنانەت هەندێکجار دەربڕینی سیاسیانەی خۆی لە ئایدیۆلۆژیای وەکو فاشیزمدا دەبینێتەوە.

هەربۆیە لە ڕوانگەی ئەوەوە تاقەڕێی بەرگرتن لە پەرەسەندنی ڕێبازی نائەقڵگەرایی‌و باڵادەستی لە بواری کۆمەڵایەتیی سیاسیدا؛ خستنەڕووی ناوەڕۆکی نەستی فرۆیدییە؛ بە پەیوەندیی لەگەڵ تیۆرەی زانینی کانتیی نوێ. لەبەرئەوەی بەمجۆرەو لەیەک کاتدا لەڕێی ڕوانینی کانتییانەوە لەگەڵ دۆگمای میتافیزیکیدا دەجەنگین‌و بە یاریدەی فرۆیدیش‌و ڕووبەڕووبوونەوەی نوێی ئەو لەگەڵ ناوەڕۆکی نەستدا؛ هەموو جۆرە خورافاتێک لەم ڕووەوە لەنێو دەچێت.

### ٣- دیدار لەگەڵ ڤاڵتەر بنیامیندا

یەکەمین یەکتربینین لەنێوان ڤاڵتەر بنیامین‌و تیۆدۆر ئادۆرنۆدا لەساڵی (١٩٢٢)داو لەڕێی (زیگفرید کراساوەر)ەوە بوو. ئەوسا ئادۆرنۆ تەمەنی بیست ساڵان بوو، بەڵام بنیامین سی‌و یەک ساڵان بوو، تا ئەو دەمەش کتێبێکی سەبارەت بە (چەمکی ڕەخنەی هونەری لە ڕۆمانتیسمی ئەڵمانیدا)و دوو وتاری دەربارەی هۆڵدەرلن‌و گۆتەو وەرگێڕانی تابلۆ پاریسیەکانی بۆدلێری بە زمانی ئەڵمانی چاپ کردبوو. ئادۆرنۆ دواتر وەکو (یەکێک لە دیارترین ئەو مرۆڤانەی بینیونی) باسی ڤاڵتەر بنیامین دەکات. هەروەکو ئادۆرنۆ دەڵێت سەیرکردنی بنیامین بۆ ڕاستی سەیرکردنێکی مایکرۆسکۆپیانەیە کە ژیان



بە وردترین بەشـــەکانی دەبەخشێت. ئەو بەشانەی کە بوونە تەنیاو خەمزەدەکەی بنیامین دەیکردن بە داڵدەی خۆیو وەکو شـــتکۆکەرەوەیەک کە لە ئاڵۆزیی دونیای شتەکانی خۆیدا، بۆ وەدەســـتهێنانی حەقیقەتی هەریەک لەو شـــتانە لە گەڕاندایە، گەڕانەکەی بنیامینیش لە بواری ئەدەبو هونەرو فەلســـەفەدا، لە ڕەمزسازییەکی خەمناک دەچوو بۆ حەقیقەتێک کە لەپێناوی زیندوویێتیـدا، ئەو لەنێـو یادەوەرییـە لەبیرچووەکانی ژیانو لە کونو کەلەبەرەکانی شـــتە تۆزلێنیشتووەکانەوە، مێژووی بۆ قەڵەمـڕەوی هزر دەگواســـتەوە. بنیامین چـاوی بڕیوەتە ڕابردوو. ڕابردوویەک کە وەکو مەرگ بەرامبەری وەستاوەو لەناو قســـەکانیدا لـــە بزاوتدایە. ڕابردوویەک کـە بنیامین (لە کتێبـی منداڵێتیـی بەرلینیدا) وەکو پرۆسـت لـە (١٣) بەرگی کارەکەیدا (گەڕان بەدوا زەمەنی لەدەســـتچوودا)- کە بنیامین خـۆی یەکـەم وەرگێـڕی بوو بۆ زمانـی ئەڵمانی- لـە یادی خۆیـدا نەک لـە واقیعیدا بۆی دەگەڕا. بنیامیـن لە ونبوویەک دەچێت کە هاوکات لەنـاو یادەوەرییەکانی منداڵیی خۆیو لە شـیعرەکانی بۆدلێرو پاریسی سەدەی نۆزدەهەمدا دەگەڕێت. بە بۆچوونی بنیامین (لە شیعری بۆدلێردا وێنەی ژنو وێنەی مەرگ هەردووکیان لە وێنەیەکی سـێیەمدا کە وێنەی پاریسە پێـک دەگەنو ئـەم ئاڵۆزییەش پیشـاندەری پەیوەندییەکانو ڕووداوەکانـی ئەم قۆناغەیە) بنیامین ئەم ئاڵۆزییە ناو دەنێت (وێنەی ڕووکەشی دیالەکتیک).

وێنەیەک کە لـە ڕوانگەی ئەوەوە وەکو وێنەیەکی خەیاڵی (کاڵا وەکو ڕاستییەکی سادەو پەتی دەخاتە شێوەی شتێکەوە کە دەبێتە مایەی پەرســـتن). بەمجـۆرە بە بۆچوونی بنیامین،



پەیدابوونــی ئابووریی بازرگانیو بــە فەراهەمبوونی توانای تەکنیکیی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری، نەک هەر گۆڕانی بنەڕەتــی لە ڕەفتاری تاکەکانــی کۆمەڵگادا بەرامبەر بە هونەر ڕوودەدات، بەڵکو کاری هونەرییش بە لەدەستدانی تایبەتمەندێتــیو دۆخی خۆی، شــێوەی (نرخی پێشــانگایی)، واتە نرخی ئاڵۆگۆڕ بەخۆیەوە دەگرێت، هونەری (بەڕووکەش جوان)ی دەســت لەخۆ هەڵگرتوو؛ لە ستۆدیۆ سینەماییەکاندا دەبێــت بەشــێوەیەکی دروســتکراو (پیشەســازییانە)ی بەرهەمهێنراو.

بەمجۆرە کاری هونەری لە پلەی ڕەسەنێتیی ئەو ڕێبازەوە کە لە بەرهەمهێنانی هونەریی سوننەتیدا هەیبووە؛ دادەبەزێتە ئاستی هونەرێکی جەماوەرییانەی سیاسیەوە کە خاوەنی هیچ جۆرە خەرمانەیەکی پیرۆز، واتە تایبەتمەندێتیی دانســقەییو یەکجار دەرکەوتن نییە. سەرکەوتنی هونەری حەوتەم بەسەر بەرهەمە هونەرییەکانی تردا وەکو زاڵبوونی قەڵەمڕەوی گشتە بەســەر قەڵەمڕەوی تایبەتدا، کــە وەکو ڤاڵتەر بنیامین دەڵێت: «ئەســتێرەی ســینەماو دیکتاتۆر پاڵەوانەکانیــن». بەپێی ئەم قســەیەی بنیامین مرۆڤایەتی ئەمــڕۆ لەتوانایدایە کە تەنانەت ژیانیــش لــە حاڵەتی داڕمانیــدا نمایش بکاتو لــە پەیوەندیدا بــە هەســتی جیاکــەرەوەی جوانیی خۆی چێژی لــێ ببینێت. بــەڕای ئەو ئــەم جۆرە جوانکردنی سیاســەتە لە فاشــیزمدا بــەدی دەکرێت، لە کاتێکدا بەرامبــەر بەمە، کۆمۆنیزم هەوڵی بەسیاسیکردنی هونەر دەدات. بنیامین لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگــەڵ دەربڕینــی ئایدۆلۆژییانــەی هونــەردا لــە سیســتمە سیاسی- کۆمەڵایەتیەکانی سەدەی بیستەم کە پشتئەستوورە



بــە ئەقڵانیکردنێکــی ئامرازییانــەو ڕوانینێکــی تەکنیکیانە بۆ جیهان،و، لە پەیوەندیدا بە هونەری جەماوەرەوە کە (چەندێتی دەخاتە جێی چۆنێتییەوە)، سوریالیزم بە دوایین نمایشی ئەقڵی ئەوروپایی دەزانێت. ئەو دەڵێت کە (لە باکۆنین بەدواوە ئەوروپا لــە هەموو جۆرە وێناکردنێکــی ڕادیکاڵانە بۆ ئازادی بێبەری بووەو سوریالیســتەکان بۆ جارێکی دیکــە ئەم وێناکردنەیان هێنایەوە ئارا). بە بۆچوونی بنیامین ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی ســوریالیزم ســەبارەت بە چەمکی ئازادی لە بنەڕەتدا لەسەر بناغەی سیاسەتێکی شاعیرانە دامەزراوە کە ئامانجی بەخشینی ڕەهەندی مەســتی‌و دڵخۆشییە بە شــۆڕش لەڕێی نووسین‌و کاری نووسەرە سوریالیستەکانەوە. ئەم دیالەکتیکی مەستی‌و دڵخۆشــییەش لە شێوەی (سروشێکی دونیایی)دا لە نووسینە سوریالیستییە ئەوروپاییەکانی کەسانێکی وەکو (ڕامبۆو لۆتەر ئامۆندو ئەپۆلێنیر)دا دەبینینەوە (کە بنیامین بە دامەزرێنەرانی ڕێبازی ســوریالیزمیان دادەنێت)، بەڵام بنیامین لەهەمەنکاتدا سەرنجی خوێنەر بەلای ئامادەبوونی ئەم (سروشە دونیاییە) لــە ڕۆمانی (ناجــا)ی ئەندرێ برۆتۆندا ڕادەکێشــێت. دونیای ناجا (دونیای بچووک)ی سوریالیســتەکانە کە برۆتۆن شــی دەکاتەوە. (شیکردنەوەیەک) کە هەروەکو بنیامین دەڵێت (دوا پەناگەی خۆشەویستی)ە. خۆشەویستی بۆ (دونیای شتەکان‌و بۆ خەوناویترینیان: پاریس). پاریسی سوریالیستەکان (مانای وێنەگەلێکە کە سروشــی دونیایی سوریالیستەکان بە ئێمەی دەناســێنێت). ئــەم ناســینە لــە گەڕانێکی خەونــاوی دەچێت لە کۆڵانەکانی پاریســدا کە ســەرچاوەی خۆی لە سروشــی دونیاییانەی بیرکردنەوەی خوێنەری چیرۆکەکەدا دەبینێتەوە.



بیرکردنەوەیـەک کـە هەروەکـو بنیامیـن دەڵێـت ڕۆڵـی بەنجکەرێـک دەبینێـت کە ئینسـانەکان لە تەنیایـی خۆیاندا لە خۆیانی دەدەن.

مەسـەلەی (تەنیایـی) تەوەری سـەرەکیی ژیـانو هزری ڤاڵتـەر بنیامیـن پێک دەهێنێت. لـە ڕوانگەیەکـی بوونگەرایانە (وجودیانـە)وە بنیامیـن تەنیاترین نووسـەری ئـەم قۆناغەی ئەوروپایە. تەنیا لەبەردەم ژیانی ڕۆشنبیریی قۆناغی ڤایماردا، تەنیا لەبەردەم بەربەریەتی نازیسـتەکانو دواجاریش تەنیا لە ڕووبەڕووبوونەوەیـدا لەگـەڵ یادی خۆیـدا، وەک پاڵەوانێکی داسـتانی بەرامبەر بە مەرگ. مەرگێک کە وەکو بنیامین دەڵێت لەگەڵ نەمانی مانای ئەزەلیەتدا ڕووخسـارێکی نوێی بەخۆوە گرتـووە. مرۆڤایەتـی ئەمـڕۆ لە ڕۆچنـەی ژوورێکـی دەرگا داخراوەوە چاوی بڕیوەتە چۆنێتیی مەرگی بێ کفنو دفنی خۆی لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان. بنیامین بەرامبەر ڕاستییەکی وەها، تەنیایی دەکات بە پیشەی خۆی. تەنیاییەک کە لە تەنیایی کەسێتیەکانی ڕۆمانەکانی کافکاو ڕەهەندەکانی تابلۆکانی (پۆڵ کلی) دەچێت. تەنیایی ناو جۆرێک لە سەراسیمەبوونی عیرفانیدا لە وێنە دیالەکتیکیەکانی (شەقامی یەک لا)ی کۆماری ڤایماردا، لە پاریسـی بۆدلێرو سوریالیستەکاندا، لە تیۆلۆژیای یەهودیدا (لەژێر کاریگەریی گرشۆم شۆلەمدا)و لە ماتێریالیزمی دیالەکتیکدا (لەژێر کاریگەریی برێشتدا). بەمجۆرە خۆکوشتنەکەی بنیامین لە سـاڵی (١٩٤٠)دا لەسـەر سـنووری فەرەنسـاو ئیسپانیادا وەکـو هاواری یاخیبوونی کەسـێکی تەنیا بـوو لە جیهانی پڕ زەبروزەنگی کۆیلەکانی ئایدیۆلۆژیا مرۆڤخۆرەکاندا.





## ٤- گفتوگۆی نێوان بنیامین- ئادۆرنۆ

ڤاڵتــەر بنیامین لەو بیرمەندانەیە کە کاریگەرییان لەســەر ئادۆرنۆ هەبووە. ماوەی هاوڕێیەتیی نێوان ئەم دوو بیرمەندە پــڕ کەندولەنــدە، ئــەم کەندولەندانــەش هەندێکجــار بەپێــی ڕێکەوتنی هەردوولایان بــووەو هەندێکجاری تریش بە تەنیا بڕیویانە. هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، هزری بنیامین لەم قۆناغەدا لە ســەرێکەوە ســەر بە عیرفانــی یەهودیو لە سەرێکی تریشەوە سەر بە مارکسیزم بوو. لەوانەیە گرنگترین هۆکاری بایەخدانی بنیامین بە کەلەپووری یەهودییش (بەدەر لەوەی کە خۆیشــی بە بنەچــە یەهودی بــووە) هاوڕێیەتیو نزیکیی بێت لە گرشــۆم شــۆلیمو ئەندامبوونی لــە کۆمەڵەی ڕۆشــنبیرانی ڕادیکاڵی جوولەکەدا لــە تەمەنی لاوێتیدا، بەڵام ئاشــنابوونی تەواوەتیــی بنیامین بە کتێبــە پیرۆزەکانی دینی جوولەکە بووە هۆی سەرســامبوونی بەم دینەوە. خۆ ئەگەر لە ڕاســتیدا باوەڕێکیشی هەبووبێت، ئەوا ئەو باوەڕەی زیاتر لــە بواری هونەرو جوانناســیدا بــوو، بەپێچەوانەی زۆربەی ڕۆشــنبیرانی جوولەکەشــەوە لــەو ســەردەمەدا؛ ئــەم هیــچ پەیوەندییەکی لەگەڵ زایۆنیزمدا نەبوو. لەلایەکی دیکەشــەوە هاوڕێیەتیی بنیامین لەگەڵ ئێرنســت بلۆخو برێشتدا ئەوی لە هزری مارکسیستی نزیک دەکردەوە.


ئاشــنابوونی ئادۆرنۆ لەگــەڵ بنیامیندا پاش گەڕانەوەی لە ڤیەننا ســیمایەکی تــازەی بەخۆوە گرت. لە ســاڵی (١٩٢٧)دا بنیامین لە بەرلین ئادۆرنۆی بە هاوڕێکانی خۆی ناساند. لەم ســەفەرەدا ئادۆرنۆ لەگەڵ بلۆخو برێشتو کۆرت ڤایلو هانز



ئایزلـــەر کــە دواتر لە ســاڵی (١٩٤٤)دا لەگەڵ ئــەودا پێکەوە کتێبێکیــان بــە ناونیشــانی (مۆســیقا بــۆ فیلم)ەوە نووســی، یەکتریــان ناســی. یەکێــک لــەو مەســەلانەی کە بیــری ئەم گروپەی بە خۆیەوە مەشغوڵ کردبوو مەسەلەی مارکسیزمو پەیوەندیی بە فەلسەفەی هیگڵەوە بوو. ئەم پرسیارەش زیاتر لــە پەیوەندیدا بە کارەکانی لــۆکاچ بەتایبەتیش کتێبی (مێژوو و هۆشــیاریی چینایەتی)و کارل کۆرچــەوە بایەخێکی زۆری بەخۆوە بینی، بەڵام ئادۆرنۆ ئەو دەمە پتر مەیلی بەلای هزری کانتیدا هەبوو، هەوڵی دەدا تا ڕادەی پێویست گفتوگۆ لەنێوان جیهانبینیی مارکسیســتیو فەلســەفەی کانتدا دروست بکات. لەوانەشە ئەمە خۆی لە خۆیدا یەکێک بووبێت لەو هۆکارانەی کــە ئادۆرنۆی زیاتر لە بنیامین نزیک کردبێتەوە وەک لەوانی دی. پێشــتر بنیامین لە ساڵی (١٩١٨)دا وتارێکی سەبارەت بە کانت نووســیبوو. لە ڕوانگەی ئەوەوە (زانینو جیاکردنەوەی نێوان توخمەکانی هزری کانتی بۆ فەلسەفەی ئاینده بایەخێکی زۆری هەیە).

بنیامین دەڵێت پێویستە فەلســەفەی ئاینده تیۆرەی زانینی کانتی بکاتە سەرلەوحەی ئامانجەکانی خۆی. بەمجۆرە فەلسەفە دەتوانێت بە گەڕانەوە بۆ چەمکە کانتیەکان، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ زانســتو ئاییــنو هونەردا دیاری بکات. لە ســەرێکی تریشەوە ئادۆرنۆ لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەربارەی کانتو فرۆید، گرنگییەکــی تایبەتیــی بە فەلســەفەی کانــت دەدا. هەرچەندە پێویســتە ئەوە بڵێین کــە لە کۆتاییەکانی دەهەی بیســتدا، بە ڕەچاوکردنــی ئەوەی کە گفتوگۆی نێــوان ئادۆرنۆو بنیامین سیمایەکی تازەی بەخۆوە گرتو بە گۆڕانی بابەتی نامەکەی





ئادۆرنۆ (لەبەرئەوەی لەلایەن کۆرنلیۆسەوە نامەکەی یەکەمی ڕەت کرایەوە)و دەستکردن بە لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە فەلسەفەی کیرکیگۆر لەژێر چاودێریی پۆڵ تیلیچ-دا، کە ئەو دەمە مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی فرانکفۆرت بوو؛ ئادۆرنۆ زیاتر لە جاران بایەخی بە مەسەلەی مارکسیزم دا.

ئادۆرنۆ لە ساڵی (١٩٢٩- ١٩٣٠)دا نامەی دکتۆراکەی نووسیو لە (١٩٣٣)دا بە چاپی گەیاند، بەڵام ئامانجی ئەو لە نووسینی ئەم نامەیە بە تەنها بەدەستهێنانی پلەی مامۆستایی نەبوو لە زانکۆی فرانکفۆرتدا، لەبەرئەوەی بە بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی کیرکیگۆر بوونگەراکانو بەتایبەتی هزری مارتن هایدگەریشی دەگرتەوە. هەرچەندە ئادۆرنۆ لەگەڵ ڕەخنەی کیرکیگۆریانەدا بوو بۆ سیستمی فەلسەفیی هیگڵو لێکۆڵینەوەی بۆ مەسەلەی بوونی تاکە کەسی، بەڵام لەبەرئەوەی لەم قۆناغەدا مەیلی بەلای مارکسیزمدا هەبوو، وای بۆ دەچوو کە هزری کیرکیگۆر لە ڕەهەندی مێژوویيو دیالەکتیکی خاڵییە. ئادۆرنۆ دەڵێت: «ڕەتکردنەوەی تیۆرەی بوونگەرایانەی کیرکیگۆر جۆرێکە لە واقیعبینیی بێ ڕاستی»، لەبەرئەمە (بۆ بەخشینی ڕەهەندێکی ڕەخنەیی بە بابەتە گرنگەکانی هزری کیرکیگۆری، پێویستە بە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیەوە بیبەستینەوە). ئادۆرنۆ ئەو دەمە لە فەلسەفەی مارکسیستیدا بۆ کۆڵەکەو بناغەی ئەم ڕەخنە کۆمەڵایەتیە دەگەڕاو هەوڵی دەدا لەگەڵ تاقیکردنەوە ئیستاتیکیەکانی خۆیدا بیگونجێنێت. بەم پێیە لە سەرێکەوە نووسینەکانی لاوێتیی مارکسو لە سەرێکی تریشەوە ئەزموونە تازەکانی شۆینبێرگ لە بواری مۆسیقادا؛ وردەوردە شێوەیەکی تازەیان



بە هزری ئادۆرنۆ بەخشی.

ئادۆرنۆ لە ســاڵی (١٩٣١)دا وەکو مامۆستای فەلسەفە لە زانکــۆی فرانکفۆرتدا دەســتبەکار بوو. ناونیشــانی یەکەمین وتاری (بایەخی ئەمڕۆیی فەلسەفە) بوو.

بــە بۆچوونــی ئادۆرنۆ لــەم قۆناغەدا دەبووایە فەلســەفە ڕۆڵێکــی دیالەکتیکیو ماتێریالیســتیی ببینیبایــە، بەڵام وێڕای ئەو ڕوانینە مارکسیســتیەی ئەو دەمــە ئادۆرنۆ هەیبوو، لەو چوارچێوە تەقلیدییەی دەردەچوو لە زۆر مەسەلەی فەلسەفیدا لەگەڵ بیرمەندە مارکسیســتەکانی تری ئەوروپادا (بۆ نموونە لۆکاچ) ناکۆک بوو.

بــۆ نموونە چەمکــی (مێژوو) لای ئادۆرنۆ وەکو گشــتێک نەدەخرایە ڕوو، بەڵکو شێوەیەکی پچڕپچڕی بەخۆوە دەگرت. لەبەرئــەوەی بەپێچەوانــەی هیگڵــەوە: ئادۆرنــۆ مێژووی بە شــوێنی تاقانەیی ئەقڵو ڕاســتی نەدەزانــی. ئادۆرنۆ دەڵێت: «مێژوو لــە حەقیقەتدایە، بەڵام حەقیقەت لــە مێژوودا نییە». ئەمەش بەو مانایە دێت کە حەقیقەت مێژووییە، بەڵام ڕاستیی مێژوویــی حەقیقەت نییە، واتە بەپێچەوانەی باوەڕی هیگڵەوە مێژوو بە پێویســت ڕەهەندێکی ئەقڵانــی بەخۆوە ناگرێت. بە دەربڕینێکــی دی: (مێژوو -خۆی لــە خۆیدا- خاوەنی ئەقڵێک نییە).

ئەم دێڕە هی یەکێک لە بیرمەندانی دیاری ئەو سەردەمەیە کە هاوکارێکی نزیکی ئادۆرنۆ بوو، لە کتێبێکیدا کە ناونیشانی (ســەرەتاکانی فەلســەفەی بۆرژوایی مێژوو)ە نووسیویەتی. ئەم بیرمەندەش ماکس هۆرکهایمەر بوو.



## ٥- ناسینی هۆرکهایمەرو هاوکاری لەگەڵ دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیی فرانکفۆرت

ئادۆرنۆ یەکەمجار لە کۆڕە فەلسەفیەکانی هانز کۆرنلیۆسدا هۆرکهایمەری ناسی. ئەو دەمە هۆرکهایمەر دەربارەی فەلسەفەکەی کانت سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوو و لەساڵی (١٩٢٢)دا بە نامەیەک سەبارەت بە کانت دکتۆرای فەلسەفەی وەرگرتو لە (١٩٢٥)یشدا بە نامەیەکی دی لەم بوارەدا پلەی مامۆستایی زانکۆی فرانکفۆرتی بەدەست هێنا.

بەپێچەوانەی ئادۆرنۆوە، هۆرکهایمەر ئەو دەمە بەتوندی کەوتبووە ژێر کاریگەریی هزری شۆپنهاوەرو بەدبینییە فەلسەفیەکەی ئەوەوە. هەروەکو هۆرکهایمەر خۆیشی نووسیویەتی: (ساڵانێکی زۆر لەگەڵ ئەم فەلسەفەیەدا تەباو لێیەوە نزیک بوو). تەنانەت وەکو دەڵێت: «دەزگای لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکانی فرانکفۆرت سەرەتا (تیۆرەی ڕەخنەیی)ی خۆی لەسەر بناغەی دوو ئاقاری فیکری دامەزراندبوو: لە سەرێکەوە فیکری مارکسیستیو لە سەرێکی دیکەشەوە فیکری فەلسەفیی شۆپنهاوەر».

ڕەنگە یەکێک لەو هۆیە گرنگانەی بوونە مایەی گۆڕینی ڕەوتی میتۆدی لێکۆڵینەوەیی دەزگاکە، هەڵبژاردنی هۆرکهایمەر بوبێت بە سەرۆکی دەزگاکە. هۆرکهایمەر لە تەمموزی (١٩٣٠)دا (لەگەڵ ئەوەشدا کە ساڵێک لەوەوبەر بووبوو بە مامۆستای فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، لە زانکۆی فرانکفۆرت کرا بە سەرۆکی نوێی (دەزگای لێکۆڵینەوە



کۆمەڵایەتیەکانــی فرانکفــۆرت)و ئــەو پلەیــەی وەرگــرت کە پێشــتر هی کارل گرونبێرگ بوو. لێرەدا بە پێویستی دەزانین کــە ئاماژەیەکی کــورت بۆ مێــژووی دامەزراندنــی دەزگای لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکانی فرانکفۆرت بکەین. ئەم دەزگایە کە دواتر بەناوی (قوتابخانەی فرانکفۆرت)ەوە ناوبانگی دەرکرد لــە (٣ی شــوباتی ١٩٢٣)دا دامەزراو لــە (٢٢)ی حوزەیرانی (١٩٢٤)دا بە ڕەسمی دەستی بەکار کرد. بیرۆکەی سەرەتایی ئەم دەزگایە، هی کەسێک بوو کە ناوی (فلیکس وایل) بوو، کە لە ســاڵی (١٩٢٢)دا پێشــنیازی کرد. وایل دکتۆرای لە زانستە سیاســیەکاندا هەبوو، ئەوکات لەبەرئەوەی مەیلێکی تایبەتیی بەلای مارکســیزمدا هەبوو؛ هامشــۆی (کارل کۆرچو لۆکاچو فریدریش پۆلۆکو کارل ئۆگۆستو ویتفۆگل)ی دەکرد.

ســەرەتا بڕیــار بوو کــە دەزگاکە بەنــاوی (دەزگایەک بۆ مارکســیزم)ەوەو دواتریــش بەنــاوی (دەزگای لێکۆڵینــەوە کۆمەڵایەتیەکانــی فلیکــس وایل)ەوە دەســتبەکار بکات، بەڵام وایــل خۆی ئەم پێشــنیازانەی ڕەت کــردەوەو دواجار بڕیار درا کــە ناوی بنرێــت (دەزگای لێکۆڵینــەوە کۆمەڵایەتیەکان). بووجەی سەرەکیی دەزگاکەش لەلایەن باوکی فلیکس وایلەوە دابیــن دەکرا کە ناوی هیرمان وایــل بوو و لەڕێی بازرگانیی دانەوێڵەوە سەروەتێکی زۆری پێکەوە نابوو. هەروەکو باسمان کــرد، کارل گرونبێــرگ لە ســاڵی (١٩٢٤-١٩٣٠) بەڕەســمی سەرۆکایەتی دەزگاکەی گرتەدەست. لەبەرئەوەی گرۆنبێرگ لە مارکســیزمەوە نزیــک بــوو؛ لێکۆڵینەوە ســەرەتاییەکانی دەزگاکە پشــتیان بە میتۆدۆلۆژیای مارکسیســتی دەبەســت. هەروەها دەزگاکە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ حیزبی سۆسیال



دیموکراتو حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیاو دەزگای مارکس-ئینگلزی مۆسکۆدا هەبوو، تەنانەت سێ هاوکاری ئەو کاتەی دەزگاکە، واتە (ویتفۆگلو بورکناڤو گومپەرز) ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا بوون. کارل کۆرچیش لە باڵی چەپی حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا (K. P. D)دا چالاکی دەنواند. وەکو (مارتن جی)، مێژوونووسی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە کتێبی (خەیاڵی دیالەکتیکی)دا دەڵێت: «هۆرکهایمەریش لەو قۆناغەدا پەیوەندیی بەو حیزبەوە هەبووە».

بەهەرحاڵ لەگەڵ دەستبەکاربوونی هۆرکهایمەردا، دەزگاکە ڕووخسارێکی تازەی بەخۆوە گرتو وردەوردە بە دۆزینەوەی ڕەهەندێکی فەلسەفی ئەو چوارچێوەیەی خۆی بەزاند. دەشێ بەدبینییەکەی هۆرکهایمەر وای کردبێت کە دەزگاکە بە قووڵی سەبارەت بە چینی کرێکارو گۆڕانکارییەکانی مارکسیزمی ئەو دەمەی ئەوروپا بکۆڵێتەوە. هۆرکهایمەر سەرەتا ویستی لە جنێف پاشکۆیەک بۆ دەزگاکە بکاتەوە. بەشی سویسراش بە پۆلۆک سپێردرا. لەو کەسانەی کە لەم قۆناغەدا لەگەڵ دەزگاکەدا هاوکارییان دەکرد، دەتوانین ناوی (لیولۆڤینتالو ویتفوگلو هنریک گرۆسمانو ئەلیکساندەر کویرەو ڤیلهلم ڕایشو کارل کۆرچو کۆرت لوین) بهێنین. لەپاڵ ئەم بیرمەندانەشدا ناوی سێ دەروونشیکاریش بەرچاو دەکەوێت کە پاش ماوەیەکی کەم پەیوەندییان بەم دەزگایەوە کرد، ئەمانەش بریتی بوون لە: کارل لانداور (سەرۆکی دەزگای دەروونشیکاریی فرانکفۆرت)، هنریش مینگو هەروەها ناسراوترینیان کە ئەریک فرۆمەو لەساڵی (١٩٣٢)دا هاوکات لەگەڵ چوونی هیربرت مارکۆزدا لەگەڵ (دەزگای لێکۆڵینەوە



کۆمەڵایەتیەکانــی فرانکفــۆرت)دا دەســتی بــەکار کــرد. ئەم دەزگایە ڕەوتی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییە فەلسەفیەکانی خۆی لەسەر بناغەی تیۆرەیەکی نوێ دەست پێ کرد کە پێچەوانەی تیۆرەی تەقلیدی یان باشــتر بڵێین بۆرژوایی کۆمەڵگا بوو و، بە (ڕەخنەیی) لەقەڵەم دەدرا.

ئــەم (تیــۆرە ڕەخنەیــی)ە لەســەر بنچینــەی تێڕوانینێکی ڕەخنەییانــە بــۆ کۆمەڵــگاو کەلتــووری ئــەو ســەردەمەی ئەڵمانیا دامەزرابوو. لە ڕاســتیدا ئــەم (تیۆرە ڕەخنەیی)یە کە (دەزگای لێکۆڵینــەوە کۆمەڵایەتیەکانی فرانکفۆرت) کردبووی بــە میتۆدی بیرکردنەوەی تیۆرەیی خــۆی؛ لەژێر کاریگەریی هــزری بیرمەندانێکــی وەکــو مارکــسو کانــتو هیــگڵو شــۆپنهاوەرداو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆیدا لەگەڵ دیــاردەی بەئەقڵانیکردنــی زیاتــری دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی ئــەو ڕۆژگارەی ئەوروپــادا کــە حاڵەتێکــی نائەقڵانیــان بەخۆوە گرتبوو. هەروەها گەشــەی سەرمایەداریی دەوڵەتی مۆنۆپۆلکــەرو فۆرمەلەبوونــی شــێوەی نوێــی دەوڵــەت لە ڕەهەنــدە ســەرکوتکەرو بیرۆکراتیکیەکەیدا. دەســەڵاتگرتنە دەستی نازیزم لە ئەڵمانیاداو باڵادەستی ستالینیزم لە سۆڤێتدا وەکو دوو دیاردەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فیکریی کۆمەڵگای نــوێو دەســەڵاتداریی ئایدیۆلۆژیا لە بوارەکانــی کەلتوورو هونەردا؛ وایــان لە بیرمەندانی قوتابخانــەی فرانکفۆرت کرد لــە لێکۆڵینــەوەی دەربــارەی ئــەم دیاردانــەدا بۆ سیســتمە فیکرییەکانی سەدەکانی پێشووی ئەوروپا بگەڕێنەوە.

لە ڕاســتیدا شــێوازی بیرکردنــەوەی ڕەخنەییانــە بریتی بــوو لە لێکۆڵینــەوە لە هۆو هــۆکاری هەرەســی کەلتووری



خۆرئاواو مەســەلەی نەمانی تاکێتی (فەردیەت). بە بۆچوونی هۆرکهایمەر، تاقە ڕێــگای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیۆرەی بۆرژوازییانــەی کۆمەڵــگادا؛ کێشــمەکێش بــوو لەگــەڵ ئەم تیۆرەیــەدا لە نــاوەوەی خۆیەوە. بۆیە ئەو بــڕوای وابوو کە پێویســتە لافلێدانــە پووچەکانــی ئایدیۆلۆژیای بــۆرژوازیو ڕاســتیی هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکانی هەنووکە ڕووبەڕووی یەک بکرێنەوە. مەبەستی هۆرکهایمەریش لەم (لافلێدانانە) ئەو چەمکە ئەبستراکتانە بوو کە لەڕێی میتافیزیکای ئایدیالیستیی کانــتو قوتابخانــەی ئایدیالیزمــی ئەڵمانیی پــاش (کانت)ەوە دەخرانەڕوو. بە بۆچوونی ئەو ئەم چەمکانە لەلایەن (ڕێبازی ئەقڵگەرا)و ڕێبازی نائەقڵگەرا Lirrationalisme ی نوێوە (کە شوێن پێهەڵگری میتافیزیکای ئایدیالیستییە) بەکار براون.

وەکــو هۆرکهایمــەر دەڵێت لــە هەلومەرجەکانی ئێســتادا (ڕێبــازی ئەقڵگەرا) لە دۆخێکی تێکشــکاودا دەژی، لە کاتێکدا کە (ڕێبازی نائەقڵگەرا) لەلایەن سیستمە سیاسیو ئابوورییە باڵادەستەکانەوە ســوودی لێ وەرگیراوە تا ئەو ڕادەیەی کە ئەقڵ دابەزیوەتە ئاســتی ئەقڵی ئادەمیزادێک کە سەربەستیی خۆی لەدەســت داوەو بووە بە ئامرازی دەست بەرژەوەندییە ئابوورییــەکان. ئامانجــی هۆرکهایمەر لێــرەدا جیاوازیکردنە لەنێوان ڕەهەندی ئاسۆیی ئەقڵو شێوە پراگماتیکو تەکنیکیو وێرانکارییەکەی. لەم بارەیەشەوە دەتوانین بڵێین کە زۆربەی کارەکانــی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفــۆرتو بەتایبەتیش نووســینەکانی ئادۆرنــۆو هۆرکهایمــەر لەســەر بنچینــەی مەســەلەی ئەقڵانیــەتو ڕەهەنــدە جۆراوجۆرەکانی کە ئەقڵ لە مێــژووداو لە کۆمەڵگای نوێــدا دەیگرێتە خۆیو هەروەها




لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هۆشیاریی لەبیرکراو دامەزراوە. بەم پێیــە بایەخی تازەی تیۆرەی ڕەخنەیی زیاتر لــەو ڕووبەڕووبوونەوەیەیدایە کە لەگەڵ کۆمەڵگای زەمانەی خۆیــدا هەیەتــی. مەرامــی بیرمەندانــی (دەزگای لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکانــی فرانکفۆرت) لە خســتنەڕووی ئەم تیۆرەیە، دامەزراندنی سیستمێکی فەلسەفیی داخراوی دی نەبوو، بەڵکو تەواوی هەوڵو تەقەللای ئەم کەســانە لەپێناوی تێگەیشــتنی دونیایەکدایــە کە تیایدا چیــدی بەختەوەریی ئادەمیزاد نەبۆتە ئامانجو فیکریش دەبێتە دیلو کۆیلەی ڕێکخستنی ئەقڵانیانەی کۆمەڵگا. بەم مەبەستە بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەم قۆناغەی ژیانی فیکرییاندا ئومێدیان بە کۆمەڵگایەک بەستبوو کــە هیــچ جــۆرە چەوســاندنەوەو تاســاندنێکی تیــا نەبێتو عەدالەتو ئازادیو سەربەســتیی سیاســی- ڕۆشــنبیری بۆ هەموو کەســێک دابینکراو بێت. هەر لەم ڕووەشــەوە. کاری شۆڕشــگێڕانەی نوێیان بەرامبەر بە مەترســیی هاتنە ســەر حوکمی ناسیۆنال سۆسیالیزمیان بە شتێکی پێویست دەزانی. بە ســەرکەوتنی نازیزم لە ئەڵمانیاداو دەســەڵاتگرتنە دەستی هیتلەر لە ساڵی (١٩٣٣)داو کەوتنەگەڕی مەکینەی دۆزەخیانەی مرۆخۆری نازیســتەکان، پێشبینییە تیۆرەییەکانی بیرمەندانی (دەزگای لێکۆڵینــەوە کۆمەڵایەتیەکانی فرانکفۆرت) هاتنەدی، بــەڵام ئەو خۆزگــەو ئومێدانەی کە هەیانبوو بــۆ وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکــی باشــترو ئینســانیتر، لەگــەڵ بەشــێکی زۆری کەلتووری دێرینو نوێی ئەڵمانیادا؛ لەنێو گڕوتینی تووڕەییو کینەی ئایدیۆلۆژیای نازیزمدا چووە خانەی فەرامۆشــییەوە. هــاوکات لەگــەڵ خەوتنــی ئەڵمانیا لە باوەشــی ئەفســانەی



نازیزمــدا؛ بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ ڕزگاربوون لە چنگی ئەو واقیعە ترسـناکە کە هەر سـاتێک بەرەوڕووی مەرگی دەکردنەوە، ئەڵمانیایان جێهێشـتو بەرەو وڵاتەکانی تری ئەوروپـاو ئەمریکا چوون. لەناو ئەم کەسـانەدا ئەریک فـرۆم دوو سـاڵ بەر لەوانـی دی؛ واتە لە سـاڵی (١٩٣٢)دا ڕێـی تاراوگەی گرتە بەرو لەگەڵ دەزگای دەڕوونشـیکاریی شـیکاگۆدا دەستی بە هاوکاری کرد. لە کاتێکدا هۆرکهایمەرو مارکۆزو پۆڵۆکو لۆڤینتال سـەرەتا بەرەو جنێڤ ڕۆیشـتن، پاشانیش هەریەکەیان بەجیا لە ساڵی (١٩٣٢)دا بەرەو ئەمریکا چوون.

بۆرکناڤیش لە بەریتانیا نیشـتەجێ بوو. گرۆسـمانیش لە پێشـدا بـەرەو پاریسو بەریتانیاو سـەرەنجامیش لە سـاڵی (١٩٣٧)دا بەرەو ئەمریکا ڕۆیشت.

ویتفۆگلیـش کە لەبەرئەوەی کۆمۆنیسـت بوو ماوەی (٨) مانگ لە ئۆردوگایەکی نازیستەکاندا زیندانی کراو، بە یارمەتیی هاوڕێکانی فرانکفۆرتی توانی ئازاد ببێتو لە سـاڵی (١٩٣٢)دا ئەڵمانیا جێبهێڵێتو بەرەو بەریتانیاو دواتریش بەرەو ئەمریکا بـڕوات. پێشـتریش ئاماژەیەکی بچووکمان بۆ چارەنووسـی تراژیکـی ڤاڵتەر بنیامیـن کرد. بنیامین لە مارسـی (١٩٣٣)دا بەرەو پاریس هەڵهاتو تا (٢٧ی سێپتامبەری ١٩٤٠) واتە کاتی خۆکوشتنەکەی؛ سێ جار بۆ بینینی برێشت چوو بۆ دانیمارک (لە سـاڵانی ١٩٣٤، ١٩٣٦، ١٩٣٨)و دووجاریش بەمەبەسـتی بینینی ئادۆرنۆ بەرەو (سـان ڕمۆ) لە ئیتاڵیادا سەفەری کرد. بنیامین لەم قۆناغەدا لەنێوان ڕۆیشـتن بۆ فەلەسـتین بۆ لای شـۆلمو سـەفەر بـۆ ئەمریـکادا بـۆ لای بیرمەندەکانی تری



قوتابخانەی فرانکفۆرت دوودڵ بوو. ئەم دوودڵیە بەڕادەیەک لای بنیامیـن قـووڵ بووبۆوە کە لە سـاڵی (١٩٤٠)دا؛ واتە تا ئەو سـاڵەی کە فەرەنسا لەلایەن نازیسـتەکانەوە داگیر کرا؛ بەردەوام بوو، تا سـەرەنجام بە یاریدەی هۆرکهایمەر توانی ڤیزەیەکی ئەمریکا وەربگرێتو پاریسـی جێهێشـتو ویستی لە زنجیرە شـاخی (پیرن)ەوە بەرەو ئیسپانیاو پاشان بەرەو لیشبۆنە بچێت.

بەڵام پاش پەڕینەوەی لە شـاخەکانو گەیشتنی بە شاری سـەر سنووری پۆرت بۆ، بنیامینو هاوڕێکانی سەیریان کرد ئیسپانیا دەرگاکانی ئازادی بە ڕوویاندا داخستووە. گەڕانەوەی بنیامین بۆ پاریس ئەستەم بوو، بەتایبەتیش کە پاش ڕۆیشتنی لەلایەن گۆشـتاپۆوە دەست بەسـەر کتێبخانەو خانووەکەیدا گیرابـوو. بنیامین کە تەماشـای کـرد وەکو دیلێکی دەسـت بەربەریەتی نازیسـتەکانی لێ هاتووە، شـەوێکیان بڕیاری دا کە کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت. بە خۆکوشتنەکەی بنیامین دلێـریو خۆڕاگریی چاخـی تاکێتی (فەردیـەت) بەرامبەر بە جەهلو توندوتیژیی چاخی عەوامەکان بەزی.

## ٦- ئادۆرنۆو یەکەمین هەوڵی بۆ خسـتنەڕووی تیۆرەیەکی ڕەخنەیی بۆ هونەر

ئادۆرنـۆ کەمێک درەنگتر لەوانی دی بڕیاری دا پەیوەندی بە (دەزگای لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکانی فرانکفۆرت)ەوە بکات. لە راسـتیدا ئەو لە (١٩٣٨)دا بەڕەسمی لە ئەمریکا پەیوەندیی





بــە لێکۆڵەرەوەکانــی دەزگاکەوە کرد. هەرچەنــدە بەدرێژایی ئــەو ماوەیەی کە دەزگاکــە لە فرانکفۆرت چالاک بوو، ئەم لە نزیکەوە هاوکاری لەگەڵ گۆڤاری دەزگاکەدا دەکرد. وتارەکانی ئادۆرنــۆ لەو ماوەیەدا پتر لە بواری مۆســیقاو ئیســتاتیکادا بوو. بەپێچەوانەی هۆرکهایمەرەوە کە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر بناغەی کێشمەکێش لەگەڵ ئاقارە فەلسەفییە هاوچەرخەکانو مەسەلەی ڕەخنەی ئەقڵانی دامەزرابوو، هزری ئادۆرنۆ زیاتر سەرقاڵی مۆسیقاو شانۆ بوو. گومان لەوەدا نییە کە ئادۆرنۆ لەم ساڵانەدا لەڕووی فیکرییەوە لە بنیامین نزیکتر بووە وەک لەوانی دی. لەوانەشــە ئەم نزیکییە هۆیەک بووبێت بۆئەوەی کــە ئادۆرنۆش وەکو بنیامین میتۆدۆلۆژیای مارکســی زیاتر لــە بــواری هونــەرو جوانناســیدا بــەکار بەرێــتو کەمتر لە بــواری زانســتە کۆمەڵایەتیەکاندا ســەرقاڵی لێکۆڵینەوە بێت. ئەو مەســەلەیەی لــەم قۆناغەدا جێی بایەخــی ئادۆرنۆ بوو؛ مەسەلەی داهێنان بوو لە مۆسیقاداو پەیوەندیی بە هەلومەرجە مێژوورییەکانی کارەکەوە، بە بۆچوونی ئادۆرنۆ مۆسیقا تەواو هەڵگــری ناودژێتییەکانــی کۆمەڵگایە. کارە مۆســیقیەکانیش وەکو کارە هونەرییەکانی دی دەربڕی گۆڕانی ڕاســتییەکانی دونیــای دەرەوەن. هەر لەبەرئەمە مۆســیقاش لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵگادا شێوەی جیاواز بەخۆوە دەگرێت. بەم پێیە دەتوانیــن بڵێین کە ڕوانینی ئادرۆرنۆ بــۆ هونەر لە بنەڕەتدا لەسەر ناسینێکی کۆمەڵایەتی بۆ فۆرمی کاری هونەری بەندە. واتە تێگەیشتنی کارێکی هونەری پێویستی بە ناسینی بونیادو پەیوەندییــە کۆمەڵایەتیەکانــی ئەو کۆمەڵگایــە هەیە کە تیایدا هاتۆتە بەرهەم.



بەمجۆرە هونەریش یەکێکە لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوەی کە هونەر لە بوارەکانی تری کۆمەڵگا جیا دەکاتەوە، لایەنە نەفیـکاری‌و ڕەخنەییەکەیەتی. واتە کە لە کۆمەڵگایەکدا هونەر هەبوو، لەبەر ئەوە هەیە تا ڕەخنە لەو کۆمەڵگایە بگرێت. بۆیە هونەر هەمیشـە دەسـتەبەرو بەرگریـکاری بەش بووە بەرامبەر بە گشت‌و خودی تاکە کەس بەرامبەر بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی. بەم بۆچوونەش لای ئادۆرنۆ تاکگەرایی‌و هونەر دوو تای تەرازوویەکن، لەبەرئەوەی هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز بۆ بەرگرییکردن لە سەربەسـتیی خۆیان بەرامبەر بە ئایدیۆلۆژیـای کۆمەڵایەتی دەجەنگن، ئـەو ئایدۆلۆژیایەی کە بە سـوودوەرگرتن لە دەسەڵات‌و زەبروزەنگی وێرانکارانەی هـەوڵ دەدات ئادەمیـزادەکان بۆ پەیڕەویکـردن لە لۆژیک‌و بەرژەوەندیی ئابووری‌و سیاسیی خۆی گوێڕایەڵ بکات. لێرەدا بەڕوونـی ئـەوە دەبینین کە ئادۆرنۆش چـۆن وەکو لۆکاچ‌و بنیامیـن لە بواری هونەرو جوانناسـیدا سـوود لە گوتەکانی هـزری مارکسـی وەردەگرێت. ئادۆرنـۆ لە نووسـینەکانیدا چەندین جار باسـی لە گوتە مارکسـیەکانی چەشـنی بەهای ئاڵوگـۆڕو، بەهای خەرجی‌و خەسـڵەتی فیتیشـیانەی کاڵاو، بەرهەمهێنان‌و مەسـرەفکردن کـردووە. بۆ نموونەش یەکێک لـەو بـوارە هونەرییە تایبەتیانەی کە ئادۆرنـۆ بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی، گەڕاوەتەوە سـەر ئەم گوتانە، بواری مۆسـیقایە، لە ڕاسـتیدا بواری مۆسیقا بەشـێکی زۆری بیری ئادۆرنۆی داگیر کردووە.

لەوانەیە یەکێـک لە هۆکارەکانی بایەخی تایبەتیی ئادۆرنۆ بـە مۆسـیقا، پەیوەندیی نزیکی بێـت بە گەوهـەری دونیای






سیستماتیکی سەدەی بیستەمەوە. بە بۆچوونی ئادۆرنۆ ئەو دۆخە نوێیەی کە مۆسیقا تیایدا سەرهەڵدەدات پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پێگەی تاکە کەسەوە هەیە لە کۆمەڵگایەکدا کە چیدی قسەیەک بۆ گوتن تیایدا نەماوەو پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانیش دابەزیوەتە ئاستێکی هیچ، بەڵام مەرگی قسەو ئەستەمبوونی پەیوەندیی مرۆیی تاقە نیشانەی دونیای نوێ نین. لەبەرئەوەی وەکو ئادۆرنۆ دەڵێت هەستی بیستنیش لای مرۆڤ ڕەوتێکی پاشەکشێی ئاسایانەی گرتۆتەبەرو، بەڕای ئەویش ئەم دیاردەیە بەناچاری هاوتەریبە لەگەڵ ئەو خەسڵەتە فیتیشیەی کە مۆسیقا هەڵگرێتی. ئادۆرنۆ لە یەکێک لە وتارەکانیدا کە ناونیشانی (خەسڵەتی فیتیشیانەی مۆسیقاو پاشەکشێی بیستن)ەو لە ساڵی (١٩٣٨)دا نووسیویەتی؛ بەوردی ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە کە نەمانی هەستی بیستن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پێشکەوتنی زانستی تەکنیکو میکانیزمی بەرهەمهێنانەوە هەیە.

لە ڕاستیدا بەپێی ئەوەی ئادۆرنۆ دەیلێت، کەمبوونەوەی هەستی بیستنو دارمانی لەسەرخۆی مۆسیقا تەواوکەری یەکترین. ئەو دەڵێت کە (ئەو گوێگرانەی کە هەستی بیستنیان نوقسانە، لەو منداڵانە دەچن کە زمانی مۆسیقا منداڵانە دەخرێتە بەردەستیان). ئەم بیستەر (گوێگر)انە چەند زیاتر کاردانەوەی باشیان بەرامبەر بەو مۆسیقا کاڵاییو مەسرەفیە هەبێت کە لە بازاڕدا دەخرێتەڕوو، زیاتر دەچنە ژێر دەسەڵاتی سیستمی ئابووریی بازاڕەوە. هەربۆیە ئادۆرنۆ نەمانو بەمەسرەفیبوونی هەستی بیستن بە مەترسییەک بۆ سەر هونەری مۆسیقاو بەرهەمە کەلتوورییەکانی ڕابردووی




مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدات.
مۆسیقا کە شێوەی شتێکی وەرگرت کە قابیلی مەسرەف بێت، بەناچاری تۆکمەییو پایەداریی خۆی لەدەست دەدات. بۆ نموونە ئەو مۆسیقایەی کە لە ڕادیۆوە پەخش دەکرێت؛ مۆسیقایەکە کە وردەوردە ئاستی دادەبەزێت، تا ئەو ڕادەیەی کە شێوەی گاڵتەجاڕی بەخۆیەوە دەگرێت، بیروبۆچوونی ئادۆرنۆ سەبارەت بە ڕادیۆ دواتر شێوەیەکی گشتگیرتر بەخۆوە دەگرێتو لە دوو وتاردا دەردەکەوێت کە لە ساڵی (١٩٤٠)دا نووسیونی. یەکەمیان بە ناونیشانی (دەربارەی مۆسیقای میللی) (لەگەڵ جۆرج سیمپسۆندا نووسیویەتی)، ئەوی تریشیان بەناوی (ڕەخنەی کۆمەڵایەتیانەی مۆسیقای ڕادیۆیی). ئەم دوو وتارەو هەروەها وتاری (دەربارەی خەسڵەتی فیتیشیانەی مۆسیقا) لەو وتارانەن کە ئادۆرنۆ لە ماوەی نیشتەجێبوونیدا لە ئەمریکا نووسیونی.
ڕوانینی ئادۆرنۆ بۆ مۆسیقا لەم وتارانەدا درێژەی ئەو ڕوانینەن کە لەو وتارانەدا خستویەتیەڕوو کە لەبارەی مۆسیقاوە لە ڤیەنناو فرانکفۆرتو بەریتانیا نووسیونی.
ئادۆرنۆ دواتر ئەم وتارانەی لە شێوەی کتێبدا چاپ کردو لەوانەش چەند کتێبێک دەربارەی مۆسیقای (گۆستاڤ ماهلەر) بە ناونیشانی (ماهلەر: ڕووخسارێکی مۆسیقایی. ١٩٦٠)و دەربارەی ئارنۆڵد شۆینبێرگو ئیگۆر ستراڤنسکی بەناوی (فەلسەفەی مۆسیقای نوێ. ١٩٤٩)و یاخود دەربارەی مۆسیقای ڕیچارد ڤاگنەر بە ناونیشانی (وتارێک دەربارەی ڤاگنەر. ١٩٥٢).
ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی لە وتارو نووسینەکانی



ئادۆرنــۆدا ســەبارەت بــە مۆســیقا بەرچاو دەکەوێــت، بەر لــە هەر شــتێک تەقەللایەکە بــۆ ڕەخنەگرتن لە بالادەســتیی پرۆســەی بەرهەمهێنانو مەسرەف لەسەر بواری کەلتووری مۆســیقایی. ڕەخنــەی ئادۆرنۆ لــە بەرهەمهێنان ئاراســتەی هەموو جۆرەکانی بەرهەمهێنان کراوەو لەوانە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریو هەروەها سۆسیالیستی، لەبەرئەوەی ئامانجی فیکری ئادۆرنۆ ئازادبوونی تاکە کەسو داهێنانی هونەرییە لە کۆتو پێوەندی هەموو جۆرە سیستمێکی ئابووریو سیاسی. ئادۆرنۆ بەدەســتهێنانی ئەم ئازادییە لــە ڕەوتی خودتێفکرین (بیرکردنــەوەی خودی)یێکــی دیالەکتیکیــدا دەبینێتــەوە کە بە نەفیکردنــی بوونی پۆزەتیڤانــەی خۆیو لۆجیکی یەکســانی لەگــەڵ ڕاســتیی کۆمەڵگادا، شــێوەی دیالەکتیکێکــی نەفیکار بەخۆیــەوە دەگرێت. ئەم دیالەکتیکــە نەفیکارە بە ئازادکردنی ڕەهەندی نایەکســانی لەژێر دەسەڵاتی گشتگیریو یەکسانیی لۆجیکی پۆزەتیڤیزمی ڕاســتیی باو، خوازیاری ئاڵتەرناتیڤێکی کەلتووریــی ئازادیخــوازە لــە کۆمەڵگایەکدا کــە تەکنیکزەدە (تەکنیــکاوی) بووەو مەســرەفگەرایە. ئادۆرنــۆ ئەگەری ئەم ئاڵتەرناتیڤــە کەلتوورییەش بە تەنها لە هونــەردا دەبینێتەوە، لەبەرئەوەی بە تەنها هونەر توانای دەربڕینی ئەو یۆتۆپیایەی هەیە کە ئەو ناوی دەنێت (هی تر) (L Autre).

بەتایبەتی لەبەرئەوەی بە بۆچوونی ئادۆرنۆ میتافیزیکاش لــە قۆناغی فەوتاندایە، بۆیە بە تەنها لە شــێوە هونەرییەکاندا دەتوانیــن یــادی ژانو ئــازاری ڕابردوومان ببینینــەوە، لەم ڕووەشەوە مۆسیقا بەشێوەیەکی بالاتر لە شێوە هونەرییەکانی دی دەتوانێــت (ناودژێتییە چارەســەرنەکراوەکانی ڕاســتی-



یـــان واقیعیەت) لە شــێوەکەی خۆیدا پیشـــان بدات، بەمجۆرە پەیوەندیــی نێــوان کۆمەڵگاو هونەر بەشــێوەیەکی دیارتر لە مۆســـیقادا دەردەکەوێت؛ نەک لــە هونەرەکانی تردا. ئادۆرنۆ پەیوەندیــی نێوان بیســـتەر وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی- و داهێنانی مۆســـیقایی دەکاتە پێودانگێک بۆ پێشــکەوتن یان پاشەکشێی هونەر لە کۆمەڵگادا. ئەو مەسەلەیەی کە لە بواری مۆســـیقادا هــزری ئادۆرنۆ بەخۆیەوە مەشــغوڵ دەکات، ئەو ڕۆڵەیە کە هەر شێوەیەکی مۆسیقایی لە کۆمەڵگادا دەیبینێت. ئــەوەی کــە دەبێتە مایــەی پرســیار لای ئــەو، ئەوەیە کە چ مۆســـیقایەک پاکانە بۆ سیســـتەمو بونیادی کۆمەڵگا دەکات و کامیشیان ڕەخنەی لێ دەگرێت. جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆرە مۆسیقایە لەوە قووڵترە کە بتوانین لە یەکیان نزیک بخەینەوە. لەبەرئەوەی لێرەدا ئادۆرنۆ باس لە دوو بوونی مۆسیقیانەی جۆراوجـۆر دەکات. لە ســـەرێکەوە بوونێکی مۆســـیقایی کە ناهاوتایــە لەگەڵ واقیعیەتی یەکســـانکەری کۆمەڵگاو بەدوای سەربەســـتیی کەلتوورێکــی لەدەســـتچوودایە، لــە ســـەرێکی تریشەوە بوونێکی مۆســـیقایی لاوەکی کە بە قبووڵکردنی بۆ بەهاکانو ئەدگارەکانی لۆجیکی هاوتاییو ژیانی مۆسیقیانەی ڕەســـمیی کۆمەڵــگا، وەکو مۆســـیقایەکی دووپاتبــۆوەو کات بەســـەربردن خــۆی دەنوێنێــت. هەر بــۆ نموونە مۆســـیقای جاز کــە ماوەیەکی زۆر بە ســـەرەنێزەیەک لەقەڵەم دەدرا لە خەباتو پرۆتێســـتۆی ڕەشەکاندا؛ بەلای ئادۆرنۆوە نیشانەی بەرهەڵستیی ڕەشەکان نییە دژ بە سپیپێستە ڕەگەزپەرستەکانی ئەمریــکا، بەڵکو دەربڕی دۆخێکی ڕۆحــیو دەروونییە کە لە گوێڕایەڵیی کوێرانەی ڕەشەکانەوە بۆ کۆمەڵی سپیپێستەکان





سەرچاوە دەگرێت. ئادۆرنۆ مۆسیقای جاز بە نوێنەری زەقی هونەری جەماوەری لەقەڵەم دەدات، لەبەرئەوەی وەکو دەڵێت (لــە جازدا بێجووڵەیی جووڵەیەکی یەکڕەوتی بەردەوام، جێی زەمەن دەگرێتەوە). بە واتایەکی دی، دووبارەبوونەوەی یەک کێشو یەک ڕیتم واتە باڵادەســتیی شوێن بەسەر زەمەندا لە مۆســیقای جازدا. ئادۆرنۆ ئەم وەســتانی زەمەنــە لە فەزای جازدا بە پیشاندەری نەمانی تاکێتی (فەردیەت)و سەربەستیی تاکە کەس دەزانێت.


مۆســیقای جاز بەلای مرۆڤی نائازادەوە بە تەنها لایەنێکی ســەرگەرمکەرو کات بەسەربەری هەیە. بیستەری مۆسیقای جاز هیچ ڕۆڵێکی کاریگەر لە بیســتنیدا نابینێتو لە ڕاســتیدا لەژێــر کاریگەریــی کەشــی باڵادەســتو دووبارەبوونەوەی دەنگەکانــدا لە پلــەی بکەرێکی تاکە کەســەوە دادەبەزێت بۆ ئاستی بەرکارێکی جەماوەری. ئەم ناکاراییو نائازادییەی تاکە کەس لە قەڵەمڕەوی مۆســیقای جــازدا، دەربڕی قبووڵکردنی سیســتمی بــاوی کۆمەڵگایە نــەک نارەزامەنــدی لەڕێی ئەو مۆســیقایەوە. لەبەرئەوە ئادۆرنۆ مۆسیقای جاز بە نوێنەری نەمانــی مۆســیقا دەژمێرێــت. ئەم مۆســیقایە لە ســەردەمی سەرمایەداریی بازاڕدا شێوەی فیتیشێک بەخۆوە دەگرێتو بە لەدەســتدانی توخمە ڕەخنەگرەکان کە لە مۆسیقای ڕەسەنی ناکاڵاییدا هەیە، دەگۆڕێت بۆ کاڵایەکی کەلتووریی پۆزەتیڤانەی کۆمەڵگایەکی ئیداری. هەروەکو هیربرت مارکۆز لە وتارێکیدا بەناوی (سەبارەت بە تایبەتمەندێتیی (پۆزەتیڤانە)ی کەلتوور) (١٩٣٧) دەڵێت: «کەلتووری پۆزەتیڤی سەرەتا دژی بەشتبوون دەوەستێتەوە تا پاشان بکەوێتەوە ناو چنگی».



ئادۆرنۆش وەکو مارکس ناوەڕۆکی مارکسیانەی فیتیش لە پەیوەندییدا بە مەسەلەی بەرهەمهێنانەوە دەکۆڵێتەوە. بە بۆچوونی ئادۆرنۆ لە بواری مۆسیقادا بەرهەمهێنانی کەلتووری جەماوەری هاوکاتە لەگەڵ پرۆسەی بەستانداردکردندا. تەواوکەری ئەم کردەی بەستانداردکردنی مۆسیقایە، تاکگەراییەکی ڕووکەشە، کە وەهمێک دەخولقێنێت بەوەی گوایە هەر فەردێک خۆی ئاواز یان گۆرانیبێژی خۆشەویستی خۆی هەڵدەبژێرێت، لە کاتێکدا کە پێشتر بۆی دیاری کراوە. لەم ڕووەوە (بیسەرانی مۆسیقای کات بەسەربردن، خۆیان بابەت یان ڕێک بەرهەمی هەمان ئەو میکانیزمانەن کە بەرهەمهێنانی مۆسیقای جەماوەری دیاری دەکەن). بەمجۆرە کەلتوور هاوکات لەگەڵ بەجێهێنانی ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی خۆیدا لە کۆمەڵگادا، یەک بە یەکی فەردەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکاتە ئامرازی دەست. ئەم کەلتوورە نامۆکارە کە دواتر ئادۆرنۆ ناوی دەنێت (پیشەسازیی کەلتووری) لە شێوەی زاڵبوونی (گشت) بەسەر (بەش)دا، واتە باڵادەستیی سیستماتیزەیی کۆمەڵگا بەسەر بەرژەوەندییەکانی تاکە کەسدا دەردەکەوێت. ئادۆرنۆ لە دژایەتیکردنیدا بۆ ئەم جۆرە دەربڕینە لە کەلتوور، کەلتوور بە (بەرهەڵستییەکی نەمرانەی بەش بۆ گشت) ناودەبات.

ئادۆرنۆ ئەم بەرهەڵستی (یان پرۆتێستۆ)یە زیاتر لە داهێنانی مۆسیقاییدا دەبینێتەوە کە بەپێچەوانەی ئاراستەی (پیشەسازیی کەلتووری). (کە جگە لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری بۆ مەسرەفکردنی جەماوەری هیچی تر ناکات) کار دەکاتو بەها کالاییو مەسرەفییەکانی کۆمەڵگا لە پێشکەوتنی





تەکنیکــە نوێیەکانی بواری مۆســیقا ئافەرۆز دەکات. بەم پێیە بــە بۆچوونی ئادۆرنۆ ناکۆکیی ســەرەکی لەنێوان دوو جۆر مۆسیقادایە. لە سەرێکەوە ئەو مۆسیقایەی کە شوێنپێیهەڵگری بەهاکانی بازاڕەو لە ســەرێکی تریشەوە ئەو مۆسیقایەی کە دژ بەم جۆرە دەوەســتێتەوە. هەروەکو پێشتریش گوتمان لە ڕوانگەی ئادۆرنۆوە مۆســیقای جازو مۆســیقای جەماوەری نیشــانەی مۆســیقایەکی فیتیشــیو بەســتاندارد کــراون کە پەیوەســتن بە پاشەکشــێی هەســتی بیستنی بیســەرانی ئەم جۆرەی مۆسیقاوە. ئادۆرنۆ ئەم دوو جۆرەی مۆسیقا بەشێوەی نوێی مۆســیقا ناونابات، بەڵکو بەشــێوەی بەدو بەمۆدکراوی مۆســیقایان لەقەڵەم دەدات. ئادۆرنۆ دەستەواژەی (مۆسیقای نــویێ) وەکــو پەیڕەویکردنێک لــەو پێناســەیە بەکاردەهێنێت کە مۆســیقازانەکانی قوتابخانەی ڤیەننا لە ســاڵانی (١٩٢٠)دا بەکاریان هێنا. ئادۆرنۆ یەکەمجار لە ســاڵی (١٩٢٥)دا کاتێک ســەفەری بــۆ ڤیەننا کرد؛ بــەم قوتابخانەیە ئاشــنا بوو. ئەم بڕیاری سەفەرەشــی بــۆ ڤیەننا پاش بینینــی (ئالبان بیرگ)و ئۆپێراکــەی ئەو (ڤتیزیگ) لە فیســتیڤاڵی فرانکفۆرت (ماین)دا لە ســاڵی (١٩٢٤)دا بوو. ئادۆرنۆ لەو ماوەی ســێ ساڵەدا کە لە ڤیەننا بوو لای ئالبان بیرگو ئێدوارد ستۆیرمان، خەریکی خوێندنی هونەرەکانی مۆسیقاو پیانۆ بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا نیشــتەجێبوونی لــە ڤیەننــا دەرفەتێــک بــوو تــا ئادۆرنۆ بە شۆینبێرگو دەربڕینی مۆسیقای نوێی ئەو ئاشنا ببێت.




## ٧- شۆینبێرگو مۆسیقای نوێ

ئەوەی سەرنجی ئادۆرنۆی بەلای مۆسیقای شۆینبێرگدا ڕادەکێشا پایە مۆسیقاییە تایبەتیەکەی ئەو بوو کە لەو سەردەمەدا هەیبوو. لە ڕاستیدا پشتگوێخستنی شۆینبێرگ بۆ ئەو لۆجیکە مۆسیقاییەی کە بەدرێژایی سێ سەدە لە مێژووی مۆسیقای خۆرئاواییدا تەوەری بنەڕەتیی خۆی لە ناوەڕۆکی تۆنالیتەدا دەبینییەوە، بووە هۆی ئەوەی ڕەهەندێکی ئەزموونگەرایانەی نوێ لە بواری مۆسیقادا دەست پێ بکات. شۆینبێرگ تۆنالیتەی بە یاسای سروشتیی ئەبەدیی (مۆسیقا) نەدەزانی، هەر لەبەرئەمەش لەبری پەیڕەویکردن لە بەهاو شێوە تەقلیدییەکانی مۆسیقای خۆرئاوایی؛ لۆجیکی ناوەوەیی داهێنانی کاری مۆسیقایی بە پێوانەی بزاوتی ئەو لەقەڵەم دەدا.

شێوازی نوێی شۆینبێرگ لە مۆسیقادا، لە پەیوەندیدا بە ئەزموونی ئیستاتیکیانەی مۆسیقازانەکە لە مۆسیقاداو توانای لە بەکارهێنانو پەرەدانیدا بە تەکنیکی مۆسیقا، دەخرایە ڕوو. شۆینبێرگ زمانێکی مۆسیقایی نوێی خستە جێی سیستمی هارمۆنیایی تەقلیدییەوە کە لەسەر بناغەی زنجیرەیەکی پێکهاتوو لە دوانزدە دەنگ دامەزرابوو.

ئەو دوای ناولێنانەکەی لایبوڤیتس، ئەم تەکنیکە نوێیەی لە مۆسیقادا ناونا (دانانی دوانزدە دەنگی) کە نەزمی خۆی لە پرنسیپی زنجیرە (Serie)دا دەبینێتەوە. لە ڕاستیدا بنچینەی ئەم زنجیرەیە شێوازێکە کە بەپێی ئەوە مۆسیقازانەکە ئەم دوانزدە دەنگە بەبێ دووبارەبوونەوەو لەسەر بنەڕەتی



کاریگەریی هەرکارێک بەکاردەهێنێت. ئەم شـێوازە کە لەژێر ناوی مۆسـیقای زنجیرەیی (Serial)دا ناسرا، پاشتر لەلایەن ئەنتـۆن ڤیبیـرن (کە قوتابیی شـۆینبێرگ بـووە)و پیربۆلزو شتۆکهاوزنەوە بەکاربرا.


هەرچەندە کە شۆینبێرگ لەو بڕوایەدا بوو کە ئەو شێوازە نوێیـەی ئـەو توخمێکی تازە بۆ مۆسـیقای کلاسـیک ئیزافە نـاکاتو بگرە لێی کـەم دەکاتەوە، بەڵام گومان لـەوەدا نییە کە شۆڕشـەکەی شـۆینبێرگ لە بواری مۆسـیقادا فەزایەکی مۆسـیقایی نوێی پێ بەخشـی کە بونیادەکانی مۆسـیقای لە کۆتی نا- حەقیقەت ڕزگار کرد.

بەمجـۆرە پلـەی نـا- حەقیقەت کـە کاری مۆسـیقایی لە پەیوەندیی کۆیلانەیدا بە سیستمی پێداویستیەکانی کۆمەڵگاوە بەدەسـتی دەهێنێـت، لەڕێـی ئەزموونێکی نوێوە لـە بواری مۆسـیقادا کە یادی مۆسـیقای شـکۆدارو ئازادیـی هونەری سـەدەی نۆزدەهـەم زینـدوو دەکاتـەوە؛ پاشەکشـێی کرد. مۆسیقای شۆینبێرگ هۆشیاریی ڕۆشنبینانەی ڕابردووی بۆ هونـەری مرۆڤایەتیی نائومێدو خەوتووی سـەدەی بیسـتەم گەڕاندەوە. بەهۆی شۆینبێرگەوە سەرلەنوێ هونەر جورئەتو دەرفەتـی بەرەنگاریی بەرامبـەر بە بەها بـازاڕیو باوەکان بەدەست هێنایەوە. لەم ڕووەوەو وەکو ئادۆرنۆ دەڵێت بزاوتی ڕەخنەییانـەی ئـەم جۆرە مۆسـیقایە بـووە مایـەی دابڕانی پەیوەنـدی بە عەوامەوەو، ئەم دابڕانـەش بەڵگەیەکی تەواوە بۆئەوەی کارەکانی ڕێبازەکەی شۆینبێرگ چیدی بە (بەرهەم) نەژمێردرێن. میتۆدۆلۆژیای مۆسـیقای نوێ؛ سـایکۆلۆژیای مۆسیقایی کارەکە بۆ داهێنەرەکەیو بیستەرەکەش دەگۆڕێت.



واتــە کارە مۆســیقاییەکان (تەنهــا وەڵامو ڕێگەچــارەن بــۆ مەتەڵە تەکنیکیەکانو خولقێنەری مۆسیقاش تاقە کەسێکە کە زانســتی کەشــفو تێگەیشتنی مۆســیقاکەی خۆی لایە). ئەم وەڵامو ڕێگەچارانە لە بزاوتی مۆســیقاییدا بەرجەســتە دەبن، کــە بــە بۆچوونی ئادۆرنــۆ، بەهۆی یاخیبوونــی خولقێنەری مۆســیقاکەوە لە خواســتی ئاســۆیی مۆســیقاکەی؛ هەڵگری شــێوەیەکی دیالەکتیکین. ئادۆرنۆ ئەم شــێوە دیالەکتیکیە بە ئــەدگاری پرنســیپی فرەچەشــنی دەزانێت کە خاڵــی بزاوتی تەکنیکی دوانــزدە دەنگییە. لە ڕوانگەی ئادۆرنۆوە (مۆســیقا بــە تەنها لەڕێی تەکنیکــی دوانزدە دەنگییەوە بەســەر خۆیدا زاڵ دەبێت، بەڵام ئەمە بە تەنها کاتێک مەیسەر دەبێت کە لەم تەکنیکەدا نوقم نەبێت. لەم ڕووەشەوە پێویستە کە (خولقێنەری مۆسیقای دیالەکتیکی جڵەوگری دیالەکتیک بێت).

تاقەڕێــی جڵەوگرتنــی بزاوتــی دیالەکتیکیــی ئامــرازە مۆسیقاییەکانیش، ئازادیی بکەری مۆسیقاییە، واتە خولقێنەری مۆسیقا لە (زاڵبوونی ڕەهای بەسەر ئەو ئامرازانەدا کە خۆی خولقێنەری بوون). ئەم ئازادییەش وەکو ئادۆرنۆ دەڵێت لە هێزی لەبیرچوونــەوەدا دەردەکەوێت کە خودێتی Subjectiviteی مۆســیقا خولقێنــەری مۆســیقاکە دەخاتــە (ئەودیــو ورديی کارەکەوە کە لە یادی هەمیشــە ئامادەی خۆیدایە). بەمجۆرە شۆینبێرگ لەڕێی (تەکنیکی لەبیرچوونەوە)ی خۆیەوە نەریتی مۆســیقا وەکو (ئامادەبوونێکی لەبیرکراو) زیندوو دەکاتەوە. مۆســیقای نوێ وەکو (ڕاستەقینەترین بوتڵی ناو دەریایە) کە ژانو ئــازاری پووچیی جیهانی ونبوومان لە لەبیرچوونەوەی ڕەهای خۆیاندا بۆ دەژەنێت.




## ٨- سەرەتای تاراوگە

نوێکارییەکانی شۆینبێرگ لە بواری مۆسیقادا بە سەروەختێکی ئاڵتوونیی داهێنانی هونەری لە سەردەمی ڤایماردا دەژمێردرێن، بەڵام لە ڕوانگەی سیستمی هزرێکی ئایدیۆلۆژیایی میللیگەراو موحافەزەکاری وەکو ناسیۆنال سۆسیالیزمی هیتلەرییەوە؛ کە پێوانە مۆسیقاییەکانی خۆی لە چوارچێوەی ڕۆمانتیزمی ئەڵمانیاییدا دەبینیەوە؛ بەشێوەیەکی نزمی هونەری لەقەڵەم دەدرا کە ڕێگەگرتن لێی یەکێک بوو لە ئەرکە سەرەکیەکانی سیاسەتی ڕۆشنبیریی ڕایشی سێیەم. لە سەرێکی تریشەوە لەبەرئەوەی جوولەکە بوو، وەکو زۆربەی هونەرمەندو بیرمەندە جوولەکەکانی ئەو ڕۆژگارە؛ ژیانی شۆینبێرگیش لە مەترسیدا بوو، بەڵام ئەم لەو جوولەکانە بوو کە چارەنووسی تاراوگە بوو نەک ئۆردوگا نازییەکان.

ئادۆرنۆش وەکو شۆینبێرگو هاوبیرە فرانکفۆرتیەکانی؛ خۆی ڕێی تاراوگەی هەڵبژارد، بەڵام ئەو زۆر درەنگتر لەوانی دی بەرەو ئەمریکا ڕۆیشت. لەبەرئەوەی ئەو لە ساڵی (١٩٣٤)دا؛ واتە ساڵێک دوای دەسبەکاربوونی هیتلەر چوو بۆ بەریتانیاو بۆ ماوەی چوار ساڵ لە (میرتون کۆلیج) لە شاری ئۆکسفۆرد سەرگەرمی لێکۆڵینەوە بوو. ئەم لێکۆڵینەوانەشی نامەیەک بوو سەبارەت بە مۆسیقای ڤاگنەر کە دواتر تەواوی کرد.

ئادۆرنۆ لە سەفەرێکی کورتیدا کە لە حوزەیرانی (١٩٣٧)دا بۆ نیویۆرک کردی؛ بە یاریدەی هۆرکهایمەرو هەندێک هاوکاری تری (ئینستیتوی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکانی



فرانکفۆرت) سـەرقاڵی لێکۆڵینەوەی هەلومەرجە شـیاوەکانی کاری توێژینـەوە لـە ئەمریـکادا بـوون. ئـەم هەلومەرجـە بەڕادەیـەک بۆ ئەو گونجـاوو خۆش بوو کە وای لە ئادۆرنۆ کرد بڕیاری تەواوی خۆی بۆ سەفەر بۆ ئەمریکا بدات.

ئادۆرنـۆ لە شـوباتی (١٩٣٨)دا وەکو سـەرۆکی بەشـی مۆسـیقای (نووسـینگەی لێکۆڵینـەوە ڕادیـۆ فۆنیکەکانـی پرینسـتۆن) (کە لەژێـر چاودێریی پۆڵ لازار فیڵـددا بەڕێوە دەچوو) دەستی بە کار کرد.

ئەمە سەرەتای قۆناغی تاراوگەی ئادۆرنۆ بوو لە ئەمریکا. تاراوگەیـەک کە دەرگای قۆناغێکی نوێی لـە ڕەوتی گۆڕانی فیکریـی ئـەوو ئەندامەکانی تـری قوتابخانـەی فرانکفۆرتدا کردەوە.





# سەرەتایەك بۆ بیری فەلسەفیی

## مارتین هایدگەر

گومان لەوەدا نییە کە مارتین هایدگەر گرنگترین بیرمەندی ئەم سەردەمەی ئێمەیە. ئەو لە ڕەوتی فەلسەفیدا کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری لەسەر ئاسۆ جۆراوجۆرەکانی هزری سەدەی بیستەم هەبووە. فەلسەفەکەی هایدگەر هێزو توانایەکی سەیری هەبووە، بووەتە مایەی گەلێک باس‌و گفتوگۆو، لای لایەنگران‌و ناحەزانیشی مەیلی باڵاڕۆیشتنی بزواندووە، هەر لەبەرئەوەی کە توانیویەتی چارەنووسی ژیاری مۆدێرن بخاتە ژێر پرسیارەوە.

بەڵام فەلسەفەکەی هایدگەر کە خۆیشی چارەنووسێکی مێژوویی هەیە، لەبەرئەوەیە کە تاکە کەس ناچار دەکات پاش ئەو بیربکاتەوەو لەم ڕێیەشەوە وای لێ دەکات دەربارەی هزری ئەو تێفکرێت. لەم ڕووەوە چیدی ناتوانین پاش هایدگەر بیر بکەینەوە؛ مەگەر ئەوەی سەبارەت بە هزری ئەو تێفکرین، یان باشتر وایە بڵێین لەگەڵ هایدگەردا سەبارەت بە هزر بیر بکەینەوە.

بەڵام مەبەست لە (بیرکردنەوە لەگەڵ هایدگەردا) چیەو لە چ ڕوویەکەوە (بیرکردنەوە لەگەڵ هایدگەردا) جۆرێکە لە (بیرکردنەوە پاش هایدگەر)؟ بیرکردنەوە لەگەڵ هایدگەردا سەقامگیربوونە لە فەزای دەڤەرێکی مێژووییدا کە هەموو



پێی دەڵێن (کۆتایی میتافیزیکا)، ئەوەش چرکەساتێکە کە لەو بەدواوە فەلسەفە توانیویەتی توانای خۆی بۆ کەشفی گشتێتیی مانا بخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەم چرکەساتەی دەرکەوتنی میتافیزیکای کۆتایی پێهاتوو، کاتێکە کە هەروەکو نیچە دەڵێت هەموو پرۆژەکان خۆیان لە نیهیلیزمدا دەبیننەوەو دەناسن. بەم پێیە؛ لە فەزای نیهیلیزمدا دەشێ ئەرکی هزر جێگرتنەوەی کۆتایی فەلسەفە بێت وەکو ئاسۆیەکی پێویست بۆ هزری ئایندە. هایدگەر لە خۆی دەپرسێت: لە کۆتایی فەلسەفەدا، واتە پاش وەدیهاتنی میتافیزیکاو گۆڕانی جیهانیانەی بەگوێرەی فۆڕمی دەسەڵاتی تەکنیکی مۆدێرن؛ دەبێ ئەرکی هزر چی بێت؟ لێرە بەدواوە هایدگەر لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە (ئەمڕۆ هەر تەقەللایەکی بیری فەلسەفی ئەنجامەکەی بە یاریی جۆراوجۆری سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی سوننەتی دەشکێتەوە).

لەگەڵ ئەمەشدا هایدگەر هێندەی پێ ناچێت دەڵێت کە (کۆتایی- ende) دەبێت وەکو (شوێنێک) لەقەڵەم بدرێت کە تیایدا تەواوی مێژووی فەلسەفە کۆبووەتەوە. لە کۆتایی فەلسەفەدا جێیەک هەیە بۆ دووبارە تەرخانکردنەوەی ئەو شتانەی بەدرێژایی مێژووی میتافیزیکا ڕوویان داوە. کەواتە لە ڕوانگەی هایدگەرەوە ناتوانین گەوهەری میتافیزیکا کەشف بکەین؛ مەگەر ئەو کاتە نەبێت کە میتافیزیکا گەیشتبێتە کۆتایی. بەم پێیە ئێمە ناتوانین پەی بە گەوهەری میتافیزیکا بەرین، مەگەر لە دۆخێکدا کە ئەم گەوهەرە خۆی (ڕوون بێتەوە)و ئەم گەوهەرەش بە تەنها کاتێک ڕوون دەبێتەوە کە گەیشتبێتە کۆتایی. بە بڕوای هایدگەر لە فەلسەفەی نیچەدا



میتافیزیکا گەیشتووەتە کۆتایی، لەو ڕووەوە کە فەلسەفەکەی نیچــە هزری نیهیلیزمــەو قوولترین گەوهــەری میتافیزیکاش خــودی نیهیلیزمــە. وەکو هایدگەر دەڵێت (مێــژووی نیهیلیزم مێژوویەکــە کــە تیایــدا بەهیچ جۆرێک قســە لەســەر بوون ناکرێت)، ئەم مێژووەش وەکو (فەرامۆشیی بوون) لە ڕاستیدا هەمان مێژووی میتافیزیکایە.

بەمجــۆرە، بــە بۆچوونــی هایدگــەر، خۆرئــاوا بــە تەنها ســەرزەمینی میتافیزیــکا نییــە، بەڵکــو ســەرزەمینی کۆتایی میتافیزیــکاو ئاوابوونــی (بوون)یشــە. بــە واتایەکــی دی، لە ســەردەمی ئەفلاتوونــەوە تــا نیچــە؛ میتافیزیکا مەســەلەی بنەڕەتیــی فەلســەفەی پشــتگوێ خســتووە کــە مەســەلەی (بــوون)ەو بە تەنها بایەخی بە (بوونەوەرەکان) داوە، واتە بە هەموو شــتەکانو ئەوانەی هەن. کەواتە هایدگەر بیرمەندێکە کە گرنگی بە سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی هزری ڕاستەقینەو ڕەسەنی (بوون) داوە.

قوولتریــن بزاوتی هزری ئەو، خســتنەڕووی مەســەلەی بنەڕەتیو مەســەلەی ســەرەکییە، واتە ئەو مەســەلەیەی کە پایــەو بنچینەی هەموو مەســەلەکانی دیکەیە. ئەو لەمەشــدا پشتی بەو میتۆدە بەست کە (ئەدمۆند هۆسێرل)ی مامۆستای دایمەزرانــد، ئــەم میتــۆدە فەلســەفیە کــە پێــی دەوترێــت (دیاردەناســی) (Phenomenologie) هــەوڵ دەدات بــۆ خودی شــتەکان بگەڕێتەوە، بەبێئــەوەی بۆ ڕوونکردنەوەیان پەنا بۆ شــتێکی تری جگە لە خۆیان بەرێت. کەواتە هایدگەر لەڕێی بردنە ژێر پرسیاری دیاردەی (بوون)ەوەو بەبێئەوەی بــۆ (بوونــەوەر) بگەڕێتەوە، ئــەم میتۆدی دیاردەناســییە بۆ




(بوون) بەکاردەهێنێت.

بۆیە بۆ گەیشــتن بــە تێگەیشــتنێکی ســەرەتایی (بوون)، هایدگەر شیکردنەوەیەک بۆ (بوونەوەر) دەکات. بە بۆچوونی ئــەو بــە تەنها یــەک (بوونەوەر) هەیــە کە بــەردەوام لەگەڵ مەســەلەی (بــوون)دا ڕووبــەڕوو دەبێتــەوەو دەتوانێــت بۆ ڕوونکردنــەوەی ئــەم مەســەلەیە ببێتــە ســەرەداوێک، ئەو بوونــەوەرەش مرۆڤە، یــان بە دەربڕینێکی باشــتر بوونە لە ئێستادا –دازاین– (Dasein)، واتە ئەو وشەیەی کە دەقاودەق مانــای ئامادەبوونی هەنووکەیی (یا ئێســتایی) (Da)ی بوون (Sein) دەگەیەنێــت. بــەم پێیە بوونــی هەنووکە (Dasein) خاوەنــی بوونێکــی تایبەتییە کە لــە هەموو بوونــەوەرەکان (etants)ی تــری جیا دەکاتەوە، لەبەرئــەوەی بەپێچەوانەی تــەواوی بوونــەوەرە زیندووەکانی ترەوە؛ مرۆڤ هەمیشــە دەگەڕێتەوە ســەر بوونی خۆی. بــە دەربڕینێکی دی، بوونی هەنووکــە (Dasein) بە تەنها نەزمێکــی خودیی نییە، بەڵکو بوونی هەیەو، هایدگەر لە کتێبەکەی خۆیدا کە ناوی (بوون‌و زەمــەن) (Sein und zeit)ە بەمجــۆرەو لــەم دەســتەواژە بەناوبانگەیــدا ئەم بیرۆکەیە بەیان دەکات: (گەوهەری بوونی هەنووکە لە بەرقەراربوونی دەرکەوتنیدا پەنهانە). لە ڕاستیدا ئەم دەســتەواژەیە لە دەســتەواژەیەکی دی دەچێت کە لەناو دڵی فەلسەفەی بوونگەرایی سارتەردایە: (بوون پێش ماهیەت –یا گەوهەر– دەکەوێت)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشــدا وشەی بوون (exsistence) لای هەریەکێک لە هایدگەرو ســارتەر مانای جیــاوازی هەیــە. ســارتەر چەمکــی (exsistence) بە مانا سوننەتیەکەی (exsistentic) شی دەکاتەوە کە بەرامبەر بە



چەمکی essentia دەوەستێتەوەو ئەو بەپێچەوانەی تیۆرەی کلاسـیکی ئایدیالیزمـەوە کـە دەڵێـت (گەوهەر پێـش بوون دەکەوێت) بـڕوای وایە کە (بوون پێـش گەوهەر دەکەوێت)، بەڵام بە بڕوای هایدگـەر (exsistence) یا بەرقەراربوونی دەرکەوتـن چەمکی پێچەوانەی (essence) یا گەوهەر نییە. بە بـڕوای هایدگەر (exsistence) واتە (ڕابوون لە جیهاندا بەمەبەستی بەدەسـتهێنانی حەقیقەتی بوون). بە دەربڕینێکی دی، هایدگـەر بڕوای وایە کە مـرۆڤ بوونەوەرێکی پەیبەرە بـە بوون، واتە بوونەوەرێکە کە لە بوون دەگات. بەم پێیە لە ڕوانگەی هایدگەرەوە مرۆڤ سەنتەری هزری فەلسەفی نییە، بەڵکو بوون لە سـەنتەری ئـەم هزرەدایە. بەمجـۆرە؛ بەلای هایدگەرەوە گرنگ بایەخدان بە مرۆناسـیی بکەر نییە، بەڵکو کەشفی بونیادی بووناسـی (ئۆنتۆلۆجیا)ی بوونەوەرێکە کە لە بوون دەگات. هایدگەر ئەم میتۆدی لێکۆڵینەوەیە ناو دەنێت (بووناسـیی بنەڕەتـی) (ontologie fondamentale). ئامانجی (بووناسیی بنەڕەتی) شیکردنەوەی بەرقەراربوونی دەرکەوتنی بوونی هەنووکەیی (Dasein)ە. کەواتە یەکەمین هەنگاو لە شـیکردنەوەی بوونی هەنووکەییدا؛ خسـتنەڕووی گەوهەری مرۆڤە وەکو توانستێکی بوون (Pouvoir- etre) یـا (فڕێدانە دەرەوە) یا (خسـتنە دەرەوە). بەلای (دازاین)ەوە بەرقەراربوونی دەرکەوتن (کە هاوواتای exsistence)ە لە جێی توانستی پەیبردنی خودە لە خستنە دەرەوەی شتێکدا کە دەتوانێت هەبێت. بە دەربڕینێکی دی، مرۆڤ لە جیهاندا وەکو بوونەوەرێکە کە لەڕێی خستنەدەرەوەی خۆیەوە دەگەڕێتەوە بـۆ خودی خۆی. کەواتە دازاین (یان بوونی هەنووکەیی) بەر





لە هەموو شتێک (ڕابوونە لە جیهاندا) (In der welt sein)، بـەڵام ئەو بـە تەنها ڕابوون نییە لە جیهانـدا؛ بەڵكو (ڕابوونە لەلای جیهانیشەوە). لەبەرئەوەی ئەو بەهۆی (سەرگەرمبوون) (یـا خەریكبـوون)ەوە لەگـەڵ جیهانـدا پەیوەندیـی هەیە. بە بۆچوونـی هایدگەر ئەم (خەریكبوون)ە سـەرەتا لە شـێوەی پەیوەندییەكدایە لەگەڵ ئامراز (outil)دا. دونیای خەریكبوون ئاسـۆیەكە كە تیایدا دازایـن ڕووبـەڕووی (ئامرازمەندی)ی شـتەكان دەبێتەوە. كەواتە ئامرازەكان توانسـتەكانی دازاین ئاشكرا دەكەن، بەڵام دازاین بە خستنەدەرەوەی توانستەكانی مانا بە شـتەكان دەبەخشـێت. بە واتایەكی دی، دازاین تەنها لەڕێی پەیبردن بە شـتەكانەوە دەتوانێت لەگەڵیاندا بەرەوڕوو بێتەوە.

كەواتە دازاین بەر لە هەموو شتێک لە جیهاندا (پەیبردن) یا (ئیدراک) دازاین لەڕێی پەیبردنەوە؛ دۆخ (situation)ی خۆی لـە جیهاندا دەرک دەكات، بـەڵام دوو ڕەفتاری دیكەش هەن كە لەڕێیانەوە دازاین بە جیهانەوە دەبەسـترێتەوە: یەكەمیان (ئامادەبوون)ە. (ئامادەبوون) دیاریكردنی بونیادێكە لە دازاین كە بۆی ئاشكرا دەكات كە ئەو لە جیهانێكدا كە بەر لەو بوونی هەبووە فڕێدراوەتە دەرەوە.

لەم جیهانە هەبووەدا، دازاین تێدەگات كە تەنیا نییە، بەڵكو لەگـەڵ ئەوانی تردایـە. كەواتە لەگەڵ هـەر دازاینێكدا (بوون لەگەڵ)ێـک هەیـە. ئەمەش وا پێویسـت دەكات كـە دازاین لە ژیانـی ڕۆژانەیـدا بكەوێتە ژێـر كاریگەریـی ئەوێكی ترەوە، واتە ژێر ڕكێفی (ئێمە)یەكی ناشەخسـیەوە كە بێ ئەرزشـیی خۆی بەسـەریدا دەسـەپێنێت. لەو ڕووەوە كـە دازاین لەنێو



جیهانی (ئێمە)دا گیری خواردووە، هیچ جۆرە ڕەسەنایەتیەکی نییـــە، بەڵام بە بڕوای هایدگەر بەرامبەر بەم ناڕەســـەنایەتیە؛ ڕەســـەنایەتی (Eigentlichkeit)ەک هەیـــە. دازاینی خاوەنی ڕەســـەنایەتی (یـــان بـــە واتایەکـــی دی، بوونی ڕەســـەن-و-) کەسێکە کە خاوەنی خۆیەتی.

ســـێیەمین بونیـــادی دازاین (قســـە)یە. بە بـــڕوای هایدگەر قســـەکردن بناغـــەی هەمـــوو جۆرەکانـــی زمانـــە، تەنانـــەت بێدەنگیش. لەبەرئەوەی مرۆڤ ئەو شـــتەیە کە قســـە دەکات، بۆیـــە هەر چۆن دازاینێک هەیە ڕەســـەن نییـــەو لەژێر ڕکێفی (ئێمە)دایە، ئەوا (قســـە)ش هەیە کە ڕەســـەن نییـــەو هایدگەر نـــاوی دەنێـــت (چەنەبـــازی) (Bavardage). لـــە جیهانـــی (ئێمە)دا چەنەبازی باڵادەســـتە، لە کاتێکدا لە دەڤەری دازاینی ڕەســـەندا؛ قســـەی ڕەســـەنی وەکو شیعر باڵادەســـتە. لێرەدا هایدگەر ئەنجامی هەموو شـــیکردنەوە فەلسەفیەکانی دازاین کۆدەکاتەوەو بونیادی بنەڕەتیو ســـەرەکیی بوونی هەنووکە (یان دازاین) وەکو (نیگەرانی) (Diesorge) پێناســـە دەکات، لەبەرئەوەی (نیگەرانی) هەموو بونیادەکانی دیکە کۆدەکاتەوە. نیگەرانـــی بوونـــی دازاینـــە، چ لـــە ڕووە ڕەســـەنەکەیو چ لە ڕووە ناڕەسەنەکەیشدا. جیهانی دازاین جیهانێکە کە لەڕووی نیگەرانییـــەوە لەگـــەڵ جیهانەکانـــی تـــردا پەیوەندیـــی هەیـــە. هایدگـــەر دەڵێت: «ژیان نیگەرانییە»، بەڵام ژیان (سام)یشـــە. (ســـام) هەژانێکی بنەڕەتییە کە بەهۆیەوە مرۆڤ بوونی خۆی بۆ ئاشـــکرا دەبێت. لێرەدا هایدگەر جیاوازیی لەنێوان (سام)و (تـــرس)دا دەکات. تـــرس ترســـە لە شـــتێک، بەڵام (ســـام) بە شـــتێکی دیاریکراوەوە پەیوەندیدار نییە. هایدگەر دەنووسێت:



(ئەوەی کە (ســام) وەکو ســام ئاشکرا دەکات، خودی جیهان خۆیەتــی). (ســام) نەبــوون ئاشــکرا دەکاتو بەرامبــەر بەم دۆخــەش مــرۆڤ گوێڕایەڵــی نارەســەنێتیی ژیانــی ڕۆژانە دەبێت، بەڵام (سام) بە مردنیشــەوە پەیوەندیدارەو مەرگیش شــتێکە خاوەن ڕەســەنایەتی، لەبەرئەوەی دازایــن (ڕابوونە بۆ مەرگ) کەواتە ئــەوە قبوولکردنی مەرگە کە دازاین لەژێر ڕکێفی (ئێمە) (dasman) دەردەهێنێتو توانای وجودییانەی تایبەتیی بۆ ئاشکرا دەکات. کەواتە بەرقەراربوونی دەرکەوتن لەگەڵ ڕەسەنایەتیدا بریتیە لە ژیان لە حزووری مەرگدا، یان (ئــازادی بۆ مــەرگ) (Freiheit- Zum- Tode). بەمجۆرە مەرگ ئیمکانەکانی دازاین شیاو دەکاتو دەبێتە هۆی ئەوەی کــە خۆیــان لە ڕاســتیدا چۆنن ئاوا ئاشــکرا بن. ئــەم جۆرە تێڕوانینەش بۆ مەرگ، تایبەتمەندێتیی زەمەنیی دازاین ڕوون دەکاتەوە. دازایــن لەڕێی فراوانکردنی بونیــادی مەرگەوە لە زەمەندا، مانای بوونی خۆی دەدۆزێتەوە.

ئامانجی ســەرەکیی کتێبەکەی هایدگەر کە بوونو زەمەن (ein und zeit)و تا ئێستاش لەسەر ئەو دواین، بەیانکردنی مانــای زەمەنیی دازاین نییە. وەکو هایدگــەر دەڵێت ئامانجی ئــەم کتێبــە (بایەخدانــە بە مەســەلەی بــوون بەشــێوەیەکی گشــتی). بەمجۆرە بابەتی کتێبی (بوونو زەمەن) بەبێئەوەی بەشێوەیەکی گشتی مانای بوون ڕوون بکاتەوە؛ بە ناتەواوی دەمێنێتــەوە. کەواتــە کتێبــی (بــوونو زەمــەن) کتێبێکــە کە نووســەرەکەی بەئەنقەســت سەرەداوی باســەکەی بەرداوە. هایدگەر دواتر لە کتێبی (نامەیەک سەبارەت بە هیومانیزم)دا باســی ئەو هۆیانــە دەکات کە وایان لێ کردووە پاشــماوەی





کتێبی (بوونو زەمەن) بڵاو نەکاتەوە. هایدگەر دەنووسێت: (کاتێک کتێبی (بوونو زەمەن) بڵاوبۆوە، سێیەمین فەسڵی بەشی یەکەمی کتێبەکە چاپ نەبوو، هەموو شتەکان لەو فەسڵەدان. ئەم فەسڵە بڵاو نەبۆوە، لەبەرئەوەی هزر وەکو پێویست نەیتوانی باس لەم (پێچو پەنا) (Kehre)یە بکاتو زمانی میتافیزیکا لە ئاستیدا کورتی دەهێنا). بەمجۆرە لە سەرەتاکانی دەیەی (١٩٣٠)دا، هایدگەر بەشێوەیەکی بنەڕەتیتر بایەخی بە لێکۆڵینەوەی سنووری دووبارە بناغە داڕشتنەوەی میتافیزیکا دا. لەم ڕووەشەوە مەسەلەی (مانای بوون)ی گۆڕی بە حەقیقەتی بوون. هایدگەر بە زمانێکی تازەو چەمکگەلێکی تازەو ڕۆحیەتێکی تازەوە دەستی بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە چوارچێوەی حەقیقەتی بوون کرد. ڕۆحیەتی پشت بە دەرەوە بەستنو ڕێڕەوی کەم تا زۆر عارفانەی هایدگەری دووەم، جێی ڕۆحیەتی سەلمێنەرانەو پڕ جۆشو خرۆشانەی هایدگەری یەکەمی گرتەوە. زۆربەی ڕاڤەکارانی هایدگەر، (هایدگەری دووەم) بەرامبەر بە (هایدگەری یەکەم) دادەنێنو کە باسی ئەو کۆڕەی دەکەن کە ساڵی (١٩٤٣) لەژێر ناوی (سەبارەت بە گەوهەری حەقیقەت) گرتوویەتی؛ وەکو دەقێکی میانەیی باسی لێ دەکرێت کە ڕۆڵێکی دوولایەنە دەبینێت. لەگەڵ ئەمەشدا، هەروەکو ئەلیکساندەر کویرەش دەڵێت: «ئەو دۆخەی کە (سەبارەت بە گەوهەری حەقیقەت) بۆ ئێمەی ئاشکرا دەکات، لە ڕاستیدا لە کتێبی (بوونو زەمەن)دا پێشتر دەستنیشان کراوە». بە واتایەکی دی، پرسیاری سەرەکیی بوونی بوونەوەر مەسەلەی حەقیقەتە. وەکو هایدگەر دەڵێت، حەقیقەتی بوون، حەقیقەتی بنەڕەتی یان گەوهەری حەقیقەتە.




گەوهەری حەقیقەت دانەپۆشـین‌و کرانەوەو گەشـەکردنە لە ئامادەبووندا. بۆ پێناسەکردنی حەقیقەتیش وەکو دانەپۆشین؛ هایدگەر دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی حەقیقەت لای فەیلەسووفانی بەر لە سـوکرات، واتە چەمکـی (aletheia). حەقیقەت وەکو (aletheia) واتە شـتێک کە لە فەرامۆشـی‌و حەشـاربوون هاتبێتە دەرەوە. بەم پێیە حەقیقەت هەمان ئەم دانەپۆشـینەیە. ئـەوەش کـە هایدگەر لە جێی حەقیقەتێکی مەنتیقی، شـێوەی بنەڕەتی‌و سـەرەکیی حەقیقەتی داناوە، بەر لە هەموو شتێک دەبێت وەکو هەوڵێک سەیر بکرێت لەپێناوی ڕێنومایی هزردا بۆ گەوهەری بوون. بەرامبەر بە تەواوی مێژووی میتافیزیکا؛ هـەر لە زەمانی ئەفلاتوونەوە تا نیچە. هەروەکو هایدگەریش دەڵێت: «میتافیزیکا هزرێکە کە لەگەڵ خستنەڕووی مەسەلەی (بـوون)دا؛ خێرا بوون بە فەرامۆشـی دەسـپێرێت‌و خۆی لە چوارچێـوەی بایەخـدان بـە (بوونـەوەر)دا دەهێڵێتـەوە». لەبەرئەوەی هەروەکو لە ناوەکەشـیەوە دیارە (Meta- ta- physika) میتافیزیکا گوزەرکردنە لە سروشت (Physis)ەوە بەرەو بوونەوەرێتـی (seiendheit)ی بوونەوەر، بەڵام لەم گـوزەرەدا، میتافیزیکا واز لە مەسـەلەی (بوون وەکو بوون) دەهێنێت‌و سـەبارەت بە بوونەوەر بیر دەکاتەوە. هایدگەر لە مێژووی میتافیزیکادا سێ قۆناغ لە یەکتر جیا دەکاتەوە. سەرەتا سەردەمی ئەفلاتوون‌و ئەرستۆ، پاشان سەردەمی ڕۆمەکان‌و سـەدەکانی ناوەڕاست‌و دواجاریش سـەردەمی فەیلەسووفە مۆدێرنـەکان (وەکـو دیـکارت‌و کانـت‌و نیچە). لـە ڕوانگەی هایدگەرەوە هەریەکێک لەم قۆناغانە هاوشانە لەگەڵ جۆرێک لە ونبوونی بووندا. هەر هەوڵێکی هایدگەریش بۆ گوزەرکردن





لــە میتافیزیــکاو تێپەڕاندنی؛ هاوشــانە لەگــەڵ لێکۆڵینەوەی کارەکانی یەکێک لە بیرمەنــدە گەورەکاندا. کەواتە، بە بڕوای هایدگەر، لــە میتافیزیکادا لە ڕۆژگاری ئەفلاتوونەوە، مەیلێک هەیە بۆئەوەی بوون بە فەرامۆشــی بســپێردرێ‌و ســەرەتا بوونــەوەر بخرێتــەڕوو. وەکو هایدگەر دەڵێت ئــەم مەیلە لە جیهانی تەکنیکداو لەوەشدا کە ئەو ناوی دەنێت (خستنەڕووی ماتماتیکیانەی سروشت) بەدی دێت. لە ڕوانگەی هایدگەرەوە، (خســتنەڕووی ماتماتیکیانــەی سروشــت) بــۆ یەکەمجار لە ســاڵی (١٦٢٣)دا خرایەڕوو، واتە ئەو دەمەی کە گالیلۆ کتێبی (سروشــت بە زمانی ماتماتیک)ی نووسی. لەگەڵ ئەمانەشدا، وەختێک هایدگەر باسی (تەکنیک) دەکات، مەبەستی ڕاڤەکردنی ئامرازە تەکنۆلۆجیەکان نییە. هایدگەر دەڵێت ئەم چاخەی ئێمە کە تەکنیکییە؛ لەبەرئەوە نییە کە ئامرازی تەکنیکی هەیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە؛ ئەو ئامرازە تەکنیکیانە بۆیە هەن؛ لەبەرئەوەی چاخەکەمــان تەکنیکییە. تەکنیک لای یۆنانیەکان دانەپۆشــینە، لەبەرئــەوەی بەرهەم (Production) بــە مانای (Poesis) دێــت، بەڵام وەکو هایدگــەر دەڵێت تەکنیکــی مۆدێرن بریتیە لە بزواندن‌و بەجۆش‌و خرۆشهێنان (Heraus- Fordern)، لەبەرئەوەی بەکاربردنی سروشت وەک هەوڵێکی سەراپاگیر وایــە. هایدگەر ئەم پێشــکەوتنی تەکنیکــی مۆدێرنە ناودەنێت (پشکنین) (Gestell). تەکنیکی مۆدێرن وەکو (پشکنین) تەنها لەو شوێنەدا باڵادەست نییە کە تیایدا سوود لە ئامێرو ئامراز وەردەگیرێت، بەڵکو (تــەواوی بواری چالاکیەکانی بوونەوەر (etant) دەگرێتەوە). کەواتــە بەگوێرەی بۆچوونی هایدگەر، ئەم چاخەی ئێمە، وەکو چاخی تەکنیک یان چاخی میتافیزیکای



کۆتایی پێهاتوو)، چاخی شڵەژانی زۆرە، واتە چاخێک کە چیتر خودا دێرینەکانی تێدا نەماوەو هێشتا خودا تازەکانیش پەیدا نەبوون. لەگەڵ ئەمەشدا بە بۆچوونی هایدگەر هەموو شتەکان لەدەست نەچوون. لەبەرئەوەی بە بڕوای ئەو ڕێک لەم دۆخی شڵەژانی هزرەدایە کە تێپەڕین لە میتافیزیکاو دەرچوون لە فەرامۆشیی بوون مەیسەر دەبێتو بۆ ئەمەش دێڕێک لە قەسیدەی (Patmos)ی (هۆڵدەرلین) بە نموونە دەهێنێتەوە کە دەڵێت: «وەلێ لەو شوێنەدا کە مەترسی هەیە، ڕزگارکەریش هەر لەوێیە». بە بۆچوونی هایدگەر فەلسەفە ناتوانێت جیهان بگۆڕێت، بەڵام بەئاسانی دەتوانێت لە بەرامبەر سیحری تەکنیکدا هاوچەرخەکانی بەئاگا بهێنێتەوە، بەڵام ئەمەش لەڕێی هزری مەنتیقیەوە وەدی نایەت، لەبەرئەوەی هەروەکو هایدگەر دەڵێت: «چیدی هزر لێپرسینەوەو شیکردنەوەو ڕوونکردنەوە نییە، دەبێت ڕێگایەکی خاکیانەتر بۆ نزیکی لە شتەکان ببینینەوە». ئەم ڕوانینو ڕەفتارە هەمان ئەو شتەیە کە هایدگەر ناوی دەنێت (Gelassenheit) (ئەم زاراوەیە یەکێکە لەو زاراوە تایبەتیانەی کە هایدگەر بەکاری دێنێتو بە دەقاودەقی هاوواتایەکی نییە، نە لە زمانی فارسیو نە عەرەبیو هەڵبەتە کوردیشدا، بەڵام وەکو مانا، دەکرێت بڵێین بە مانای حاڵەتی کەسێک دێت کە ڕۆحێکی پاکژو دەوڵەمەندی هەیەو پێویستی بە هیچ شتێکی دەرەوەی خۆی نییەو دەتوانێت (إستغناو) بکات لێیان. واتە هیچ پێویستیو نیازێکی پێیان نییە. لێرەدا بەشێوەیەکی کاتی وشەی (بێ نیازی) لەبری دادەنێین -وەرگێڕ-) بە بڕوای هایدگەر (بێ نیازی) چاوپۆشینە لە هەر ویستو حەزێک، لە هەر جۆرە



ئاسۆیەکی باڵاو هەر جۆرە باڵا نوێنیەکی شتەکان بۆ خود.
بــە دەربڕینێکی دی، بێ نیــازی لەڕێــی چاوەڕوانیەکەوە پەیــدا دەبێــت کە مرۆڤ بە بوونــەوە دەبەســتێتەوە. کەواتە بێ نیــازی ئاوەڵاکردنی بوارێــک (Gegend)ە کە ئامادەگی (Gegenwart) بــە شــتەکان دەبەخشــێتو تیایدا مرۆڤ لە ئەنجامــی توندوتیژیی ماناییــەوە پەیوەندیی بە شــتەکانەوە لەدەســت دەدات. بەمجــۆرە، بە بڕوای هایدگــەر حەز بە بێ نیازیکــردن؛ دەســبەرداربوون نییــە لــە جیهانو بــەرەو بێ خودایــی چوون، بەڵکو دۆزینــەوەی (ڕێگا) (Wege)یەکە. لە ڕوانگەی هایدگەرەوە هزر بەرلەوەی بەرەنجامی تێڕامان بێت، (ڕێگا)یەکە. هەر لەبەرئەمەش، هایدگەر لە کۆتاییەکانی ژیانیدا لافی کتێبنووســینی لێ نەدەدا، بەڵکو تەنها لافی خستنەڕووی ڕێگایەکی لێدەدا. هایدگەر لە ڕەوتیدا بەرەو حەقیقەتی بوون، پشــت دەکاتــە میتافیزیکاو ڕوو لــە شــیعرو کاری هونەری دەکات. لــە کۆڕێکیــدا بەنــاوی (زمــان) (Die sprache)وە کە لە ســاڵی (١٩٥٠)دا ســازی کرد، پێشــنیازی ئەوە دەکات کە دەبێت ســەبارەت بــە زمان واز لە پێناســەکردنی بێنینو لێگەڕێیــن تــا زمان خۆی خۆی بناســێنێت. هایدگــەر دەڵێت: «سەقامیگربوونی زمان وەکو گواستنەوەی نییە، بەڵکو وەکو ئــەوە وایە کە ئێمە خۆمان بۆ جێی بوونی ئەو بگوێزینەوە». کەواتە بەلای هایدگەرەوە مەسەلەکە ئەوەیە کە مرۆڤ بەرەو جێیەک بڕوات کە زمان بەڕاستی (دەربڕ) بێت.
بــە بڕوای هایدگــەر زمانی پەتــی بریتیە لە شــیعر، بۆیە دەبینین هایدگەر لەڕێی خوێندنەوەی شیعرەکانی (هۆڵدەرلینو تراکلو ستیفان جۆرجو ڕیلک)ەوە هەوڵ دەدات لە پشت هەر



لێکدانــەوەو شــیکردنەوەیەکەوە، ڕێگایــەک بۆ دڵی ســادەی دیــاردەی زمــان بدۆزێتەوە. وەکــو ئەو دەڵێت، شــیعر هیچ زانیارییەک ســەبارەت بە جیهان بەدەستەوە نادات، بەڵکو بە تەنها پەیڤێکی پەتی‌و سادەیە.

لەم ڕووەوەیە کە لەڕێی شیعرەوە زمان خۆی چۆنە ئاوەها ئاشکرا دەبێت. زمان لەڕێی شیعرەوە دەپەیڤێت‌و بوون ئاشکرا دەکات. ئەو دەستەواژە بەناوبانگەی هایدگەریش هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێت؛ وەختێک دەڵێت: (زمان ماڵی بوونە)، واتە زمــان ئەو شــتەیە کە ڕێــگا بە بوون دەدات تــا ئامادە بێت‌و لای ئینســانەکان بمێنێتەوە. کەواتە بــوون وەکو دەرکەوتنی ئامادەگی (Ereignis) ناولێنانێکی ســەرەکی‌و بنەڕەتییە. بەم پێیــە بوونی زمان بنەڕەتەو ســەرەنجام هایدگەر ئەم دووانە لە یەک وشــەدا کــورت دەکاتەوە کــە ئەویــش (دەربڕین)ە. هایدگــەر دەنووســێت: ڕەگــەزی مرۆڤ توانای قســەی نییە مەگــەر هێندەی کە پەیوەســتە بە (دەربڕیــن)ەوە. کەواتە لە ڕاســتیدا ئەوە مــرۆڤ نییە کە قســە دەکات، بەڵکو زمانە کە لەناو مرۆڤدا قسە دەکات.

بەکورتی، تەواوی ئەو مەسەلانەی کە لەلایەن هایدگەرەوە بوونەتە جێی باس‌و لێکۆڵینەوەو ئێمە لێرەدا شیمان کردنەوە؛ کۆمەڵێک مەســەلەن کە بۆ هزرێک کە (لەگەڵ هایدگەردا)یان (دژ بــە هایدگــەر) بیــر دەکاتــەوە؛ گرنگن، بەڵام لــە هەموو حاڵەتێکدا ئەو هزرەی کە پاش هایدگەر دێت؛ چیدی ناتوانێت خۆی لە فەلســەفەکەی ئەو دوور ڕابگرێــت. ئەمە لەبەرئەوە نییە کە هایدگەر بــە تەنها وەکو ڕەخنەگری جیهانی مۆدێرن پیشــان بدرێت، بەڵکــو دەشــێ لەبەرئەوە بێت کــە هایدگەر



فەیلەسووفێکە کە لە هەموو فەیلەسووفەکانی تری ئەم چاخەمان زیاتر لە گەوهەری مێژووی هزرەوە نزیکەو لەگەڵ ئەمەشدا بە پەردەهەڵماڵین لەم گەوهەرەش هیچ پایەو بنچینەیەکی ئەقڵانی پێشنیاز ناکات. لە هزری هایدگەردا شوێنێ بۆ هیچ جۆرە گفتو وادەیەک نییە.

تاقە ڕێگایەک کە لەبەردەممانندا ئاوەڵا دەبێتو هایدگەر وەکو فەیلەسووفێک بانگهێشتمان دەکات بۆی، ئەوەیە کە وەکو بیرمەند ئەرکی خۆمان بەجێ بێنینو (لەڕێی هزرەوە لە ڕۆژگارمان تێبگەین).








# پۆڵ ڕیکۆر

# له هێرمنیۆتیکاوه تا سیاسه‌ت

گومان لەوەدا نییە کە (پۆڵ ڕیکۆر) گرنگترین فەیلەسووفی فەرەنسایی وەچەکەی خۆیەتیو یەکێکە لە نوێنەرە دیارەکانی هــزری هێرمنیۆتیــکا لــە جیهانی ئەمــڕۆدا. پۆڵ ڕیکــۆر کە خوێنەرێکــی ماندوونەناســی دەقــە فەلســەفیو ئاییــنیو ئەدەبییەکانــەو هەروەهــا لە ئاســتی تــەواوی فەیلەســووفە گەورەکانی ئەم سەردەمەدایە، لە مەیدانی فیکری هاوچەرخدا پێگەیەکــی تایبەتــی هەیــە. ڕەســەنایەتیو تایبەتمەندیی ئەم پێگەیــەی ڕیکــۆر بە تەنها ڕەگــی لە کارەکانیــدا دانەکوتاوە، بەڵکــو بەرفراوانــیو جۆراوجۆریێتیی ئەو کارانــەش ڕۆڵیان لــەم مەســەلەیەدا هەیــە. هەرچەنــدە ناوبانگــی ئــەو زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شــتانەی دەربارەی سیمبۆلیزمی ئایینیو دەروونشیکاریو هێرمنیۆتیکا نووسیونی، بەڵام ئەو بەردەوام بایەخی بە بوارەکانی هزری هاوچەرخ- لە تیۆرەکانی مێژوو و فەلسەفەی شیکارییەوە بگرە تا تیۆرەکانی کردارو لێکۆڵینەوە لە کتێبی پیرۆزو تیۆرەی ئەدەبیو دیاردەناســیو فەلسەفەی سیاسی- داوە.

پــۆڵ ڕیکۆر بــە ڕەچاوکردنی ئــەوەی لەنێــوان کراوەیی ئاســۆو داخراویی سیســتمدا هەیە؛ بەردەوام وەکو یەکەمین ڕێگەچارە لایەنی فەلســەفەیەکی فرەچەشــنو چەند لایەنەی



گرتــووە، فەلســەفەیەک کــە گفتوگــۆی بەپیــت دەخاتە جێی مشتومڕی زڕو بێفەڕەوە.

بــە بڕوای ڕیکۆر- هەروەکو شــارل پگی- لە فەلســەفەدا مەســەلە ئەوە نییە کێ لەســەر هەقەو کێ لەســەر هەق نییە، هەیــدێ ئەوەی کێ لەســەر هەقە بەرامبەر بە کەســێکی دی. بــە واتایەکــی تــر، دەتوانین بڵێین کــە هزری ڕیکــۆر بریتیە لــە گفتوگۆیەکی بــەردەوامو هەمیشــە لە حاڵەتــی تێڕاماندا لەنێــوان خوێنەرێکــی وردو بیرمەندێکــی بەرپرســیاردا، کە ڕەوتی پەیوەندیی فەلســەفی وەکــو گەڕانێکی گەورەو بەپیت ڕادەگرێت.

لــە ڕاســتیدا وێنــەی (پەیجــۆر) (ئــەوەی بەدوای شــتدا دەگەڕێــتو لێی دەکۆڵێتەوە-و) هاوشــانی یەکەمین هەنگاوە فەلسەفیەکانی پۆڵ ڕیکۆر بووە.

لە لاپەڕە یەکەمەکانی یەکەم کتێبیدا ئەم وێنەیە دەبینینەوە، ئەو کتێبەی کە تیایدا دەرگای گفتوگۆ نەک مشــتومڕ لەنێوان فەلسەفەی نهێنیی (گابریل مارسیل)و فەلسەفەی (پارادۆکسی کارل یاســپەرز)دا دەکاتەوە. خۆ ئەگــەر لاپەڕەکانی کتێبێکی تــری ڕیکۆریش هەڵبدەینــەوە، بۆ نموونە کتێبــی (جیاوازیی لێکدانــەوەکان)، دیســانەوە لــە یەکەمین ڕســتەی کتێبەکەدا هزری پەیجۆری (گەڕان) دەبینینەوە.

ڕیکــۆر دەنووســێت: (باســی مــن لێــرەدا پەیجۆریی ئەو ڕێگایانەیــە کــە لەڕێیانــەوە دەکــرێ پەیوەندیی مەســەلەی هێرمنیۆتیــکا بــە میتۆدی دیارەدەناســی ببینیــنو، بە ڕووی فەلسەفەی هاوچەرخدا بکرێنەوە).

ڕیکــۆر لــەم دەقــەدا بــۆ بەســتنەوەی هێرمنیۆتیــکا بــە





دیاردەناسـییەوە دوو ڕێگای شـیاو لە یەکتـر جیا دەکاتەوە: یەکێکیـان ئەو ڕێـگا کورتەیە کە هایدگەر لـە کتێبی (بوون‌و زەمەن)دا هەڵی دەبژێرێت‌و ئەوی تریشـیان ڕێگایەکی درێژە کە خـۆی گرتوویەتیە بەر. بۆ پاسـاوهێنانەوەی هەڵبژاردنی ئەم ڕێگادرێژەش تێزی (هێرمنیۆتیکا گشـتی) پێشنیاز دەکات کە ئەرکی کۆکردنەوەی تەواوی لقەکانی هزرە.

ڕیکـۆر لەڕێـی نیگەرانیەوە بۆ پاراسـتنی گفتوگۆ لەنێوان فەلسەفەو زانستە مرۆییەکان‌و ڕەتکردنەوەی دژایەتی لەنێوان ڕوونکردنەوە (expliquer)و تێگەیشتن (compcendre)دا ڕەسـەنایەتیی فیکـری‌و بەشـداریی فەلسـەفیانەی خۆی لە بواری لێکۆڵینەوەی هێرمنیۆتیکیدا پیشـان دەدات. ئەو دەڵێت: «ڕوونکردنەوەی زیاتر، تێگەیشـتنی باشـترە». ئەم فۆرمەلە بـە چاکـی نیگەرانیـی هەمیشـەیی ڕیکـۆر بۆ سـەرلەنوێ بەهەنووکەییکردنـی ڕوانینی فەلسـەفیانەی لە ئاسـت بوارە نوێیەکانی لێکۆڵینەوەدا پیشـان دەدات. ڕیکۆر سـەرقاڵییەکی تری فەلسەفیشـی هەیە کە ئەویش ورد شیکردنەوەی شتێکە کـە ئەو ناوی دەنێت (ئۆنتۆلۆجیـای گەواهی) (attestation ontologique)، واتە جیهانێکی ئەپیستمۆلۆجی کە بەهۆیەوە (دیاردەناسـیی خـود phenomenologie dessoi)بەرەو جۆرێک لە (ئۆنتۆلۆجیای کـردار ontologie de laction) دەڕوات. دیالەکتیکی بەرکاربوون- کارایی، کە تیایدا پەیوەندی لەگەڵ (ئەویتر)دا وەکو توخمێکی خولقێنەری ئاستی جیاوازی بونیادی (خود) بەدەر دەکەوێت، لەسەر ئاستی کردار بەرگێکی تـازە مانای ڕاسـتەوخۆی تراجیک‌و کاریگەر دەپۆشـێت. لە ڕوانگـەی ڕیکۆرەوە مرۆڤی پـڕکار (کارا) مرۆڤێکە کە ئازار




دەچێژێتو لەسەر ئاستی گێڕانەوە، گەواهی ئازارچەشتنو، بێ توانایی لە گێڕانەوەو خۆپاراستنە لە گێڕانەوە. مرۆڤێک کە لەسەر ئاستی بیری ئاکاری بێ بەهاکردنی خۆیو بێزاربوونە لەوی تر. ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە ڕیکۆر بەهابەخشین بە خودو بێزاری لەوی تر بە دوو شتی پێکەوەبەستراو ببینێت. لەم ڕووەوە، بە بڕوای ڕیکۆر، ویژدانی ئاکاری (یا ئەخلاقی) نیشانەی بەناوەوەییکردنی (کەسانی تر)ە لە ڕێزگرتن لە خوددا. بەم پێیە، بە بۆچوونی ڕیکۆر بەرکەماڵیی ئۆنتۆلۆجیا زانینی ئەوە نییە کە وەکو هایدگەر دەڵێت ئایا (لەناوچوونی میتافیزیکا) وەدی هاتووە یان نا، بەڵکو زانینی ئەوەیە کە ئایا لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ (دیاردەناسیی خود)دا بەستراوە بە هەر سێ ئاستی (وەسف)و (گێڕانەوە)و (ڕێدان بە کردار)ەوە، دەکرێت کام دەستەیە لە سەرچاوەکانی بوونناسی (یان ئۆنتۆلۆجیا) ببزوێنرێت و سەرلەنوێ ببوژێنرێتەوە؟ وەک ئەنجام، لە ڕوانگەی ڕیکۆرەوە، بوونناسی زیاتر لە سەرزەمینێکی وادەدراو دەچێت نەک لە پارچە زەوییەک کە بەزۆر داگیریان کردبێت. ڕیکۆر دەڵێت: «لای فەیلەسووفێک کە لە زمانو هزرەوە دەست پێ دەکات؛ بوونناسی وەکو سەرزەمینێکی وادەدراوە، بەڵام بکەری قسەکەرو بیرکەرەوە، هەروەکو حەزرەتی مووسا (د.خ)؛ بە تەنها پێش مردن دەتوانێت ئەوە ببینێت». کەواتە ئامانجی ڕیکۆر ئەوە نییە کە فەزایەکی ئۆنتۆلۆجیانە بەدەست بهێنێتو وەکو مەعریفە بە بوون تەماشای بکات، بەڵکو ئامانجی پەیبردنی مرۆڤە لە بوونی خۆیدا؛ بەگوێرەی لایەنە وجودییەکانی بوونێک کە بووەتە مایەی لێکدانەوە. بەم پێیە، فەلسەفەی پۆڵ ڕیکۆر





جۆرێکە لە مرۆناسی کە خۆی لەناو مەسەلەکانی خۆیدا؛ یان لەناو بیرکردنەوە لە چوارچێوەی نەریتی بوونناســیدا قەتیس ناکات، بەڵکو ڕوو لە بواری تری وەکو فەلســەفەی سیاسیش دەکات؛ تا ئامرازی پێویســتی ئەنجامی کاریان تیا بدۆزێتەوە. لێرەدایە کە ئەو پشت بە کارەکانی بیرمەندانێکی وەکو (ئەریک وایلو هانا ئارێنت) دەبەستێت.

ئــەوەی ڕیکۆر لــە (ئەریک وایل)ی وەردەگرێت، ســەرەتا مەسەلەی مرۆناســی (ئەنترۆپۆلۆجیا)ی توندوتیژییە، ڕیکۆر بــە پشتبەســتن بە ئەریک وایــل هەوڵ دەدات ســنوورەکانی سیاسەت لەناو مەســەلەی خراپەدا دیاری بکات. لێرەدایە کە هزری ڕیکۆر لەگەڵ هزری هانا ئارێنتیشــدا یەک دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی بیرکردنەوە سەبارەت بە (خراپە) وەکو هەڵدێری سیاســەت، بە پێویســت توانــای گۆڕینی ماهیەتــی مرۆڤمان وەبیــر دێنێتەوە لە حکومەتــە تۆتالیتارەکاندا، بەڵام ڕیکۆر لە شیکردنەوەی سیاسیدا زیاتر دەڕوات، چونکە لەجیاتی ئەوەی ئــەوە ڕابگەیەنێت کە بەهۆی ئەو خراپەیەوەی کە سیاســەت لەناو دەبات یۆتۆپیا کۆتایی پێ هاتووە؛ ئەوە ڕادەگەیەنێت کە (خراپەی بنەڕەتی -یا سەرەکی-) نەیتوانیوە تەواوی ئابڕووی ئەقڵانیەتی سیاســی بڕوشێنێتو دەشێ تەنها (ئامانج)ی ئێمە سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی ئایدیالی هاووڵاتێتی بێتو بەس. بەواتایەکــی دی، ئەو نەفرەتەی کە لە مێــژووی هاوچەرخدا لــە هەندێک ڕووداوی سیاســیی وەکو (ئاشــڤایتس یاگۆلاگ) دەکرێت- ئەو ڕووداوانــەی کە نابێت هەرگیز لەیاد بچنەوە- لای ڕیکۆر ناتوانێت (یونیڤێرسالێتیی مرۆیی Universality humaine) ڕەت بکاتەوە، ئەو بیرۆکەیەی کە چەمکی ئاکاری




سیاسەتمان بۆ دەخاتەڕوو.

ڕیکۆر دەڵێت: «ئاکاری سیاسەت بە تەنها ئەو شتانە لەخۆ دەگرێت کە بۆ داهێنانی فەزای ئازاد کۆمەک دەکەن». ئەو وای نابینێت کە ئاکاری سیاسی یەکسانە بە ئاکاری ڕابەرە سیاسیەکان، یان ڕێسای ئاکاریی کردەوە سیاسیەکان، بەڵکو ئەو ئاکاری سیاسەت لە ناوجەرگەی سیاسەت خۆیدا جێی بۆ دەکاتەوە تا بەمجۆرە لایەنگیری لە ماناکەی بکات. لێرەدا دەگەینە تەوەری بنەڕەتیی هزری سیاسیی پۆڵ ڕیکۆر کە ئامانجی دۆزینەوەی وەڵامێکە بۆ مەسەلەی ناودژێتیی سیاسەت. وەکو ڕیکۆر دەڵێت: «مێژووی مۆدێرنیتە ئەوەمان پیشان دەدات کە لە قووڵترین (مەیلە سیاسیەکان)ەوە قووڵترین‌و خەتەرناکترین (خراپەی سیاسی) سەرچاوە دەگرێت».

بەڵام خراپەی سیاسی بەپێویست بە مانای سیاسەت نایەت؛ بەڵکو بەرەنجامی دەسەڵاتی سیاسییە. هەروەکو ڕیکۆر دەڵێت دەسەڵاتی سیاسی لە سیاسەت جیا نییە، لەبەرئەوەی یەکێکیان بە مانای ڕێکخستنی ئەقڵانیانەی کۆمەڵگا دێت و ئەوی تریشیان بە مانای بڕیاردان لەوبارەیەوە. کەواتە (خراپەی سیاسی) ئەنجامی ئیرادەی دەسەڵاتی سیاسی –واتە دەوڵەت- ە، کە بە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگا، ڕەوتی مێژووی ئادەمیزاد دەگۆڕێت. لێرەوە دەگەینە پەیوەندیی نێوان مێژوو و سیاسەت.


ئاماژەکردنی ڕیکۆر بۆ مێژوو بە مانای بایەخدانی ئەو دێت بە توانای بەردەوامیی زەمەنی‌و بەردەوامیی کۆمەڵگای سیاسی‌و گرنگیدانە تایبەتیەکەشی بە مەسەلەی زەمەن‌و





شـێوەی ڕاڤەکردنەکەشـی هەر لەم مەسـەلەیەوە سەرچاوە دەگرێـت. بە واتایەکی دی، ئامانجی ڕیکۆر لە خسـتنەڕووی بابەتی زەمەن تێگەیشتنی مەبەستو مانای مێژووە کە وەکو ئەو دەڵێت شێوە سیاسییە جیاوازەکان مەحکەمبوونی مانایی دەخەنە مەترسییەوە، بەڵام بیرکردنەوە سەبارەت بە گۆڕینو گۆڕانـی مێـژوو، لە توانای گێڕانـەوەی مێژوو دابـڕاو نییە. بەمجۆرە، ئەم بوونناسییە فرەگەرایەی ڕیکۆر دەکەوێتە نێوان فەلسەفەی کردارو هێرمنیۆتیکاوە. لە سیستمە فەلسەفیەکەی ڕیکۆردا لە بوونناسـیی کـردارەوە دەگەین بە هێرمنیۆتیکای بابـەت. بەواتایەکـی دی، فەلسـەفەی سیاسـەت ئێمە بەرەو هـزری مێژوو و زەمەنی مێژوو دەباتو لە مێژووشـەوە بە مەسەلەی تێگەیشتنی مێژوو و شێوەی گێڕانەوەی مێژوویی دەگەینو مێژووی ژیانی تاکە کەسو مەسەلەی تێگەیشتنیش خۆی لە خۆیدا ئێمە بەرەو هێرمنیۆتیکای بابەت دەبات.


لـەم قسـانەی پێشـوومانەوە دەگەینە ئـەو ئەنجامەی کە فەلسەفەکەی ڕیکۆر بەر لە هەر شتێک هزرێکی نادۆگماتیکو کراوەیە کە خۆی بە ڕووی بوارە جۆراوجۆرەکانی مەعریفەدا دەکاتەوە. دەتوانین فەلسـەفەکەی ڕیکۆر بە بوونناسـییەکی فرەگـەرا دابنێین کە بەپێچەوانەی هەمـوو جۆرە تیۆرەیەکی لەپێشـدا دیاریکـراوو یەکەخـوازەوە؛ بـۆ پرسـیارکردن سـەبارەت بـە ئەزموونە مرۆییـەکان لە بواری سیاسـەتو ئـاکارو زمانو جوانناسـیدا هانمـان دەدات. کەواتە دەتوانین بڵێین کە فەلسەفەکەی ڕیکۆر لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ مەسـەلەی ئەزەلێتیی خراپەو قەیرانەکانـی ئەمڕۆی جیهاندا، ئـەو وا لێ ناکات جۆرێـک لە ئاکاری نەرێیـیو گومانکارانە



بخاتــەڕوو، بەڵكو بەپێچەوانەوە، ئەو دەخاتە ئاســتی یەكێك لە گرنگترینو دیارترین تەوەرەكانی جوگرافیای ڕۆشنبیریی ئەمــڕۆی خۆرئاواوە كە هزری تەقەللایەكە بۆ وەڵامدانەوەی هەندێك مەســەلەی بوونناســی كە فەلســەفە بەدەســتیانەوە گرفتارە.









# ئەقڵگەرایی ڕەخنەیی لای
# کارل پۆپەر

تا بیست ساڵ لەمەوبەریش ناوی پۆپەر نەک هەر لەناو خەڵکە خوێندەوارەکەی ئێراندا؛ بەڵکو لای بەشێکی زۆری کۆمەڵگای فەلسەفیو ڕۆشنبیریی ئێرانیش نەناسراو بوو. لە ڕاستیدا دەبێت جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەینەوە کە ئاشنایی کۆڕو کۆبوونەوەکانی ئەنگلۆساکسۆنیش بە هزری پۆپەر هێشتا لەچاو خۆیدا تازەیەو لە شەستەکان بەولاوەتر ناڕوات. تا ئەو دەمە فەلسەفەی پۆپەر بە بەراورد لەگەڵ بزاوتەکانی فەلسەفەی شیکاریو زمانناسی کە باڵادەستبوون؛ لە پەراوێزدا بوو و زۆربەی کاتیش تێگەیشتنو لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکرا، بەڵام وا دێتە پێش چاو کە زەمانە لە بەرژەوەندیی پۆپەرو (ئەقڵگەراییە ڕەخنەییەکە)یدا بووبێت.

بۆ سەلماندنی هەنووکەییبوونی فەلسەفەی پۆپەر دەتوانین چەندین بەڵگە ببینینەوە. بەر لە هەموو شتێک دۆزینەوەی گرنگیی کارەکانی پۆپەرە. ئەو کارانەی سەرنجی زانایانو سیاسەتمەدارانو فەیلەسووفانی بەلای ئەوەدا ڕاکێشاوە کە پۆپەر بە تەنها (تەکنیکسازێکی ئەپیستمۆلۆژیا) نەبوو، بەڵکو فەیلەسووفێکی گەورە بوو کە بەتوندی سەوداسەری پرسیاری فەلسەفی بوو سەبارەت بە زانست. هەروەها ئەو لەو کەسە دەگمەنانە بوو کە هەروەکو پریگۆژین (خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ) دەڵێت پێشنیازی دەکرد یەکێتییەکی تازە



لەنێوان فەلسەفەو زانستدا لە جیهانی ئەمڕۆدا بێتە ئاراوە. واتە پێشـــنیازی ئەوەی دەکرد فەلســـەفەیەکی یەکپارچەو یەکبوو بێتــە ئاراوە کــە هزری ســـەرەکیو ئامانجی بانگەشـــەکردن نەبێــت بــۆ وەدیهێنانی سیســـتم، بەڵکو هەڵوەدای ڕاســـتیو دروســـتیی گــەڕان بێت بــەدوای حەقیقەتــدا. لە کاتێکیشـــدا کــە ئەقــڵ بەنــاوی پاشــنوێگەرایی (پۆســـت مۆدێرنیــزم) یا بونیادهەڵوەشـــێنیەوە بووەتە نیشـــانەیەک بۆ گەلێک هێرش، دەکرێــت ئەقڵگەراییــە ڕەخنەییەکــەی پۆپــەر کاریگەرتریــن شێواز بێت بۆ بەرگریکردن لە ئامانجی ئەقڵ، لەبەرئەوەی لە ڕوانگــەی پۆپەرەوە ئەقڵ بە تەنها لەڕێی ســـوودوەرگرتن لە گفتوگۆو مشـــتومڕی ڕەخنەییەوە بەرامبەر بە دۆگماییبوونی فەلســـەفەو لەخۆباییبوونی ئایدیۆلۆژیایەکەوەیە کە دەتوانین پێناســـەی بکەیــن، هــەر لەبەرئەمــە لــە بــواری فەلســـەفەدا ئەقڵگەرایــی پۆپــەری لەنێــوان دوو شــێوەی توونــدڕەودا، واتــە لەنێــوان ئەزموونگەرایــی پۆزەتیڤــیو ڕێژەگەرایــی گومانکارانـــەدا میانەیــەک دەبینێتەوە. ئەو دەیســـەلمێنێت کە زانســـتو زانین بەبێ بناغەیەکی پۆزەتیڤیزمانەو تەنها لەڕێی لابردنی هەڵــەوە دەتوانێت هەبێتو پێــش بکەوێت. هەروەها ئــەو پەیوەندییەک لەنێــوان ئەقڵانیەتی زانســـتیو ئەقڵانیەتی سیاسیدا دروست دەکات، لەو ڕێیەوە پیشانی دەدات کە ئەم دووانە بریتین لە هۆشیاری بەوەی مرۆڤ قابیلی هەڵەکردنە، بۆیە ئەم هۆشـــیارییە پێویستی بە ئەفەرۆزکردنی ئەو بیروڕا توندڕەوانەیە کە وێڵی دوای یۆتۆپیان، ئەم بیروبۆچوونانەی کە بەڕای پۆپەر زەمینەیەکی گونجاون بۆ دۆگماتیزم. هەروەکو (بریان ماگی) دەڵێت: «ئەگەر ئەم ڕایەی پۆپەر ســـەبارەت بە





زانست ڕاســت بێت، ڕای ســەبارەت بە فەلسەفەی سیاسیی زانستیش ڕاســتەو یاخیبوون دژ بە ئەقڵو زانست کە ئەمڕۆ لە دونیادا بایەخی پێ دەدرێت، لە ڕاســتیدا یاخیبوونە دژ بە مانا درۆکانی زانستو ئەقڵ».

بەواتایەکی دیو بەشێوەیەکی گشــتیتر، ئەپیستمۆلۆژیای پۆپەر تۆوی جۆرێک لە مرۆناســییە کە وەڵامە بۆ پرسیاری: (مــرۆڤ چییــە؟)و لەهەمانکاتــدا ئەمــەش خۆی بەشــێکە لە جۆرێــک لــە جیهانناســی کە وەڵامە بــۆ پرســیاری: (جیهان چییە؟) کەواتە ئەپیستمۆلۆژیاکەی پۆپەر هەم تەقەللایەکە بۆ دۆزینــەوەی گونجانێکی مێژووییو مانایی لەنێوان زانســتو دیموکراســیداو، هەم هەوڵێکە بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە هەڵوێستێکی فەرماندەرانەو پیرۆزیبەخشی سیاسیو زانستی، بەبێ نکوڵیکردن لە بەهاگەلێکی وەکو (پێشکەوتنو حەقیقەتو عەدالەت).

هەڵبەت پۆپەر خۆی لەو بڕوایەدایە کە (ناتوانین زانســتو حەقیقــەت بە یەک شــت بزانیــن، لەبەرئەوەی ئێمــە وای بۆ دەچین کە هەم بۆچوونەکانی نیوتن ســەر بە زانســتنو هەم بۆچوونەکانی ئینشتاین، بەڵام ناکرێت هەردووکیان دروستو ڕاســت بن، بەڵام دەشــێ هەردووکیان درۆو نادروست بن). لە درێژەی ئەم قسەیەشیدا شیعرێکی (گەزنۆفۆن) بە نموونە دەهێنێتەوە کە ئەمەیە:



سەرەتا خواوەندەکان هەموو شتێکیان بۆ ئێمە ئاشکرا نەکرد
وەلێ لەگەڵ گوزەری زەمانەدا دەتوانین لەڕێی گەڕانەوە
باشتر شتەکان فێر بین

بەڵام حەقیقەتی ڕەها؛ نە کەس زانیویەتیو نە کەسیش دەیزانێ نە ئەوەی سەبارەت بە خواوەندەکانەو نە ئەوەش کە سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەیە کە من لێیان دەدوێم، چونکە ئەگەر بە ڕێکەوت حەقیقەتی ڕەها بە زمانیدا بێت، خۆی نایزانێت، چون هەموو شتەکان لە مەزەنە چنراون، بەم پێیە تیۆرەکەی پۆپەر تیۆرەیەکی دیموکراتیکە، لەبەرئەوەی هیچ وێنەیەکی فەرماندەرانە (ئەمرو نەهیکەرانە) سەبارەت بە زانستێتی نادات بەدەستەوەو لە یەک بواردا قەتیسی ناکات. میتۆدۆلۆژیای پۆپەر تا ئەوپەڕی، ئازادیی داهێنانو گفتوگۆی نێوان لێکۆڵەرەوانو بۆچوونەکان؛ وەکو ئاکارێک بۆ دەزگای زانستی پێشنیاز دەکات.

بەم پێیە میتۆدۆلۆژیای پۆپەر بریتیە لە کۆمەڵێک ڕێسای گشتی کە ئامانجیان کردنەوەی دەرگاکانی شاری زانستە بەو ڕادەیەی کە پێویستە. هەربۆیە وەختێک پۆپەر زاراوەی ئەڵمانیایی (Forsehung) بۆ توێژینەوەی پرۆسەی ڕاستەقینەی زانست بەکار دەهێنێت، لەمەدا زیاتر گرنگی بە ڕۆحیەتی ڕەخنەگرانەی زانستو توانای بۆ ناسینەوە دەدا نەک بە داهێنانی پەتیی گریمانەیەک. هەر لەبەرئەمەشە کە ئەقڵگەرایی ڕەخنەییانەی پۆپەر نەک هەر بەرەو ڕێگای فەلسەفەی دۆزینەوەی زانستیمان دەبات (مانای زاراوە



ئەڵمانیەکە بەرەو ڕێگابردنە -و-)، بەڵکو ڕێ بۆ فەلسەفەی پێشکەوتنی زانستیش خۆش دەکات. کەواتە دەتوانین تیۆرەکەی پۆپەر بەجۆرێک لە تیۆرەی پەرەسەندن لەقەڵەم بدەین. هەڵبەت پۆپەر وەکو داروین نایەوێت بەدوای دروستبوونی ژیاندا بگەڕێت؛ بەڵام ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن بزاوتێکی پەرەسەندن دەتوانێت بەبێئەوەی نەخشەو بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەبێت؛ ئاراستەیەکی مەعقولی هەبێت؛ یان دەتوانێت لەناویدا ڕۆحێک بهێنێتە جووڵە. بەواتایەکی دی، بە بڕوای پۆپەر ئەقڵگەرایی ڕەخنەیی پێوانەی پێشوەخت apriori ی زانستی دروست ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە؛ هەموو بایەخێکی بە چاودێریی ئەزموونگەراییانەیە لەسەر گریمانەکان، بەو مانایەی کە مەزەنە تیۆرەییەکان بەردەوام دەچنە بەر مەحەکی ئەزموون.

بەواتایەکی دی، پێشکەوتنی مەعریفەی زانستی هەمیشە شوێن پێ هەڵگری بڕیارەکانی ئەقڵانیەتی ڕەخنەییە. گومان لەوەدا نییە کە پۆپەر ئاگای لە گرنگیی بزاوتی لێکۆڵینەوەیە، بەڵام ئەو گرنگیی زیاتر بەو ئەنجامانە دەدات کە لەنێوان تیۆرە نەیارەکاندا بەدەست دێت. لە ڕوانگەی پۆپەرەوە، کاتێک تیۆرەیەکی زانستی لای ئێمە حوکم (doxa)ی باوەڕ یان گریمانە پەیدا دەکات کە گفتوگۆی ڕەخنەیی بەسەریەوە چاودێر بێت. ئەزموون تاقە فاکتەرە کە دەتوانێت جیاوازیی لەنێوان تیۆرە بەیەک نەیارەکاندا بکات. هەر لەبەرئەمەشە پۆپەر دەنووسێت: (ڕۆبنسۆن کرۆزۆ لەو دوورگەیەدا نەیدەتوانی ببێتە خاوەن زانست، چونکە تەنانەت گەر بووبێتە خاوەن تیۆرەیەکیش کە ڕاست بنوێنێت، وا چاکترە ناوی



بنێین مەعریفەیەکی ئامادەو ئیلهامئاسـا نـەک مەعریفەیەکی زانسـتی ئەقڵانی، لەبەرئەوەی کەسـێک نەبوو تـا ڕەخنە لە ڕۆبنسـۆن کرۆزۆ بگرێت)، کەواتــە میتۆدۆلۆژیای دۆزینەوە لای پۆپەر میتۆدۆلۆژیای ئەقڵی ڕەخنەییە کە بەرامبەر هەموو ئایدیالەکانــی مەعریفەی ڕەهاو تەواوی ئەم ئەپیسـتمۆلۆژیا ئایدیالیسـتانەش کە مەسـەلەکانی واقیعو بەهاکان تێکەڵ بە یــەک دەکــەن؛ دەوەسـتێتەوە. میتۆدۆلۆژیای پۆپــەر لەگەڵ ئــەوەدا نییــە کــە جیهــان بریتــی بێت لــە زنجیرەیــەک پلە، لێرەشــەوە هەموو جــۆرە داوەرییەکی بەهاناسـیانە دەخاتە لاوە. بەمجــۆرە ئــەم میتۆدۆلۆژیایە هەروەکو (ڕادنیتسـکی) دەڵێــت: «فەزای جۆرە شۆڕشــێکی کۆپەرنیکیانــە لەبەردەم ڕوانینە فەلسەفیەکاندا والا دەکات. هەر لەبەرئەمەش دەتوانین ئەقڵگەرایــی ڕەخنەیی بەجۆرێک لە فەلسـەفەی ڕۆشـنگەری لەقەڵــەم بدەیــن، لەبەرئەوەی هەم بڕوای بــە فرەیی هەیەو هەم بــەوەی کە مرۆڤ قابیلی هەڵەکردنــەو هەم بە گۆڕانو پەرەســەندنی ئایدیاو تیــۆرەکانو هەم نائاییینیشــە». گەلێک لەو مەســەلانەی تری کە پۆپەر دەیانخاتە ڕوو پەیوەندییەکی نزیکیــان بەم بیروبۆچوونەوە هەیــە، بۆ نموونە جەختکردنی لەسەر پێویستیی بوونی جۆرێک لە فرەچەشنی لە قەڵەمڕەوی تیۆرە نەیارەکانداو باوەڕی بەوەی کە پێویســتە هەوڵ بدەین جیاوازی لەنێوان تیۆرەکانو کەسێتیی ئەو کەسانەدا بکەین کە ئــەو تیۆرانەیان هێناوەتە ئاراوە. لەبەرئەوەی دەکرێت ڕەخنە لە تیۆرەکان بگرین؛ بەبێئەوەی پێویســت بــە ڕەخنەگرتن لە داهێنەرانی ئەو تیۆرییانە بکاتو، بەتایبەتیش ئەو بیرۆکەیەی ئــەو کە پێویســتە تا ئەوپەڕی توانامــان تیۆرەکانمان بخەینە




ژێر ڕەخنەوە.

بــە بــڕوای مــن گرنگترین دەســکەوتی پۆپەر لــە بواری فەلســەفەی سیاســیدا خســتنەڕووی ئەو وێنەیــەی ماهیەتی ئەقلانیەتە کە ئێمە دەتوانین ئومێدمان بە ڕێکخستنی ئەقلانیانەی کۆمەڵگا هەبێت؛ بەبێئەوەی دووچاری ئەو خەوشــانە بین کە عادەتەن ئەو چەمکە لەخۆی دەگرێت.

پۆپەر لە بەرگریکردنیدا لە کۆمەڵگای کراوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێمە دەبێت فێر بین بەبێ بەرکەماڵی، بەبێ قەناعەت (لێرەدا مەبەســت لە قەناعەتی ڕەها بە شــتێکە- و. کــوردی)و لەگەڵ قەیــران (بە مانا ڕیشــەییەکەی کە Krisis واتــە بڕیار یان توانای هەڵوەشــاندنەوەیە)دا بژین. بە بڕوای پۆپــەر، کۆمەڵگای کراوە لەهەمانکاتدا کە مایەی پێشــکەوتنە، مایــەی شــڵەژانی تاکەکانیشــێتیو بەرپرســیاریی جیــاواز دەخاتە ئەســتۆیان. تایبەتمەندیی ســەرەکیی هزری سیاسیی پۆپــەر لەوەدایە کە ئێمە لە تــەواوی خەونەکانی بەرکەماڵیی کۆمەڵایەتی دادەبڕێت، ئەو خەونانەی کە لە زۆربەی کاتدا لە پراکتیکــدا دەگۆڕێن بۆ شــێوە جۆراوجۆرەکانی هۆڤیگەرایی (توحش).

هەر لەبەرئەمەش تەواوی بیروڕا سیاســیو ئەخلاقیەکانی پۆپــەر بەرگریکردنن لە ڕیفۆرم دژ بە شــۆڕشو لە ئازادیی تاکە کــەسو گفتوگۆی نێوان تاکەکان دژ بــە ئەقڵگەراییەکی عاتیفی یا عارفانە.

پۆپەر لێرەدا لەگەڵ (کانت)دا هاوبڕوایە کە دەڵێت: «کەس ناتوانێــت ناچارم بکات قەناعەت بــەو بەختەوەرییە بکەم کە لەگــەڵ ســەلیقەی ئەودا گونجــاوە». بەم پێیە هەر کەســێک



دەبێت خۆی بەختەوەریــی خۆی هەڵبژێرێت، لەبەرئەوەی بە ڕای پۆپەر شتێک نییە ناوی بەختەوەریی لە پێشدا دیاریکراو بێت. پۆپەر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ جۆرج ئەرباندا لە کتێبی (کۆتایــی ئیمپراتۆریــەت)دا دەڵێت: «من ســەبارەت بە ئاینده تــەواو بێلایەنم. ســەبارەت بە ئاینده هیچ جۆرە پێشــبینیەک ناکــەم، لەبەرئــەوەی مــن لەو بڕوایــەدام کە ئاینــدە کراوەو ئازادەو بەرگەی هیچ پێشبینیەکی دیاریکراو ناگرێت».

دەتوانین بڵێین کە پۆپەر لەم مەســەلەیەدا بڕوای وایە کە تاکە کەسی ئازادو سەربەست بوونەوەرێکی باڵایەو بەهاکانی بــەری کاری ئازادانــەی خۆیەتــی. مرۆڤێکــی لــەم چەشــنە گوێڕایەڵو ملکــەچ نییە، بەڵکو لەڕووی تیۆرەییو کردەییەوە سەربەخۆیەو بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی خۆی پشت بە ئەقڵی ڕەخنەگرانەی خۆی دەبەستێت. پێویست بە بیرهێنانەوە ناکات کە لە ڕوانگەی پۆپەرەوە بەدەستهێنانی ئازادییەکی لەم جۆرە بە تەنها لەڕێی فرەییخوازیو باوەڕهێنان بە یەک پێودانگەوە دەبێتە مایەی ئارامیی بیرو دڵی مرۆڤەکان، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم پێودانگە هەرچیەک بێت، بەهۆی نامرونەتییەوە، ڕاســتەوخۆ ڕووبەڕووی گۆڕانی پێشبینینەکراو دەبێتەوەو ئەوکات دەبێتە ئامرازێکی پاســاوهێنانەوە بۆ توندوتیژیو هۆڤێتیی چەشنی ئەوەی (پرۆکرۆست)ی ڕێگری ئەفسانەیی ئەفسانەکانی یۆنان ئەنجامــی دەدا. (ئەو هەر کەســێکی دەگرت لەســەر تەختێک پاڵی دەخســت، ئەگەر لە تەختەکە کورتتر بووایە ڕایدەکێشا، خۆگەر درێژتریش بووایە بە ئەندازەی تەختەکە سەرو قاچی دەبڕییــەوە)، واتە بــۆ گونجاندنــی بیروبۆچوونەکانی ئەمڕۆ لەگــەڵ ئەو نموونە دیاریکراوەدا کە لــە ڕابردوویەکی تێکەڵ





بە خەیاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کەسو بیروبۆچوونەکان لەسەر مێزی توێکاریی مێژوو لەتو پەت دەکات.

لە کاتێکدا فرەییخوازی لە ڕوانگەی پۆپەرەوە بڕوای بە فرەچەشنی لە ئامانجو مەبەستە دژە مرۆییەکانیشدا هەیەو، دەشزانێت کە ئەم ئامانجانە لەگەڵ یەکتردا لە کێبەرکێی بەردەوامدان، بەڵام یەکێتیی خوازی؛ لەبەرئەوەی بەپێچەوانەوەیەو، هەموو بەهاکان بە پێوانەیەک دەپێوێت، لە ئاست سەربەخۆیی مرۆڤەکاندا چاو دەنووقێنێت. لێرەشدا پۆپەر لەگەڵ کانتدا هاوبڕوایە کە ئادەمیزادەکان هەموو شیاوێتی (ئەهلیەت)یان تێدایە بۆ حکومەتی ئەقڵانیو توانای پێکهێنانی کۆمارییان هەیە. بەم پێیە بە بۆچوونی ئەو؛ ڕێگای گەیشتن بە ئازادیو کۆمەڵگای کراوە پراکتیککردنی ئەو میتۆدانە نییە کە لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەکاندان، بەڵکو کردەیەکە کە تاکە کەسەکان خۆیان لە سەرەتای دامەزراندنو گۆڕانەکانیدا هەن.

وەکو پۆپەر دەڵێت: «ئەقڵو لۆژیکو میتۆدی زانستی پێویستی بە کۆمەڵگایەکە کە کراوەو فرەچەشن بێتو لەناویدا تیۆرەگەلی ناتەباو نەفیکەری یەکدی هەبێت، مەبەستو ئامانجی جیاوازیان لێ بێتەوە. کۆمەڵگایەک کە هەموو کەسێک تیایدا ئازادە چۆن لە دۆخو مەسەلەکان دەکۆڵێتەوەو چ ڕێگەچارەیەک پێشنیاز دەکات، کۆمەڵگایەک کە هەموو کەسێک تیایدا مافی ئەوەی هەبێت ڕەخنە لە ڕێگەچارە پێشنیازکراوەکانی ئەوانی ترو لە هەمووشی گرنگتر لە دەوڵەت بگرێت، چ سەبارەت بە ئایندەو چ سەبارەت بە کارەکانی، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە؛ کۆمەڵگایەک کە



تیایدا سیاســەتەکانی دەوڵەت بەگوێــرەی ئەو ڕەخنانەی لێی دەگیرێن؛ بگۆڕێت».

پۆپــەر لەڕێــی پووچەڵکردنەوەیــەوە بــۆ ئــەو چەمکەی کە دەکرێت بەشــێوەیەکی زانســتیو بە پشتبەســتن بە یاسا مێژووییــەکان پێشــبینیی ئاینــدە بکەیــن، ئــەو چەمکە ڕەت دەکاتــەوە بۆ کۆمەڵگایــەک کە بەپێی نەخشــەو بەرنامەیەک بەڕێوە بچێــتو، دەڵێت کە مێژوو جگە لەو مانایانەی مرۆڤ پێی دەبەخشێت؛ هیچی تر نییە.

کەواتــە لــە ڕاســتیدا گەورەتریــن شــت کە پۆپــەر وەکو ڕۆشــنگەرێکی ئەمرۆیــی لەگــەڵ خۆیدا هێنای، لــە مێژووی فەلســەفەی ســەدەی نۆزدەهەمــدا؛ گشــتگیریەکەیەتی، واتە ســەدەیەکی ڕۆمانتیکو دژە ئەقڵ کە دەسکەوتەکەی ڕێبازی پەرستنی چەمکی میللەت بوو، سەدەیەک کە پرنسیپی فیکریی لافی دۆزینەوەی چەمکی مێژوو بوو، واتە پەیبردن بەو خاڵەی کە هەموو شتێک لە ژیاندا بەشێوەیەکی مێژوویی دەگۆڕێتو مێژوو هێزێکە کە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەڕوات.

پۆپەر بەباشــی ئــەو پەیوەندییــە دەبینێتەوە کــە لەنێوان عیرفانی مێژوویی سەدەی نۆزدەهەمو ڕێبازە تۆتالیتارەکانی ســەدەی بیســتەمدا هەیە. هەر لەبەرئەمەشــە کــە بەرامبەر بــە وەهمەکانی ســەدەی نۆزدەهــەم، بەشــێوەیەکی ئاگایانە دەگەڕێتەوە بۆ فەلســەفەی ڕۆشنگەری، ئەو فەلسەفەیەی کە هــەم ئەقڵگەرایە هــەم جیهانگەراو داوای پێشــکەوتن دەکات، پێشــکەوتنێک کە پشت بە هەوڵی مرۆڤەکان دەبەستێت؛ نەک بە بەختو چارەنووس. پۆپەریش وەکو بیرمەندەکانی چاخی ڕۆشنگەری؛ فەیلەسووفێکە کە دژ بە سوننەتو سوننەتگەرایی




دەوەستێتەوەو بەتوندی ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکاتەوە کە سوننەت شتێکە ناگۆڕێت. لە بیرکردنەوەی ئەودا سەرباری سنووردارێتیی مەعریفەو ئەقڵیش؛ دەتوانین لە ئاست سەراپای سوننەتێکدا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕەخنەییمان هەبێت.

ئەو دەڵێت: «ئێمە دەتوانین خۆمان لە کۆتی تابۆکانی سوننەتێک ڕزگار بکەین‌و بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر لەو مەسەلەیە بکەینەوە کە ئایا پێویستە قبووڵی بکەین؛ یان توور هەڵیدەین». کەواتە لە بیروڕاکانی پۆپەردا؛ وێڕای ئەوەی کە ڕەخنەیەکی جیددی سەبارەت بە پێشنیازە ئایدیالیستیەکانی کۆمەڵگا هەیە؛ بەرخوردێکی پۆزەتیڤانەش بۆ ڕیفۆرمی زانین فۆرمەلە دەبێت، بەو مانایەی کە زانین (مەعریفە)ێکی باشترو مەنتیقیترو پووچەڵئامێزتر دەتوانێت ڕێ بۆ شێوەی تازەی گۆڕان‌و ڕیفۆرمی کۆمەڵگا خۆش بکات.

لە ئەپریڵی (١٧٧٨)دا، ڤۆڵتێر پاش یەکەمین سەرکەوتنی دوا تراژیدیای کە ناوی (ئیرین- Irene) بوو؛ کە دیسانەوە تیایدا هێرشی کردۆتەوە سەر بیروباوەڕی ئەوانی دی، لەو خۆشیەیدا فریدریکی دووەم؛ شای پرۆس بەشدار دەکات‌و پێی دەڵێت: «من بیست نیشانەم بۆ ئەو پێشکەوتنە دیوە کە دواجار فەلسەفە لە تەواوی هەلومەرجەکاندا ئەنجامی داوە، کەواتە ڕاستە کە سەرەنجام مرۆڤەکان بیروبۆچوونی یەکتر ڕوون دەکەنەوەو ئەو کەسانەی کە وا دەزانن ئەرکیان ئەوەیە کە بەرچاوی ئەوانە لێڵ بکەن؛ بەردەوام بۆ کارێکی لەم جۆرە ئازادیی ڕەهایان نییە».

دەکرێت تەواوی نەبەردی ڕۆشنگەری لەم ڕستەیەدا کورت بکەینەوە. کەواتە ئامانجەکە بریتیە لە ئازادکردنی مرۆڤە



گرفتارەکانی دەست پێشداوەریو بیروباوەڕە ناڕاستەکان لەڕێی لێکۆڵینەوەو گفتوگۆی ئەقڵانیو پێکەوەژیانی ئاشتیانەی تیۆرەکانەوە.


چاخی ڕۆشنگەری چاخی فەیلەسووفان بوو، بەڵام نەک بە مانا سوننەتیەکە، یان بیروباوەڕە سکولاستیک یان میتافیزیکە کلاسیکەکە، بەڵکو بە مانای ئیرادە بۆ ڕۆشنکردنەوەی سیستماتیکانەی ڕاستییە مرۆییەکان لە تەواوی دەرکەوتەکانیدا. بەم شێوەیە ئەمە فەلسەفە نییە، بەڵکو فەلسەفەیە بەو مانایەی ئیرادەی زانینێکی ئەقڵانییە لەسەر بناغەی پێودانگە ڕۆشنگەرییە ڕەخنەییەکان لە هەموو شوێنێک.

بەم بۆچوونە کارل پۆپەر بیرمەندێکە کە ڕۆڵەی ڕۆشنگەرییە، لەبەرئەوەی ئەم دوو دروشمە گرنگەی ڕۆشنگەری بە هی خۆی دەزانێت: (جورئەتی بیرکردنەوەت هەبێت)و (پاش تاریکی ڕۆشنایی دێت).

لەوەش گرنگتر، لە سەردەمێکدا کە بەناوی بیرتاریکیی نوێوە، لە هەموو لایەکەوە هێرش دەکرێتە سەر ئەقڵو ئەقڵگەرایی. ئەقڵگەراییە ڕەخنەگرانەکەی پۆپەر بە یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی فەلسەفەی ئەمڕۆ دادەنرێت کە لەڕێی بەکارهێنانی ڕەخنەییانەی ئەقڵو لێکۆڵینەوەو گفتوگۆی پێویست بۆ دامەزراندنی پلە بە پلەو مەحکەمکردنی کۆمەڵگایەکی کراوەی دیموکراتیک، بەبێ ڕوانینێکی پیرۆزسازانەو ئایدیالیستیانە، جەخت لەسەر بەهاگەلێکی وەکو زانستو حەقیقەتو ئازادیو پێشکەوتن دەکاتەوە.








# هێژوو و ئازادی لە ڕوانگەی (ئایزایا بێرلین)ەوە

نووسینەکانی ئایزایا بێرلین بوارە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفەو زانین (مەعریفە) دەگرنەوە، بەڵام ئەویش هەروەکو هەموو هاوچەرخەکانی پتر بایەخی بە هەردوو چەمکی (مێژوو)و (ئازادی) داوە، کە بابەتی سەرەکیی یەکێک لە بەناوبانگترین کتێبەکانی فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخ، واتە کتێبی (چوار وتار سەبارەت بە ئازادی) پێک دەهێنن. ئێمە سەرەتا سەبارەت بە مەسەلەی (جەبر) لای بێرلین‌و پەیوەندیی بە چەمکەکانی مێژوو و مرۆڤەوە دەدوێین. پاشانیش دێینە سەر پرسیاری فەلسەفی لە ڕوانگەی بێرلینەوەو پەیوەندیی بە چەمکی (ئازادی)ەوە.

مەسەلەی (جەبر) لە ڕوانگەی بێرلینەوەو پەیوەندیی بە چەمکی (مرۆڤ)و (مێژوو)ەوە

لە ڕوانگەی ئایزایا بێرلینەوە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان هەردوو چەمکی (جەبر)و (فاتالیزم) (واتە قەدەریەت، باوەڕبوون بەوەی قەدەر ژیان بەڕێوە دەبات-و-)دا هەیە. بەڕای ئەو (فاتالیزم) باوەڕێکە کە بڕیارە مرۆییەکان دەخاتە چوارچێوەی دەسەڵات‌و ویستی مرۆڤەوەو، لەبەرئەمەش پووچ‌و بێهوودەیە، بەڵام سەبارەت بە (جەبر) بەجۆرێکی دی بیر دەکاتەوەو بۆ ڕەتکردنەوەشی، پەنا دەباتە بەر چەمکی



(مێـژوو). بێرلین بـڕوای وایە کە ئەو بەڵگانــەی لە مێژووی فەلسەفەدا بۆ سەلماندنی (جەبر) هێنراونەتەوە بەهیچ جۆرێک بەڵگــەی بنجبڕ نین، لەبەرئەوەی وەکــو ئەو دەڵێت؛ ئەگەر لە سەرێکەوە هەرچی ڕووداوی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی هەیە بە بەرەنجامی جەبریی ڕووداوە مێژووییەکان بزانین‌و لە سەرێکی تریشــەوە ئەو مەســەلەیەمان پێ قبووڵ بێت کــە مرۆڤەکان ئــازادن‌و لەوەدا ســەربەخۆن کە لــە کارە مێژووییەکانیاندا؛ لەنێـوان دوو ڕێـگادا یەکێکیان هەڵبژێرن، لێـرەدا دووچاری جۆرێک لە ناودژێتی و جیاوازی دەبینەوە.

هەربۆیــە بــە بۆچوونــی بێرلیــن ئــەو مێژوونــووس‌و فەیلەسووفانە بەهەڵەدا چوون کە نەگونجانی بەرپرسیارێتیان لەگــەڵ چەمکــی (جەبر)دا پێ قبــووڵ نییە. هەڵبــەت ئەمەش مانای ئەوە نییە کە بێرلین مێژوونووسەکان بۆ ئەنجامگیریی ئاکاری (ئەخلاقی) لە بواری مێژوودا بانگهێشت دەکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، داوایان لێ دەکات کە بێلایەن بن‌و ڕێگە نەدەن هەست‌و ســۆزیان بەســەر لێکۆڵینەوە مێژووییەکانیاندا زاڵ بێت. بێرلین بڕوای وایە کە پێویستە مێژوونووس لە کارەکەیدا مەودایەک لەگەڵ بابەتەکەیدا بهێڵێتەوە، تا دەرک‌و تێگەیشتنێکی کامڵتری لەبارەوە هەبێت. هەڵبەت دەکرێت نموونەی وا دیاری بکرێت کە لایەنی بابەتیی هەبێت، بەڵام شتێکی بەڵگەنەویستە کە دەبێــت ئەم نموونانە بەمەبەســتی هەڵبــژاردن‌و کرداری ئازادانەی ئادەمیزادەکان؛ بواری پێویستیان بۆ برەخسێنرێت. بەدەر لەم حاڵەتەش پێویســتە تەواوی ڕوانینەکان لەگەڵ ئەم نموونانــەدا یەک بگرنــەوە. لەبەرئەمە؛ وەکــو بێرلین دەڵێت: «کاتــێ ئێمــە خۆمان لەبــەردەم سیســتمگەلێکی سیاســیو





ئایدیۆلۆژیی وەهادا دەبینینەوە کە ئادەمیزادەکان ناچار دەکەن بە یەک جۆر سەبارەت بە ئامانجەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بیر بکەنەوەو کار بکەن، ئیدی بۆچوون‌و بیرکردنەوە سەبارەت بە تیۆرەو چەمکە سیاسییەکان ئەستەم دەبێت، لەبەرئەوەی بە بڕوای ئەو هەرکاتێک ڕێکەوتنێکی ڕەهاو هەمیشەیی سەبارەت بە ئامانجی ژیانی کۆمەڵایەتی لەئارادا بوو، ئەوەی دەمێنێتەوە مەسەلەی شێوازی کارە نەک هەڵبژاردنی کار. لەم حاڵەتەشدا چیدی سیاسەت بە مانای هونەری ڕێکخستنی کۆمەڵگاو ئەنجامی ڕاستەوخۆی پرسیاری فەلسەفی نایەت، هەرکاتێک مافی هەڵبژاردن لە تاکەکانی کۆمەڵگا زەوت کرا؛ سیاسەتیش وەک زانست (epistime)ێک سەیر دەکرێت و تەنها ئەو کەسانەی دەربارەی ئەم زانستە شارەزاییان هەیە مافیان دەبێت دەست لە کاروبارە سیاسییەکانەوە وەردەن‌و بیروبۆچوونی خۆیان بخەنەڕوو».


بە واتایەکی دی، تەواوی مەسەلە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکان دەگۆڕێن بۆ مەسەلەی تەکنیکی‌و دەبێت بە پسپۆڕانی سیاسی بسپێردرێن.. لە مێژووی هزری سیاسیدا ڕووبەڕووی نموونەی جۆراوجۆر دەبینەوە لەم بوارەدا، کە هەریەکەیان بەجۆرێک لە جۆران پرسیاری فەلسەفیی بەمەبەستی وەدەستهێنانی ئامانجێکی سیاسی خستۆتەڕوو، ئەم ئامانجانەش خۆیان لە خۆیاندا لە هەر جۆرە پرسیارێکی فەلسەفیی داهاتوودا خاڵیکی کۆتاییە. ئایزایا بێرلین سێ نموونەی سەرەکیی ئەم هزرە لای ئەفلاتوون‌و هیگڵ‌و مارکس پیشان دەدات. ئەم سێ نموونەیەی هزری فەلسەفی دەکەوێتە نێو قەڵەمڕەوی تیۆرەی (ساختەکردنی ئەقڵی مێژوویی)یەوە



کە کارکردی پێویســتی لە مێژوودا؛ لە شێوەی ڕوانینێکی دژ بە ڕزگاربوونی تەواوی ئادەمیزادەکان دەخرێتە ڕوو. ئێمە لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەیەدا ســەروکارمان لەگەڵ تاکە کەسدا نییە بەو ســیفەتەی (بکەری حقوقی)یە، بەڵکو بەو ســیفەتەی (بکەرێکی مێژوویی)یە کە ئازادییەکەی لەپێشــدا، لە سەرجەم لۆجیکــی پرۆســەی ئازادیی ئادەمیــزاددا دیاری کــراوە، کە بەشــێوەیەکی ئەقڵانــی ڕێک خــراوە. بەمجۆرە لێــرەدا هەر جۆرە تەقەللایەک بۆ دامەزراندن‌و پێکهێنانی حوکمە ئاکاری‌و حقوقیەکان لەلایەن تاکە کەسەکانەوە؛ بێهوودە دێتە بەرچاو. لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی جەبرییەتی مێژوویی ئەقڵدا؛ هەر جۆرە هەوڵێک بۆ خســتنەڕووی مەسەلەی سەربەخۆیی تاکە کەس؛ ڕاســتەوخۆ دژ بە ماهیەتی جەبــری‌و مێژوویی ئەقڵی مێژوویی دەوەســتێتەوە. لێرەدا دەگەینە ئەو قســەیەی کانت کــە دەڵێت: «ئەگــەر قەرار بێت ئەو یاســایانەی کە بەســەر دیاردەکانــی دونیــای دەرەوەدا باڵادەســتن؛ حوکمی هەموو شــتێک بکەن؛ ئەوا ئاکار لەناو دەچێت». بە دەربڕینێکی دی، لە سیستمی هزری جەبریدا چەمکگەلێکی وەکو ئازادیی کارو بەرپرســیارێتیی ئــاکاری لە مانــا باوەکانیانــدا لەناو دەچن‌و چەمکــی (هــزری فەلســەفی)یش بــە ناچــاری دەکەوێتە بەر پیاچوونــەوە. هەر لەبەرئەمە بە بۆچوونی ئایزایا بێرلین یەک میتۆدی لە فەلسەفەداو هەوڵ نەدان بۆ پرسیارکردن‌و تەنانەت بــۆ وەڵامدانەوەی ئــەو پرســیارانەی بە زەینمانــدا ختوورە دەکــەن، ئێمە بەرەو جۆرێک لە (بەســتەڵەکی فیکری) دەبات کــە مەترســیی پەیدابوونی بیروڕای سیاســیی ســەرەتایی‌و کاڵ‌و کرچــی لێ دەکرێت، لەبەرئــەوەی وەکو بێرلین دەڵێت:



«ئامانجی فەلسـەفە (پەیجۆریی حەقیقەتی فەلسەفی)یە، بەڵام حەقیقەتی فەلسـەفی بە تەنها لە هزری فەیلەسووفێکدا کورت نابێتەوە، بەڵکو بەرەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەو گفتوگۆیەکە کە لەنێوان هزرە فەلسـەفییە جۆراوجۆرەکاندا هەیە». بێرلین لەو بڕوایەدایە کە تەواوی ئینسـانەکان لە گشت سەردەمێکدا لە توانایاندایە پرسـیاری فەلسـەفی بخەنـە ڕوو. بەم پێیە تا مـرۆڤ بمێنێت، فەلسـەفەش هـەر دەمێنێت، بـەڵام ئەمەش ئـەوە ناگەیەنێت کە پێویسـتمان بە فەیلەسـووفی پیشـەوەر نییە. فەیلەسـووفانی پیشـەوەر دەتوانن ئەو وشەو چەمکو زاراوانە شی بکەنەوە کە بەهۆیانەوە بیر دەکەینەوەو ئەمەش خۆی لە خۆیدا جیاوازییەکی گەورە لە پێشـکەوتنی زانستو هـزردا دەهێنێتە ئاراوە. کەواتە ئەرکی فەیلەسـووف ئەوەیە کـە چەندی لـە توانادایە هێـزی ڕەخنەیی کۆمەڵـگا فراوانتر بـکات، لێـرەدا ئەو قسـەیەی ئایزایـا بێرلینم دێتـەوە یاد کە باسـی قسەیەکی (هارۆڵد ماکمیلان)ی بۆ کردم وتی: «بەر لە یەکەم جەنگی جیهانی؛ وەختێ هارۆڵد ماکمیلان لە ئۆکسفۆرد قوتابی بوو، لە وانەکانی فەلسـەفەی مامۆسـتایەکدا بەشدار دەبـوو کـە ناوی (جـەی. ئەی. سـمیس) بوو و مامۆسـتای میتافیزیکای هیگڵی بوو. مامۆسـتا لە یەکـەم وانەیدا، ڕووی کردۆتـە قوتابییەکانیو وتوویەتـی: (بەڕێزان، ئێوە لە ئایندەدا دەبنە خاوەن پیشەی جۆراوجۆر، هەندێکتان دەبن بە بریکار، هەندێکتـان بـە عەسـکەری، هەندێکی ترتان بە پزیشـک یان ئەندازیـار. بەشێکیشـتان دەبن بە کارمەنـدی دەوڵەت. چەند کەسێکیش تیاتاندا دەبن بە موڵکدار یا سیاسەتمەدار. ئێستاش ڕێم بدەن پێتان بڵێم کە ئەوەی من لەم وانانەدا پێتان دەڵێمەوە



چییە: لە هیچ یەکێک لەو بوارانەدا کە ئێوە هەوڵی بۆ دەدەن، بــەکار نایەت، بەڵام دەتوانم بەڵێنی شــتێکتان بدەمێ، ئەویش ئەوەیــە کە ئەگەر تا کۆتایی وانەکان بەردەوام بن، هەمیشــە دەتوانن لــەوە تێبگەن کەی ئادەمیزادەکان قســەی پڕوپووچ دەکەن)». بەم پێیە، یەکێک لە ئەنجامەکانی هزری فەلســەفی دیاریکردنی بەڵگەهێنانەوەی خراپو قســەی هەلەقو مەلەقو قســەی نــاڕوونو بە خــراپ بەکارهێنانی هەســتو ســۆزو ســادەیی خەڵکە بەمەبەســتی پێکانی ئامانجێکی سیاسی یان ئابــووری، هەربۆیە لە کۆمەڵگایەکدا کە توانای بیرکردنەوەی فەلسەفیو خســتنەڕووی فەلسەفیانەی مەســەلەکانی بوونی تیــا نەبێت، توانای وردبوونەوەشــی لە وتارە سیاســیەکانی کاربەدەستەکانی دەوڵەت تیا نابێت.

هەروەکــو دەبینیــن فەلســەفە لــە ڕوانگــەی بیرمەندێکی وەکــو بێرلینــەوە بەرەنجامــی ڕووبەڕووبوونــەوەی نێوان هــزرە جۆراوجۆرەکانە، نەک کۆپیکردنــەوەی بەهاکانو ئەو پێوەرانــەی کە یەک جارو بۆ هەتاهەتایە بۆ تاکە کەســەکان دیاری کراون.

لەم ڕووەوە هزری فەلسەفی بەبێ گۆڕانکاری مومکین نییە، لەبەرئەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی هزرەکان خۆی بەرەنجامی گۆڕیــنو گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتیەو ئەم گۆڕانەش خۆی لە خۆیدا بابەتو مەســەلەی فیکریو ئەقڵیــی نوێو تازە دێنێتە گــۆڕێ کــە هەندێکجار دەبێتــە مایەی پــووانو لەناوچوونی نموونەو بونیادەکانی پێشــوو، بەڵام هیچ گومانێک لەوەشــدا نییە کە خســتنەڕووی ئەم پرسیارانە پێویستی بە ژینگەیەکی فیکریی ئازاد هەیە. لێرەدا دەگەینە بەشی دووەمی توێژینەوەی



(ئایزایا بێرلین) کە چۆنێتیی خستنەڕووی پرسیاری فەلسەفیو پەیوەندیی بە مەسەلەی ئازادییەوەیە.

## خستنەڕووی پرسیاری فەلسەفیو مەسەلەی ئازادی

مێژووی سەدەی بیستەم بەڕوونی ئەوەمان پیشان دەدات کە لە سیستەمە تۆتالیتارو دیکتاتۆرەکاندا نەک هەر هیچ هەوڵێک لەلایەن فەرمانڕەوایانو هاوولاتیانەوە لەئارادا نییە بۆ وەلامدانەوەی پرسیارە فەلسەفیەکان، بەڵکو دەوڵەتەکان ڕێ بە خستنەڕووی پرسیار نادەنو، ناهێڵن ڕێساو یاساو دەزگاکانیان بخرێنە ژێر پرسیارەوە، لەمەش خراپتر، وردەوردە نەریتی پرسیارکردنو ڕەخنەی بنیاتنەریش بەرەو فەوتان دەچێت. لەبەرئەمە؛ لەو وڵاتانەدا کە نەریتی پرسیارکردنو خستنەڕووی پرسیاری ڕەخنەیی سەبارەت بە مەسەلەکانی بوون لەگۆڕێ نییە، لە ڕاستیدا جۆرێک لە دۆگماتیزمی فیکری جێی نەریتی فەلسەفەی ڕەخنەیی دەگرێتەوە. لێرەداو لە دووتوێی بیروبۆچوونە سیاسیەکانی ئایزایا بێرلیندا پەی بە پەیوەندیی پتەوی نێوان ئازادیو فەلسەفە دەبەین. وەکو بێرلین دەڵێت ئازادی خۆی مەرجی پێویستی خستنەڕووی پرسیاری فەلسەفییە، بەلام لەهەمانکاتدا ئازادی خۆی چەمکێکی فەلسەفییە کە تەوەری بنەڕەتیی هەموو جۆرە هزرێکی ڕەخنەییە. بێرلین بڕوای وایە. کە دوو پرسیاری بنەڕەتی سەبارەت بە مەسەلەی ئازادی هەیە. پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە: (کێ فەرمانڕەواییم دەکات؟)و پرسیاری دووەمیش: (من تا چ ڕادەیەک لەژێر فەرمانداوم؟)



هەر یەکێک لەم دوو پرسـیارە دیاریکەری مانایەکی ئازادییە. لێـرەدا بەرەوڕووی هــەردوو چەمکی (ئازادیــی پۆزەتیڤ)و (ئازادیی نێگەتیڤ) دەبینەوە لای ئایزایا بێرلین؛ کە ئەو دەڵێت تەواوکەری یەکتــرن، لەبەرئەوەی لە ڕوانگــەی مێژووییەوە چەمکی پۆزەتیڤی ئازادی کە لە وەڵامی پرسـیاری (سەروەر کێیــە؟)دا مانــا دەبینێتەوە؛ لــە چەمکی نێگەتیڤــی ئازادییەوە ســەرچاوەی گرتووە کە وەکو وەڵامی پرســیاری (سنووری هەڵبژاردنەکانــی مــن چییە؟)یــە، بــەڵام بەدرێژایــی مێژوو، مــەودای نێوان ئەم دوو چەمکە وردەوردە زۆرتر بووە. ئەو ڕووداوەی کە بە بڕوای بێرلین لێرەشــدا ڕوویداوە؛ بریتیە لە گۆڕینــی هزری ئازادی لــە ڕەوتی مێژوودا بۆ ڕێبازی زۆرو چەوساندنەوەو ستەم.


بــە دەربڕینێکــی دی، بێرلین دەڵێت کە چەمکــی (ئازادیی نێگەتیــڤ) لە ڕەوتی مێژوویی مرۆڤایەتیدا لە ئەسـڵی مانای خــۆی دوورکەوتۆتــەوە، لەبەرئــەوەی هەر جارێـک کە ئەم پرسیارە خراوەتە ڕوو (چ کەسێ فەرمانڕەوایی من دەکات؟) لەڕێــی لایەنگیریــی مەرامــە ئایدیۆلۆژییەکانەوە؛ ســوود لە گریمانــەی دەســتێوەرنەدان لــە سیاســەتدا وەرگیــراوە. لە ڕاســتیدا بێرلین بڕوای وایە کە (ئازادیی پۆزەتیڤ)و (ئازادیی نێگەتیڤ)؛ بە چاوپۆشــین لەو بوارە هاوبەشانەی کە هەیانە، بەدەر لەوەش کە کامیان کەوتۆتە بەر شێواندنی زیاتر، بەڵام یەکســان نین. بەمجــۆرە دەتوانین بڵێین کە هــەر یەکێک لەم دوو ئازادییــە خــۆی لە خۆیدا ئامانجێکی جیــاوازی هەیە کە لەگەڵ ئامانجەکانی دیکەدا تەبا نییە، لەم حاڵەتەدا مەســەلەی هەڵبــژاردنو پەســەندکردن دێتــە ئــاراوە. ئایــا دەبێــت لــە



هەلومەرجە تایبەتەکاندا لایەنی زۆرینە بگرین هەرچەند کە بە زیانی کەمینە دەشکێتەوە؟ ئایا دەبێت لایەنی بەرابەریو یەکسانیی کۆمەڵایەتی بگرین هەرچەند بە زیانی ئازادییە فەردییەکان دەشکێتەوە؟


هەروەکو دەبینین ئەسڵی مەسەلەکە بە تەنها دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو چەمکی ئازادیی پۆزەتیڤو ئازادیی نێگەتیڤ نییە، بەڵکو هەوڵدانیشە بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەک لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا. وەکو ئایزایا بێرلین دەڵێت هەرکاتێک ئازادیی پۆزەتیڤ بە ئەندازەی پێویست بێتە دی، دەبێت لە ئازادیی نێگەتیڤ کەم بکرێتەوە. ئەگەر هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو چەمکەی ئازادیدا هەبێت، چیدی شێواندنو گۆڕینیان کارێکی سادە نییە.

کەواتە بابەتی سەرەکیی لێکۆڵینەوەی بێرلین ڕەتکردنەوەو ڕەخنەگرتنە لەو نموونە فیکریو فەلسەفییانەی کە هەوڵ دەدەن تا لەڕێی گونجاندنی بەها جۆراوجۆرەکانەوە، ئازادیی هەڵبژاردن لەناوبەرن کە زادەی جموجۆڵی ژیانە. لەبەرئەوەی وەکو (جۆن ستیوارت میل)یش دەڵێت: «ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبێت لەوەدا کە بە حەزی خۆی بژیو کام ڕێیەی پێ پەسەندە ئەو ڕێیە بگرێتەبەر؛ ئەوا پێشکەوتنی ژیاری مرۆیی مومکین نابێت». هەروەها ئەگەر هزرەکان لە بازاڕی ئازاددا نەخرێنەڕوو، پەردە لە ڕووی حەقیقەت هەڵنامالرێو بوارێک بۆ داهێنانو تەقاندنەوەی تواناو هەڵکەوتوویىو دەسەڵاتی فیکریو ئازایەتیی ئاکاری نامێنێتەوەو کۆمەڵگایەکی لەم جۆرەش بەپێی ڕێسا لەژێر باری گوشاری سستیی دەستەجەمعیدا تێک دەشکێت. بە دەربڕینێکی دی، هەروەکو



ئایزایا بێرلین دەڵێت ئەگەر ئادەمیزاد بوونەوەرێکە کە بوونی خـۆی لەخۆیدایە، واتــە بوونەوەرێکە کە خـۆی دیاریکەری بەهاو ئامانجەکانی خۆیەتی، لەم حاڵەتەشــدا هیچ شتێک لەوە خراپتر نییە کە وا ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت وەک ئەوەی بوونی خـۆی لــە خۆیدا نەبێــتو وەک دیلێکی دەســت فاکتەرەکانی دەرەوە تەماشــا بکرێــت. هەر لەبەرئەمە لــە ڕوانگەی ئایزایا بێرلینــەوە؛ خســتنەڕووی مەســەلەی ئازادیی مـرۆڤ بەبێ پرسیارکردن ســەبارەت بەم چەمکی (سەربەخۆیی) مومکین نییــە. بێرلیــن لێرەدا هاوبــڕوای (کانت)ە کــە دەڵێت: «کەس ناتوانێــت ناچــارم بکات مل بۆ بەختەوەرییــەک بدەم کە ئەو ئــارەزووی لێیە». کەواتە لە ڕوانگەی بێرلینەوە شــتێک نییە ناوی (بەختەوەریی لەپێشدا دیاریکراو) بێتو هەموو کەسێک لــە دیاریکردنــی بەختەوەریــی خۆیدا ئــازادە. لــەم ڕووەوە بێرلیــن بــڕوای بەوەیە کــە تاکە کەســی ئازادو ســەربەخۆ بوونەوەرێکــی باڵایــەو بەهاکانیشــی بــەری کارو کــرداری ئازادانەی خۆین. لــە ڕوانگەی بێرلینەوە مرۆڤێکی لەم جۆرە گوێڕایەڵو شوێنپێهەڵگرتوو نییە، بەڵکو لە ئازادیی تیۆرەییو کردەیی بەهرەمەندەو بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی خۆی سوود لــە ئەقڵــی ڕەخنەگرانەی خــۆی وەردەگرێت. لێــرەدا ئایزایا بێرلین بە پشتبەستن بە وتاری (ڕۆشنگەری چییە؟)ی کانتو ئەو دروشــمەی چاخــی ڕۆشــنگەری کە دەڵێــت (sapere aude) (جورئەتــی بیرکردنەوەت هەبێــت) پەیڕەویکردن لە ئەقــڵو خەباتکــردن دژ بە نەزانیــنو دۆگماتیزم بــە بابەتی ســەرەکیی فەلســەفەی ئازادی دەزانێت، لەوەشەوە کە کانت جەخت لەســەر ئەوە دەکاتەوە کــە ئادەمیزادەکان هەموو بۆ






حکومەتی ئەقڵانیو دامەزراندنی کۆمار شــیاون، بەم پێیەش ڕێگای گەیشتن بە ئازادی ڕێگایەک نییە لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤــدا بێت، بێرلینیش بڕوای وایە کە پێودانگی ئازادیی تاکە کەس یان هەر میللەتێک لە هەڵبژاردنی ئەو ژیانەدایە کە پێی خۆشــەو لەڕێی هەڵسەنگاندنی بەهاکانی کۆمەڵگاوە بەدەست دێــت، بــەڵام نابێــت ئەوەمــان لەیاد بچێــت کە لــە ڕوانگەی بێرلینەوە بەدەستهێنانی ئازادییەکی لەم جۆرە بە تەنها لەڕێی پلورالیزمــی فیکــریو فەلســەفییەوە دێتــە دی. لەبەرئەوەی وەکــو ئەو دەڵێت هەرچەندە کە یەکتاگەراییو باوەڕهێنان بە تاقــە ڕێرەوێــک دەبێتە مایەی ئارامیی بیــرو دڵی مرۆڤەکان، بــەڵام بەهەرحاڵ ئــەم پێوەرە هەرچییەک بێــت، لەبەرئەوەی نەرمــی (مرونەت)ی تیا نییەو ماهیەتێکی دۆگماتیکانەی هەیە؛ لــە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ گۆڕانە مێژووییەکاندا دەبێتە ئامرازێک بۆ پاکانەکردن بۆ توندوتیژیو هۆڤیگەریی سیاسیو وەکو (پرۆکرۆست)ی لێدێت، ڕێگرە ئەفسانەییەکەی یۆنان کە بۆ گونجاندنــی بیروبۆچوونەکانی ئەمڕۆ لەگەڵ نموونەیەکدا کە لە ڕابردوویەکی مێژوویی تێکەڵاو بە خەیاڵی ئەفســانەوە ســەرچاوە دەگرێــت، دێــتو تاکــە کەســەکانی کۆمەڵــگاو بیروباوەڕەکانیان لەسەر مێزی توێکاریی ئایدیۆلۆژی لەتوپەت دەکات. لــە کاتێکدا بە بۆچوونی بێرلین فەلســەفەی پلورالیزم بڕوای بە فرەچەشنی هەیە لە ئامانجو مەبەستە مرۆییەکانداو ئاگای لــە کێبەرکــێو ڕووبەڕووبوونــەوەی هەمیشــەییانە. ئەوەشــمان لەبیــر نەچێت کە لــە ڕوانگەی ئایزایــا بێرلینەوە پلورالیزمو لیبرالیزم بە پێویست دوو چەمکی چوونیەک نین، لەبەرئــەوەی بێرلین بــڕوای وایە کە هەندێک لــە تیۆرەکانی



لیبراڵەکان ماهیەتێکی پلورالیستیانەیان نییە، لەبەرئەمە بێرلین بەپێچەوانــەی فۆن هایکۆ میلتــۆن فریدمانەوە بڕوای بە هیچ جــۆرە ئاراســتەیەکی دیاریکەرانــەی مێژوویــی بیروباوەڕە لیبراڵەکان نییە، بەڵکو بە تەنها پەسەندیان دەکات، لەبەرئەوەی وەکو ئەو دەڵێــت زۆرترین دەرفەتو توانــای هەڵبژاردنمان ســەبارەت بە کۆمەڵگا پێ دەبەخشــن. بەم پێیــە لە ڕوانگەی بێرلینەوە لیبراڵیزم هەڵگری دوا وەڵامەکان نییە بۆ کۆمەڵگای مرۆیی. هەر لەبەرئەمەش بیرمەندێکی وەکو بێرلین لە نەیارە سەرسەختەکانی تیۆرەی (کۆتایی مێژوو)ی فۆکۆیامایە کە لە ڕاستیدا هەرەسی کۆمۆنیزم بە نیشانەی ڕەوتێکی ناچارانەی مێــژوو دەزانێــت بــەرەو دیموکراســی ئەوەی لــە ڕوانگەی بێرلینــەوە گرنگە نایەکســانیو نەگونجانی ئەو وەڵامانەیە کە تاکەکانــی کۆمەڵگا لە ئاســت پرســیارەکاندا هەیانەو، تا ئەو دەمــەی کە فەزایەکی ئازادیش بــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بەهایانە لەئارادایە، دیموکراسیش شتێکی مومکینە.

وەکو ئایزایا بێرلین دەڵێت ئەرکی فەلســەفەی سیاســیش تاقیکردنەوەو هەڵســەنگاندنی ئەو لافە تیۆرییــە جیاوازانەیە کــە خۆیــان وەکو ئامانجــی ئایدیالی (نموونەیــی)ی کۆمەڵگا دەناســێنن. هــەر لەبەرئەمــەش کاری فەلســەفەی سیاســی وەکو بەشــەکانی تری فەلســەفە ڕوونکردنەوەی ئەو وشەو چەمکانەیــە کە فۆرمەلەی ڕوانینــە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەکەن، نەک گەڕان بەدوای تاقە ڕێگەچارەیەکدا بۆ مەســەلە مرۆییەکان. ســەرەنجام، بــە بۆچوونی ئــەو، باوەڕهێنان بە تاقــە ڕێگەچارەیەک لە بواری فەلســەفەی سیاســیدا؛ جگە لە وەهمێک هیچی تر نییە، لەبەرئەوەی بێرلینیش وەکو هیرتسن،



نووســەری کتێبــی (ڕابــردوو و بیروبۆچوونەکانی من) لەو بڕوایەدایە کە (دوا ئامانجی ژیان چ شــتێک نییە جگە لە ژیان خۆی)و (سروشتو مێژوو پڕن لە شێواویو بێ سەروبەریی بەڕێکەوتو بێ مانا). لەبەر ئەم هۆیەش قارەمانەکانی بێرلینو هەموو ئــەو بیرمەندو هونەرمەندانەی کە ئەو باســی ژیانو کارەکانیان دەکات، کەسانێکن کە نە بڕوایان بە دواحەقیقەتو حەقیقەتی ڕەها هەیەو، نە دەیانەوێت تیۆرەیەکی یەکتاگەرانە بــۆ ژیانو جیهــان ببیننەوە. بۆ نموونــە ماکیاڤێللی کە بەڕای بێرلین یەکەمین دوولایەنگەرا (ئەو کەسەی بڕوای بە دوالیزم هەیــە-و-)ی مۆدێرنــە، بیرمەندێکە کە نەریتــی یەکتاگەرایی لە هــزری ئەوروپاییدا دەشــکێنێت. لەبەرئــەوەی ماکیاڤێللی بیرمەندێــک بوو کە ســەرنجیدا لەناو کۆمەڵــگادا دوو جۆر ئاکار هەیە: لە سەرێکەوە ئاکارێکی پشتبەستوو بە هێز، توانا، دەسەڵاتخوازی، نیشتمانپەروەریو جەسارەتی کۆماریخوازی، لــە ســەرێکی تریشــەوە ئاکاری دینــی، وازهێنان لــە دونیاو خۆئامادەکردن بۆ ئەودونیاو کەمکردنەوە لە دەســەڵاتی ئەم دونیــا بۆ ئەودونیــا. هەروەها (ڤیکۆ) لە ڕوانگــەی بێرلینەوە بیرمەندێکــە کە بیرۆکــەی (هەمەچەشــنی-یان فرەجۆری-تنــوع)ی لە کەلتووری مۆدێرنی ئەوروپادا دانا. بەڕای بێرلین گرنگیــی ڤیکۆ لــە بایەخدانی قووڵــی ئەودایە بە پێشــکەوتنە کەلتوورییــەکان. ڤیکۆ نەک بەجۆرێکی پۆزەتیڤیســتی، بەڵکو لە ڕوانگــەی ئامانجەوە کەلتوورەکان لە یەک جیا دەکاتەوەو لەبەرئەمەش ئەو جەخت لەســەر وێکچوونەکانیان ناکاتەوە؛ بەڵکــو لەســەر جیاوازییەکانیان. پلورالیزمــی مێژوویی ڤیکۆ بەرجەســتەبوونی خۆی لە پلورالیزمی کەلتووریی هیردەردا




دەبینێتـــەوە، کـــە بە بۆچوونـــی بێرلین شـــایانی گرنگیپێدان‌و لێکۆڵینەوەیـــە. بابەتی ســـەرەکیی هزری هیـــردەر فرەجۆریی فراوانی نەریتە میللی‌و کەلتوورییەکانە.

هیردەر لەو بیرمەندانەیە کە بۆ یەکەمجار مەسەلەی (ڕۆحی میللـــی) باس دەکات‌و هەربۆیە زۆر بەتوندی پەســـەندکردنی میللەتێک بەسەر میللەتێکی تردا ڕەت دەکاتەوە. هیردەر بڕوای وایـــە کە هەمـــوو میللەتێک هەقی خۆیەتی بەو شـــێوەیەی کە خۆی دەیەوێت ئاوەها ڕێگای پێشکەوتنی خۆی بگرێتەبەر.

بەڵام بەلای هیـــردەرەوە میللەت لەگەڵ دەوڵەتدا جیاوازە. لای هیـــردەر میللەت بوونی کەلتووریی خەڵکانێکە کە بە یەک زمـــان دەدوێن‌و لەســـەر یەک خـــاک دەژیـــن‌و خاوەنی یەک دابونەریتن‌و یەک ڕابردووی دەستەجەمعییان هەیە. بەم پێیە هیـــردەر فاکتەری کەلتووری لـــە فاکتەری ژنیتیکی بە گرنگتر دەزانێت. هەر لەبەرئەمە هیردەریش وەکو هیگڵ بڕوای وا نییە کە هەر میللەتێک تەنها جارێک ڕۆڵی کەلتووریی خۆی دەبینێت‌و پاشـــان لەسەر شـــانۆی مێژوو نامێنێت‌و دەچێتە دەرێ. لای هیردەر گرنگ ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ میللەتانی دیکەدا ئاشـــنا بیـــن، زمانەکانیان فێر بیـــن، کتێبەکانیان بخوێنینەوەو، ترس‌و ئارەزوو و وێنا دەستەجەمعی‌و نەتەوەییەکانیان بناسین.

لـــە ڕاســـتیدا ئەم ڕوانینەی هیردەر ســـەنتەری قورســـایی هزری پلورالیزمی بێرلینە، بێرلینیش بڕوای وایە کە کەلتوورە جۆراوجـــۆرەکان ئامانجی جیاوازیان هەیەو ئەم ئامانجانەش کـــە فۆرمەلەســـازی بەهاکانی ئـــەم کەلتوورانـــەن، لە هەموو کەلتوورەکاندا وەکو یەک نین. بەم پێیە بۆ تێگەیشتنی ئەوەی کـــە بۆچی میللەتێک لە هەڵوێســـتێکی مێژوویی تایبەتدا دوای



ئامانجێکی تایبەت دەکەوێت، پێویستمان بە ناسینی ڕەگوڕیشە کەلتوورییەکانــی ئەو میللەتە هەیە. ئاشــنابوون لە کەلتوورە جۆراوجۆرەکان بابەتی ســەرەکیی هزری پلورالیزمی بێرلینە کە تەوەری ڕاســتەقینەی هەموو جۆرە هزرێکی سەبارەت بە ژیاریشە.







# ئەمانۆییل لێڤیناس
# فەیلەسووفی گشت وەرزەکان

بۆ یەکەم جار، (ئەمانۆییل لیڤیناس)م لە ساڵی (١٩٧٧)داو لە پەیمانگای فەلسەفەی سەر بە زانکۆی سۆربۆندا بینی. ئەوسا لیڤیناس هێشتا خانەنشین نەکرابوو و بەشێک لە کاتی خۆی بۆ وتنەوەی فەلسەفە تەرخان دەکرد. کە تەمەنی (٧٢) ساڵ بوو لەڕووی جەستەیی‌و ڕۆحیەوە ساغو دروست بوو؛ هۆشی بێدارو قسەکانی سەرنجڕاکێش بوون. بە وانە گەرموگوڕو خۆشەکانی خوێندکارەکانی دەخستە ژێر کاریگەریی خۆیەوەو، کەم جار بووە گوێگرێک کە بۆ جارێک چووبێتە پۆلەکەیەوە؛ دوایی نەیویستبێت لە وانەکانیدا ئامادە بێتەوە. زۆرجار ڕێککەوتووە کە بەبێ گەڕانەوە بۆ دەقێک یان دەسنووسێک سەعاتو نیوێک دەربارەی فەلسەفەی (هۆسێرلو هایدگەر) قسەی کردووەو پاش تەواوکردنی وانەکەش بە نەرمی‌و بە ڕوویەکی خۆشو هاوڕێیانەوە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە.

ئەودەم، من تازە قوتابیی یەکەم ساڵی فەلسەفە بووم، بەڵام خۆشەویستیم بۆ لیڤیناس‌و لاپڕەسەنیمو ناوبانگی ئەو هانیان دام لە وانەکانیدا ئامادە بم. گەرچی وانەکانی هی قۆناغی ماستەر بوون.

هەڵبەت ئەو دەمە من هیچ کارێکی لیڤیناسم نەخوێندبۆوەو دژوار بوو لەو چەمکانەی بگەم کە ئەو بۆ بەیانکردنی ڕوانینی



فەلسەفیی خۆی بەکاری دەهێنان، بەڵام دواتر وردەوردە بە کارەکانی ئاشنا بووم‌و بۆم ڕەخسا تا لە قووڵاییی‌و تایبەتمەندێتی‌و ڕەسەنایەتیی هزری ئەو لە توێژینەوە فەلسەفیەکانیدا بەهرەمەند بم. بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ؛ لە دوورو نزیکەوە بەدوای کارو بیروبۆچوونەکانی لیڤیناسدا چووم، بەڵام لەو ماوەیەدا هەر بۆم هەڵنەکەوت تا دیدارو گفتوگۆی لەگەڵدا ئەنجام بدەم، تا لە حوزەیرانی (١٩٩٤) داو لە سەفەرێکمدا بۆ پاریس؛ سەرەنجام لە نزیکەوە ناسیم. لیڤیناس داوای لێ کردم لەگەڵیدا بچمەوە بۆ خانووەکەی کە کەوتبووە گەڕەکی شانزدەهەمی پاریسەوە. زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ کردم‌و بۆ ماوەی دوو سەعات‌و بەوپەڕی سەبرەوە وەڵامی پرسیارە جۆراوجۆرەکانی دامەوە. (لە ژمارە (٢١)ی گۆڤاری (سەردەم)دا ئەم گفتوگۆیە هەر لەلایەن ئەم وەرگێڕەوە کراوە بە کوردی). بەدرێژایی گفتوگۆکەش، هاوسەرە پیرەکەی لیڤیناس بە تەنیشتیەوە دانیشتبوو ناوبەناویش لەمیانەی قسەکانماندا، بە هەستێکی تەواوەوە هەندێک شتی دەخستە سەر قسەکانمان کە لەبەر هەندێک هۆی تایبەتی لە گفتوگۆکەدا لامداون.

ئەمانۆییل لیڤیناس یەکێکە لە گەورەترین‌و گرنگترین فەیلەسووفەکانی ئەمڕۆی فەرەنسا. ئەو لە دوا بەشی کتێبێکیدا، کە ناونیشانی (ئازادیی دژوار –Difficile Liberte)ە دەنووسێت: (ژیننامەی من لەڕێی هەست‌و یادەوەریی تاوانی نازییەکانەوە فۆرمەلە بووە). لەبەرئەمە لیڤیناس لەو فەیلەسووفە ئەورووپاییە دەگمەنانەیە کە لە نزیکەوە توندوتیژیی بێ سنووری ڕژێمە تۆتالیتارەکانی



سەدەی بیستەمی بینیوە. دەشتوانین بەهاو گرنگیی هزری لیڤیناس لە ماهیەتی چەند لایەنەی هزری فەلسەفیی ئەودا ببینینەوە.

لەڕووی ژیارییەوە، لیڤیناس دەکەوێتە نێوان دوو کەلتوورەوە، لە سەرێکەوە کەلتووری یەهودی کە هەر لە منداڵییەوە لەژێر کاریگەرییدا بووەو، لە سەرێکی تریشەوە کەلتووری یۆنانی- مەسیحی کە وەکو نیشتمان ئەقڵی خۆی هەڵیبژاردووە، بەڵام هزری لیڤیناس ئەم دوو کەلتوورە تێدەپەڕێنێت. ئەو لەناو کەلتووری یەهودیدا چاودەبڕێتە بەها فەلسەفییە ئەقڵانیەکانو، لە مامەڵەشدا لەگەڵ کەلتووری یۆنانی- مەسیحیی خۆرئاوادا، سەرسەختانە ڕووبەڕووی ئەو بیرۆکە فەلسەفیە دەبێتەوە کە دەیەوێت بە پشتبەستن بە تێڕامانو تێفکرینەکانی فەیلەسووفانی یۆنانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین، بنەماکانی فەلسەفەی بوون ڕوون بکاتەوە. بەمجۆرە، ناتوانین لیڤیناس بە (فەیلەسووفی بوون) (بە مانا گشتییەکەی ئەم وشەیە) لەقەڵەم بدەین، لەبەرئەوەی خۆی بە بیرمەندێک دەزانێت کە سەبارەت بە (بوون بۆ ئەویتر) بیر دەکاتەوە. ئامانجی لیڤیناس لە هزری فەلسەفی، نەناسینی بوونەو نەناسینی بکەری ناسەرەوە (Sujet connaissant)یە کە وەکو بکەرێکی بەتوانا خۆی بە کۆڵەکەو بناغەی هەموو زانینەکانی جیهان دەزانێت. گومان لەوەدا نییە کە ئەوەی گرنگە بەلای لیڤیناسەوە بیرکردنەوەیە سەربارەت بە (ئامادەبوونی ئەویتر) لە ژیانی ئەم بکەرەدا. لەبەرئەوەی هەروەکو دەڵێت (ئەویتر) ناهێڵێت لەناو خودێتیی خۆیدا زیندانی بێت. هەربۆیە، لیڤیناس لەنێو فەیلەسووفانێکدا



کە بەدوای بوونێکی بێ ناونیشاندا دەگەڕێن- واتە بەدوای ئەو شتەدا کە لێڤیناس ناوی دەنێت (Ilya) یان (بوونەوەرێتی بەبێ بوونەوەر)، باس لە ڕێنیسانس‌و سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی بکەرێک دەکات کە بەرامبەر بە گوناهەکان‌و هەڵەکان‌و تەنانەت مەرگی (ئەویتر) بەرپرسیارە. (ئەویتربوون) لە ڕوانگەی لێڤیناسەوە، کەسێکە کە هەمیشە لە دەرەوەی (من)و ئەودیوی (من) دایە.

قسەکردن واتە نزیکبوونەوە لە (ئەویتر). لێڤیناس دەنووسێت: (ئیمکانی گفتوگۆ لەنێوان (من)و (تۆ)دا لەبەرئەوەیە کە (تۆ) تەواو لە (من) جیایە). (من) لە گفتوگۆیدا لەگەڵ (ئەویتر)دا دەبێت لە باڵادەستیی هۆشی خۆی کەم بکاتەوە بۆ ئەویترو وەڵامی ئەویتر بداتەوە، بەڵام چی دەبێتە هۆی ئەوەی (من) بەرەو (ئەویتر) بچێت؟ بە بۆچوونی لێڤیناس ئەوەی وا لە (من) دەکات بەرەو (ئەویتر) بچێت؛ ویستنی میتافیزیکیانەی جیهانی نەبینراوە؛ ویستنێک کە وێڵە بەدوای (بێ کۆتایی)دا لە (ئەویتر)دا. بەڕای لێڤیناس (بێ کۆتایی) لە شێوەی ویستنێکدا دەردەکەوێت کە لەڕێی ڕاکێشان بەلای (ئەویتر)دا بەرجەستە دەبێت. (ژاک دێریدا) لە کتێبەکەیدا (نووسین و جیاوازی) (Ecriture et Difference) لەم بارەیەوە دەنووسێت: (جووڵەی ویستن بە تەنها لە وتنی (نەء)دا بۆ ویستراو ڕوودەدات). بەواتایەکی دی، لە گفتوگۆی نێوان (من)و (ئەویتر)دا هیچ جۆرە هاونیازییەک بەدەست نایەت، لەبەرئەوەی ویستنی (ئەویتر)و بەرپرسیارێتی بەرامبەری؛ کۆتاییەکی نییەو تای تەرازووەکەش هەمیشە لە بەرژەوەندیی (ئەویتر)دایە. کەواتە لە ڕوانگەی لێڤیناسەوە





پەیوەندیی نێوان بکەرو (ئەویتر) هەمیشە نایەکسانە، لەبەرئەوەی بەرپرسیاریی (من) بەرامبەر بە (ئەویتر) هیچ کاتێک بە مانای بەرپرسیاریی (ئەویتر) نایەت بەرامبەر بە (من)، بۆیە هۆی چوونی (من) بەرەو (ئەویتر) بە تەنها ویستی میتافیزیکیی (من)ە بۆ دۆزینەوەی (بێ کۆتایی)، بەڵام ئەو شتە چییە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی ئەم ویستە لە بکەرێکدا کە خۆی بە تەوەری سەرەکیو ناسەر (یان بناس)ی ڕاستەقینەی جیهان دەزانێت؟ لیڤیناس وەڵامی ئەم پرسیارە لە پەیوەندیی مرۆڤ بە مەرگەوە دەبینێتەوە. ئەو لە یەکێک لە گرنگترین کارەکانی خۆیدا کە ناونیشانی (زەمەنو ئەویتربوون)ە دەنووسێت: (مەرگ پەیامهێنی ڕووداوێکە کە بکەر دەسەڵاتی بەسەریدا نییە، ڕووداوێک کە بە پەیوەندی لەگەڵیدا، بکەر چیتر بکەر نییە). بە واتایەکی دی، مەرگ تاقە ڕووداوە لە ژیانی مرۆڤدا کە تیایدا هۆشیاریی تاکە کەس بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ ناکات، لەبەرئەوەی وەختێک کە مەرگ دێت من نیمو، وەختێک کە منیش هەم؛ مەرگ بوونێکی دەرەکیی نییە.

کەواتە مەرگ شتێکە پێشبینی ناکرێت و تیایدا بکەر لە چارەنووسی خۆی بێ ئاگایە. لێرەدا دەگەینە کرۆکی سەرەکیی فەلسەفەکەی لیڤیناس کە لەم ڕستەیەدا کورت دەبێتەوە: (ئەو ئایندەیەی کە مەرگ بە ئێمەی دەدات، ئایندەی ڕووداو، هێشتا بۆ زەمەن نەگۆڕاوە. ئەم ئایندەیە مولکی هیچ کەس نییەو هیچ کەسێکیش توانای وێناکردنی نییە. کەواتە بۆئەوەی ئەم ئایندەیە ببێتە ڕەگەزێکی زەمەن، پێویستە لەگەڵ زەمەنی ئێستادا پەیوەندی بەرقەرار بکات.. ئامادەبوونی ئایندەش لە




زەمەنی هەنووکەدا بە تەنها لەڕێی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ (ئەویتــر)دا دێتــە دی). هەروەکو لە نــاوی کتێبەکەو ناواخنی ئــەم دەقەشــەوە دەردەکەوێــت، بەپێچەوانــەی هایدگەرەوە؛ لای لیڤینــاس چەمکــی زەمەن حەقیقەتی ڕەهــای خۆی نەک لــە پەیوەندییــدا لەگەڵ مەرگــدا؛ بەڵکو لــە پەیوەندییدا لەگەڵ (ئەویتر)دا دەبینێتەوە.

لــەم ڕووەوە؛ لە ڕوانگەی لیڤیناســەوە، ئاکارو پەیوەندیی نێــوان (من)و (ئەویتــر) لەڕووی گرنگییــەوە، دەکەوێتە پێش بوونناسی (ئۆنتۆلۆژیا)وە.

لیڤیناس بە پشتبەســتن بە دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆژیا)ی ڕووخســاری مرۆیی هەوڵ دەدات بە تێپەڕاندنی بوونناسیی هایدگــەری چەمکی بەرپرســیاری، واتە تەوەری ســەرەکیی پەیوەندیی نێوان (من)و (ئەویتر) بەدەست بهێنێت. لە ڕوانگەی لیڤیناســەوە (بەرپرســیاری بەرامبــەر بە ئەویتــر) گرنگترین پێداویســتیی ئاکارییە کە هەمیشــە وەکو پەیوەندییەکی یەک لایەنــەو نایەکســان کار دەکات. بــە واتایەکــی دی، (مــن) لە (ئەویتر) بەرپرســیارم، بەڵام بەرامبەر ئەم بەرپرســیارییەی خــۆم لە ئاســت ئەویتــردا؛ نابێت چاوەڕێی هەمان شــت لەو بکەم. لەوێشەوە کە (ئەویتربوون) ئامادەبوونێکی هەمیشەیی هەیــەو بگرە تەنانەت بەر لە لەدایکبوونــی (من)یش هەبووە، کەواتــە وەکــو لیڤیناس دەڵێت بەرپرســیاری بەرامبەر بەوی تــر (لــە ســەرەتاش کۆنترە)و لــە ڕابــردووی دێرینــەوە بە میراتــی بۆمان ماوەتــەوە. بەمجۆرە لە دیدگای لیڤیناســەوە (بەرپرســیاری بەرامبەر بەوی تر) کۆڵەکەو بناغەی تەواوی بونیادەکانەو دەکەوێتە ئەودیــو گەوهەری بکەرەوە. ئەوەش



بڵێیـن کـە لای لیڤیناس دیدار لەگەڵ (ئەویتـر)دا لەڕێی دیدار لەگـەڵ ڕووخسـاری ئەوەوە مەیسـەر دەبێـتو ئەمەش بۆ خـۆی دیدارێکـە لەگەڵ (بـێ کۆتایی)دا. لیڤینـاس لێرەداو بە گەڕانـەوە بۆ بیرۆکەی دیکارتی (لـە تێڕامانەکاندا، بەتایبەتی بەشـی سـێیەم) سـەبارەت بـە ئەولەویەتی بیرۆکـەی (بێ کۆتایی) بەسـەر بیرۆکەی (کۆتاییدار)دا دەدوێتو هەر لەبەر ئـەم هۆیەش ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ خۆناسـی (Egologie)ی (هۆسـێرلی)دا ناکۆک دەبێت. لای لیڤیناس (بوون بۆ ئەویتر) مەسەلەیەکی سەرنجڕاکێشانە (Intentionalite)یە کە قابیلی بەدەرکەوتن نییە. هەر لەبەرئەمە لە ڕوانگەی لیڤیناسـەوە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو مرۆڤدا، واتە ئاکار، پێویست بە هیچ جـۆرە بنچینەیەکـی ئۆنتۆلۆژییانە نـاکات. هەروەها لیڤینـاس بەپێچەوانـەی هایدگـەرەوە کـە کۆمەڵایەتیبـوون (Socialite) بـە تاقە پەیوەندی لەگەڵ (منێتی)ی بکەر وەکو بوونێکی ئامادە (Dasein) لەبەرچاو دەگرێت، ئەو لە هزری فەلسـەفیی خۆیـدا؛ ئەولەویەت بە چەمکـی (ئەویتر)و بابەتی (مافـی ئەویتر بـۆ ژیان) دەدات. لێرەوە، بـە بڕوای لیڤیناس؛ ئاکار لەڕووی گرنگییەوە پێش بوونناسی (ئۆنتۆلۆژیا) دێت- لەبەرئـەوەی پەیوەندیی (مـن)و (ئەویتر) دانابەزێتە ئاسـتی پەیوەندیـی بوونی ئامـادە (Dasein)و بـوون (Sein)ەوە. بـە بۆچوونی ئـەو بەرپرسـیاربوون بەرامبەر بـە (ئەویتر) ناکاتە کەمکردنەوەی بەهـای خودیی بکەر، بەڵکو بەو مانایە دێـت کە (من) خۆی دەخاتە جێی (ئەویتر)و بەرپرسـیارێتیی ئازارو گوناه و ڕەفتاری باشو خراپی ئەو دەگرێتە ئەستۆی خۆی. لیڤیناس لێرەدا پرنسـیپی جێگۆڕکێ (Substitution)



بەجۆرێک لە شوێنپێهەڵگرتن (Subjectum) پێناسە دەکاتو دەنووسێت: (خود) شوێنپێهەڵگرە.

ئەو دەکەوێتە ژێر باری جیهانەوە، لەبەرئەوەی لە هەموو شتێک بەرپرسیارە. بە بۆچوونی لیڤیناس وەختێک (خود) جێی (ئەویتر) دەگرێتەوە، ڕۆڵێکی لە پێشدا دیاریکراو نابینێت، بەڵکو بە (باشی) (Bonte)یە خودییەکەی خۆی دژ بەو خراپەو توندوتیژییە دەجەنگێت کە لە بوون خۆیشی کۆنترە.

وەک لیڤیناس دەڵێت بەرامبەر بە ڕووخساری (ئەویتر) دوو هەستی دژیەک لە (من)دا دروست دەبێت؛ هەستی توندوتیژیی (کوشتنی ئەویتر)و هەستی باشی (بەرپرسیاربوون لە ئاست ئەویتردا)، بەڵام ڕووخساری (ئەویتر) ئەم حوکمو یاسایە دەهێنێتەوە یادی (من)و بیرۆکەی (بێ کۆتایی) لە (من)دا زیندوو دەکاتەوە: (تۆ تاوانی کوشتن ناکەیت). بە واتایەکی دی، (بێ کۆتایی) (من) بەرەو (باڵابوون) بانگهێشت دەکاتو ئەم باڵابوونەش لە بەرپرسیارێتیی (من)دا بەرامبەر بە (ئەویتر) تەجەللای خودایی (epiphanie) دەناسێتو بەئاشکرا ناکۆکیی خۆی لەگەڵ ئەو نەریتە فەلسەفیەدا دەخاتەڕوو کە لە ئەفلاتوونەوە تا هیگڵ ئەویتری بۆ (منێتی)ی بکەر کورت کردۆتەوە. لیڤیناس لە کتێبەکەی خۆیدا کە ناوی (گشتو بێ کۆتایی)یە ڕەخنە لەم سیستەمە فەلسەفییانە دەگرێتو فەلسەفەکەی خۆی بە (مەعریفەی عیشق لە خزمەتی عیشقدا) ناو دەبات. وەکو لیڤیناس دەڵێت بە تەنها بیرۆکەی (بێ کۆتایی) دەبێتە مایەی عیشقو (بێ کۆتایی)یش کەلامی خواوەندە، ئەوەی لە ڕووخساری ئەویتردا بەدەردەکەوێت.

بێ شک لیڤیناس یەکێکە لە نوێنەرە دیارەکانی فەلسەفەی



سـەدەی بیسـتەمی ئەوروپـا، بەڵام هـزری فەلسـەفیی ئەو خەباتێکی ئەخلاقیانەیە دژ بەو تاوان‌و کارەسـاتانەی کە لەو سـەدەیەدا بەناوی ئازادی‌و شـۆڕش‌و شوناسی نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژییەوە ئەنجام دراون.

لێڤیناس فەیلەسـووفی ئاشـتی‌و ناتوندوتیژییـەو بەبـێ ڕەچاوکردنـی (ئەویتـر)و ڕێزگرتن لە بوونیشـی؛ لە دیدگای ئەوەوە ئەم بیروبۆچوونە قابیلی وەدیهاتن نییە.







# سەرەتایەك بۆ بیری فەلسەفیی
# یۆهان گیۆرگ هامان

قسەکردنی ئەمڕۆی من نە دەربارەی کارەکانی (هێنری کاربۆن)ەو نە دەربارەی خودی خۆشێتی. من هەرگیز ئەو بەختەوەرییەم پێ نەبڕا تا لە نزیکەوەو بە شەخسی بیناسم، بەڵام مایەی شانازیمە کە توانیم لە هەندێک لە وانەکانیداو لە دوا تافی ژیانیدا لە (قوتابخانەی پراکتیکیی لێکۆڵینەوە باڵاکان)دا ئامادە بم.

قسەکردنی ئەمڕۆی من دەربارەی فەیلەسووفێکی گەورەی ترە کە لە فەرەنسادا زۆر نایناسن‌و بەشێکی کەمی کارەکانی کراون بە فەرەنسی، بەڵام لە ئێراندا هەر بەتەواوی نەناسراوەو هیچ کارێکی نەکراوە بە فارسی. قسەکردنی من دەربارەی (یۆهان گیۆرگ هامان)ە کە هێنری کاربۆن یەکێک بوو لە یەکەمین وەرگێڕەکانی ئەو بۆ فەرەنسی‌و لە پاییزی (١٩٣٥)دا وتارێکی درێژی بەناوی (هامان، فەیلەسووفی ڕێبازی لۆتەری) دەربارەی ئەو نووسی. کەواتە هامان ڕۆڵێکی سەرەکیی لە پەروەردەکردنی فیکریی هێنری کاربۆندا بینیوە، لەبەرئەوەی هەروەکو (داریوش شایگان)یش لە کتێبێکدا کە سەبارەت بە کاربۆن نووسیویەتی؛ زۆر ڕاست دەکات کە وتویەتی: «هامان کاربۆنی فێر کردبوو کە (قسەکردن؛ وەرگێڕانی



زمانی فریشتەکانە بۆ سەر زمانی مرۆیی)، هەربۆیە ئەمڕۆ قسەکردن لەسەر بزاڤو ڕەوتی فەلسەفیی کاربۆن بەبێ ئاماژەکردن بۆ بیروبۆچوونەکانی هامان؛ کارێکی دژوارە».

بەڵام یۆهان گیۆرگ هامان کێیەو چەمکە سەرەکیەکانی بیری فەلسەفیی ئەو چین؟

ئەمڕۆش کەسانێکی زۆر هەن کە هێشتا هەر هامان بە فەیلەسووفێکی کەمبایەخ دەزانن‌و وای دەبینن کە ئەو نووسەرێکە؛ نووسینەکانی پەرشوبڵاون‌و -بە ڕواڵەت- هێڵێکی ڕوون پێکەوە نایانبەستێتەوەو (وەکو یۆنانیەکان بەشێوەیەکی چڕوپڕو وەکو خۆرهەڵاتیەکانیش بەشێوەیەکی ڕەمزی‌و کینایەئامێز دەینووسی. کەسانێکیش ئەو بە بیرمەندێکی وردبین دەزانن کە ئامانجی زیندووکردنەوەی ڕێبازەکەی لۆتەرە لە شێوە پاکو پەتییەکەیدا. هەندێکی تریش وەکو گۆتەو شیلینگ بە (یەکەمین پاڵەوانی یەکێتیی ئادەمیزاد)یان دەزانی‌و لەو بڕوایەدا بوون کە کارەکانی (پڕمایەترین دەسکەوتێکە) کە (ئەدەبی ئەڵمانی لە ڕۆژانی دواییدا بەدەستی هێناوە). لە ڕاستیدا هامان هەم هەموو ئەمانە بوو هەم لەمانەش زیاتر.

پێیان دەوت (مەجوسەکەی باکوور) (Le Mage du Nord). (فریدریک کارل فۆن موزر) ئەم ناوەی لێ نابوو، خۆیشی خۆشی دەویست. ئەم ناولێنانە هاوکات بوو لەگەڵ زنجیرەیەک ڕووداوی گەورەدا لە ساڵی (١٧٦١)دا، واتە پێشبینییەکەی (کیپلەر) سەبارەت بە سووڕانەوەی هەسارەی



ڤینۆس بـــەدەوری خۆرداو، ســـەفەرەکەی (کاپیتان کوک) بۆ دەریاکانـــی باشـــوورو قبوولکردنـــی داواکـــەی یۆهـــان داڤید میکایلیســـی خۆرهەڵاتنـــاس لەلایـــەن فریدریکـــی پێنجەمەوە سەبارەت بە ناردنی وەفدێک بۆ عەرەبستان.

هامان مامۆستای هێردەر (Herder)و هاوڕێی یاکوبی بوو لەگەڵ (کانتو میندلسۆن)یشـــدا نامەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. ئەو لە چاخێکدا دەژیا کە بزاڤی ڕۆشنگەری بەسەر تەواوی بوارە فیکرییەکاندا زاڵ بوو. تەنانەت پەلی بۆ ناو تیۆلۆجی (لاهوت)و فیلۆلۆجیش کوتابوو. هەروەکو ئایزایا بێرلینیش زۆر ڕاســـت گوتوویەتی: «شـــایانی باسە کە بێگومان تێڕوانینی هامان بۆ فەیلەســـووفەکانو کارەکانیان بەند بوو بەو ڕاستییەوەی کە وەکو زۆر لە بیرمەندانی ئەڵمانیی تری ئەو ڕۆژگارە، ساڵانی پەروەردەبوونی فیکریی ئەو کەوتبووە ژێر دەســـەڵاتی بزاڤە نوێیەکانی چاخی ڕۆشنگەرییەوە، کە سەرباری دژایەتیەکانی کڵێسا-چ کاتۆلیکو چ پرۆتستانو سەرباری ئەزیەتو ئازاردانە ناوبەناوەکانی لایەنە دەوڵەتیەکان- هەم لە فەرەنســـاداو هەم لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیتاڵیادا، ببوو بە بەهێزترین بزاڤ لە سەرانسەری ئەوروپادا».

هامـــان گەورەترین دژایەتیکەری ڕۆحی ڕۆشـــنگەری بوو لە چاخی خۆیدا.

ئـــەم دژایەتیکردنـــەش هـــەم لـــە شـــێوەی بیرکردنـــەوەو هەم لـــە شـــێوەی نووسینیشـــیدا دەردەکـــەوت، لەبەرئەوەی بەئەنقەســـت خۆی بە هیچ جۆرە سیســـتمێکی بیرکردنەوەوە نەدەبەستەوە.

بەدەگمـــەن کتێبەکانـــی لە یـــەک بەرگ تێپەڕیـــان دەکردو



هەروەکــو هێنــری کاربۆنیــش لەبارەیــەوە دەڵێــت: «هامان خــۆی کارەکانی بــە (دوورگە گەلێــک) دەشــوبهاندو داوای لــە خوێنەرەکــەی دەکرد کــە فێر بێت ســوود لــە (تەکنیکی مەلەکــردن ببینێــت». کەواتە ســەبارەت بە هامــان دەتوانین بڵێین کە لە سیستم بێزار بوو، چ ئەو سیستمانەی لە شێوەی بونیادی فەلســەفیدان؛ وەکو فەلســەفەی کانــت یا هیگڵ، یان بونیادە خواناســییەکان‌و کۆڵەکەکانــی باوەڕپێهێنانیان، بۆیە هامــان بەرامبەر بە بیرمەندێکی وەکو هیگڵ کە بڕوای وابوو هەرچیــەک واقیعییــە ئەقڵانییەو هەروەها بەپێچەوانەشــەوە؛ دەڵێت کە ڕاســتی بــە تەنها لە شــتە بچــووک‌و تایبەتەکاندا دەبینرێتەوە.

لەم ڕووەوە بە بڕوای هامان ئەوەی بایەخی هەیە نە شتە گشــتیەکان‌و نە شــتە ئەبســتراکتەکانن، بەڵکو شتی فەردی‌و ئەو شــتە لکێنراوانەن کە لەنێوان شتەکاندا جیاوازی دەهێننە ئاراوە. بەشێوەیەکی گشتی، هامان لێرەدا هەوڵ دەدات لەڕێی ڕەخنەگرتــن لە شــتە ئایدیالی‌و ئەبســتراکتەکان‌و سیســتمە ئەقڵانییەکانی فەیلەســووفان‌و زانایانی ســەدەی هەژدەیەم‌و جێگۆڕکێپێکردنیان بە مانایەکی بێ نێوەندو کاڵ (یا سروشتی)ی ڕاســتی کــە خولقێنەرەکەی شــتێکە بە بڕوای ئــەو دەکرێت ناوبنرێت ئیمان (Glaube)، بەهاکانی فەلسەفیی ڕۆشنگەری پێچەوانە بکاتەوە. ئایزایا بێرلین دەنووســێت کە : (بە بڕوای هامان، ئیمــان جۆرێکە لە ماناو هەروەکو تــەواوی ماناکانی دی؛ ئەقڵ نکوڵیی لێ دەکات، لەبەرئەوەی دروستکراوی ئەقڵ نییە). بێرلین بەم قسەیەی، هزری هامان بە بیروڕاکانی (داڤید هیوم)ی نووســەری (کتێبێک دەربارەی سروشتی ئادەمیزاد)






بـــەراورد دەکات. بـــە بڕوای هیـــوم: (ئیمان پتـــر کردارێکە لە بەشە هەســـتپێکەرەکەی سروشتمانەوە ســـەرچاوە دەگرێت نەک لە بەشە بیرکەرەکەوەی سروشتمانەوە).

هامـــان خۆی لـــە نامەیەکدا بۆ هیردر لـــە (١٧٩١/٥/١٠)دا، ئاماژە بۆ ئەم کاریگەرییەی هیوم دەکاتو دەنووسێت: (هیوم هەمیشە ئەو کەســـەیە کە من دەمەوێت، لەبەرئەوەی لانیکەم ئەو ستایشـــی بنەمای ئیمان دەکات و دەیخاتە ناو سیســـتمە فەلســـەفیەکەی خۆیەوە)و لە ســـەرێکی تـــرەوە بێرلین هامان لەبەرامبەر کانت دادەنێت. بە بڕوای کانت (بۆ فەلسەفەو بەڵکو بەشێوەیەکی گشـــتی بۆ ئەقڵی مرۆییش مایەی ئابڕووچوونە گـــەر ناچار بین بـــە (ئیمان) بوونی شـــتەکانی دەرەوە قبووڵ بکەین).


ئەو ئابڕووچوونەی کانت باســـی دەکات بـــەردی بناغەی میتافیزیکاکـــەی هامانـــە. لـــەم ڕووەوە ئـــەو دەیەوێـــت ئـــەو لەمپەڕانـــەی کـــە کانـــتو ئەقڵگەراکانـــی ســـەدەی هەژدەیەم لەبەردەم پەیوەندیکردنی ڕاســـتەوخۆدا بە خواو سروشتەوە دروستیان کردووە؛ لایان بەرێت. لەبەرئەمەشە هامان ڕێز بۆ هیوم دادەنێت کاتێک ڕەخنە لە (باوەڕهێنان بەو پرنســـیپانەی پێـــش ئەزمـــوون دەکـــەون) (apriorisme) دەگرێـــت، بەڵام باســـی- ڕێژەگەراییو دیاردەگەراییەکەی هیوم ناکات- کە بە بڕوای ئەو کۆسپێکە لەبەردەم دروستبینینی حەقیقەتدا.

کەواتـــە بـــە بـــڕوای هامـــان (ئیمـــان) بنەمای ســـەرەکیو تـــەوەرەی ســـەنتەریانەی مێـــژووی مـــرۆڤو سروشـــتە. بە بۆچوونـــی هامان ئیمـــان ئامرازی بێ نێوەندو ڕاســـتەوخۆی مرۆڤـــە لەگـــەڵ جیهاندا، واتە ئیمان ئەو شـــتەیە کە ئادەمیزاد




لەڕێیەوە لەگەڵ جیهاندا- وەک بوونێکی ڕاستەقینە- پەیوەندی دروست دەکات. هەر لەبەرئەمەش بە بۆچوونی هامان ئیمان شتێک نییە دابەش بکرێت، واتە ئەو لەنێوان ئیمانی ئایینیو ئیمانی دونیاییدا جیاوازی ناکات. بە بڕوای هامان، هەم بۆ دروستکردنی بوونی تایبەتی مرۆڤ خۆی یا بوونی شتەکانی تایبەت بە ژیانی ڕۆژانە- وەکو خواردنی هێلکەیەک یان خواردنەوەی پەرداخێک ئاو-و هەم بۆ دروستکردنی بوونی شتە باڵاکان، بە تەنهاو تەنها یەک ئیمان پێویستە. بێگومان هامان ئیمان بە خودا بە باڵاتر دەزانێت لە ئیمان بە بوونی شتێکی ماددیی سادە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا باوەڕی بەوەیە کە ئیمان بە هەردوو مانای وشەکە، بناغەو کۆڵەکەی ناسینی جیهانی دەرەوەیە. بە دەربڕینێکی دی، بە تێڕوانینی هامان، ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان ئەقڵو ئیماندا نییە. لەبەرئەوەی بە بۆچوونی ئەو بەردەوام ئەقڵ لەسەر ئیمان دروست دەکرێت، نەک بەپێچەوانەوە. کەواتە بە بڕوای هامان بوونێکی پێش ئەقڵانی هەیە کە بەر لە ئەقڵەو لەڕێی لۆجیک (مەنتیق)ەوە قابیلی سەلماندن نییە. ئایزایا بێرلین لەم تێڕوانینە فەلسەفیەی هاماندا هەوێنی ئێگزیستانسیالیزم (بوونگەرایی- وجودیەت)ی مۆدێرن دەبینێتەوە کە بە بڕوای ئەو بە (یاکوب بۆهم)و سۆفییە ئەڵمانیەکان دەست پێ دەکات، تا دەگات بە (هامانو یاکۆبی)و سەرەنجامیش پاش (کیرکیگاردو نیچە) بە (میرلۆپۆنتیو سارتەر) کۆتایی دێت.

هێنری کاربۆنیش بە شێوازی خۆی ئەوە دەستنیشان دەکات کە (نیشانەی هەندێک لە چەمکو بنەماکانی فەلسەفەی بوون لە فەلسەفە پێغەمبەرانەکەی هاماندا دەبینرێت).



کەواتە ڕاستتر وایە کە هامان بە یەکێک لە پێشڕەوانی بوونگەرایی خۆرئاوا بژمێرین نەک بە باوکی نائەقڵانیەتی مۆدێرن، دەکرێت دژایەتیکردنی ئەقڵگەرایی لای هامانو ڕەخنە جیددییەکانی لە بەها سەرەکیەکانی (ڕۆشنگەری) لە پێداگرتنی لەسەر بەرکەماڵیی ژیانو بەتایبەتیش لەسەر ئەوەی کە ئادەمیزاد جەستەیی (جسمانی)و داهێنەرو خرۆشێنەر (یا هەژێنەر)ە؛ ببینینەوە، چونکە بە بڕوای هامان ئەرکی فەلسەفە بریتیە لە تاوتوێکردنو ڕوونکردنەوەی ژیان بە هەموو دژایەتی (تناقچ)ەکانیەوە، نەک (یەکتەرزکردنی) بە دانانی (کۆشکی خەیاڵی) لەجێی. بەم شێوەیە، هامان (پرنسیپی پێکەوەبوونی شتە دژەکان) کە لە (جۆردانۆ برۆنۆ) وەری گرتووەو دۆزینەوەشی هەر دەداتە پاڵ ئەو (بەبێئەوەی ئاگاداری نیکۆلا دۆکۆزا بێت)؛ بەرامبەر بە پرنسیپەکانی (هۆیەتی)و (بەڵگەی تەواو)ی وۆڵف دادەنێت. لە نامەیەکیدا بۆ (هیردر) لە (٢٧ی ئابی ١٧٨١)دا دەنووسێت: (بڕوام وایە کە ئەم پێکەوەبوونە هەمیشە تاقە بەڵگەی تەواوی دژایەتیەکانو پرۆسەی ڕاستەقینەی تیاچوونیانە؛ و ڕێگەی کۆتاییهێنانە بە هەموو مشتومڕەکانی نێوان ئەقڵی ساغو بێ ئەقڵیی پەتی). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێت شەڕی بێ سرەوتی ئەو لەگەڵ فەلسەفەی ڕۆشنگەریدا وامان لێ بکات کە بە پێشڕەوێکی گەورەی نائەقڵانیەتی مۆدێرنی لەقەڵەم بدەین، ئەمە خاڵێکە کە هێنری کاربۆن لە وتارێکیدا بەباشی سەرنجی داوە، چونکە دەنووسێت: (ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری لای هامان، بەهیچ جۆرێک مانای خۆبەستنەوەی پەتیو سادە بە هێزە کوێرو شەیتانیەکانەوە نییە، ئێمە بەردەوام دەبینین کە



هامان خۆی لە کۆتی دوالیزمەکانی وەکو ئایدیالیزم- ڕیالیزم یا ئەقڵانیەت- نائەقڵانیەت ڕزگار دەکات؛ ئەم دوالیزمانەی کە لای ئـــەو تەنهاو تەنها کۆمەڵێــک دژایەتیی مەنتیقین‌و ناتوانن دژایەتیی ڕاستەقینەی بوون بخەنەڕوو).

کەواتـــە هامـــان نائەقڵانـــی نییـــە، بەڵکـــو بیرمەندێکە دژی ڕۆشـــنگەرییە. بەڵگـــەی ڕاســـتیی ئـــەم قســـەیەش ئەوەیە کە بەهەمان ڕادەی ئاماژەی بۆ چەمکەکانی (خودا)و (سروشت)؛ ئامـــاژەی بـــۆ چەمکەکانـــی (ئەقـــڵ) (Vernunft) و (دەرک) (Verstand) کردووە. شـــتێکی باشـــە لێرەدا جەخت لەسەر ئەوەش بکەینەوە کە بەرلەوەی کانت بایەخ بە مەسەلەی زانین بدات؛ هامان بە شێوازی خۆی سەرقاڵی مەسەلەی سروشت‌و سنوورەکانی ئەقڵ بوو، بەڵام بەپێچەوانەی (کانت)ەوە، هامان هەرگیز شـــیکردنەوەی سیستماتیکی سەبارەت بە کاری ئەقڵ ئەنجـــام نـــەداوە. لە کاتێکـــدا کانت ئەقڵی شـــیکەرەوە دەخاتە ســـەروو هەمـــوو شـــتەکانەوە، هامـــان بەپێچەوانـــەوە ئەقڵی مەزەنـــەکار دەخاتە جێی. بۆیە بۆ تێگەیشـــتن لە پێگەی ئەقڵ لە بیرکردنەوەی هاماندا، پێویســـتە جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕووی مەزەنـــە (حدس)ی‌و ئەبســـتراکت (تەجریدی)ی زانین (مەعریفە)دا بکەین.

بە بـــڕوای هامان، ئەقڵـــی مەزەنەکار نیشـــانەی ڕوویەکی بیرکردنەوەیە کە پەیوەســـتە بە تێگەیشـــتنی ڕاستەوخۆو بێ نێوەنـــدی ڕاســـتی‌و بەرامبەر بـــە بیرکردنـــەوەی بەڵگەخواز (discursive) دەوەســـتێت کە دەرکپێکردنی ناڕاســـتەوخۆو نێوەندخوازی ڕاستییە.


هامان بۆ پیشاندانی تێگەیشتنی بێ نێوەندی جیهان سوود



لە سـیمبوڵی (بروسـکەی تاک بەشـی) دەبینێت. ئەمەش بەو مانایـە دێت کە ئەقڵی بەڵگەخواز سروشـتێکی چەند بەشـی (یـان بەش بـەش)ی هەیە، لەبەرئەوەی بەشـێوەیەکی پلەدار (پلەبەپلـە)و قۆنـاغ بـە قۆنـاغ حەقیقـەت ڕوون دەکاتـەوە. شـتێکی بەڵگەنەویسـتە کە بە بۆچوونی هامان، لە دەرەوەی زماندا بیرکردنەوە نییە. لەبەرئەمەشـە کە ئەو زمانەی ئەقڵی مەزەنەکار بەکاری دەهێنێت؛ تەواو لەگەڵ ئەو زمانەدا جیاوازە کـە ئەقڵی بەڵگەخواز بەکاری دەهێنێـت. هامان دەڵێت زمانی ئەقڵی مەزەنەخواز زمانی سروشـتەو لە خودی ڕاستی خۆی نموونە وەردەگرێت.

لە کاتێکدا زمانی ئەقڵی بەڵگەخواز زمانێکی ئەبسـتراکتە- هەروەکـو ئەو زمانـەی کە هزری ڕۆشـنگەری سـوودی لـێ دەبینێـت- و بەپێچەوانەی زمانی ئەقڵـی مەزەنەکارەوە، ناتوانێت بگاتە ئاستی دەربڕینی شاعیرانە.

کەواتە ناشـتوانێت دەربارەی شـتە ڕۆحیو مانەوییەکان هیچمان پێ بڵێـت، لەبەرئەوەی وەکو هامان دەڵێت، خواوەند شـاعیری سـەرەتای ڕۆژە (der poet am Anfang der tage)و بە زمانی شـاعیرانە لەگەڵ ئینساندا دەدوێت. کەواتە قسـەی خواوەنـد قسـەیەکی فەلسـەفی نییـە، بەپێچەوانەوە سـادەو سروشـتییە، زمانی ژیانـی ڕۆژانەیە. هامـان لێرەدا زۆر ڕەخنـە لە وتاربێژانێکی وەکو (یۆهـان داڤید میکایلیس) دەگرێت. بە بڕوای میکایلیس جیاوازی لەنێوان زمانی وێنەییو خوازەیی (إستعاری)ی کتێبە پیرۆزەکانو قسەی خوادا هەیە. میکایلیس بـڕوای وایە کە ئەگەر خواوەند بیویسـتایە لەگەڵ ئادەمیـزاددا بدوێـت، زمانێکـی ئەبسـتراکتتری بەکاردەهێنا



کــە لە زمانی فەیلەســووفانەوە نزیکتــرە. بەڵێ ئەوەی هامان لــە بیروبۆچوونەکانی میکایلیســدا پێی قبــووڵ نییە، تیۆرەی حەقیقەتی دوولایەنەی ئەوە. بە بڕوای هامان، بۆ نزیکبوونەوە لــە حەقیقەتــی ڕۆحی، هیچ پێویســت ناکات پەنــا بەرینە بەر دوو شێواز، یەکێکیان شــێوازی فەیلەسووفو ئەویتریشیان شــێوازی خەڵکی ڕەمەکی، لەبەرئەوەی حەقیقەت یەک شتەو بــەم مانایــەش شــاعیرانەترین زمــان کــە زمانی سروشــتە توانــای دەربڕینی ئەو حەقیقەتەی هەیــە. لەبەرئەوەی زمانی سروشــت لەڕێی وێنەوە دەردەبڕرێت، واتە زمانی حەقیقەت بۆ تاقیکردنەوەی ڕاستی پشت بە بینینی بێ نێوەندی شتەکان دەبەستێت، لە کاتێکدا ئەقڵی بەڵگەخواز یان ئەبستراکت لەبری ئەو پەیوەندییە بێ نێوەندە، پەنا دەباتە بەر چەمکگەلێک کە لە هەموو جۆرە هەستێک داماڵراون.

بۆیــە هامان لــە کتێبی (ئیســتاتیکا لە پێســتی خۆیدا) (کە هێنری کاربۆن بۆ فەرەنســایی وەرگێڕاوە) دەڵێت: «تەواوی گەنجینەی مەعریفەی مرۆیی‌و بەختەوەریی ئادەمیزاد لەسەر وێنــە بەنــدە». کەواتــە بەڕای هامــان، ئەوەی سروشــتیترە ئەوەیە کە ئادەمیزادەکان لەڕێی وێنەو ڕەمزەوە بیر بکەنەوە، واتە بەشــێوەیەکی (قیاسی)انە بیر بکەنەوە، نەک لەڕێی بنەما ئەقڵانیەکانەوە خەریکی (ئیســتیقراو)و (ئیســتینتاج) بن (دوو شــێوازی بیرکردنــەوەی مەنتیقیــن بۆ گەیشــتنە حەقیقەت- وەرگێڕ). بەمجۆرە، تەواوی مرۆڤناســییەکەی هامان لەســەر ئــەم بیرۆکەیــە داڕێــژراوە کە (قیــاس) یــان (مەزەنەکردن) حاڵەتی سروشــتی‌و ســەرەکیی بیرکردنــەوەی ئادەمیزادەو هەر جۆرە جووڵەیەک بــەرەو ئەقڵی بەڵگەخوازی، ئادەمیزاد



لــە حاڵەتە ســـەرەتاییەکەی دوورتر دەخاتـــەوە. هەر بۆیە لە کتێبی (ئیستاتیکا لە پێستی خۆیدا) دەنووسێت: (شیعر زمانی ئەســڵیی ئادەمیزادە)، بە واتایەکی دی، شـــیعر ســـەرچاوەی زمانـــی ئادەمیزادە، بەڵام ئەو ســـەرچاوەیەی کـــە هامان لێی دەدوێت (زەمانی) نییە، بەڵکو پتر ئۆنتۆلۆجییانەیە.

ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە هێنری کاربۆن پێمان دەڵێت؛ کاتێک دەنووســـێت: (وەختێک هامان ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە پێویســـتە بـــەدووی ســـەرچاوەدا بچیـــن‌و بگەڕێینەوە بۆ (بەر لەمەی ئێســـتا)، بیر لە (لۆجیکێکی ســـەرچاوە (یا ئەسڵ) ناکاتـــەوە- واتە بـــەو مانایەی کە لە ڕێبـــازی ماربۆرگدا ئەم چەمکـــە لێک دەدرێتەوە، بیر لەوەش ناکاتەوە کە زاراوەیەکی وابەســـتە بە زانستێکی مێژوویی ئەزموونگەرییەوە بێت، واتە زانستێک کە بە تەنها کاری تواندنەوەی ڕاستییە لەنێو بزاڤێکی بەرەودواوەچوودا. ئەگەر بیرکردنەوە بەم شێوەیە زنجیرەی هێڵی زەمەنی ببڕێت، ناتوانێت بگات بە (یەکەم ڕەگ)، تەنانەت گەر بە مانای حاڵەتی ئایدیالی یەکەمینیش بێت. ئەم یەکەم ڕەگە دەبێت ئەســـڵێکی مێژوویی- میتافیزیکی بێت کە لە سنووری بیرکردنەوە تێدەپەڕێت: مێژوو سەرچاوەی مێژووی خوڵقاندنە. قووڵبوونـــەوەو تێڕامان ناتوانێت لەڕێی (ئیســـتیقرا)ەوە پەی پـــێ بەرێت‌و تاقیکردنەوەش ناتوانێت وای لێ بکات ببینرێت). کەواتـــە بە بڕوای هامان، ســـەرچاوەی مێـــژووی مرۆڤایەتی (خوڵقاندن) (یا خەڵقکردن)ەو سەرچاوەی خوڵقاندنیش (قسەی خودا)یە. لەڕێی خوڵقاندنەوە قســـەی خودا بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەبێت‌و مێژووی مرۆڤایەتی دەســـت پێ دەکات. کەواتە خودا کە لەگەڵ مرۆڤدا بدوێت، ئەم دوانەی تەنها لە شێوەی (قسە-



کەلام)و لە شێوەی (لۆگۆس)دا بەدەردەکەوێت، بۆیە هامان بەپێچەوانەی یاکوب بۆهمەوە- کە بڕوای وایە کەلامی خودا بەڵگەیە بۆ دابەشبوونی یەکتایی ئەو- بڕوای وایە کە خودا بوونێکی قسەکەرو نووسەرە کە لەڕێی (کەلامی)یەوە توانای ناولێنانی بوونەوەرەکانی بە مرۆڤ بەخشیوە. لەم ڕووەوە هزری هامان لە هزری (کابال- Kabbale)ەوە نزیکە کە کرداری خوڵقاندن نەک هەر لە شێوەی (کەلام)دا، بەڵکو لە شێوەی (کتێبێک)دا دەبینێت کە هەڵگری پەیامێکی گشتیو جیهانییە کە خودا ویستوویەتی بۆ مرۆڤی ئاشکرا بکات. هەروەکو (گرشوم شۆڵم) دەڵێت: «بە بڕوای کابال، عیرفانی زمانی، لەهەمانکاتدا، عیرفانی نووسراویشە، (لەبەرئەوەی) هەر کردارێکی گوتن لە جیهانی ڕۆحدا، بەشێوەیەکی بێ نێوەند، کرداری نووسینیشەو، هەر نووسراوێکیش خۆی لە خۆیدا گوتراوێکە کە دەکرێت ببیسترێت». ئەو عیرفانە زمانییەی کە لێرەدا گرشۆم شۆڵم ئاماژەی بۆ دەکات لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە زمانی سرۆش (وەحی)و زمانی ئەقڵی مرۆیی لە یەک گەوهەری تاقانەوە دێن. ئەم خاڵە چ لە بیروبۆچوونەکانی هامانداو چ لە میتافیزیکای زمانی سرۆشدا بەئاشکرا دەبینرێت. بە بڕوای هامان، ئەگەر خودا مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی خوڵقاندووە، کەواتە ئەو زمانەی کە مرۆڤ پێی دەدوێت، جگە لە لاساییکردنەوەی زمانی خودا هیچی دی نییە، کەواتە بە بۆچوونی هامان، زمان پردی پەیوەندیو نێوەندی نێوان خوداو مرۆڤە، بە دەربڕینێکی دی، کاتێک کە (خوڵقاندن) دەبێت بە قسە، نەبینراویش لەڕێی (لۆگۆس)ەوە دەبێت بە بینراو. کەواتە





ڕۆحی مرۆڤ، بە تەنها لەڕێی کەلامی خوداوە ئاشکرا دەبێت. بەمجۆرە زمان بەنیسبەت مرۆڤەوە تاقە وەسیلەیەکە بەهۆی ئـەوەوە دەتوانێت بوونـی ناوەوەیی خۆی- کە پەیوەندیی بە ڕۆحـی خوداییـەوە هەیە- لـە دەرەوەیدا بەرجەسـتە بکات. وەکـو هامان نووسـیویەتی: (قسـەکردن، وەرگێڕانی زمانی فریشـتەکانە بۆ زمانێکی مرۆیی، واتـە وەرگێڕانی هزرەکان بۆ وشـە، یان شـتەکان بۆ ناوو وێنەکان بۆ ئاماژە). کەواتە بەپێی بیرکردنەوەی هامان، ناکرێت لە (بوون)ەوە بە لۆگۆس بگەین. لەبەرئەوەی کە بوون بە تەنها لە شـێوەی لۆگۆسـدا قابیلـی ئەوەیـە تێی بگەیـن، چونکە ئەگەر کەلامـی خودایی خۆی خولْقاندن بێت، مرۆڤیش وەکو (خولْقاو)ێک شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی کەلامو هـەر لەبەرئەمەش لەڕێـی زمانییەوە دەچێتـە ناو مێـژووەوە. بـە دەربڕینێکی دی، بـە بۆچوونی هامـان ئامادەبوونی مرۆڤ لە مێژوودا، بە تەنها لە شـێوەی (مرۆڤی موتەکەلیم- قسـەکەر)ەوە دێتەدی. کەواتە مەسەلەی مێـژوو لای هامـان بە تەنها لە سـای مەسـەلەیەکی باڵاتردا دەخرێتەڕوو کە ئەویش بیرۆکەی سروشی خوداییە کە خۆی لە ناوجەرگەی مێژوودایە.

کەواتە لە ڕوانگەی هامانەوە مەسەلەکە ئەوەیە کە سروش چـۆن لە مێژوودا ڕوویداوە (پەیدا بووە)، لەبەرئەوەی مێژوو خۆی بە تەنها لەڕێی سروشەوە بوونی هەیە. بە دەربڕینێکی دی، هامـان مانـای مێـژووی بوونی مرۆڤ لە گۆشـەنیگای مەسەلەی زمانەوە کەشف دەکات. لەبەرئەوەی بە بڕوای ئەو، زمانە کە حەقیقەتی مێژوو ئاشـکرا دەکات. پەیوەندیی نێوان زمـانو مێژوو؛ واتە پەیوەندیی نێوان کەلامی خوداو زەمەن،




لە بیروبۆچوونەکانی هاماندا لە شـێوەی (پێغەمبەر)دا، وەکو نێوەندێکی نێوان خوداو مـرۆڤ لە زەمەندا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا کە ڕیشـەی لە ڕابردوودایەو ڕووشـی لـە ئایندەیە، لەڕێـی پێغەمبەرەوەیـە کە ڕابردووی سـەرەتا دەگۆڕێت بۆ ئێستا.

پێغەمبـەرە کـە زمانی فریشـتەکان دەگۆڕێت بـۆ زمانی ئادەمیزاد. ئەو شـاعیرێکە کە پارچەکانـی ژیان دەکاتەوە بە یەک. کەواتە ئەوە پێغەمبەرە کە زمانی خامۆشی (سروشت) بۆ کەلامێک دەگۆڕێت کە یونیڤێرسالێتیو هەمەکێتیی خولّقاندنی خودایی دەخاتەڕوو. هامان دەڵێت کە بەبێ پێغەمبەر (مێژوو هیچ نییە جگە لە دەربەندێکی پڕ لە ئێسقانی مردووان).

هامان کە لێرەدا سوود لە وێنەیەک دەبینێت کە لە خەونی حزقیـال (چاخی کۆن، کتێبی حزقیـال پێغەمبەر، ٣٧: (١-١٤)دا هاتووە سـەبارەت بە هەڵسـانەوەی مـردووەکان، بۆ ئەوەیە کـە پێمان بڵێـت چۆن کەلامـی خواوەنـد، ژیانـی مرۆڤێکی وەکـو حزقیال بۆ شـێوەی ژیانـی پێغەمبەرێک دەگۆڕێت کە ئەرکـی دابینکردنی مانەوەی قەومی بەنی ئیسـرائیلە. کەواتە پێغەمبەرایەتـیو ماناکـەی، چەمکێکی تازە بۆ زەمەنو ئایندە دەهێنێتـە ئـاراوە، کـە مانـای دەرکەوتنـەوەو گەڕانـەوەی مەسـیحی لەسـەر بینا دەکرێـت، لـەم ڕووەوە گەڕانەوە بۆ (کتێبـی پیرۆز) لە میتافیزیکای هاماندا بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی هەم بۆ تێگەیشـتنی (سروشـت)و هەم بۆ تێگەیشتنی (مێژوو)ش پێویستە. لەم بارەیەشەوە ئاماژەکردنی هامان بۆ کتێبی (ئیسـتاتیکا لە پێسـتی خۆیـدا) زۆر گرنگەو لەوەوە دەتوانین تێبگەین کە هامان چۆن کەلامی خودا بە ڕۆڵی



مێژوویی مووساوە دەبەستێتەوە. ئەو دەنووسێت: (یەکەمین تەقینەوەی خولقاندنو یەکەمین کاریگەریی مێژوونووسەکەی (واتە مووسا)، یەکەمین جیلوەو یەکەمین چێژوەرگرتن لە سروشت، هەموو لەمەدا کۆبوونەتەوە: (با ڕووناکی ببێت) بەمجۆرەیە کە هەستی ئامادەبوونی شتەکان دەست پێ دەکات). کەواتە بە بڕوای هامان، دیدارەکەی نێوان مووساو خودا- بەو شێوەیەی کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە- نموونەی هەموو شێوە جیاوازەکانی مێژوونووسینەوەیە. لەبەرئەمە ئەو بە جەختکردنەوەی لەسەر ناوەڕۆکی ئەفسانەیی مێژوو، لە هەڵسوکەوتی ئەقڵگەرایانە لەگەڵ مێژوودا خۆی بەدوور دەگرێت، کەواتە هامان ئەو ڕێبازانەی مێژوونووسینەوە ڕەت دەکاتەوە کە بە تەنها بەدووی بابەتێتی (مەوزوعیەت)ێکی ئەقڵانیو ئەبستراکتەوەن لە مێژووداو، پێ لەسەر هێزی ئەفسانە دادەگرێتەوە کە لە پیشاندانی کرۆکی حەقیقەتی مێژووییو خستنەڕووی توانایەکی گەورە بۆ بزواندنی ئادەمیزادەکان هەیەتی. کەواتە هامان ڕەخنە لەو فەیلەسووفانەی مێژوو دەگرێت کە بە بڕوای ئەو، لەجیاتی گوێشلکردن بۆ ئاوازی ئەفسانەکانو گرنگیدان بە وێنەکانی ڕابردوو، وێنەی خۆیان- کە کەسانێکی مۆدێرنن- بەسەر ڕابردوودا دەسەپێننو وەکو نارسیس (نێرگس)یش بەم ڕەنگدانەوەیەی سیمای خۆیان سەرسام دەبن، هامان دەنووسێت: ئێمە لە کەسانێک دەچین کە لە ئاوێنەدا تەماشای ڕووخساری خۆیان دەکەن، بەڵام پاش تەماشاکردنی خۆیان خێرا هەڵدێنو ئەوەیان لەبیر دەچێتەوە کە ئەو وێنەیە چۆن دروست بووبوو. ئێمە ڕێک بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی ڕابردوودا دەکەینو



تەنانەت لەو نیگارکێشەش دەچین کە وێنەی خۆی دەکێشێت، نارسـیس (ئـەم ڕەگوڕیشـەیەی ئادەمیـزادە جوانـەکان) (وێنە)کەی خۆی لا گرنگترە لە (ژیان)ی. کەواتە بە تێڕوانینی هامـان، ئەفسـانەکان بە تەنها سـەر بە ڕابـردوو نین، بەڵکو بۆ تێگەیشتنی ئێستاشـمان پێویستن. بەمجۆرە ئەوە کارێکی پەسـەند نییـە کە وەکـو (برنـار دو فۆنتنل) ئەو ئەفسـانانە بە قسـەی پڕوپـووچ بزانین، یاخـود بەپێچەوانـەوە، لەڕێی لێکدانەوەی سروشتگەرایانە (ناتورالیسـتانە)وە بەئەقڵانییان بکەین‌و بەم شـێوەیەش نکوڵیان لێ بکەین. بەم پێیە، ئەفسانە کۆنـەکان ڕۆڵێکی زۆر سـەرەکی لە هزری هامانـدا دەبینن. لەگـەڵ ئەمەشـدا؛ هامـان بەپێچەوانـەی هاوچاخەکانیـەوە، بایـەخ بە ئەفسـانەکانی یۆنان نادات، لەبەرئـەوەی بە بڕوای ئـەو ئەفسـانەکانی یۆنان لە ئەفسـانە عیبرییـەکان زیاتر لە سروشـتەوە دوورن. لەم ڕووەوەیە کە لە کتێبی (ئێسـتاتیکا لە پێسـتی خۆیدا) ئەم ڕسـتەیە دەخوێنینەوە: (قوتاربوون لە جوولەکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت).


ڕاسـتە بە بۆچوونـی هامان –ئەم پیتیسـت (Pietiste)ە لۆتەرییە– جوولەکە نوێنەری گەورەترین ژیاری خۆرهەڵاتە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا؛ ئەوەی سـەرنجی هامان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت میللەتی جوولەکە نییە، بەڵکو کەلامی پێغەمبەرانەی (کتێبـی پیرۆز –واتە تەورات–)ە، کە بۆ (هەنووکە)ی تەواوی ئادەمیزادەکان گرنگە. ئەم مەسەلەیە بەلای هامانەوە ئەوەندە ڕاسـتە کە (هەر مێژوویەک تەوراتێکـی پێغەمبەرانەیە کە بە پەڕینـەوە بەناو هەموو قۆناغەکانـی مێژووی هەر مرۆڤێکدا؛ کامڵ دەبێت). مەسـەلەی پێگەی ئیمان لە زەمەنی هەنووکەدا،



لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەیەکی (مانای پێغەمبەرانە) کە لە مەسەلەی (هاوچەرخبوون Contemporaineite)ی کەلامی خوادا کورت دەبێتەوە. بەمجۆرە، هامان دەیەوێت بەتەواوی ڕەسەنایەتیەوە ئەم (مانای پێغەمبەرانە)یە سەرلەنوێ زیندوو بکاتەوەو هەوڵ دەدات زەمەنداریتییەکەی بەرامبەر بە زەمەنداریتیی ئەقڵی مێژوویی ڕۆشنگەری دابنێت، بەم شێوەیە، خاڵی ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان هامانو ڕۆحی ڕۆشنگەریدا؛ لە گفتوگۆکردنی فەلسەفی سەبارەت بە کاری ئاکاری (ئەخلاقی)ی مرۆڤدا دەردەکەوێت. لە کاتێکدا کانت لەنێوان ئادەمیزادی سروشتیو ئادەمیزادی ئاکاریدا جیاوازی دەکاتو توانستی (ئیرادەی چاکە) بە تەنها دەداتە پاڵ ئادەمیزادی ئاکاری. هامان- وەکو ڕەخنەگری کانت سەبارەت بە ئادەمیزادی ئاکاری دەڵێت کە (هێشتا ناتوانێت)و هەرگیزیش ناتوانێت ئەرکی ئاکاری بە تەنیاو بەبێ یارمەتیی یەزدان بەئەنجام بگەیەنێت.

کەواتە بە بڕوای هامان؛ ئادەمیزاد بوونەوەرێکی ئاوێتەیە بە (هاودژێتی- تناقض)، بوونەوەرێک کە لەیەک کاتدا خەسڵەتی زەمینیو خەسڵەتی یەزدانیشی تێدایە. هەروەکو هێنری کاربۆن دەڵێت: «ئەو ئەوی دیکەیەی کە هێشتا ئادەمیزاد پێی نەگەیشتووە، نە لەگەڵ (ئایدیا)دا ئاوێتە دەبێتو نە لەگەڵ ئامانجدا بەو شێوەیەی کە پرنسیپی کانتیی نەمری دەربڕێتی، بۆ جیهانێکیش کە قابیلی تێگەیشتن بێت ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ بەڵێنی خواوەند بۆ ئایندە دەگەڕێتەوە کە ڕووە ڕاستەکەی؛ ئیمانی مەسیحییە».

کەواتە بە بۆچوونی هامانیش وەکو لۆتەر، (مرۆڤ)



هێشتا مرۆڤ نییە، لەبەرئەوەی پێویستە ببێت بە مرۆڤ. کەواتە لە ڕێگایەکدایە کە ئامانجەکەی بەرزترە لە خودی ئەوو لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لەناو ناخیدا ئامادەو پەنهانە. ئەمە نهێنییەکە کە بوونی تایبەتیی مرۆڤ دیاری دەکاتو لە کاری (خودابینی)دا تەجەللا دەکات کە خودا لەڕێیەوە مرۆڤ بۆ لای خۆی بانگهێشت دەکات. کەواتە بە بۆچوونی هامان، بەبێ بیرۆکەی باڵاڕۆیشتن، مرۆڤ ئایندەی نییە. بەمجۆرە، لە هزری هاماندا تەواوی مەسەلە مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆجی)یەکان دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی ئەودنیاناسی (ئاخیرەتناسی). ئەودنیاناسی لای هامان هەم لەسەر بناغەی پارادۆکس (مفارقە)ی مرۆڤناسیەکەی لۆتەر دامەزراوە (کە لەم بیرۆکەیەدا بەرجەستە دەبێت کە خودای پەنهان لە هاودژێتیدا دەردەکەوێتو دەسبەکار دەبێت)و هەم لەسەر بناغەی تێڕوانینێکی پێغەمبەرانە بۆ زەمەن (کە لە چەمکی ئەرستۆیی بۆ زەمەن جیا دەبێتەوە). کەواتە بە بڕوای هامان نابێت جیاوازییەکی بنجبڕانە لەنێوان زەمەندارو تێپەڕدا لە سەرێکەوەو، لەنێوان بێ زەمەنو ئەبەدیدا لە سەرێکی ترەوە بکەین. مەسەلەی قوتاربوون (ڕزگاربوون)یش بە بڕوای ئەو کە پیشاندەری زەمەنێکی مێژووییە هەر هەمان شتە، لەبەرئەوەی بە بڕوای ئەو خاڵێکە کە تیایدا ئەبەدیەت لەگەڵ تێپەڕو زەمەنداردا پێک دەگەنو لە بەیەکگەیشتنیاندا نوورێک پەیدا دەبێت کە سەرانسەری مێژووی مرۆڤ ڕووناک دەکاتەوە. بەمجۆرە، چەمکی (پێشکەوتن) کە لای فەیلەسووفەکانی ڕۆشنگەری زۆر بەنرخە، لای نووسەرێکی وەکو هامان تەواو بێ ماناو بێ بایەخە. هەربۆیەشە هامان



لە تەواوی بوارەکانی ژیاردا (هونەر، فەلسەفەو تەنانەت زمانیش)، قۆناغی سەرەتایی مێژووی مرۆڤایەتی بە سروشتیترین‌و پێویستترین قۆناغ دەزانێت. لەم ڕووەشەوە لە فەیلەسووفێکی وەکو ڕۆسۆ دەچێت. گەرچی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەم دووانەشدا هەیە. لای هامان هزری مێژوو بە دۆخێکی سروشتیی گریمانکراوەوە بەند نییە، بەڵکو زیاتر بەندە بە ڕیتمی سروش (وەحی)ی تەوراتییەوە.

ئەمەش بەو مانایەی کە خولقاندن (خەلق)و دابەزین‌و قوتاربوون (ڕزگاری) بەلای هامانەوە نموونەی سەرچاوەی بەنرخن کە دەکرێت بەگوێرەیان؛ ئەزموونی مێژوویی مرۆڤ ڕوون بکرێتەوە. بەمجۆرە، هامان لە کتێبی (ئیستاتیکا لە پێستی خۆیدا) دەنووسێت: (ئادەم نووسینە هیرۆگلیفیەکانی تەواوی مرۆڤەکانەو، کەسێتیی حەواش، نوسخەی ڕاستەقینەی سروشتی جوانە).

بە بڕوای من ئەمە هۆی هۆگریی هامانە بە (کتێبی پیرۆز)و بەشێوەیەکی گشتیش بە خۆرهەڵاتەوە. هەر ئەم کاریگەرییە سیحرییەی خۆرهەڵاتیشە وای لە هامان کردووە دژی ئەو بایەخە بێت کە فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری دەیدەن بە ئاسەوارەکانی یۆنان‌و ڕۆمان‌و هەروەها دژی ئەو خۆرهەڵاتناسانەش بێت (بۆ نموونە یەکێکی وەکو میکایلیس) کە لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانیاندا سەبارەت بە (کتێبی پیرۆز) هەموو لایەنە شاعیری‌و ئەفسانەییەکانی ئەم دەقە پیرۆزە ئەفەرۆز دەکەن. بە واتایەکی دی، هامان خۆرئاوا بانگهێشت دەکات ڕوو لە خۆرهەڵات بکات تا بتوانێت لە دەقە پیرۆزەکانی تێبگات. هەر ئەمەش وای لە هامان کردووە



زمانە خۆرهەڵاتیەکانی وەکو عەرەبی، ئارامی کلدانی، عیبری، تورکـی‌و ئەرمەنـی فێـر ببێـت‌و قورئانـی پیرۆزو ئاڤێسـتا بخوێنێتـەوە. لەمەشـەوەیە کە کتێبێکی بچووک دەنووسـێت بەنـاوی (مەجووسـەکانی خۆرهەڵات‌و بەیـت لەحم) (هێنری کاربـۆن بـۆ فەرەنسـایی وەری گێـڕاوە). کە تیایـدا ئەرکە زانسـتیەکەی میکایلیس لە عەرەبسـتان بەرامبەر بە شێوازە مەجووسیەکان (Magiens) دادەنێت. بەمجۆرە، بە بۆچوونی هامان، بۆ تێگەیشتن لە خەسڵەتە هاودژەکانی ڕاستی؛ ڕۆحی خۆرهـەڵات لە ڕۆحی خۆرئـاوا بەتواناتـرە. لەبەرئەوەی بە بڕوای ئـەو، تێڕوانینی خۆرهەڵاتیانە بـۆ جیهان تێڕوانینێکی خودا سەنتەرییەو بۆیە لە کەلامی خوداوە نزیکترە، لە کاتێکدا تێڕوانینـی خۆرئاواییانـە، لەبەرئـەوەی لـە مرۆسـەنتەریدا نوقـم بـووە، تێڕوانینێکە کە لـە مانـای پێغەمبەرانەی بوون دوورکەوتۆتـەوە. هەربۆیـە بـە بۆچوونی هامـان، خۆرئاوا ناتوانێـت بە زمانی سـروش بدوێـت. لەبەرئـەوەی گوتاری ئەبسـتراکتانەی ئەقڵ ئەم زمانەی خەساندووە (بە دەربڕینی هامـان). لـە کاتێکـدا کەلتـووری خۆرهەڵاتی هەسـتیارێتیی بەرامبـەر بـە زمـان پاراسـتووە، بۆیـە هامـان دەگاتە ئەو ئەنجامـەی کە کەلتووری خۆرهـەڵات لە کەلتووری خۆرئاوا بەرزترە، لەبەرئەوەی بە زمانێکی شاعیرانەو نائەبستراکتیش دەدوێـت؛ کە زمانی کەلامی ڕزگاریبەخشـی خودایە. کەواتە ئیمان، کە سەنگی مەحەکی هەر جۆرە مەعریفەیەکە، ڕیشەی لە خۆرهەڵاتدایە.

هەروەها بە بڕوای هامان، ئەوە خۆرهەڵاتە کە سەبارەت بە مەعریفە فێرمان دەکات؛ لەپێشدا دەبێت بزانین چ شتێک نازانین.





لێــرەدا هامــان دەمانداتە دەســت ســوکراتێکی خۆرهەڵاتیو بەرامبەر بە سوکراتی فەیلەســووفانی ڕۆشنگەریی دادەنێت. ســوکراتی هامان کەســێکە کە هاتنی مەســیح ڕادەگەیەنێت، لەبەرئەوەی هەمیشــە گوێی بۆ (دایمۆن) (daimon)ی خۆی شــل کــردووە، واتە بــەو ڕۆحە پارێــزەرەی کە بــە بڕوای هامان پیشــاندەری (ڕوحولقودس)ە. کەســێکە کە بە مەزەنە بیردەکاتەوە؛ نەک مەنتیقیانەو لەبەرامبەر حەریفەکانیدا دان بە نەزانینی خۆیدا دەنێت. کەواتە بە بڕوای هامان لەو قســەیەی ســوکراتدا (خۆت بناســە)، حەقیقەتێکی گەورەتــر لەوە هەیە کە فەیلەســووفانی سەدەی هەژدەیەم لێی دەگەیشتن. (خۆت بناســە)ی ســوکرات بە بڕوای هامان ڕێگایەکــە بۆ باڵابوون کــە توانای ئەوەمان دەداتێ خوداو ئەوی دیکە بناســین. هەر لێرەشەوەیە کە ئەو ڕستەیەی سوکرات بە ڕستەکەی پۆڵسی پێغەمبــەر بــەراورد دەکات کــە لــە (نامەی یەکەمی پۆڵســی پێغەمبەر بۆ کەرەنتیەکان (بەشــی ٨، ٢-٣) داهاتووەو دەڵێت: «ئەگــەر کەســێک وابزانێت کە شــتێک دەزانێت هێشــتا هیچ نازانێت بەو شێوەیەی کە دەبێ بیزانێت».

کەواتــە لە ڕاســتیدا بــە بۆچوونــی هامان، هــەر زانینێک پێویســتی بــە ناســینی خــود (خۆناســین)ە. ئــەم بوونــە سوکراتیانەشــە کــە پەیوەندیــی مــرۆڤ بە خــوداوە دیاری دەکات. بــەم پێیــە لە بیرکردنەوەی هاماندا ناســینی خودا بە بونیادێکی ئەقڵیەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بەندە بە کەشفو مەزەنە (حدس)ێکەوە کە شــپرزەییو تەنیایی (من)ی تیا تێک دەشــکێنێت. لەم گەڕانەوە ناسینی ئاســۆکانی پێغەمبەرایەتی ســەرچاوە دەگرێــت کە بەگوێرەی ڕســتە جوانەکەی هێنری



کاربۆن (پێش هزرێکە کە لەڕێیەوە بوون بە خۆی دەگاتو لە زەمەندا ناڕوات؛ بەڵکو خۆی زادەی زەمەنە).

لە کۆتایی ئەم باسەدا، مۆڵەتتان لێ وەردەگرم جارێکی دیکەو بەشێوەیەکی باشتر پەیوەندیی نزیکی هامان بە تیۆلۆجیای مەسیحییەوەو بەتایبەتیش بە هێرمنیۆتیکای لۆتەرییەوە پێکەوە ببەستمەوە. هامان خۆی لەم پەیوەندییە بەئاگا بوو، نیشانەکانی ئەم بەئاگابوونەشی لەو شتانەدا دەبینینەوە کە دژی ڕۆحی ڕۆشنگەریو خۆرهەڵاتگەریی سەردەمی خۆی نووسیونی. سەرباری هەموو ئەمانەش؛ دەبێت جەخت لەسەر خاڵێک بکەینەوە کە دەشێ تا ئێستا بەگوێرەی پێویست نرخی نەزانرابێت، ئەویش ئەوەیە کە: بەهیچ کلۆجێک هامان نەیویستووە سیستمێکی خوداناسی لەسەر بناغەی فەلسەفەکەی لۆتەر دابمەزرێنێت، ئەوەی جێی بایەخی ئەوە، کەشفو تێگەیشتنی بوونێکی خوداناسانەیە، واتە پیشاندانی ئەو ئاشوبو قەیرانەی کە تیایدا مرۆڤ لەبەردەم خودادا دەمێنێتەوە. کەواتە تەواوی میتافیزیکاکەی هامان بریتیە لە بانگهێشتکردنی مرۆڤ بۆ خودی خۆی- لە چوارچێوەی پیشاندانی سنوورو تواناکانیدا. لەم ڕووەشەوەیە کە لە کۆتایی ژیانیدا دەنووسێت: (بۆئەوەی ناهاوتایی لەنێوان خوداو مرۆڤدا نەمێنێت، دەبێت مرۆڤ لە سروشتی خوداییدا بەشدار بێتو یان خواوەند خۆی لە شێوەی گۆشتو خوێندا بەرجەستە بێت).

بەمجۆرە، ئەوەی هامان دەیەوێت بیخاتەڕوو دوو ڕێگای نێوان بەخودابوونی مرۆڤە لە سەرێکەوەو بەمرۆڤبوونی خودایە لە سەرێکی ترەوە. کەواتە شتێکی هەڵە نییە گەر





هامان بە فەیلەسووفێکی مۆدێرن لەقەڵەم بدەین، کە ڕێک وەکو هاوچەرخەکانی‌و وێڕای جیاوازییەکانی لەگەڵیاندا لەسەر پرنسیپەکانی لێکۆڵینەوە- واتە لەلایەکەوە مەسەلەی ئەقڵ‌و لەلایەکی دیکەوە ئەزموونی ئایینی- دەبینین کە بنەمای سەرەکیی میتافیزیکای سەردەمی خۆی لە وەبیرهێنانەوەی مەسەلەی ئامانجداریی مرۆڤ‌و بوونی مەرجداریدا دەبینێتەوە. لەهەمانکاتدا ڕێ بۆ چەمکێکی وجودیانەی تازەی (خود) خۆش دەکات کە پاشتر لە بیروبۆچوونی فەیلەسووفانێکی وەکو کیرکیگاردو نیچەو وجودیەکاندا دەخرێتەڕوو.

هامان فەیلەسووفێکە کە بووەتە مایەی گۆڕانێک لە دەروونی فەیلەسووفەکانی تردا، هەروەکو چۆن لە کاتی نیشتەجێبوونیدا لە لەندەن، لە ساڵی (١٧٥٨)دا، مێژووی میللەتی جوولەکەو کتێبی پیرۆز بوونە مایەی گۆڕان لە دەروونی خۆیدا. لەو فەیلەسووفانەش کە هامان بۆیان ڕووداوێکی ڕۆحیی گرنگ بووە، هێنری کاربۆنە، لەبەرئەوەی بەجۆرێک لە جۆران دەتوانین بڵێین کە دیاریکەری ڕەوتی کاربۆن بووە بۆ لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە ئیشراق‌و عیرفانی ئێرانی.








# حەقیقەتی گاندی

ئەگەر ئێستا (موهاندس کارمچاند گاندی)، (١٨٦٩– ١٩٤٨) لەنێوان ئێمەدا بووایە تەمەنی سەدو بیستو پێنج ساڵ دەبوو (ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٩٤دا نووسراوە-و)، بەڵام زەمانێکە کە خاوەنی ئەم ڕۆحە گەورەیە (لە هیندیدا مەهاتما واتە ڕۆحی گەورە) بە خامە سپییەکەی‌و ڕووخسارە بەردەوام لێوبەخەندەو ئارامەکەی‌و نیگایەکەوە کە لە هۆشێکی باڵاوە سەرچاوەی دەگرت؛ ئێمەی جێهێشتووە؛ گەرچی پەیام‌و کارەکانی هێشتا کاریگەرییەکی قووڵ‌و زیندوویان لەسەر مێژووی نوێی هیندستان‌و جیهان ماوە.

بێگومان هەموومان ناوی ئەم پیاوە هیندستانیەمان بیستووەو بە ڕووخساری ئاشناین‌و دەزانین کە دژ بە ئیمپریالیزمی بەریتانی ڕاپەڕی‌و لەم ڕێبازەشیدا پەنای نەبردە بەر توندوتیژی‌و شێوازە مەرگبارەکان. زۆربەمان لەبەرئەوە گاندیمان خۆش دەوێت کە وەکو کەسێتییە ئەفسانەییەکانی لێ هاتووە؛ ئەو کەسێتیانەی کە ناوبانگیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەپێناوی بەختەوەریی میللەتەکانیاندا تەقەللایان داوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو وێنەیەی کە جیهانی ئەمڕۆ بۆ گاندیی دروست کردووە؛ زیاتر بەڵگەیە بۆ نەناسینی



ئەو نەک ناسینی ڕاستەقینەی. ژیان‌و هزری گاندی زۆر بە نەناسراوی ماوەتەوە. ئەو فیلمەی ڕێچارد ئەتن بۆرۆ (واتە فیلمی گاندی) گەلێک بۆچوونی هەڵەی مێژوویی سەبارەت بە گاندی سڕییەوە، بەڵام ئەم فیلمە نەیدەتوانی شوێنێکی گەورەو شایستە بە بیروبۆچوونەکانی گاندی لە تانوپۆی مێژوویی ئەو بیروبۆچوونانە دابنێت؛ تانوپۆیەکی مێژوویی کە ئەو بیروبۆچوونانە تیایدا گەشەیان سەند. بە گەڕانەوە بۆ ئەو چەند دەقەی گاندی کە کراون بە فارسی؛ بە تەنها وێنەیەکی کەموکورت‌و شێواوی گاندیمان دەست دەکەوێت. ئێرانیەکان ئاگایان لە بەشی زۆری کارەکانی گاندی نییە، لەبەرئەوەی لە (١٠٠) سەد بەرگی نووسینەکانی، یەک لەسەر دەی نەکراوە بە فارسی‌و ساڵانێکیشە کە بەدەگمەن بەشی سەرەکیی کارەکانی وەردەگێڕدرێن. (ئەی ئاخۆ سەبارەت بە خۆمان بڵێین چی کە هەر هیچی گاندی نەکراوە بە کوردی؟ -و-).

بەهەرحاڵ، تایبەتمەندی‌و توانای گاندی بە تەنها لە ژیانە نموونەییەکەیدا خۆی حەشار نەداوە- چ وەکو مرۆڤێک‌و چ وەکو پەیامهەڵگری ناتوندوتیژی-، بەڵکو لەو کەلەپوورە فەلسەفی‌و سیاسیەشیدا کە ئەو لەڕێی نووسینەکانیەوە دوای خۆی جێی هێشتووە. گاندی هەم زۆری دەنووسی‌و هەم باشیشی دەنووسی. شێوازی نووسینی سادەو ڕاستەوخۆ بوو. هەر لەبەرئەمەشە کە ئەو توانیی ببێتە ئەندازیاری ڕاستەقینەی ئازادیی میللەتی هیندستان‌و، توانی هەستکردن بە گەورەیی‌و کەسێتی بۆ میللەتەکەی بگەڕێنێتەوە.

بەڵام مەهاتما گاندی لەوەش زیاترە کە هەر بە تەنها باوکی






هیندستانی نوێ بێت. ڕۆڵی گاندی لە ناسینی ناتوندوتیژیدا، هەم وەکو چەمکێکی فەلسەفیو هەم وەکو شێوازێکی سیاسی، زۆر کاریگەرە. لەم ڕووەوە مێژووی ناتوندوتیژی دەکرێت بە دوو قۆناغەوە: پێش گاندیو پاش گاندی.

لەگەڵ ئەمانەشدا من لەو بڕوایەدا نیم کە دەبێت تەواوی بیروبۆچوونو کارەکانی گاندی دەربڕی حەقیقەتێکی ڕەهای وابێت کە ناچار بین بیکەین بە نموونە بۆ کارو بیروبۆچوونەکانی خۆمان. هەر لەبەرئەمەش ئێمە ناتوانین هزری گاندی بخەینە قاڵبێکی وەکو (گاندیزم) یان (گاندی گەرایی)ەوەو وەکو ڕێبازێکی داخراو بیخەینەڕوو.

پێناچێت گاندی خۆیشی بیەوێت هەمان وەڵامەکانی ئەو دووبارە بکەینەوە، بەڵکو بانگهێشتمان دەکات تا لەگەڵ ئەودا پرسیارە سەرەکیەکان بخەینەڕوو. ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندییان بە مانای مێژووو بوونی هەنووکەیی ئێمەوە هەیە. کەواتە بۆ ناسینی حەقیقەتێک کە ئەو بەجۆش وخرۆشو لەهەمانکاتدا بە لێبوردەییەوە بەدوایدا چوو؛ پێویستە ڕێگاکەی ئەو بگرینە بەر: واتە ڕێگای ئەزموونگەرێکی ویژدانڕۆشن، کە لەنێوان ئادەمیزادەکاندا دەژیاو هاوبەشی کێشەو ئازارەکانیان بوو، بێ هیچ ترسو نائومێدییەکیش هەوڵی دەدا چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە. لەبەرئەمەیە کە گاندی لە سەرتاپای ژیانیدا بەردەوام خۆی بە (هەڵوەدای حەقیقەت) زانیوەو، تەنانەت کاتێک ژیاننامەی خۆیشی دەنووسێتەوە، ناوی دەنێت (چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا). بە واتایەکی دی، ژیان لای گاندی بریتیە لە گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، بەڵام حەقیقەتیش شتێک نییە ڕەها (موتڵەق)



بێتو هەڵوەدای حەقیقەتیش کەسێکە کە ڕێبواری ڕێگایەکی بێ کۆتاییە. کەواتە ئەو حەقیقەتەی ئەویش مەبەستێتی، ڕێژەییە.

هەر لەبەرئەمەشە کە بە بڕوای گاندی، نابێت مرۆڤ حەقیقەتەکانی خۆی بەسەر خەڵکانی تردا بسەپێنێت. بەم پێیە، تەوەرەی سەرەکیی هزرو کاری گاندی (لەیەکبوردن یان لێکبوردن)ە. لەم ڕووەشەوە بە بڕوای گاندی، بەبێ ناتوندوتیژی (ئاهیمسا) هیچ حەقیقەتێک بوونی نییە، گاندی دەنووسێت: (حەقیقەتو ناتوندوتیژی بەڕادەیەک تێهەڵکێشی یەکن؛ کە لەڕووی کردەییەوە ناتوانین لە یەکتریان جیا بکەینەوە. ئەم دووانە وەکو دوو ڕووی دراوێکن.. کێ دەتوانێت پێمان بڵێت کامیان ڕووی دراوەکەیەو کامیان پشتەکەیەتی؟) بەمجۆرە، ناتوندوتیژی هەم لێبوردەترینو هەم شارستانیترین شێوازی هەڵسوکەوتە لەگەڵ کەسانێکدا کە تێڕوانینو ڕێگای جیاوازیان بۆ حەقیقەت هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا؛ بە پەیڕەویکردن لەم شێوازە دەشێ هەڵە بکەینو هەڵەکانی خۆشمان چاک بکەینەوە. بەمجۆرە (ساتیاگراهی) واتە کەسێک کە هێزی ڕۆحیی ئەو بەرەو حەقیقەت دەباتو خوازیاری ئامادەبوونی ئەو حەقیقەتەیە لە گۆڕەپانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بە بڕوای گاندی دەبێت ساتیاگراهی سەربەخۆیی خۆی وەکو بوونەوەرێکی ئازادو بەرپرسیار لەئەستۆ بگرێت، چونکە ئەو لە ڕاستیدا بانگەوازی ویژدانی خۆی بە (داوەری باڵای ڕاستو دروستیی تەواوی کارو بیروبۆچوونەکان)ی خۆی دادەنێت، بەڵام ئەم سەربەخۆبوونە ناچارییە دەشێ هەڵەکردنیشی لەگەڵدا بێت، لەبەرئەوەی



گەڕان بەدوای حەقیقەتدا لەناو تاکە کەس خۆیدا نا؛ بەڵکو لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئەویترو لە ڕێزگرتنی حەقیقەتی ئەویتردایە. لەبەرئەوەی هەروەکو (ئەریک ئەریکسۆن)یش زۆر ڕاست گوتویەتی: «کەسێک کە مەیلی بۆ توندوتیژی هەیە بەردەوام خۆی بە پۆلیسی کەسانی تر دەزانێتو قەناعەتی بە خۆی کردووە کە ئەو شتەی بەرامبەر کەسی دی دەیکات، تەواو شایانێتی» هەروەها گاندی دەڵێت: «توندوتیژی هەرگیز نەیتوانیوە حەقیقەت بەدەست بێنێت، (لەبەرئەوەی) پەنابردنە بەر توندوتیژی نیشانەی حەماقەتو نەزانینو تووڕەبوونی بێ ئاکامە».

وێڕای ئەمانەش، بە بڕوای گاندی، ناتوندوتیژی هەر لە خۆیەوە نایەتەدی. بۆ هێنانە ئاراوەی فەزایەکی زەینی بۆ ناتوندوتیژی پێویستە مرۆڤ دیسپلینێک بەسەر خۆیدا بسەپێنێت، سەرەتا دەبێت بەسەر ئەو ترسەدا زاڵ بێت کە لە ناخی خۆیدا بەرامبەر بە مردن هەیەتی، چونکە مرۆڤ بۆیە کەسی دی دەکوژێت تا خۆی نەمرێت.

بەڵام مرۆڤ بە ڕزگاربوونی لە کۆتی مەرگ، لە کۆتی توندوتیژیش ڕزگاری دەبێت، ئەو دەنووسێت: (کەسێک کە لە مردن بترسێتو توانای بەرگریی نەبێت؛ ناتوانین فێری ناتوندوتیژیی بکەین. ئەو مشکەی کە بەرگری لە خۆی ناکات، ناتوانین بڵێین خاڵییە لە توندوتیژی، لەبەرئەوەی ڕێگە دەدات پشیلە بیخوات) لەم ڕوانگەیەوە، بە بڕوای گاندی، ئامانجی بەرگریکردنی خاڵی لە توندوتیژی؛ ناچارکردنی بەرامبەر نییە، بەڵکو قەناعەتپێکردنێتی، ئەمەش نایەتەدی مەگەر بە ئازارچەشتنی ئەو کەسە نەبێت کە بە بەشدارینەکردنی لە بێ



عەدالەتیدا، دژ بە یاسا ناعادیلەکان خەباتی ئاشکرا دەکات. هەر لەبەرئەوەشە کە بە بۆچوونی گاندی، ناتوندوتیژی یەکسانە بە هێزی خۆشەویستی.

بۆیە گاندی بۆ ئاماژەکردن بە خەباتی خاڵی لە توندوتیژی زاراوەی (ساتیاگراها) بەکار دەهێنێت- کە تیایدا (ساتیا) (حەقیقەت) مانای خۆشەویستی لەخۆ دەگرێتو (ئاگراها) (پتەوی) هاوواتای هێزە، کەواتە ساتیاگراها هێزێکە کە لە حەقیقەتو خۆشەویستیەوە دێتە ئاراوە.

بە بڕوای گاندی، تاقە وەسیلە لە ڕێگاماندا بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت، خۆشەویستییە. گاندی دەنووسێت: (خۆشەویستی گەورەترین هێزە کە بەدەست جیهانەوەیەو لەگەڵ ئەوەشدا بێلافترین هێزە کە دەکرێت تەسەوری بکەین). بە واتایەکی دی، یاسای خۆشەویستی، یاسای کەسێکە کە بەسەر کینەو توندوتیژیدا زاڵ بێت. خۆشەویستی بەهیچ جۆرێک نیشانەی لاوازیی کەسێتی یان ترس لە خەتەر نییە، بەڵکو بەهێزترین بەرگەگرتنی (یان بەرگریکردنی) ئەخلاقییە بەرامبەر بە ئازارو توندوتیژییەکانی بەرامبەر. خۆشەویستی چەکێکە بەدەست پەیڕەویکاری (ئاهیمسا)وە کە توانای ئەوەی پێ دەبەخشێت هەم دژایەتیی غەریزەی دەسەڵاتخوازی لەناو خودی خۆیدا بکاتو هەم کۆسپو تەگەرەکانی دەرەوەش. کەواتە لە ڕوانگەی گاندیەوە خۆشەویستیی حەقیقەت بەبێ خۆشەویستیی بەرامبەر؛ بوونی نییە؛ لەبەرئەوەی بە تەنها (ئاهیمسا) توانای ئەوەمان دەداتێ لەگەڵ حەقیقەتداو لەناو حەقیقەتدا بژین، واتە بەرامبەرەکانی خۆمانمان خۆش بوێت، لە هەڵەو خەتاکانیان ببورینو باری ئازارەکانیان بگرینە





کۆڵ، بەڵام بە بڕوای گاندی، هێزی (ئاهیمسـا) ئاوێتەیەکە لە باوەڕ بە خواو باوەڕ بە ئینسـانەوە دێت. بەوردتر بیڵێین، بە بڕوای گاندی، تاقە ڕێگای خۆشویسـتنی خوا خۆشویسـتنی ئینسانەکانە. گاندی دەڵێت: «من ناتوانم لە دەرەوەی ئینساندا خوا بدۆزمەوە.. گەر دڵنیابوومایە لەوەی کە لە ئەشـکەوتێکی هیمالایـادا دەتوانـم خـوا بدۆزمـەوە، یەکسـەر بـۆ ئـەوێ دەچـووم، بەڵام من دەزانم کە خوا بـە تەنهاو تەنها وا لەناو دڵی ئینسـانەکاندا». بەمجۆرە، بە بڕوای گاندی، ئەو کەسەی دەتوانێت ئینسانەکانی خۆش بوێت؛ وەک جۆگەیەکی زیندووی لـێ دێـت، کە هێزی حەقیقەتـی پیا دەڕوات، ئـەو هێزەی کە جیلوەی پەتیی خواوەندە. کەواتە بە بڕوای گاندی، حەقیقەت، کە هەم خۆشەویسـتیو هـەم ناتوندوتیژیشـە، لەهەمانکاتدا ناوی خوداشە.

سـەرباری ئەمـە گاندی لە شـوێنێکدا نووسـیویەتی: (وا ڕاسـتترە بڵێین حەقیقـەت خودایە، نەک ئـەوەی بڵێین خودا حەقیقەتە)، چونکە ئەگەر حەقیقەت خودا بێتو ئەگەر حەقیقەت جێـی خۆی لە دڵی هەر ئینسـانێکدا بکاتـەوە، ئەوکات چیدی پێویسـت نـاکات پەیڕەوی لە دەسـتووری ئایینێکـی تایبەت بکەیـنو بەبێ هیچ گیانێکی ڕەخنەیـی فەرمانەکانی جێبەجێ بکەین. کەواتە پێویستە ئینسان دەقە پیرۆزەکانو ئایینەکانو ڕێوڕەسمو سـرووتە ئایینیەکان بخاتە بەر داوەریو ڕەخنە. گاندی دەنووسـێت: (پێویسـتە ڕێوڕەسمی تەواوی ئایینەکان بخرێنە ژێـر تاقیکردنەوەی ئەقڵەوە) هەر بۆیەش دەبینین کە خۆی سڵی لە وەلاوەنانی ئەو شتانە نەکردۆتەوە لە ئاییندا کە ئەقڵی خۆی بە ڕاسـتی نەزانیونو دەڵێت: «من هەموو جۆرە



باوەڕێکـی ئایینی کە لەگـەڵ ئەقڵدا نەگونجێـتو پێچەوانەی ئـاکار بێـت، ڕەتـی دەکەمــەوە». بــە دەربڕینێکـی دی، بــە بۆچوونی گاندی، کەموکورتیو خەتا ئینسانیەکان ئاسەواری خۆیان لەســەر هەموو ئاییـنـەکان جێهێشــتووەو، لەبەرئەوە هیــچ یەکێک لــەم ئاییناـنــە ناتوانێت لافی ئەوە لێبــدات کە لە ئایینەکانی دی باشــترە. هەر لەبەرئەمەشــە کە گاندی دەڵێت دەیەوێــت بە تەنهــا خزمەتی خودایەک بکات کە لە شــێوەی حەقیقەتدا دەردەکەوێت، نەک خودایەکی دیکە، لەبەرئەوەی لە لێکدانەوەی دەقە پیرۆزەکاندا، لەبەر ڕۆشنایی ئەو حەقیقەتەدا کە خۆی کەشــفی کــردووە؛ بە ئازادی بمێنێتــەوە. بەمجۆرە باوەڕی ئەو بە ئایینی (هیندو) هەرگیز ئەوی ناچار نەکردووە کە پێشــوەخت تــەواوی ئایەتەکانــی دەقــە پیرۆزەکانی ئەم ئایینە قبووڵ بکات. هەر لەبەرئەمەشــە کە لە (١٢ی مایســی ١٩٢٠)داو لــە بڵاوکراوەکــەی خۆیدا –کە ناوی (هیندســتانی لاو) بوو– دەنووسێت: (ئەگەر لێم بپرسن پرنسیپی سەرەکیی ئاییــی هیندو چییە، تاقە وەڵامی مــن ئەوە دەبێت کە: گەڕانە بــەدوای حەقیقەتــدا، لەڕێــی کۆمەڵێــک وەســیلەی خاڵی لە توندوتیژییەوە). تەنانەت دەشــێ کەســێک بــاوەڕی بە خودا نەبێتو لەگەڵ ئەوەشدا بە هیندو بژمێردرێت).

بەم شــێوەیە، گاندی زۆر بەتوندی دژ بە تێگەیشــتنێک لە ئایینی هیندو دەوەســتێتەوە؛ کە چەمکی (بەناپاک ژماردن) بە بەشــێک لــەم ئایینە لەقەڵەم دەداتو، دەنووســێت: (ئەگەر بە ناپــاک ژماردن بەشــێک بووایە لە بنەماکانــی باوەڕی ئایینی هیندو، من وازم لە هیندوبوونی خۆم دەهێنا.)

گانــدی بــۆ خەبــات دژی بــە ناپاک ژمــاردن، لە ســاڵی




(١٩١٩)دا زنجیرەیەک ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی پێشـنیاز دەکات. خۆی لەگەڵ ناپاکەکاندا دەژیو لە کاری پاکژکردنەوەدا –کە تایبەت بوو بە وان– بەشداریی دەکردن، ناوی ڕۆژنامەکەشی دەنێت (هریجن) (ڕۆڵەکانی خودا، یان ئۆمەتی خودا)و ئەمەش هەمان ناوە کە لە ناپاکەکانی نابوو. چەندین جاریش بەڕۆژوو دەبێـت تا بتوانێـت مافی چوونەژوورەوەی پەرسـتگاکان بۆ ئەوان بەدەست بهێنێت.

کەواتــە بە بــڕوای گانــدی، ناتوندوتیژی نابێــت بە تەنها ئیلهامبەخشــی کاری بەرەنگاریبوونــەوەی ئینگلیزەکان بێت، بەڵکو پێویســتە هاندەری هیندســتانیەکانیش بێت لە باشــتر بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیاندا. بەگوێرەی ئەمە، ناتوندوتیژییەکەی گاندی بە تەنها وەســیلەیەک نییە بۆ ناڕازیبوونو یاخیبوون، بەڵکــو وەسیلەیەکیشــە بــۆ بەڕێوەبردنــی دیموکراتیانــەی کۆمەڵگاش.

لــە ڕوانگەی گاندییــەوە ئازادکردنی هیندســتانیەکان بەو مانایــە دێت کە ڕێیان پێ بدرێت خۆیان باری چارەنووســی خۆیــان بگرنە کــۆڵ، بەجۆرێک کە بتوانن خۆیــان لە کۆتو پێوەندی هەموو جۆرە دیکتاتۆریەتێک بپارێزن.

هەربۆیەشــە دەڵێت: «من نامەوێ هیندســتان بە تەنها لە زەبروزەنگــی ئینگلیز ڕزگار بکەم، بەڵکو دەمەوێ لە تەواوی ئەو کۆتانەی دیلێتی ڕزگاری بکەم کە سەرشــانەکانی قورس کــردووە». بــە دەربڕینێکــی دی، ســتراتیژی کاری خاڵــی لــە توندوتیژی بــەلای گاندییەوە، بەدەســتهێنانی دەســەڵات نییــە لە هیندســتاندا؛ بەڵکــو بەکاربردنی دەســەڵاتە لەلایەن هیندســتانیەکان خۆیانــەوە. گانــدی دەڵێت: «ســەربەخۆیی




ئەوە نییە هــەر ئینگلیزەکان لە هیندســتان وەدەرنێین، بەڵکو زیاتــر بریتیە لەوەی فێر بین خۆمــان بەڕێوەبەرین». کەواتە پێویســتە هیندســتانیەکان فێری ئەوە بن لەگەڵ یەکدا بژینو هیچ جــۆرە ســتەمکارییەک قبووڵ نەکەن. واتە پێویســتە لە ویژدانی هەر هیندســتانیەکدا ئەو هوشــیارییە دروست ببێت کــە خۆی ئەندازیاری چارەنووســی تایبەتیی خۆی بێت. هەر لەبەرئەمەشە کە گاندی بڕوای وایە دیموکراسیو ناتوندوتیژی لــە یەک گەوهەرەوە دێنو، بۆیەشــە دەڵێت: «دیموکراســیی ڕاســتەقینە بە تەنها لە ناوجەرگەی ناتوندوتیژییەوە دەتوانێ بێتە ئاراوە».

بێگومان گاندی دەزانێت کە مەرجی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەپێی پرنســیپی ناتوندوتیژی مەرجێکی بێ ئەندازە قورســە، بــەڵام ئەو لــەوە نائومێد نابێــت، چونکە لە ســاڵی (١٩٤٠)دا دەنووســێت کە ئەو بیر لە چاخێکی یەکجار زێڕین ناکاتەوە، بەڵکو بڕوای بە (توانای هێنانەکایەوەی کۆمەڵگایەک هەیە کە تیایدا ناتوندوتیژی باڵادەست بێت).

کەواتــە ئەوەی گانــدی فێــری ئێمــەی دەکات ئەوەیە کە هێشتا ناتوندوتیژی زۆر لە ئێمەوە دوورەو، لە هەر قۆناغێکی مێژووییــدا کە مەســەلەی دیموکراســیو لێکبوردنی ئایینیو کەلتووریو سیاســی دێنە پێشەوە، ســەرلەنوێ ئینسانەکان بەرەوڕووی فیکری ناتوندوتیژی دەبنەوە. بەدڵنیاییەوە کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمەش لەگەڵ گاندیدا لەمە بەئاگا بێینەوە کە: (توندوتیژی خۆکوشــتنە)و (جیهان لە ڕقوکینە ماندوو بووە). کاتــی ئــەوە هاتووە بــاوەڕ بــەوە بهێنین کــە توندوتیژی نە شــێوازێکە بۆ بیرکردنەوە لەو کەســەی کە لە ئێمە جیاوازەو






نە شێوازێکیشە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی کۆمەڵگا یان سەرکەوتن بەسەر ئۆپۆزسیۆن‌و شەڕەکاندا.

مەهاتما گاندی ئەوەی پیشانی ئێمە دا کە ناتوندوتیژی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا توانستێکە. کەسانێکی دیکەی وەکو ڤینۆبا(١)و مارتین لۆتەر کینگ(٢)و لانزا دیل ڤاستۆ(٣)و عەبدولغەفار خان(٤) لە ژیانی خۆیاندا سوودیان لەم توانستە بینی‌و لەم ڕێیەشیاندا ڕێنوماو پشتیوانیان نووسینەکان‌و کارەکانی مەهاتما گاندی بوو. هەربۆیە هەنووکەییبوونی گاندی شتێکە بەردەوام لەئارادایە، لەبەرئەوەی گاندی گەرچی ڕیشەی لە نەریتێکی چەند هەزار ساڵەدا بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو بیرمەندو ڕیفۆرمیستێکی کۆمەڵایەتیی مۆدێرن بوو، کە وەکو سەوداسەرێکی حەقیقەت هەتاکو مرد بیری لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم سەدەیەمان دەکردەوەو، بە هزرو کارەکانی ئاسەواری لەسەر دونیای مۆدێرن جێدەهێشت.

هەربۆیە پێویستە ئێمە لەسەر تێڕامان لە هزرو کارەکانی ئەم گەورە پیاوە بچووکە بەردەوام بین، پیاوێک کە ڕاستگۆیی لێبوردنی‌و چاکەکارییەکانی دڵنیاکەرەوەترین دەستەبەری گەورەیی ڕۆحی بوو. کەسێک کە هەموو ژیانی بۆ هێنانەدی دونیایەکی باشتر تەرخان کرد؛ دونیایەک کە تیایدا خۆشەویستی‌و لێکحاڵیبوون بتوانێت جێی تاوان‌و ڕق‌و کینە بگرێتەوەو، لەهەمانکاتدا، کەسێتیی تاکی‌و دەروونیی هەر میللەتێک‌و بەهای بێ هاوتای هەر تاکە کەسێک ڕەچاو بکرێت.







# تاگور

# و

# ویژدانی ئینسانی

# جوانی حەقیقەتەو حەقیقەتیش جوانییە

(تاگور)

هیــچ گومانێکــی تیا نییە کــە (ڕابیندرانات تاگــور) یەکێکە لە سەرنجڕاکێشــترین‌و بەناوبانگترین ڕووخســارە ئەدەبی‌و فەلسەفیەکانی هیندستانی مۆدێرن. لەم ڕووەوە، ڕەنگە دوای مەهاتمــا گاندی ئەو زۆرترین کاریگەریی لەســەر کەلتووری نوێی هیندستان‌و هزری ئەدەبی‌و پەروەردەیی نیوەی دووەمی جیهان جێهێشتبێت. پاش مەرگی تاگور لە (٧ی ئابی ١٩٤١)دا (جەواهیر لال نەهرۆ) لە نامەیەکدا دەنووسێت: (بەش بە حاڵی خۆم چاوم بە زۆر پیاوی گەورەی شــوێنە جۆراوجۆرەکانی دونیــا کەوتووە، بەڵام هیــچ گومانێکم نییە لــەوەی کە لەناو ئــەم پیــاوە گەورانــەدا دوو پیاوی گەورە هەن کە شــانازیم بە ناســینیانەوە کــردووە، ئەوانیش گاندی‌و تاگور بوون. لەو بڕوایەدام لەم (٢٥) ســاڵەی دواییدا ئەم دووانە لە کەســێتییە بــێ هاوتاکانــی جیهــان بــوون. دڵنیاشــم کــە ڕۆژگار ئەمە دەسەلمێنێت‌و لە ڕۆژگارێکدا کە هەموو جەنەراڵ‌و مارشاڵ‌و دیکتاتۆرو سیاسەتمەدارە بەهاژوهووژەکان ساڵانێکی زۆرە لەبیر چوونەتەوە، ئێمە بەم ڕاستییە دەگەین).

ئەمــڕۆ کــە پتر لــە نیو ســەدە بەســەر مەرگــی تاگوردا




تێدەپەڕێت، ئەم قسەیەی نەهرۆ هێشتا هەر ڕاستیی خۆی پاراستووە.

ئەگەر مەهاتما گاندی هێشتا هەر بەلای نەوەکانی ئەمڕۆوە ڕووخسارێکی ئاشنا بێتو بیروبۆچوونەکانی لە کۆڕوکۆبوونەوە ڕۆشنبیرییەکانو بوارە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییەکانی سەرانسەری جیهاندا مایەی باسو لێکۆڵینەوە بن، ئەوا ڕابیندرانات تاگوریش کەسێتییەکە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بووە نموونەیەکی ئەدەبیو هونەریو فێرگوزاریو بابەتێک بۆ لێکۆڵینەوەو تێفکرینی گەلێک لە تۆژەرەوانی خۆرئاواییو خۆرهەڵاتی. لە هەر قوژبنێکی جیهاندا کاتێک ناوی هیندستانو کەلتووری هیندی دێت، وەکو نوێنەرێکی دیارو ڕەسەنی ئەو وڵاتە ناوی تاگور دەهێنرێت.

زۆر کەس تاگور بە گۆتەی زمانو ئەدەبی بەنگالی لەقەڵەم دەدات، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە نووسینو بیروبۆچوونەکانی تاگور سنوورەکانی بەنگالو هیندستانی تێپەڕاندووەو کاریگەریی لەسەر ئەدەبو کەلتووری جیهان جێهشتووە. شێوازی سادەو خەیاڵی دەوڵەمەندو هێزی قووڵی پەیبردن لای تاگور، ئەوی کردووە بە ڕووخسارێکی بێ هاوتاو دانسقە لە ئەدەبی مۆدێرندا. جگە لەم ڕەهەندە مانەوییە، شیعری تاگورو ڕوانینی فەلسەفیو دانایی ئەو سەبارەت بە مەسەلە مرۆییەکان لایەنێکی سەرنجڕاکێشی هەژێنەرو پڕهێزی بە کارەکانی ئەو بەخشیوە. هەر لەبەرئەمەش تاگور کە شاعیرو ئەدیبی قۆناغی ڕێنیسانسی سیاسیو ئەدەبیی هیندستانی مۆدێرنە؛ لەهەمانکاتدا مژدەدەرو پەیامهێنی





پەیامێکی جیهانیشـــە. ئەو بەردەوام لـــە ژیانیدا لە لایەنگران‌و ڕێبەرانی یەکبوونی خۆرهەڵات‌و خۆرئاوا بووەو هەر بۆ ئەم مەبەستەش چەندەها جار سەفەری بۆ فەرەنساو، بەریتانیاو، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئێران‌و هتد.. کردووە. هەروەها بیســـت‌و یەک ســـاڵ دوای کردنەوەی یەکەمیـــن قوتابخانەی خۆی کە ناوی لێنابوو (شـــانتی نیکتـــان)، (Santiniketan) واتە (ماڵی ئاشتی)


لـــە ئایـــاری ســـاڵی (١٩٢٢) زانکۆیەکـــی بەنـــاوی (ڤیشـــڤا باراتـــی (Vishva Bharati)ەوە لـــە هیندســـتان دامەزراندو توێـــژەرەوان‌و ڕۆشـــنبیران‌و زانایانی هەندەرانی بانگهێشـــت کرد تا بچن‌و لەوێ وانە بڵێنەوەو توێژینەوەکانیان تیا ئەنجام بدەن.

ناوی ئـــەم زانکۆیە خۆی لە خۆیدا ئەوە دەســـەلمێنێت کە تاگور تا چەند بڕوایەکی پتەوی بە پرنســـیپی (گشـــتگەرایی)و (بەجیهانیبوون) هەبووە.

(ڤیشڤا باراتی) وشەیەکە لە دوو چەمک پێکهاتووە؛ (ڤیشڤا) واتـــە تـــەواو، گشـــت‌و جیهانـــی، (باراتی)یش واتـــە (گوتار)و تەجەللابوونی خواوەند سارسواتی (Sarswati) کە نیشانەی ئەقڵە.

تاگـــور ســـەبارەت بـــە ئامانجەکانـــی ئەم زانکۆیـــە دەڵێت: «دەمـــەوێ لەم شـــوێنەدا ماڵێک بۆ هەمـــوو جیهانخوازەکان (جیهانگـــەراکان) بینا بکەم. ماڵێک کە بێتـــە چوارڕیان‌و خاڵی پێکگەیشتنی بزاوتە جۆراوجۆرەکانی فیکر».


تاگـــور خـــۆی بـــەردەوامو بەدرێژایـــی ژیانـــی تـــەوەری سەرەکیی ئەم بەیەکگەیشتنانەو هاوڕێ‌و هاودەمی کەسانێکی



وەکو (ئینشــتاینو ڕۆمــان ڕۆلانو پاوەندو ییتس) بووە. ئەو بــە قوولــی بڕوای بەوە بوو کە (کاتی ئــەوە هاتووە دەرگای ماڵەکانمــان بــەڕووی جیهانــدا بکەینــەوەو.. هەمــوو جۆرە لەخۆباییبوونێکــی درۆزنانە بخەینە لاوەو، لە ڕووناکیی هەر چرایەک بەهرەمەند بین کە لە هەر گۆشــەیەکی دونیاوە بێت، لەبەرئەوەی زۆرباش دەزانین کە ئەوە ڕووناکییەکی هاوبەشە کە لە ماڵەکەی ئێمەش دەدات).

بــاوەڕی تاگور بە پێکگەیشــتنی خۆرهــەڵاتو خۆرئاوا لە چەمکــی تاگورییانەی (یەکەی مرۆیــی)دا کورت دەبێتەوە. لە ڕوانگــەی ئەوەوە گەوهەری بنەڕەتیی ئەم یەکەیە لە چەمکی (حەقیقەت)دا فۆرمەلە دەبێت.

ڕوانینی تاگور بۆ حەقیقەت دوور نییە لە چەمکی حەقیقەتەوە لای گاندی. گاندی بڕوای وابوو کە (خودا حەقیقەتە) یان چاکتر وایە بڵێین (حەقیقــەت خودایە)، لە کاتێکدا لای تاگور (جوانی حەقیقەتــەو حەقیقەتیش جوانییە). بۆیە بەلای تاگورەوە تەنها لەڕێی داهێنانەوە دەتوانین حەقیقەت بەدەســت بهێنین، بەڵام داهێنــان لای تاگور خۆی تەجەلــلای وەدیهاتنی (ناکۆتایی)یە لەناو مرۆڤدا. تاگور دەڵێت: «مرۆڤ کاتێک بەڕاســتی مرۆڤە کــە لەناو خۆیدا هەســت بە ناکۆتایی بــکات» و هەر بۆ ئەم مەبەســتەش دەبێت لە پێســتی خودی شەخســیی خۆی بێتە دەرەوەو بچێتــە ناو خودی گشــتیو جیهانیی مرۆڤایەتیەوە. بەم پێیە بەرزترین حەقیقەت لە ڕوانگەی تاگورەوە تەجەللای ڕۆحــی ناکۆتاییــە لە مرۆڤایەتیــدا. بەلای تاگــورەوە ئەوەی حەقیقەتــی جیهــان پێــک دێنێــت کۆمەڵێــک توخمــی جوداو لێکتــرازاو نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی گشــتییە کە لەنێوان ئەم



بەشانەدا هەیە. بە دەربڕینێکی دی، ئامانجی ژیان لای تاگور بەدەستهێنانی دەڕوونێکی گشتییە کە جیهان بەڕێوە دەبات. واتە جێهێشتنو تێپەڕاندنی دیاردەکان (ئەو دیاردانەی کە هیندۆیزم پێیان دەڵێت مایا) بۆ گەیشتن بە یەکەی ژیان. ئاندا کوماراسوامی (A.Coomaraswamy) لە وتارێکیدا بەناوی (شیعرەکانی ڕابیندرانات تاگور)ەوە دەڵێت: «لای تاگور مانای یەکەی ژیان لە چەمکی بەدەستهێنانی شادی لەڕێی هەر جۆرە جوانییەکی هەستبزوێنەوە، جیا نابێتەوە». بەمجۆرە، بەلای تاگورەوە، پرنسیپی ڕاستەقینەی هونەر، پرنسیپی یەکێتییە. مرۆڤ لەڕێی داهێنانی هونەرییەوە دەڕوونی خۆی لەبەردەم خۆیدا ئاشکرا دەکاتو لەڕێی خوڵقاندنی جوانییەوە کەسێتیی مرۆییانەی خۆی بە کەسێتیی باڵای خواوەندەوە دەبەستێتەوە. کەواتە لە ڕوانگەی تاگوری شاعیرەوە، حەقیقەتو جوانی یەک شتن، لەم ڕووەشەوە ئەرکی هونەر پیشاندانی حەقیقەتی جیهانە بە مرۆڤ لەڕێی خوڵقاندنی جوانییەوە. هەربۆیە لای تاگور حەقیقەتی جیهان لە کەسێتییەکی خوداییدا بەرجەستە دەبێت کە ئەو ناوی ناوە (کەسی باڵا). (کەسی باڵا) خاوەنی کەسێتییەکی بێ کۆتاییەو وەکو مرۆڤ بەندی شتە سنووردارو کۆتاییدارەکان نییە. ئەو تەجەللای هەرسێ بەهای حەقیقەتو جوانیو چاکەیەو بەم پێیەش نیشانەی یەکەی مرۆییو بەرکەماڵیی کەسێتیی مرۆییە. کەواتە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێی یەکانگیربوونەوە لەگەڵ (کەسی باڵا)دا بە بەرکەماڵی بگات. هەربۆیە تاگور بڕوای وایە کە مرۆڤ لەهەمانکاتدا بوونەوەرێکی کۆتاییدارو بێ کۆتاییە، واتە لەهەمانکاتدا کە خاوەن لایەنێکی فەردییە، لە



توانای بەگشتیبوونو بەجیهانیبوونیش بەهرەمەندە.
تاگـور دەنووسـێت: (تاکە کەس کاتێ بەمەبەسـتی کامڵی خـۆی دەگات کـە لەڕێـی هاوئاهەنگـیو هاوسـەنگبوونی لەگەڵ پرنسـیپی ناکۆتاییدا ئازادیی خۆی بەدی بهێنێت). ئەو ئازادییەش کە تاگور باسی دەکات. ئازادییە لە کردەوەدا نەک لە نەبزاوتندا.
تاگوریـش وەکو زۆر لـە هاوچاخە هیندییەکانی خۆی (بۆ نموونـە گانـدی)، خۆی لـە نەریتی دێرینـەی خەڵوەتگەریو گۆشەنشـینیو دوورەپەرێـزی لـە جیهـان دابڕیـوە، بـەڵام بەپێچەوانەی کەسـێکی وەکو گاندیەوە، ئـەو ئاکارەی تاگور پەیڕەویی دەکات ئاکاری شـاعیرێکە نـەک ئاکاری زاهیدێک. ئـەو بـڕوای وایە کە بـۆ بەسـەرخۆدازاڵبوون پێویسـت بە داهێنانی خۆشیبەخشو شادیوروژێن دەکات.
بـەم پێیە ئەو ئەزموونـەی کە تاگور بە تەوەری بنەڕەتیی هـزری ژیانـی مرۆڤایەتیی دادەنێـت، ئەزموونێکی مەنتیقیو ئەقڵانـی نییـە، بەڵکـو ئەزموونێکە لەڕێی پەیبـردنو مەزەنە (حدس)ەوە بەدی دێت.
ئەزموونـی تاگـور بەسـەرهاتی دەڕوونی شـاعیرێکە کە هەڵـوەدای بانگەوازی حەقیقەتە. تاگور لـە وتارێکیدا بەناوی (ڕێبازی شـاعیر)ەوە دەنووسـێت: (ئەوە بوونی شـاعیرە لە ئینساندا کە دەزانێت ڕاستی واتە داهێنان).
بـێ شـک تاگور بەر لە هەر شـتێک شـاعیر بـوو، بەڵام شیعریش بەلای ئەوەوە ڕێگایەک بوو بۆ گەیشتن بە جوانیو حەقیقەت، بۆیە ئەو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە سوودی لە هەموو هونەرەکان دەبینی. نیگاری دەکێشاو، ئاوازی بۆ شیعرەکانی






خۆی دادەنا. چیرۆکو شانۆنامەی دەنووسی‌و بۆ سەر شانۆ دەری دەهێنـــان. ئەمڕۆ کــۆی کارەکانی تاگور بریتیە لە (١٥) ڕۆمان‌و چیرۆک، چل شانۆنامە، چل کتێبی شیعر، سی کتێبی فەلســـەفی‌و کۆمەڵایەتی‌و پتر لە دوو هـــەزار ئاوازو گۆرانی. کــە من ئــەو کەســـانەی لەڕێی خوێندنـــەوەی ئـــەم کارانەوە دەرکیـــان بـــە ڕەهەندی مۆدێـــرن‌و هەنووکەیـــی ڕابیندرانات تاگـــور نەکردبێـــت. کاتێکیـــش دەڵێیـــن تاگور نووســـەرێکو هونەرمەندێـــکو بیرمەندێکی مۆدێرنە، تەنها لەبەر شـــێوازو فۆڕمی نووســـینەکانی نییە کە کاریگەریـــی زۆریان هەبووە، بەڵکـــو لەبەرئەوەی کە هەمیشـــە هزری ئـــەو وەکو پەیامێکی زیندووە بۆ جیهانی ئەمڕۆ. پەیامێک کە ئەمڕۆ ســـەرلەوحەی پەیوەندییە کەلتوورییەکانە لە جیهانداو لەم ڕستەیەی تاگوردا کورت دەبێتەوە کە دەڵێت: «پێویستە مێژووی مرۆڤایەتی بە هـــاوکاری‌و هاوپەیوەندیی هەموو نـــەژادو میللەتەکانی دونیا بنووسرێتەوە».







André Malraux

# ئەندرێ مالرۆ
# ئەفسانەی ئەم سەدەیەمان

# (من ئەم سەدەیەی خۆمم لەکۆڵ گرتو
# هاوارم کرد: دەبمە وەڵامدەرەوەی)

گۆشەگیرانی ئاڵتونا
(جان پۆڵ سارتەر)

ئەم ساڵ بیستەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی ئەندرێ مالرۆیە (ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٩٦دا نووسراوە -و-). بیست ساڵ لەمەوبەرو لە (٢٣ی نۆڤەمبەری ١٩٧٦)دا یەکێک لە گەورەترین کەسێتییە ئەدەبیو ڕۆشنبیرییەکانی فەرەنساو ڕوویەک لە سەرسوڕهێنەرترین ڕووە مرۆییەکانی سەدەی بیستەم بەیەکجاری چاوی لێک نا. هەواڵی مەرگی مالرۆ تەواوی خەڵکی جیهانی خامۆشو خەمبار کرد. ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ژاپۆن بەرنامە بەردەوامەکانی خۆی ڕاگرتو (ئەندێرا گاندی)ش کە ئەو دەمە سەرۆک وەزیرانی هیندستان بوو، لە سەرتاسەری وڵاتدا ماتەمی ڕاگەیاند. دەوڵەتی فەرەنساش ئاهەنگێکی ماتەمی ڕێزلێنانی گەورەی شیاو بە پایەی مالرۆی لە مۆزەخانەی لوڤەر ساز کرد.

ئەم ساڵیش بۆ جارێکی دیکەو لە مانگی نۆڤەمبەری ڕابردوودا دەوڵەتی فەرەنسا ئاهەنگێکی ڕێزلێنانی بۆ مالرۆ گێڕاو خۆڵەمێشی جەستەشی لەپاڵ کەسانێکی مەزنی وەکو (ڤۆڵتێرو هۆگۆو ژۆرسو ژان مۆلن)دا لە (پانتیۆن)



بەخاک سـپێردرا. ئایا کەس لە ئێمــە ئەو دەنگە پڕ لەرزەیەو لەهەمانکاتدا بەهێزەی ئەندرێ مالرۆی لەبیرماوە کە لە ڕۆژی ناشتنی خۆڵەمێشی جەستەی ژان مۆلندا لە پانتیۆنو لە (١٩ی دیســەمبەری ١٩٦٤)دا وتــی: «ئەی لاوانی فەرەنســا، ئەمڕۆ گوێ لە ئاوازێک بگرن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ ئێمە شــووم بوو. ئەمە مارشــی پرسەی کۆمەڵێک خۆڵەمێشە کە ئەوەتانێ دەیبینــن...، ئــەی لاوان.. ئەمــڕۆ بیــر لە ژان مۆلــن بکەنەوە، هەروەکو ئەوەی دەســتتان لە ســیمای بێ شێوەی ئەوو لەو لێوانــەی نزیک کردبێتەوە کــە لــە دواڕۆژی ژیانیدا هیچیان نەوت. ئەو ڕۆژە ئەم سیمایە سیمای فەرەنسا بوو».

ئەمــڕۆ ئەگــەر بــە تەنهــا بیــر لــە ڕووخســارێک لــە ڕووخســارەکانی کەلتووری هاوچەرخی فەرەنسا بکەینەوە؛ ئەندرێ مالرۆمان دێتەوە یاد. ڕووخســارێکمان بەبیر دێتەوە کە بــەردەوام هەڵــوەدای حەقیقــەتو دادو هونــەرو جوانی بــوو، بەڵام سەرنجڕاکێشــتر لەوە ئەوەیە کــە مالرۆ بە تەنها فەرەنســاییەک نەبــوو، بەڵکــو کەســێتییەکی جیهانی بوو کە خاوەنی سیماو ڕووی جۆراوجۆرو چارەنووسی بێ کۆتایی بــوو. هەروەکو مالرۆ خۆی دەڵێــت: «ئادەمیزادە گەورەکان هەموو شوێنەکانیان لە خۆیان دەچێت»، بەڵام مالرۆ شوێنێکی وای نەبــوو کە بشــوبهێتە ســەر ژیانە پــڕ کەندولەندەکەی. شوێنی ڕاستەقینەی مالرۆ چارەنووس بوو. چارەنووسێک کە ئەو خۆی لەڕێی شێوەبەخشین بە کەسێتیەکانی ڕۆمانەکانیو نووسینەکانیەوە تیایدا بەشدار بوو.

پاڵەوانەکانــی مالرۆ هەموویان لە بەســەرهاتی مێژووییدا بەشــدارن. لەم ڕووەوە مالرۆ هەموو شــتێکی لە پەیوەندیدا






بــە مێژووەوە دەبینی، لەبەرئەوەی بــە تێڕوانینی ئەو مێژوو دەربــڕی چارەنووس بوو و مالــرۆش هیچ ئامانجێکی نەبوو جگە لە (گۆڕینی ژیان بۆ چارەنووس). بۆیە ناتوانین کارەکانی مالرۆ لە قۆناغەکانی ژیانی جیا بکەینەوەو هەر لەبەرئەمەشە کە ژیانی مالرۆ بریتیە لە کۆمەڵێک ئەفســانە کە لە ســەدەی بیستەمدا ڕوودەدەن.

پاڵەوانی ســەرەکیی ئەم ئەفسانانەش هەر مالرۆ خۆیەتی. لەم ڕووەوە ئەندرێ مالرۆ خۆی ئەفسانەی سەدەی بیستەمەو چارەنووسیشــی لەگەڵ چارەنووســی ئەم ســەدەیەدا ئاوێتە بووە.

ئەندرێ مالرۆ کەسێتییەکە کە لە تەواوی شەڕە کەلتووریو سیاسیو هونەرییەکانی سەدەی بیستەمدا بەشدار بووە. کەم ڕووداوی مێژوویی هەیە لەم ســەدەیەدا کە مالرۆ بەجۆرێک لە جۆران تیایدا بەشدار نەبووبێت. بەمجۆرە هەر نووسینێک لە نووســینەکانی بەشــێک لە چارەنووســی ئەو ئەفســانەیە دەخاتەڕوو.

کەسێتییە سەرەکیەکانی چوار کتێبە بەناوبانگەکەی مالرۆ، واتە گارین لە (فەتحکارەکان) (١٩٢٨)داو، کیو لە (چارەنووسی ئادەمی) (١٩٣٣)داو، کلۆد وانک لە (ڕێی شــاهانە) (١٩٣٠)داو فرۆکەوانەکانی ئیســکادران (ئیسپانیا) لە (ئومێد)دا، کۆمەڵێک ڕووخساری مالرۆن کە هەروەکو خۆیشی دەڵێت «ئەزموون دەکەن بە ویژدان». مالرۆ دەیەوێت لەڕێی زیندووکردنەوەی ئەم کەسێتیانەوە دەنگی کۆمەڵێک پاڵەوان لە شوێنە جیاجیاکانی جیهانەوە (لە شــۆڕشو جەنگــی ناوخۆی ئیســپانیادا) بدات بــە گوێی ئێمــەدا؛ کە لەپێناوی ئــازادیو عەدالەتدا جەنگاون.




هەروەکو کەسـێتییەک لە کەسـێتییەکانی ڕۆمانی (ئومێد)یش دەڵێـت: «بەبـێ بینـەر پاڵەوان بوونـی نییە». ئـەوەی جێی سـەرنجە ئەوەیە کە مالـرۆ خۆی بینەری ڕاسـتەقینەی ئەو پاڵەوانانـە بووە کە خولقاندوونـی، ڕوانینی ئەو بۆ مێژوو و چارەنووسی ئەو کەسێتیانە ڕەهەندێکی ئیستاتیکیانەی هەیە.

بە دەربڕینێکی دی، لە ڕوانگەی مالرۆوە حەقیقەتی مێژوویی بەبـێ جوانـی هیـچ مانایەکی نییـە، بەمجۆرە بـە بۆچوونی مالـرۆ هـەر خەبـاتو زۆرانێکـی ئەخلاقی لـە چوارچێوەی مێژووییدا وەکو گەڕانێکە بەدوای جوانیدا. (ڕۆمان گاری)، کە نووسـەرێکی بەناوبانگی فەرەنسایە، سەبارەت بە پەیوەندیی ئەخـلاقو ئیسـتاتیکا (یا جواننـاسـی) لـە کارەکانـی مالرۆدا دەڵێـت: «هەرگیز لە ئەزموونـی مرۆییمدا ڕێکەوتی مرۆڤێکم نەکردووە کە تا ئەم ڕادەیە سەرسەختانە سوور بێت بەدوای دۆزینەوەی ڕەهەندی جوانیدا لـە ئەخلاقدا». هەر لەبەرئەمە لـە ڕوانگەی مالرۆوە ژیـان جۆرێکە لە هونـەرو هونەریش بەلایـەوە جۆرێکە لە باڵاڕۆییو تێپەڕاندنـی ژیان. ئەگەر (لە هونەردا شـتێکی زیاتر لە هونەریش هەبێت) لەبەرئەوەیە کە هونەر دەتوانێت بەسـەر مەرگـدا زاڵ بێتو بچێتە دەرەوەی زەمەنەوە.

ئـەوەی لـە شـاکارە هونەرییەکانـی جیهانـدا سـەرنجی مالـرۆی بـەلای خۆیـدا ڕادەکێشـا (هـەر لـە نیگارەکانـی پیکاسـۆوە تـا پەیکەرەکانی غـار ئەلفانتا لە هیندسـتان) ئەم ڕەهەندی (بێ زەمەنی)یە بوو، وەکو دەڵێت: «کاری هونەری ئامادەبوونێکی تایبەتیی خۆی هەیەو ئەویش ئەم مانەوە پڕ لە نهێنییەتی». ئەمجارەیان مالـرۆ لەڕێی ڕۆمانەوە هەڵوەدای





وەڵامدانەوەی پرسیاری چارەنووسی بەشەری نییە، بەڵکو لەڕێی ڕوانینیەوە بۆ مێژووی هونەرەکە بیر لە ڕەهەندە هەتاهەتاییەکەی ئادەمیزاد دەکاتەوە. لێرەشدا میتافیزیکی کردار (Metaphysique de la ction) کە چلو پێنج ساڵ تەمەنی مالرۆی بە خۆوە مەشغوڵ کرد، جێی خۆی بۆ میتافیزیکی جوانی (Metaphysique de la Beaute) چۆڵ دەکاتو ئەمجارەیان مالرۆی سەرکێشو ڕۆماننووس نا؛ بەڵکو مالرۆی هونەردۆستو وەزیری ڕۆشنبیریی فەرەنسا شەڕی لەگەڵ دڕندەییو بیرۆکە دژ بە مرۆڤایەتیەکاندا دەکات.

بەلای مالرۆوە گرنگیی کارە هونەرییەکان لە کۆنو دێرینیاندا نییە، بەڵکو لەو ڕەهەندی ئامادەگیانەیاندایە کە لە کونو قوژبنی لاپەڕەکانی مێژووەوە دەیانگەیەنێتە شێوەیەک لە (بێ زەمەنی). بە دەربڕینێکی دی، مالرۆ بڕوای وایە کە کاری هونەری ئەگەرچی لە زەمەنێکی مێژوویدا دەخولقێ؛ بەڵام وەکو هونەر خاوەنی ئامادەبوونێکی نامێژووییە، لەبەرئەوەی توانای ئەوەی هەیە کار لە خەڵکانێک بکات کە چەند سەدە مەودایان لەگەڵ ساتی خولقاندنی کارە هونەرییەکەدا هەیە. لەم ڕووەوە داهێنانی هونەری کاتێک دەبێت بە کاری هونەری کە بگۆڕێتو لە شوێنی پەیدابوونیەوە بچێت بۆ شوێنی ڕاستەقینەی هونەر، واتە (مۆزەخانەی خەیاڵی). بەم پێیە چیدی هونەر لە خواوەندەکانەوە نییە، لەبەرئەوەی بەندە بە هونەرەوە. هەربۆیە لە جیهانێکدا کە خواوەندەکان تیایدا بێدەنگن، جوانیی هونەر لەگەڵ ئێمەدا دەدوێتو بەڵێنی ژیانێکی باڵا بە مرۆڤ دەداتو لە کۆیلایەتیی مەرگ قوتاری دەکات،



هەروەکو مالرۆش دەڵێت: «ڕۆماننووس کۆپیکەرەوەی جیهان نییە، بەڵکو هاوتاو ڕکابەرێتی». هونەریش لەبەردەم چارەنووسدا سەر دانانەوێنێت، لەبەرئەوەی (دژ بە چارەنووسە). هونەر لەهەمانکاتدا سەرکەوتنە بەسەر چارەنووس‌و زاڵبوونە بەسەر مەرگدا. مالرۆ بەپێچەوانەی هایدیگەرەوە کە مرۆڤ بە بوونەوەرێک دەزانێت کە بە گەورەکردنەوەی بونیادی مەرگ لە زەمەندا؛ مانای خۆی دەدۆزێتەوە. ئەم بڕوای وایە کە مرۆڤ (بوونەوەرێکی دژ بە مەرگ)ە. کەواتە مرۆڤ کە بەلای مالرۆوە خاوەنی مانایەکی باڵایە، لەبەرئەوەیە کە هەوڵ دەدات لە شەڕیدا دژ بە مەرگ مانایەکی میتافیزیکی بە ژیانی خۆی ببەخشێت. مالرۆ لەو کتێبەی خۆیدا (ئەو داربەڕووانەی فڕێیان دەدەن) ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دەکات‌و دەنووسێت: (بیرۆکەی مەرگ هانم دەدا مەسەلەی ڕاستەقینەی میتافیزیکا قبووڵ بکەم کە ئەویش مانای ژیانە). ئامانجی (مۆزەخانەی خەیاڵی)ی مالرۆش دووبارە زیندووکردنەوەی ئەو کارە هونەرییانەیە کە مەرگ بە فەرامۆشیی سپاردوون. ئەو لە کۆتایی کتێبی (مۆزەخانەی خەیاڵی)دا دەنووسێت: (مۆزەخانەی خەیاڵی ئەو ئەبەدییەتە بە هەموو ئەو کارە هونەرییە هەڵبژێردراوانەی دەبەخشێت؛ کە پەیکەرسازانی سۆمەرو بابل لە زەینیاندا بووە، هەروەها ئەو نەمرییەش کە ئامانجی فیدیاس‌و مایکل ئەنجیلۆ بوو..).

بەمجۆرە، هەر چۆن پرۆمیسیۆس ئاگری لە خواوەندەکان ڕفاند، مالرۆش هونەر لە خواوەندەکان دەڕفێنێت تا بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنێک کە تیایدا مرۆڤ لەودیوی هەر چارەنووسێکی مێژووییەوە، ئازادیی مانەویی خۆی بەدەست





دەهێنێت. سیاسەتی مالرۆش وەکو وەزیری ڕۆشنبیریی فەرەنسا لە شەستەکانی سەدەی بیستدا؛ ئەم ئاقارەی گرتبووە بەر، لەبەرئەوەی مالرۆ بڕوای وابوو کە (دەوڵەت بۆ ئەوە دروست نەبووە کە فەرمان بەسەر هونەردا بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە خزمەتی بکات).

ئەندریێ مالرۆ خزمەتگوزارێکی هونەریی جیهانی بوو، هەر چۆن داستاننووسی ئادەمیزادی مۆدێرن بوو. زۆرن ئەوانەی کە مالرۆیان ناونابوو هەڵکەوتووی خەیاڵپەروەر، بەڵام ئەو خۆی لەم بارەیەوە دەنووسێت: (خەونە گەورەکان وا لە مرۆڤ دەکەن کە دەست بدەنە کارە گەورەکانو خەیاڵە داستانئاساکان). دەشێ گەورەترین خەونی مالرۆ ئەوە بووبێت کە ژیانی مالرۆی سەرکێش بکات بە داستانێکو حەقیقەتی شاراوەی خۆی بۆ ئادەمیزادەکان ئاشکرا بکات. چونکە هەروەکو خۆیشی دەڵێت: «حەقیقەتی مرۆڤ بەر لە هەموو شتێک لەو شتەدایە کە دەیشارێتەوە»، بەڵام ئەمڕۆ حەقیقەتی مالرۆ لای ئێمە شاراوە نییە، لەبەرئەوەی ئەو بوو بە ئەفسانەی ئەم سەدەیەمان.







# پێسوا

## پێسوا لە ئاوێنەی پێسوادا

## (قسەی شاعیر قسەی کەسێکە
## کە خۆی خستۆتە مەترسییەوە)

مۆریس بلانشۆ

(فیرنانـدۆ پێســوا) لــە (١٣ی حوزەیرانــی ١٨٨٨)دا لــە (لیشبۆنە) لەدایک بووە. باوکی کە ڕەخنەنووسێکی مۆسیقایی بــووەو نــاوی (یواخیــم دۆســیابرا) بــوو؛ پێنج ســاڵ دوای لەدایکبوونی پێســوا بە نەخۆشــیی ســیل کۆچی دوایی کرد. پاش دوو ســاڵ دایکی پێســوا (ماریا مادان نۆگۆییرا) شووی بە کۆنســولی پورتوگال کرد لە دۆربانی ســەر بە ئەفریقیای باشــوورو (فیرناندۆ)ی کوڕیشی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەوێ برد. پێســوا خوێندنی سەرەتایی لە ساڵی (١٨٩٩)دا لە قوتابخانەی ڕۆی کامپبڵ دۆربان دەســت پێ کردو پاشان لە قوتابخانەی بازرگانیی دۆربان درێژەی بە خوێندن دا. لە ساڵی (١٩٠٣)دا پێســوا لە تەمەنی (١٥) ســاڵیدا تاقیکردنەوەی قبوڵکردنی بۆ زانکۆی (کیپ تاون) داو لەنێو (٨٩٩) پاڵێوراودا خەڵاتی شاژن ڤیکتۆریای بۆ باشترین شێوازی ئینگلیزی بەدەست هێنا. دوو ساڵ دوای ئەوە، لە (١٩٠٥)دا ئەفریقیای باشووری جێهێشتو بەیەکجاری لە لیشبۆنە سەقامگیر بوو.

پێســوا لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ نیشــتمان نــاوی خۆی لە بەشی فەلســەفەی پەیمانگای باڵای ئەدەبدا تۆمار کرد، بەڵام



زۆری نەخایاند کە وازی لە خوێندن هێناو لە یەکێک لە کۆمپانیا پورتوگالیەکاندا وەکو وەرگێڕێکی بازرگانی دەستی بە کار کرد. هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی کاری بازرگانیدا؛ دەستی بە نووسینی قەسیدە بەناوبانگەکەی (فاوستۆ) کرد، لە ساڵی (١٩١٢)یشدا چەند وتارێکی دەربارەی شیعری نوێ لە گۆڤاری (A Aguia)ی ئۆرگانی بزاوتی (ڕێنیسانسی پورتوگالی)دا نووسی کە گرنگترینیان وتارێک بوو بە ناونیشانی (لە دارستانی نامۆبووندا). لەو ڕۆژگارەدا پێسوا یەکەمین شیعرەکانی خۆی بە زمانی ئینگلیزی نووسیو کاتی بێکاریشی بە خوێندنەوەی کارەکانی (میلتۆنو شیللیو کیتسو ئەدگار ئالان پۆ)وە بەسەر دەبرد.

لە ساڵی (١٩١٣)دا پێسوا ئاشنایەتی لەگەڵ (ماریۆ دۆساکار نیرۆ)ی شاعیرو (ئاڵمادانگریرا)ی نیگارکێشدا پەیدا کرد. ئەم ئاشنایەتیەی لەگەڵ ماریۆ دۆساکار نیرۆدا بووە مایەی کەشفکردنی مارینتیو بزاڤی هونەریی ئایندەخوازی (فوتوریزم) لەلای. پێسوا لەژێر کاریگەریی ئایندەخوازەکاندا بزاڤی ئەدەبیی (پاولیسمۆو ئینتەر سەکسیمۆنیمۆ)ی دامەزراندو لە نیسانی (١٩١٥)دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ئۆرفە- Orpheu)ی بەهاوکاریی شاعیرانو هونەرمەندە نوێخوازەکانی پورتوگال چاپ کرد، کە بووە مایەی هەراوزەنایەکی زۆر لەناو نووسەرو هونەرمەندە موحافەزەکارەکانی پورتوگالدا. دووەمینو دوا ژمارەی گۆڤارەکە لە حوزەیرانی (١٩١٥)دا چاپ بوو. هاوکات لەگەڵ چاپکردنی گۆڤارەکەدا پێسوا هەندێک کەسێتیی خوازراو (Heteronymes)ی جۆراوجۆری وەکو (ئەلبێرتۆ کاییرۆو ئالوار دۆکامپۆسو ڕیکاردۆ ڕیس)ی بۆ خۆی دروست کرد.




بە داخستنی گۆڤاری (ئورفە)و خۆکوشتنی ماریۆ دۆسا کارنیرۆ لە پاریس، پێسوا لە گۆڤاری ئایندەخوازەکانی پورتوگالدا دەستی بە کار کردو لە یەکەمین ژمارەیدا وتارێکی بەناوی (ئۆڵتیماتۆم) (کە بە مانای ئاژێر دێت -و-) نووسی لە ساڵی (١٩١٨)دا پێسوا دوو بەرگی لە شیعرە ئینگلیزییەکانی خۆی لەژێر ناوی (٣٥ غەزەل)و (ئەنتۆنیۆس)دا بەچاپ گەیاند کە جێی بایەخی ڕۆژنامەی (لەندەن تایمزو گلاسکۆ هیداڵد) بوون.

لە ساڵی (١٩٢٢)دا پێسوا لە گۆڤاری ئەدەبیی هاوچەرخی (Contemporanea)دا چیرۆکێکی بەناوی (بانکدارە ئەنارشیستەکە) بڵاوکردەوە. لەو ڕۆژگارەدا پێسوا بۆ یەکەمینو دواهەمین جار توخنی سیاسەت کەوتو هاوکات بە پشتیوانیکردنی شاعیری ئورانیست (Uraniste) (ئەنتۆنیۆ بۆتۆ) بەیاننامەیەکی لەژێر ناوی خوازراوی (ئەلڤارۆ دۆکامپۆ)دا بڵاو کردەوە کە تیایدا بەرگری لە ئازادیی شاعیر دەکات لەبەرامبەر ئاکاری کۆمەڵایەتیداو ئەمەشی دژ بە خوێندکارانی زانکۆی لیشبۆنە کرد. پێسوا لە ساڵی (١٩٢٤)دا گۆڤاری (ئاتنا)ی دامەزراندو لەژێر ناوی خوازراوی ئەلڤارۆ دۆکامپۆسدا وتارێکی سەبارەت بە (ئیستاتیکای ئەرستۆیی) نووسی. پاشان لە ساڵی (١٩٣٠)دا دەستی بە نووسینی یەکەمین بەشی کتێبە بەناوبانگەکەی (واتە کتێبی نائارامی) کرد. لە ساڵی (١٩٣٢)دا (سالازار) بوو بە سەرۆک وەزیرانی پورتوگالو (فیرناندۆ پێسوا) کۆمەڵێک شیعری دژ بە دیکتاتۆریەتی ئەو نووسی. دوو ساڵ دوای ئەوە، لە ساڵی (١٩٣٤)دا پێسوا کۆمەڵێک شیعری خۆی بە



ناونیشانی (پەیام Message) (لێکدانەوەیەکی ڕەمزەییانەی مێژووی پورتوگال) بۆ بەشـداریکردن لە پێشبڕکێیەکدا نارد بۆ نووسـینگەی ڕاگەیاندنـی میللیی پورتوگال، بەڵام بە تەنها خەڵاتێکی وەرگرت کە عادەتەن دەدرێت بە شـاعیرانی لاوتر. فیرناندۆ پێسوا لە (٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥)دا لە لیشبۆنە کۆچـی دوایـی کرد، بەڵام چەنـد مانگێک بەر لـە مەرگی؛ لە نامەیەکیدا بۆ هاوکارێکی لاوی لە گۆڤاری (پرێزنسا)دا باسی لـە چۆنێتیی دروسـتبوونی کەسـێتییە خوازراوەکانی وەکو ئەلڤارۆ دۆکامپۆس‌و ڕیکاردۆریس‌و ئەلبێرتۆ کاییرۆ دەکات. فیرناندۆ پێسوا لەم نامەیەدا دەنووسێت: (نزیکەی ساڵی ١٩١٢ بوو کە بڕیارم دا هەندێ شیعری بێ باوەڕانە بنووسم. چەند شـیعرێکی بێ سـەروام نووسی‌و پاشـان بڕیارم دا واز لەو پرۆژەیـەم بهێنم، بەڵام ناکاو لە سـێبەری ڕووناک‌و نادیاری ئەم پرۆژەیەدا، سـیمای نەناسراوی کەسـێک هاتە بەرچاوم کە نووسـەری ئەم شـیعرانە بوو (بەبێئەوەی بە خۆم بزانم ڕیکاردۆریسـم خوڵقاندبـوو). سـاڵ‌و نیوێک یان دوو سـاڵ دوای ئەوە بوو؛ بەمەبەسـتی گاڵتەکردن لەگەڵ ماریۆ دۆسـا کارنیرۆ، شـاعیرێکی شـوان‌و تاڕادەیەک ئاڵۆزم لە شـێوەی بوونەوەرێکی واقیعیدا خولقاند. چەند ڕۆژێکم بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخـان کرد، بـەڵام تیایدا سـەرنەکەوتم. ڕۆژێکیان لە (٨ی مارتـی ١٩١٤)دا کە لە فۆرمەلەکردنی ئـەم پڕۆژەیە نائومێد بووبـووم، کۆمەڵێـک کاغەزی سـپیم لەسـەر سـندووقێکی گـەورەی نـاو ژوورەکەم هێناو بە جۆش‌و خرۆشـێکەوە کە وەسف ناکرێت، هەر بە پێوە دەستم بە نووسینی سی شیعر کرد. ئەو ڕۆژە ڕۆژی سەرکەوتنی من بوو لە ژیانمداو ئیدی



هەرگیـز دووبارە نەبۆوە. ئەم کۆمەڵە شـیعرەم ناو نا (پیاوە شـوانەکە)، بەڵام لەپڕێکدا کەسـێک لە مندا سـەری هەڵدا کە ناوم نا (ئەلبێرتۆ کاییرۆ).

داوای لێبوردن دەکەم لەم قسـە نامەعقولەم؛ بەڵام هەستم کرد کە مامۆستاکەم لە ناخمدا سەری هەڵداوە. ئەمە هەستێکی کاتی بوو. ئەم هەسـتەم بەڕادەیەک ڕاسـتەقینە بوو کە پاش تەواوکردنـی ئـەو کۆمەڵە شـیعرە، یەکسـەرو بێ وەسـتان کۆمەڵێـک شـیعری تـرم لەژێر ناونیشـانی (بارانـی مایل)دا دەسـت پێ کرد لە نووسـینی فیرناندۆ پێسـوا. ئەم ڕووداوە وەک گەڕانـەوەی فیرناندۆ پێسـوا- ئەلبێرتـۆ کاییرۆ بوو بۆ فیرناندۆ پێسـوا. یان چاکتر وایە بڵێـم کاردانەوەی فیرناندۆ پێسـوا بوو بەرامبـەر نەبوونی لەناو ئەلبێرتـۆ کاییرۆدا.. بە لەدایکبوونی کاییرۆ هەوڵم دا کە بەشـێوەیەکی بێ ئاگایانەوە غەریزییانە چەند قوتابییەکی بۆ دروست بکەم..)

ئـەو قوتابیانەش بریتی بوون لە (ڕیکاردۆریس‌و ئەلڤادۆر دۆکامپـۆس) کـە پێسـوا بـۆ هەریەکێکیـان ژیاننامەیەکـی نووسـیبوو. ئەلبیرتۆ کاییرۆ لە سـاڵی (١٨٨٩)دا واتە ساڵێک پاش خوڵقێنەرەکەی فیرناندۆ پێسوا کە پێی دەوت (مامۆستا) لەدایک بوو و لە سـاڵی (١٩١٥)دا کۆچی دوایی کرد. پێسـوا وێنەی کاییرۆی وا لای خۆی کێشـابوو کە کابرایەکە مووی کاڵەو چاوی شـینە، لە کاتێکدا قوتابیەکانی کاییرۆ هەریەکەو سیمای جیاوازی خۆیان هەبوو. لە دیدگای پێسواوە، ئەلڤارۆ دۆکامپـۆس کابرایەکی درێژو لاواز بـوو، چاوی ڕەش بوو، لە سـاڵی (١٨٩٠)دا لـە ئالگارۆ هاتبووە دونیـاوە، لە کاتێکدا ڕیکاردۆریس هەروەکو پێسـوا دەڵێت لە سـاڵی (١٨٨٧)دا لە



ئوپورتۆ لەدایک بووبوو، بەپێچەوانەی دۆکامپۆسیشـــەوە کە ئایندەخواز بوو، ڕیکاردۆریس بـــە زمانی پورتوگالی دەدواو بە ڕابردوو و نەریتەوە وابەستە بوو. بەمجۆرە هەریەکێک لە کەسێتییە خوازراوەکانی پێســوای شاعیر خاوەنی شوناسی شـــیعری‌و ئیســـتاتیکای خۆی بـــووە، بە واتایەکـــی دی، هەر یەکێکیان ناســـێنەری بیروباوەڕێکی کۆمەڵایەتی‌و تیۆرەیەکی ئەدەبیی پێســـوا بووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە حەقیقەتی هونەریی ئەم کەســـێتیانە لە کەسێتیی پێسوا خۆی جیان، هەرچەندە کە دروستکراوی خەیاڵی خۆین.

لە ڕاســـتیدا فیرناندۆ پێســـوا بە خولْقاندنی ئەم شـــاعیرانە شوناســـێکی نوێ بە پێسوای شـــاعیر دەبەخشێت‌و، دووبارە خـــۆی دەخولْقێنێتەوە. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە شـــیعر توانای دووبارە خۆدۆزینەوە بە پێســـوا دەبەخشێت‌و لە هەر یەکێک لە سەفەرە شاعیرانەکانیدا بەرەو ناوەوەی خۆی، یەکێک لە شوناسەکانی خۆی زیندوو دەکاتەوە. هەروەکو (ئۆکتاڤیۆ پاز) دەڵێت: «پێســـوا خولْقێنەری کەسێتییە شاعیرەکانی نییە، بەڵکو خولْقێنەری کارەکانی ئەو شاعیرانەیە». بە دەربڕینێکی دی، پێســـوا لە گەڕانیدا بـــەدوای ناوو شوناســـی خوازراودا بـــۆ زیاتـــر ڕۆح بەخشـــین بە شـــیعرەکانی، خۆیشـــی دەبێتە کەســـێتییەکی خوازراوی شـــیعرەکانی خۆی‌و نـــاوی دەچێتە ڕیـــزی نـــاوە خوازراوەکانی تریەوە. پێویســـتە ئەوە بڵێین کە کۆمەڵە شـــیعری کەســـێتییە خوازراوەکانی پێسوا کاتی خۆی لـــە ژیاندا بوو چاپی کردن، بەڵام بەناوبانگترین شـــیعرەکانی فیرناندۆ پێســـوا کە بەناوی خۆیەوە بوون؛ بیســـت ساڵ پاش مەرگـــی‌و لە پەنجاکانـــدا بڵاوبوونـــەوە. بەمجۆرە پێســـوا بە



خولْقاندنی ئەو کەسـێتییە خوازراوانە بۆ شـیعری خۆی‌و بە سەفەرکردنی لەم کەسێتییەوە بۆ ئەو کەسێتی‌و لەم دەمامکەوە بۆ ئەو دەمامک، خۆی دەبێت بە (هیچ کەس) (پێسوا لە زمانی پورتوگالیدا واتە هیچ کەس)، بەڵام هیچ کەس بوون بۆ پێسوا جۆرێک بووە لە ژیانێکی شاعیرانە. لەبەرئەوەی شوێنێکە کە تیایدا شـاعیر ترسی لە هیچ جۆرە شوناسێک نییە، کەواتە وا چاکترە بڵێین، پێسوا شاعیرێکی نائومێد نییە، بەڵکو شاعیری پەنهانبوونە. لە ڕاستیدا هەموو کارەکانی پێسوا سەفەرێکی بێ کۆتایین بـەرەو ئەم پەنهانبوونە. بەرەو جیهانێکی بێ جووڵە کە ڕەنگدانەوەی ویژدانی بەدبەختی پێسـوای شاعیرە. پێسوا حەقیقەتی ناوەوەیی خۆی لە پەنهانکردنیدا دەبینێتەوە.

لـە شـیعرێکدا کە خـۆی نووسـەرەکەیەتی، خـۆی وەکو شاعیرێکی (سـاختە) ناو دەبات. پێسوا کەسێتیی خۆی نەفی دەکات‌و بەتەنـزەوە سـەیری دەوروبەری خـۆی دەکات؛ تا بتوانێت ڕادەی ئیمانی بە شیعر بخاتەڕوو.

ئەو دەنووسێت: (شیعر لە شاعیر حەقیقیترە).

کەواتــە بــە بۆچوونــی پێســوا حەقیقەتــی شــیعر لــە پەنهانبوونی شـاعیردایە، بەڵام حەقیقەتی شـیعری پێسوا لە کام لای ئاوێنەکەدایە؟ لە فیرناندۆ پێسـوای شاعیردا؛ یان لە کەسێتییەکانی وەکو ئەلبێرتۆ کاییرۆو ڕیکاردۆریس‌و ئەلڤارۆ دۆکامپۆسـدا؟ لەوانەشـە لە هیچیانـدا نەبێـت! لەبەرئەوەی لای پێسـوا گرنگ شیعروتنە نەک پێسـوابوون. لەبەرئەوەی هەروەکو خۆیشی دەڵێت: (گرنگ ژیانە، گرنگ داهێنانە.)







# مارگرێت دۆراس
# ڕیسواکەری حەقیقەتی جیهان

(گومانکردنی ئێمە جۆش‌و خرۆشی ئێمەیە، ئامانجی ئێمەیە.
ئەوەی دەشمێنێتەوە شێتێتیی هونەرە).

(مارگرێت دۆراس)ی نووسەرو فیلمسازو ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی فەرەنسایی لە ڕۆژی (٣ی مارتی ١٩٩٥)داو لە تەمەنی (٨٢) ساڵیدا لە پاریس کۆچی دوایی کردو لە پەنا (سارتەرو سیمۆن دی بۆڤوارو ڕیمۆن ئارۆن)ەوە؛ لە گۆڕستانی (مۆنپارناس)دا بەخاک سپێردرا.
مارگرێت دۆراس (مارگرێت دۆنادیۆ) لە ئەپریلی (١٩١٤)دا لە شاری (جیادین)ی نزیک (سایگۆن) چاوی بە دونیا هەڵهێنا. باوکی مامۆستای ماتماتیک‌و دایکیشی هەر مامۆستای قوتابخانە بوو. لە دە ساڵیدا وەختێک باوکی کۆچی دوایی کرد، لەگەڵ دایکیدا سەرەتا چوون بۆ شاری (سادیک)و پاشانیش بۆ (ڤین لۆنگ)و دواتریش چەند ساڵێکی لە قوتابخانەیەکی شەوانەڕۆژدا لە سایگۆن بەسەر برد. لە ساڵی (١٩٣٠)دا ئەو هاوڕێ چینیەی ناسی کە دواتر بوو بە قارەمانی سەرەکیی کتێبەکەی واتە کتێبی (عاشق). دۆراس لە ساڵی (١٩٣٢)دا چووە فەرەنساو دوای تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی دەستی بە خوێندنی بەشی حقوق‌و زانستە سیاسیەکان کرد. ساڵی (١٩٣٩) (ڕۆبەر ئانتیلمی) ناسی‌و شووی پێ کرد. لە سەرەتاکانی



دووەم جەنگی جیهانیدا لە دەزگایەکی بڵاوکردنەوەدا لە پاریس دەسبەکار بوو، ســاڵی (١٩٤١) یەکەمین کتێبی خۆی بەناوی (خێزانــی تۆمران)ەوە نووســی، بــەڵام دەزگای گالیمار بۆی چاپ نەکرد. لە ساڵی (١٩٤٣)دا کتێبی دووەمی خۆی نووسی کــە ناوی (بێ ناموســەکان) بوو لەهەمان ساڵیشــدا؛ لەگەڵ (فرانسوا میتەران)ی سەرکۆماری پێشووی فەرەنسادا، چووە ڕیــزی هێــزی بەرەنگاریی فەرەنســاوە. لە ســاڵی (١٩٤٤)دا؛ لەلایەن دەزگای گالیمارەوە سێیەمین کتێبی بەناوی (ژیانێکی هێمــن)ەوە لەچاپ درا. لە پاییزی هەمان ســاڵدا چووە ڕیزی حزبی کۆمۆنیســتی فەرەنســاوە، بەڵام پاش دە ســاڵ وازی لێیان هێنا.

دۆراس لە ساڵی (١٩٥٠)دا ڕۆمانی (دیواری شەپۆلشکێنی ئۆقیانووســی ئارام)ی نووســی کە زۆر بایەخی پێ دراو بۆ خەڵاتی ئەدەبیی (گۆنکۆر) پاڵێورا. پاش پێنج ســاڵ، لە ســاڵی (١٩٥٥)دا لە کتێبی (مەیدان)دا (مۆریس بلانشــۆ) ڕەخنەیەکی لەبــارەوە نووســیو وەکــو (لەدایکبوونــی جۆرێکــی تازەی تەکنیکی نووســین) ناوی برد. دۆراس لــە کۆتایی پەنجاکاندا لەپاڵ نووسیندا لە خەباتی شەڕی جەزایرو گولیزمدا بەشدار بوو. لە ســاڵی (١٩٥٨)دا کتێبی (مۆدێراتۆکانتابێله)ی نووسی کــە پتر لە پێنج ســەد هــەزار دانەی لێ فرۆشــرا. لە ســاڵی (١٩٥٩)دا فیلمنامەی (هیرۆشیمای خۆشەویستم)ی نووسی کە (ئالان ڕینێ) دەری هێنا. هەروەها لە ساڵی (١٩٦٤)دا ڕۆمانی (دلڕفێنیی لولو شتاین)ی بە چاپ گەیاند کە دەروونشیکاری فەرەنســایی بەناوبانــگ (ژاک لاکان) بە یەکێک لە باشــترین نموونەکانی ڕۆمانی نوێ ناوی بردووە.



دۆراس لــە ســاڵی (١٩٦٥)دا یەکەمین شــانۆنامەی خۆی بەنــاوی (ڕۆژێکی تــەواو لەناو درەختەکاندا)وە نووســی کە (مادلیــن ڕۆنۆ) دەوری تیا بینی. لە ســاڵی (١٩٦٨)دا دۆراس چالاکانە لە ڕووداوە سیاسیەکانی فەرەنسادا بەشداریی کردو گروپێکــی لەژێــر ناوی (کۆمیتــەی قوتابیان- نووســەران)دا دروســت کرد، لە ســاڵی (١٩٦٩)دا یەکەمین فیلمی سینەمایی خــۆی بەناوی (دەڵێــت وێرانی بکــە)وە هێنایــە بەرهەمو لە (١٩٧٥)یشدا لەگەڵ (دلفین سرگ)دا فیلمی بەناوبانگی (سترانی هیندی Indian song)ی دەرهێنا.

دوا فیلمــی بەناوبانگــی دۆراس؛ فیلمێکــە بــە ناونیشــانی (لۆری)و بە هاوبەشــیی (ژیرار دوپاردیۆ) لە ســاڵی (١٩٧٧) پیشان درا. لە ساڵی (١٩٨٠) بەدواوە، دۆراس وازی لە سینەما هێناو دووبارە بەشــێوەیەکی چالاکانە دەســتی بە نووسینی ڕۆمان کردەوەو لە هەمان ساڵدا کتێبی (هاوینی ٨٠)ی لەچاپ دا. دۆراس لە ساڵی (١٩٨٣)دا ڕۆمانی بەناوبانگو پڕفرۆشی (عاشق)ی نووسی کە هەمان ساڵ خەڵاتی گۆنکۆری بەدەست هێنا. لە ســاڵی (١٩٨٥)یشــدا کتێبــی (ژان)ی بەچاپ گەیاندو دوو ســاڵ دوای ئــەوەش ڕۆمانــی (ئەمیلی ئێڵ)ی نووســی. لــە (١٩٩٠)دا کتێبــی (بارانی هاوینە)ی چاپ کردو لە ســاڵی (١٩٩٣)یشدا کتێبی (نووسین)ی نووسی کە بریتیە لە ڕستێک ڕامانو بیروبۆچوونی ســەبارەت بە نووســینو نووســەرو تەنیایی.


مارگرێت دۆراس لە بەشێکی هەڤپەیڤینەکەیدا کە لە شوباتی (١٩٩٠)دا لەگەڵ ڕۆژنامەی (فرانس ســوار)دا سازی کردووە دەڵێت: «نووســینی کتێبێک وەکــو هێنانەدنیای منداڵێک وایە،



شتێکە کە لە بوونی تۆوە لەدایک دەبێت. لە حەز بە منداڵبووندا، کە هەندێکجار ژن دەگەیەنێتە سنووری شێتبوون، پێویستیەکی زۆر بـۆ تێپەڕاندنی ژیان هەیە، پێویسـتی بـۆ منداڵێک کە لە خۆیو لە پیاوێک ببێت کە خۆشی دەوێت، بەڵام لە نووسینی کتێبێکدا تەنیاین، ئەوپەڕی تەنیا. چارەنووسـی کتێبەکەش لە چارەنووسی منداڵێک جیاوازە».

ئـەو تەنیاییـەی کـە دۆراس باسـی کـردووە، یەکێکە لە توخمە پێکهێنەرەکانی هونەری ڕۆمانووسیی ئەو. لە ڕاستیدا دەبێـت ئەوە بڵێین کە تەنیایی لە ڕوانگەی دۆراسـەوە خۆی بـۆ خۆی جۆرێکە لـە نووسـین. تەنیایی نووسـەر، تەنیایی نووسراوەکەشـەو تەنیایی نووسـراوەکەش بـەڕای دۆراس (تەنیاییەکە کە بەبێ ئەو هیچ شتێک بەدەست نایەت).

کەواتـە بە بۆچوونـی دۆراس تەنیایی دۆخێکـی ڕۆحییە کە لەڕێی نووسـینەوە بەدەسـت دێت. واتە نووسـەر لەڕێی نووسـینەوە جۆرێـک لە تەنیایی دەخوڵقێنێـت کە تەجەللای هەستو هزری ئەوە. لەم ڕووەوە بەلای مارگرێت دۆراسەوە ڕۆمـان دەربڕی گشـت بوونی مرۆڤێکە؛ گشـتێک کە هەموو سـاتەکانی ژیـانو ڕۆحـی ئەو لەخـۆ دەگرێـت. دۆراس لە گفتوگۆیەکـدا لـە سـاڵی (١٩٨٣)دا وتوویەتـی: «گرنـگ ئەو شتەیە کە لە ناوەوەدا ڕوودەدات..» بەمجۆرە دۆراس هەموو سـاتێکی ئەزموونی ژیان دەگۆڕێت بۆ نووسین. لە ڕوانگەی ئـەوەوە حەقیقەتـی ژیـانو حەقیقەتی نووسـین یەکسـانن. هەربۆیـە دەنووسـێت: (کاتێ دەسـت بە نووسـینی کتێبێک دەکەم، هەسـت دەکەم لەنـاو کتێبەکەدام، نەک لە دەرەوەی). لەوانەیە ئەم قسـەیەی دۆراس خۆی باشـترین شایەتی بێت



بۆ سـەرلەنوێ دروسـتکردنەوەی ژیانە پـڕ کەندولەندەکەی لەڕێی کتێبەکانیەوە. لەبەرئەوەی لە ڕاسـتیدا ڕاستەقینەترین دەربڕیـن لە ژیانـی دۆراس لە کۆی کتێبەکانیـدا دەبینینەوە. ئەگـەر دۆراس بە خولقێنەری جۆرێکی نوێی ڕۆماننووسـین لەقەڵـەم بدەین لـە ئەدەبی فەرەنسـیدا؛ بێگومـان یەکێک لە بەڵگەکانـی ئـەم نوێکارییـەی، لە شـێوەی ڕوانینـی ئەودایە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی بابەتـی مۆدێـرن لەگـەڵ جیهانی چواردەوریـدا. دۆراسـیش کـە بـە مۆدێـرن دەژمێردرێـت لەبەرئەوەیە کە خۆی بابەتی سـەرەکیی ئەو نووسینانەیە کە لە ئاوێنەیاندا گەوهـەری بنەڕەتیی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ڕەنگ دەداتەوە. لەم ڕووەوە ڕوانینی دۆراس بۆ ژیانی خۆی؛ ئاوێتـەی ئەزموونێکی پڕ ژانو شـادییە کـە خوێنەر دەخاتە بەردەم مانای تراژیکی مێژووەوە.

دۆراس بە دووبارە زیندووکردنەوەی ڕەهەندی سـادەی هەستو سـۆزە مرۆییەکان؛ لەڕێی قسەو نووسینو وێنەوە، فێرمان دەکات چۆن بە ڕوانینێکی تازەوە تەماشـای ڕووداوە مێژووییـەکان بکەیـن. لەبەرئـەوەی هەروەکـو کاراکتـەری سەرەکیی فیلمی (هیرۆشیمای خۆشەویستم) دەڵێت: «دەکرێ فێری ڕوانینی دروست بین»، تەنانەت گەر دڵنیاش بین لەوەی کە (هەموو شتێکمان لە هیرۆشیما بینیوە).


کەواتە لە ڕوانگەی دۆراسەوە هەمیشە کات بۆ سەرلەنوێ بینینەوەی ڕووداوە تاکە کەسیەکانو ڕووداوە مێژووییەکان هەیەو نووسـینیش پێویستە لەسـەری کە لەڕێی سەرلەنوێ خولقاندنـەوەی ڕووداوەوە دەڕوونـی دونیـای نەبینـراوی بوونمان بۆ بەرجەستە بکات.



دۆراس فێرمـــان دەکات چـــۆن بڕوانینـــە ڕووداوی وەکو هێرۆشیما یا جەنگی هیندو چینو کاتێک وێنەی ڕاستەوخۆی کەســـێتییەک شـــک نابەین؛ گوێ بۆ دەنگی ســـەر وێنەکە شل بکەیـــن (وەکو فیلمی ســـترانی هیندی)، لـــەم ڕووەوە دۆراس ڕیسواکەری حەقیقەتی ئەم جیهانەی ئێمەیە، لەبەرئەوەی ڕێک لە کاتێکدا کە ئێمە هەموو شـــتەکان بە بنجبڕانە دەزانین؛ ئەو لەڕێی کارە ئەدەبیو سینەماییەکانی خۆیەوە سینەماو جیهان دەگەیەنێتە قۆناغی کۆتایی خۆی، چونکە هەروەکو دۆراس لە فیلمی (لۆری)دا دەڵێت: «تاقە سیاسەت ئەوەیە کە جیهان بەرەو لەناوبردنـــی هەنگاو نێت»، کەواتـــە دۆراس بە ڕەتکردنەوەی جیهانو پەیداکردنی گومان ســـەبارەت بە بڕوای ئێمە پێی، لە دونیای نەبینراوی بـــوون نزیکترمان دەکاتەوە؛ دونیایەک کە زادگای داهێنانو سەرچاوەی هونەری نووسینە. نووسینیش لای دۆراس چ نییـــە جگـــە لە گومانکردن لەو شـــتەی یەقینی بەرامبەر پەیدا دەکەینو ڕیسواکردنی حەقیقەتی جیهان.








# گەڕان بەدوای جیهانێکی
# نەبینراودا
# چاوخشانێك بە سینەمای
# کارل تیۆدۆر درایەردا

# چاوخشانێک بە سینەمای کارل تیۆدۆر درایەردا

لە(٢٠ی مارسی ١٩٦٨)دا، لە کاتێکدا ئەوروپا بەدەم ئاگری پێکدادانە سیاسیو بزاوتە شۆڕشگێڕەکانەوە دەسووتا، جیهانی سینەما یەکێک لە گەورەترین شۆڕشگێرەکانی خۆی لەدەست دا. ئەو شۆڕشەی کە کارل تیۆدۆر درایەر لە بواری هونەری سینەمادا لە دامەزرێنەرانی بوو، تانوپۆیەکی سیاسیی نەبوو، بەڵکو تەقەللایەک بوو لەڕێی ئافراندنو گۆڕانی جوانناسی (ئیستاتیکی)انەی سینەمادا.

ئەو شتەی لە سینەمای درایەردا زۆر جێی بایەخو گرنگیپێدانە، هەوڵدانێتی بۆ سیاسەتێکی وێنەیی نوێ کە لە فیلمەکانیدا بەدوایدا دەگەڕێت، نەک بۆ بەرجەستەکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی تایبەت. بەواتایەکی دی، سینەمای درایەر شێوەیەکی تایبەتییە لە ڕوانین بۆ حەقیقەتی جیهان. ئەوەی لە دیدگای درایەرەوە لە سینەمادا گرنگ خۆی دەنوێنێت، پیشاندانی هەستو پەیبردنێکە کە لە تێڕوانینی تاکە کەسداو لە بەریەککەوتنیدا لەگەڵ حەقیقەتدا ڕوودەدات، بەمجۆرە سینەمای درایەر فێرمان دەکات چۆن لەڕێی بینینی وێنەکانی جیهانی دەرەوە، پەی بە قووڵایی ویژدانی مرۆیی بەرین. کەواتە دەتوانین بڵێین کە درایەر سینەماکارێک نییە کە سەروکاری لەگەڵ حەقیقەتی ڕاستەوخۆی جیهاندا هەبێت؛ بەڵکو ئەو نیگارکێشو وێنەسازی دەروونبینی ژیانی مرۆڤگەلێکە کە بەردەوام لەگەڵ مەسەلەی وەکو خۆشەویستی، مردن،



تەنیایی، ئیمان‌و بێ سـەبریدا دەستەویەخەن. ئەو پرسیارەی کـە درایەر لە هەموو فیلمەکانی خۆیدا، هەر لە (سـەرکۆمار) (١٩١٨)ەوە تـا (گرتـرۆد) (١٩٦٤) دەیخاتـەڕوو، ئەوەیە کە: چۆن دەتوانین بەبێئەوەی ببینە قوربانیی دەست دەمارگیری‌و پاشـکەوتوویی‌و بێ سەبریی هاوڕەگەزانی خۆمان؛ لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەماندا مانەویتی (مەعنەویەت) بەدەست بهێنین؟ درایەر وەڵامی ئەم پرسیارە لە (خۆشەویستی)دا دەبینێتەوە. لە ڕاستیدا گەوهەری سینەمای درایەر لەم ڕستەیەی کاراکتەری سـەرەکیی فیلمی (گرترۆد)دا کورت دەبێتەوە: (خۆشەویستی هەموو شـتێکە). سینەمای درایەر سـینەمای خۆشەویستی‌و ژیانە. بەلای درایەرەوە لە هەر شوێنێک خۆشەویستی هەبوو ژیانیش هەیە. بەم پێیە، کاراکتەری ئینگەر لە فیلمی قسەدا لەڕێی باوەڕهێنان بە خۆشەویسـتییەوە بۆ ژیان دەگەڕێتەوەو هەر ئـەم ئینگەرە لە دیمەنێکی تری فیلمەکەدا بە (مۆرتن بۆرگەر) دەڵێت: «گرنگ ئەوەیە یەکترمان خۆش بوێت». ئەوەی مایەی سەرنجڕاکێشـانە ئەوەیە کە لە سیناریۆی (عیسای ناسری)دا (کە بەداخەوە دەرفەتی بۆ نەڕەخسـا بیکات بە فیلم) چاومان بە ڕستەیەکی حەزرەتی مەسیح دەکەوێت کە بە حەوارییەکان دەڵێت: «ئەرکێکی ئایینیی تازەتان دەخەمە ئەسـتۆ. یەکترتان خۆش بوێت، بەمجۆرە هەموو خەڵک دەزانن کە ئێوە موریدی منن. من ئێوەم چەند خۆش دەوێت؛ ئێوەش ئەوەندە یەکترتان خۆش بوێت».

گەڕانـی دژواری (گرتـرۆد) بەدوای خۆشەویسـتیدا لەم ڕستەیەی فیلمەکەی درایەردا دەیبینینەوە: (لە خۆشەویستیدا، شـادمانی نییە. خۆشەویسـتی ئـازارە، دەردە). لە ڕاسـتیدا



ئـــەو ســـێ وێنەیەی کـــە درایەر لـــە فیلمەکەیدا ســـەبارەت بە کاراکتـــەری گرتـــرۆد لە ئاوێنـــەدا پیشـــانی دەدات، هەریەکە بەجۆرێـــک، ڕەنگدانەوەی ئـــازارو دەردو ناکامیـــی گرترۆدە لە خۆشەویســـتیدا. گرترۆد بەدوای خۆشەویســـتیی خەیاڵیی خۆیدا وێڵە، بەڵام تراژیدیای ئەم خۆشەویســـتییە ئەو دەکات بـــە بوونەوەرێکی خەیاڵی کە هەنگاو بەرەو ئەودیو واقیعیەت دەنێت، لێرەدا دەگەینە ئەو قســـەیەی (ژاک ڕیوت) کە دەڵێت: «دەشـــێ گرترۆد لە ڕوانگەی وێنەییەوە وەکو خەون نەیەتە بەرچاو، بەڵام قســـەکانی خەوناوین..». ئەم قســـە خەوناوییە بە تەنهـــا گرترۆد ناگرێتەوە، بەڵکو زۆربـــەی کاراکتەرەکانی درایـــەر دەگرێتـــەوە. تەنانەت قســـەی کاراکتەرەکانـــی فیلمە بێدەنگەکانیشی خەوناوین.


لەبەرئـــەوەی هەموویان بەدوای ڕەهـــا (موتڵەق)دا وێڵن‌و بەم مەبەســـتەش هەنگاو بـــەرەو دونیای نەبینـــراوی ئەودیو واقیعیەتـــی جیهانـــی ڕۆژانە دەنێـــن. (دەیڤید گـــری) لە فیلمی (خوێنمـــژ)دا، ئان پیدرســـدوتە لە فیلمـــی (ڕۆژی تووڕەیی)دا، کاراکتـــەری ژان لـــە (موســـیبەتەکانی ژانـــدارک)دا، ئینگـــەرو یۆهانـــز لـــە (قســـە)داو گرترۆد لـــە فیلمی (گرتـــرۆد)، هەموو ئەمانـــە بـــەدوای ڕەهادا وێڵن‌و هـــەر لەبەرئەمـــەش دەکەونە پەراوێـــزی جیهانەکەی خۆیانەوە. لە کاتێکـــدا باوەڕهێنان بە خۆشەویســـتییەکە گرترۆد دەکات بە کەسێتییەکی پەراوێزی، دەبینین لە فیلمی (موســـیبەتەکانی ژاندارک)دا خۆشەویســـتی بـــۆ بـــاوەڕە کە وا لە کاراکتـــەری ژان دەکات مـــەرگ قبووڵ بکات. ژان لەپێناوی خۆشەویســـتیی خـــودادا دەمرێت، بەڵام (ئان) لە (ڕۆژی تووڕەیی)دا لەپێناوی خۆشەویســـتیی مارتندا




بــەرەوڕووی مــەرگ دەچێت. هەروەکــو دەبینیــن زۆربەی کاراکتەرەکانی درایەر، کەســانێکی پەراوێزیــن، لەبەرئەوەی بەردەوام لەو فەزایەی کە تیایدان بەمەبەستی گەڕان بەدوای ڕەهادا بــەرەو فەزای مانەویی نــاوەوە دەچن. هەروەها ئەم حاڵەتە پەراوێزییــەی کاراکتەرەکانی درایەر لە ویژدانی تاکە کەســیی هەر یەکێکیاندا دەبینینەوە کــە بەجۆرێک لە جۆران ڕەتکــەرەوەی واقیعیەتی ئــاکاری‌و کۆمەڵایەتیی باون، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو ڕەوتە دراماتیکییەی کە درایــەر کاراکتەرەکانی خۆی تیا فڕێ دەدات، بەهیچ جۆرێک پەیڕەوی لە شــێوازێکی ڕیالیســتی ناکات. هەر لەبەرئەمەش هیــچ کام لــە کاراکتەرەکانی درایەر شــوێن پێــی ئامانجێکی سیاســی یــان کۆمەڵایەتیی دیاریکراو هەڵناگــرن، بەڵکو هەر وەکــو کاراکتەرەکانــی تراژیدیاکانی ئەســینای کــۆن، لەگەڵ قەدەرو چارەنووسێکدا تێکەوتوون کە مانا بە قسەو ڕەفتاری ئــەوان دەدات. جوانناســی (ئیســتاتیکا)ی ســینەمایی درایەر لەســەر بناغــەی ڕوانینێکــی تراژیدیانە بۆ ژیــان دامەزراوە. درایەر خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: «من بەشێوەیەکی ئاسانتر دەتوانم کاراکتەرەکانم‌و ڕوانینی تایبەتیانەی خۆم بۆ ژیان لە تراژیدیادا بخەمەڕوو».

بە مانایەکی دی، تراژیدیا ئەو شێوە دراماتیکیەیە کە درایەر بۆ دەربڕینی ئەزموونە مرۆیی‌و مانەوییەکانی کاراکتەرەکانی خۆی هەڵیبژاردووە. گومان لەوەشدا نییە کە جەختکردنەوەی درایەر لەســەر ســوودوەرگرتن لــە جوانناســیی تراژیک لە سینەمادا بە ڕەتکردنەوەی ڕیالیزم دەشکێتەوە.

کەواتە بەجورئەتەوە دەتوانین بڵێین کە ئامانجی درایەر لە



سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی کەسێتیو ڕووداوە مێژووییەکان، دووبــارە خولقاندنــەوەی بابەتیانــەو ڕیالیســتیانەی ئــەو کەســێتیو ڕووداوانە نییە. هەر بۆیەشە کاتێک ڕەخنەگرانێک ڕەخنــە لــەوە دەگــرن کــە خــوودەی ســەربازەکانی فیلمی (موســیبەتەکانی ژاندارک) لە خوودەی ســەربازەکانی یەکەم جەنگــی جیهانی دەچێــت، درایەر لە وەڵامــدا دەڵێت: «من لە جۆری جلوبەرگپۆشینو تایبەتمەندێتییەکانی تری سەردەمی ژاندارکم نەکۆڵیوەتەوە، لەبەرئەوەی ئەو ســاڵەی کە ئەمە تیا ڕوویداوە هێندەی مەودای لەگەڵ هەنووکەدا کەمبایەخە لام». بە واتایەکی دی، درایەر لەو وێنە ســینەماییەی کە سەبارەت بــە ژاندارک بە بینــەری دەدات، بەڕادەیەک لە مەودای نێوان ڕابردوو و هەنووکە کەم دەکاتەوە کە دیمەنەکانی دادگاییکردنی ژاندارک، دادگاییکردنەکانی سەردەمی ستالینمان دەهێنێتەوە یــاد. لەبەرئەمە، ئەوەی لە فیلمەکانی درایــەردا جێی بایەخە، ئــەو ســەردەمە مێژووییە نییە کە چیرۆکەکــە تیا ڕوویداوە، بەڵکــو ئــەو هەمەکێتــی (کلیــت)ە زەینیو مانەوییە ســەروو مێژووییەیــە کــە کاراکتەرە ســەرەکیەکەی فیلمەکــەو لەڕێی ئەویشــەوە؛ بینەری درایــەر ڕووبەڕووی دەبێتــەوە. کەواتە دەبینین کــە درایەر بینەری خۆی بــەرەوڕووی حەقیقەتێکی مێژوویــی ناکاتەوە، بەڵکو زیاتر بــەرەوڕووی ئەو حەقیقەتە ناوەوەییەی مرۆڤی دەکاتەوە کە سەر بە هەموو زەمانەکانە. هەروەکــو درایەر خۆیشــی دەڵێت: «ئەوەی کــە جێی نرخو بایەخە، حەقیقەتی هونەرییە، واتە ئەو حەقیقەتەی کە لە ژیانی تاقیکراوەوە سەرچاوەی گرتووە. لەبەرئەمە، ئەوەی کە بینەر لەســەر پەردەکە دەیبینێت حەقیقەت نییەو ناشبێت حەقیقەت




بێــت، چونکە گەر وا بووایە، نەماندەتوانی پێی بڵێین هونەر».
بەم پێیە بە بۆچوونی درایەر ئامانجی هونەر لاساییکردنەوەی واقیعیەت (ڕاستی- حەقیقەت) نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ڕوانینە ناوەوەی شتەکان. (مۆریس میرلۆپۆنتی) لە کتێبەکەیدا (چاوو ڕۆح) ســەبارەت بە هونەری ڕوانینی نیگارکێش بۆ حەقیقەتی جیهان شتێک دەڵێت کە دەکرێت بەسەر سینەمای درایەریشدا دابیبڕین. میرلۆپۆنتی دەنووســێت: (نیگارکێش هەر کەســێک بێت، لە کاتێکدا کە خەریکی نیگارکێشــانە تیۆرەی ســیحریی بینیــن بەکار دەبــات. کەواتە دەبێت ئەوەمــان قبووڵ بێت کە شتەکان دەچنە ناوەوەی ئەوەوە، یان بەپێی بەراوردە نیمچە تەشــەرئامێزەکەی ماڵبرانش ڕۆح لە چاوەکانەوە دەردەچێت تا بچێتە ناو شتەکانەوە..)
بەم پێیــە ئەوەی بەلای درایەرەوە گرنگــە، تێپەڕبوونە لە حەقیقەتی دەرەکییەوە بۆ حەقیقەتی ناوەوەیی لەڕێی وێنەوە، لەبەرئــەوەی هەروەکو ئەو دەڵێت: «خەڵک لەڕێی وێنەوە بیر دەکەنــەوەو وێنە گرنگتریــن توخمی فیلمــە». درایەر لەڕێی بەخودیکردنــی حەقیقەتــی جیهانــی دەرەکییــەوەو بەهــۆی ســینەماوە گوزارشــت لــە دونیــای ناوەوەیــی پاڵەوانەکانی خــۆی دەکات، کــە بە بۆچوونی برســۆن ئەم هونــەرە (واتە ســینەما) خۆی لە بنەڕەتدا هونەرێکــی دەرەکییە. بەجۆرێکی دی، ڕوانینــی درایەر بۆ حەقیقەتــی بابەتیانەی جیهان وەکو پشــکنینێکی نــاوەوەی خــودی ئادەمیــزادە. هەربۆیە لەودیو هەر فیلمێکــی درایــەرەوە، ویژدانی بەدبەختــی کاراکتەرێک دەبینینــەوە کــە لەگــەڵ ڕۆحــی ســەردەمەکەی خۆیــدا لــە کێشــمەکێش‌و ڕووبەڕووبوونەوەدایە. لــەم ڕووەوە، ئەوەی



کــە بەلای درایەرەوە گرنگە، بە تەنها پیشـــاندانی ڕووداوێکی دەرەکــی نییە، بەڵکــو کاریگەریی ناوەوەیی ئــەو ڕووداوەیە لەســـەر ســـایکۆلۆژیای ئەو کاراکتەرانەی کە لە فیلمەکەدان. بــەم مانایەش، حەقیقەتــی گەوهەریی ســینەمای درایەر لەو دیمەنانــەدا کورت دەبێتەوە کە لەڕێی ڕەنگدانەوەی هەســتی ناوەوەیی کۆمەڵێک کاراکتەری وەکو ژاندارکو گرترۆدو ئان یان ئینگەرەوە لە ڕووخسارياندا، پیشانی ئێمەی دەدات. درایەر لە وتارێکدا لەم بارەیەوە دەڵێت: «هەر کەسێ فیلمەکانی منی بینیبێت، دەزانێ کە من بایەخێکی زۆر بە ڕووخساری مرۆیی دەدەم، ڕووخســـاری مـــرۆڤ وەکـــو زەوییەکە کـــە هەرگیز لـــە کەشـــفکردنی مانـــدوو نابین. ڕەســـەنترین ئەزمـــوون کە لەستۆدیۆدا هەمان بێت، تۆمارکردنی دەربڕینی ڕووخسارێکە کە پڕە لە هێزی پڕ نهێنیی سروشو ئیلهام..»

ئـــەو هێـــزە پـــڕ نهێنییەی کـــە درایەر باســـی لـــێ دەکات، حەقیقەتێکـــی نەبینـــراوە کـــە کامێراکەی درایەر لـــە قووڵایی دەروونی مرۆڤەکانـــدا بەدوایدا دەگەڕێـــت. کەواتە هەروەکو دەبینیـــن، کامێـــرا لـــە ســـینەمای درایـــەردا ڕەنگـــدەرەوەی جووڵـــەی بابەتیانەی حەقیقەتی دونیـــای دەرەوە نییە، بەڵکو ڕەنگدانـــەوەی ویژدانـــی ناوەوەیی کەســـێتییەکە کە بەرامبەر مەتەڵە میتافیزیکیەکانی ژیان ڕاوەستاوە. هەر لەبەرئەمە، ئەو ئەزموونە وێنەییەی کە بینەری فیلمەکانی درایەر ســـەبارەت بە شـــێوازی دەربڕینی ســـینەمایی ئەو بەدەستی دێنێت، ڕێک پێچەوانـــەی چوارچێوە کلاســـیکو تەقلیدییەکەی ســـینەمای (هۆڵیوود)ە. وەکو (دەیڤید بۆردویل) دەڵێت: «فیلمی (قسە)ی درایـــەر لە (١١٤) دیمـــەن پێک دێت و مـــاوەی هەر دیمەنێک



نزیکـەی زیاتر لـە خولـەکو نیویکە». هەروەهـا بەپێی ئەو هەڵسـەنگاندنەی ئـەو، هەندێک لە سـیمبوڵەکان لە (قسـە)دا دوو تا حەوت خولەک درێژە دەکێشـێت. کەواتە هونەرەکەی درایەر هەڵدانـەوەی پەردەی حەقیقەتی ژیانـی ڕۆژانەمانەو بانگهێشـتنمانە بـۆ ناو فەزایەکـی ئەودیو واقیعـی، کە تیایدا ئادەمیزادەکان و شتەکان مانایەکی دی لەخۆ دەگرن، بۆیە ئەوەی بەلای درایەرەوە گرنگە، ماددەو شتی بێ نێوەند (ڕاستەوخۆ) نییە، بەڵکو پرۆسـەیەکی دیالەکتیکییە کە لەڕێیەوە دەڕوونی مرۆڤ حەقیقەتێکی نوێ بەو شـتە دەبەخشـێت. لەم ڕووەوە هونەرەکـەی درایەر لـە بزاوتی باڵابوونـی دەڕووندا پوخت دەبێتەوە، کە لەڕێی نووریکی مانەوییەوە، جوانیی سروشتیی جەسـتەکان دەخولقێنێتـەوە. بە دەربڕینێکـی دی، درایەر بە بەرزبوونەوەی ڕوانینی لە ئاسـتی ڕۆژانـەو عەوامانەوە بۆ ئاسـتێکی باڵاو مانـەوی، بەدوای گوزارشـتکردن لە (وێنەی حەقیقەت)دا دەگەڕێت، بەڵام لە ڕاستیدا (وێنەی حەقیقەت) لە دیـدی درایەرەوە چ نییە جگە لە (حەقیقەتی وێنە). (حەقیقەتی وێنەش) کاتێک بۆ بینـەر دەردەکەوێت کە فاکتەری مانەویی نـوور ئێمـە بەرەو ئەودیوی هەسـتەکان بەرێـت، تا ئێمەش وەکـو کاراکتەرەکانـی درایەر بە ڕۆحێکـی لێوانلێو لە ئیمان بە خۆشەویسـتیو خۆشەویستی بۆ ژیانەوە لە جیهانی فانی بڕوانین. درایەر لە ڕێگای داماڵینی ئیسـتاتیکیەوە باڵابوون لە ڕەهەندی ڕووکەشـی جیهانەوە بۆ ڕەهەندی مانەوی ئەنجام دەدات. ئـەو لـەم بارەیـەوە دەنووسـێت: (داماڵیـن، کارێکە وا لـە هونەرمەنـد دەخوازێت بۆ هێزبەخشـین بـە ناواخنی مانەوییانـەی کارەکەی لە پەیوەندیدا لەگەڵ واقیعیەتدا؛ خۆی



دابماڵێت. بەمجۆرە، فیلمەکانی ئەو بە تەنها ڕەهەندێکی بینراویان نییە، بەڵکو ڕەهەندی مانەوییش.. تاقە خواستی من لەم کارە، پیشاندانی جیهانێکە کە وەکو جیهانێکی خەیاڵی، دەکەوێتە ئەودیو سروشتگەرایی (ناتورالیزم)ی بێ ڕەنگو ماندووکەرەوە).

باشترین بەڵگەی ئەم قسەیەی درایەریش لە چۆنێتیی بەکارهێنانی ئەو ڕووناکییە ڕەمزاوییەدایە کە لە زۆربەی فیلمەکانیدا هەیەو خەرمانەیەکی ڕۆحیی تایبەت بە کاراکتەرەکان دەبەخشێت.

لە ڕاستیدا درایەر بۆ تەعبیرکردن لە ویژدانی ئازارچەشتووی کاراکتەرەکانی پەنا دەباتە بەر ڕووناکییەک کە قووڵاییەکی نهێنیئامێزو گەوهەرێکی باڵای هەیە. لێرەدا دەگەینە پەیوەندیی نێوان سینەمای درایەرو هونەری نیگارکێشی. لە ڕوانگەی گەلێک لە ڕەخنەگرانی سینەمای درایەرەوە، ئەو لە نەخشەی ڕووناکیی فیلمەکانیدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی نیگارکێشێکی وەکو ڤێرمەرەوە کە (پۆڵ کلۆدیل) کارەکانی بە هونەریو وێنەگرتنی فۆتۆگرافی دەشوبهاند، بەڵام دەیڤید بۆردویل بڕوای وایە کە درایەر لە هەر یەکێک لە فیلمەکانیدا لە نیگارکێشێکی تایبەتی دەچێت. بۆ نموونە لە (موسیبەتەکانی ژاندارک)دا لە بروگلو مینیاتۆرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەچێتو، لە (ڕۆژی تووڕەیی)دا لە (وانەی توێکاری)ەکەی ڕامبرانتو مامۆستایانی خەڵکی فلاندەرو لە (قسە)و (گرترۆد)یشدا لە نیگارکێشی دانیمارکی ڤیلهلم هامرشۆیو نیگارکێشی ئەمریکایی جەیمز ویستلەر دەچێت. بەشێوەیەکی گشتی، کاتێک سەرنج دەدەینە ڕووناکیی ناوەوەیی فیلمی



(گرتــرۆد)، یەکســەر تابلۆی (هەتاوی بەیانــی لە ژوورەکەی هامرشــۆی)و تابلۆی (پیاوێک لە تەنیشــتی ژنێکەوە لە کاتی ئەنجامدانــی کلاوســن)ی ڤێرمەرمــان دێتەوە یــاد. لیۆناردۆ داڤینشــی دەیوت: «ئەگەر دەستەکان ڕۆحیان لەگەڵدا نەبێت؛ هونەر نایەتە ئاراوە». لە سینەماشدا بەهەمان جۆر. سینەمای بێ ڕۆحیش وەکو قدیســی ساختەو درۆزن؛ ناسەنگینە، بەڵام لــە ســینەمای درایــەردا کە وێنەیەک یان قســەیەک لەســەر قەداســەت هەبێــت؛ دەڵێی نووری عیشــقو ژیانیــش وێنەکە ڕووناک دەکاتەوە.

کەواتــە ڕووناکــی لــە ســینەمای درایــەردا ئامادەگیەکی ســەروو سروشــتیی هەیــە کــە کەســێتیەکانی فیلمەکانــی بەســەقامگیربوونیان لەناویــدا؛ لە جیهانی واقیــعو دەرەکیی دیاردەکانــەوە بــەرەو جیهانــی خــودو نــاوەوەی دەڕوون دەپەڕنــەوە، بۆیە درایەر بۆ پیشــاندانی ئەم باڵاڕۆییە بەرەو مانەوێتــی (مەعنەویــەت)ی کەســێتییەکانی خۆی؛ ســوود لە گرتــە (شــۆت- لەقتــە)ی نزیکــی ڕووخســارەکان دەبینێت. ڕووخســاری کەسێتییەکان دەربڕی فەزایەکی دراماتیکین کە تیایــدا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیالەکتیکــی لەنێوان دونیای ناداماڵراو (ناموجەڕەد)و داماڵراو (موجەڕەد)دا ڕوودەدات.


بۆ نموونە لە فیلمی (موسیبەتەکانی ژاندارک)دا، بەدرێژایی دادگاییکردنەکــە ژان لە خوارەوە بۆ ســەرەوە دەڕوانێت، لە کاتێکــدا داوەرەکان لە ســەرەوە بۆ خوارەوە لــەو دەڕوانن، کاتێــک کامێراکەی درایەر ڕووخســاری ژان پیشــان دەدات کــە لە خــوارەوە بــۆ ســەرەوە دەڕوانێت، ئەو هەســتە لای بینــەر دەوروژێنێــت کە ئەو لەودیــو ژانو ئازارەکانیەوە؛ بە





جیهانێکی سەروو سروشتیو نادیارەوە پەیوەستە کە دەیخاتە خەرمانەیەکی نوورانیەوە. ئەو نوورەی کە لێرەشدا (بە ڕووخساری) یان چاکتر وایە بڵێین (لە ڕووخساری) ژانەوە دەدرەوشێتەوە؛ دەربڕی پاکژیو سەفای دەڕوونی ئەوە. هەروەکو دەیڤید بۆردویل دەڵێت: «لە فیلمی موسیبەتەکانی ژاندارکدا، دەتوانین هەموو جووڵەکانی زەینو دڵی ژان لە ڕووخساریدا بخوێنینەوە، ڕەنگە هەر لەبەرئەمەش بێت کە ئەندرێ بازان (موسیبەتەکانی ژاندارک) بە (فیلمێکی دۆکیومنتار سەبارەت بە ڕووخسارەکان) ناو دەبات.

زۆرن ئەوانەی بڕوایان وایە کە (موسیبەتەکانی ژاندارک) فیلمی وێنەیە نەک فیلمی وشە، بەڵام درایەر خۆی بڕوای وایە کە لە (موسیبەتەکانی ژاندارک)دا قسەش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. قسە لە (موسیبەتەکانی ژاندارک)دا قسەی دەڕوونە. هەر چۆن وێنەش لەم فیلمەدا دەربڕی فەزایەکی مانەوییە، کە لەسەروو فەزای ئامادەی دادگاوەیەو، ژان پێیەوە پەیوەستە. هەر لەبەرئەمەش؛ ئەو ڕووناکیەی بەدرێژایی فیلمەکەو لە دیمەنی دادگاوە تا دیمەنی لەسێدارەدان؛ لەگەڵ ژاندارکدایە، ڕووناکیی مەرگ نییە، بەڵکو ڕووناکیی ژیانە. هەرچەندە لە زۆربەی فیلمەکانی درایەردا مەرگ توخمێکی گرنگە، بەڵام کاتێک کە جەستەش خامۆش دەبێت؛ دەڕوون درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. لەوانەیە هەر لەبەر ئەم ئامادەگییە نهێنیئامێزەی ژیانیش بێت، کە فیلمەکانی درایەر پڕن لە عیشقو ئیمانو پەرجوو. تەنانەت لە فیلمێکی وەکو (گرترۆد)یشدا (کەژان دۆشە بە (یەکێک لە مۆدێرنترین فیلمەکان)ی دەزانێت)، هیچ ئاماژەیەک بۆ ئیمانو بەخششی خودایی نییەو پەرجوویەکیش




ڕووندادات، بەڵام دیســانەوە گرترۆد دەفتەری ژیانی خۆی بە قسەی عاشقانە دادەخاتو دەڵێت: «تەماشام کە، من زیندووم؟ نەخێر، بەڵام عاشقم».

دەشــێ گەورەیــیو مانای ســینەمای درایەریــش هەر لە دەربڕینی ئەم نهێنیی عیشــقەدا بێت کە لە توانایدایە یاســای ئەم جیهانەشمان تێک بشکێنێت.







# ژیانی شیرین

## -لە یادی فیدریکۆ فیللینیدا-

که شـــاعیران دەڕۆن، بەشــێک لە کتێبی جوانناسیی ژیان کۆتایــی دێــت. ســینەماکارە شــاعیرەکان بهێننــەوە یادتان، کەسانێکی وەکو (تارکۆفسکی و پاراجانیان)، کە ئێستا نەماون و هــەر دەڵێی پارچەیەکی ژیانیان لەگــەڵ خۆیاندا بردوە، بە ڕۆیشــتنی فیدریکۆ فیللینیش؛ دیســانەوە شــتێک لــەو کتێبە کەم دەبێتەوە. فیللینی لەو ســینەماکارانە بوو کە لە ناوەوەی مرۆڤیــان دەڕوانی، بــەڵام یادەوەرییەکانی لە گەلێ شــێوەی جیــاوازدا دەخســتەڕوو، ئیتاڵیای نیشــتمانیش؛ لــە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانیدا؛ وەکو ئاوێنەی تەواوی جیهان خۆی دەنواند. زامپانۆ لە (جادە)داو مارچیلۆ ڕۆبینی لە (ژیانی شــیرین)دا و کابیریــا لە (شــەوانی کابیریا)داو گیدۆ ئانســلمی لە (٢/١١)داو کازنۆڤاو مندالەکانی (ئامارکۆرد) لەگەڵ یەکدا زۆر جیاوازن، بەڵام دەڵێی هەموویان جیلوەی دەڕوونی سینەماکارەکەیانن. بەمجۆرە؛ بەلای فیللینیەوە بەش لە گشــت جیا نەبوو. ژیانی خەڵکــی ئەو دێیەی کــە ناوبەناو لــە چاوەڕوانیــی تێپەڕینی کەشتیەکی ئەفسانەییدا دەمێننەوە، یان خەونەکانی کابرایەکی تەمــەن مامناوەنــدی کە وێڵی دوای عیشــقی لەدەســتچووی تافی لاوێتیە، هەریەکەیان بە شــێوەیەک لە شــێوەکان بەلای فیللینیی شــاعیرەوە وەک ســەفەرێکی بێ کۆتایی و تێکەڵ بە خەیاڵێکی شــاعیرانەیە کە هەروەکو گەڕانی شــەمەندەفەری منداڵــی لــە یادەوەرییەکــەوە دەچێت بــۆ یادەوەرییەکی دی.



لە ڕاســتیدا هەمــوو کارەکانــی ڕەهەندی ڕەمزیی ســەفەرە ڕۆحیەکانین، گەڕانێکی هەمیشــە تازەن. فیللینی لە فیللینییەوە بــۆ فیللینی ســەفەر دەکات و لــە هەر فیلمێک لــە فیلمەکانیدا گۆشــەیەکمان لە فەردیەتــی خۆی پیشــان دەدات. ئەو کاتی خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا وتوویەتی: «کاری فیلم بەلای منەوە بریتی نییە لە پیشــەیەک، بەڵکو جۆرێکــە لەخۆ وەدیهێنان و مانابەخشین بە ژیانم». لە سەرانسەری سەفەرە ڕۆحیەکەی ئەویشــدا بۆ وڵاتی خەونەکان، هەرجــارەو بەجۆرێک دەنگی شەیپوری سێرکی ژیان لە یادماندا دەنگ دەداتەوە.

ئێســتاش کــە ئــەو نەمــاوە، ئەوەی دەیبیســتین ئــاوازی غەمگینــی زەنگەکانی پرســە نییە، بەڵکو ئاوازی مەســتانەی شــەیپوری ســێرکە، کە لەگەڵ ئاوێتەیەک لەو مۆســیقایانەی کــە (نینۆڕۆتا) بــۆ کارەکانی دایناون؛ گوزارشــت لە نەمریی سینەمای (فیدریکۆ فیللینی) دەکەن(٥).



## پەراوێزەکان:

١- ڤینۆبـا Acharya Vinoba ی هیندسـتانی لـە پەیڕەویکارانی هـزری گاندی بـوو لە پەنجاکانی سـەدەی بیسـتداو، خۆیشـی چەند نووسینێکی سەبارەت بە (ناتوندوتیژی) هەیە.

٢- مارتین لۆتەرکینگ (١٩٢٩- ١٩٦٨)ی ئەمریکایی، ڕابەری خەباتی قولەڕەشـەکان بوو، لە سـاڵی (١٩٦٤)دا خەڵاتی نۆبلی بۆ ئاشـتی پێ بەخشرا.

٣- ڤاستۆ Lanza del Vastoی فەرەنسایی، لە لایەنگرانی گاندی. دامەزرێنـەری کۆمەڵـگای لایەنگیری ناتوندوتیژی بوو لە فەرەنسـادا. هەروەها دامەزرێنەری La Communaute del Archeیش بوو کە دژ بە شەڕی جەزائیرو چەکی ئەتۆمی خەباتی کرد.

٤- عەبدولغەفـار خـان: موسـوڵمانێکی پاکسـتانییە، لـە بزاڤـی سـەربەخۆیی هیندسـتاندا چـالاک بـوو، کە بـۆ یەکێتیی هیندسـتانو تەواوی خاکیو سـازش لەنێوان هیندو موسـوڵمانەکاندا خەباتی کرد، پاش جیابوونەوەی پاکستان لە هیندستان، لە پاکستان ڕابەرێتیی بزاڤی ناتوندوتیژیی کرد. نازناوی (گاندیی سنوورەکان)یان پێ دا.

٥- نووسـەر کاتی خـۆی ئەم چەند دێڕەی لە یـادی کۆچی دوایی سینەماکاری ئیتاڵیایی بەناوبانگ «فیدریکۆ فیللینی»دا نووسیوە.

